# میحنەتی
## خەڵقی بوهتان

## سکاندالەکەی عەبدوللەتیف سەلەفی



نوسین و کۆکردنەوەی : محەمەد هەریری

چاپی ئەلکترۆنی یەکەم : سێپتەمبەری ٢٠١٩

# میحنەتی خەلقی بوهتان

# سکاندالّەکەی عەبدوللەتیف سەلەفی

نووسین و کۆکردنەوەی:

**محەمەد هەریری**

چاپی ئیلکترۆنی یەکەم سێپتەمبەری ۲۰۱۹

# پێشەکیەکی پێویست

دوای کۆکردنەوەی سەرجەم بابەت و پۆستەکانم و ئەو بابەتانەی لە سایتەکان و پەیجەکان لەسەر بەندە و ئاشکراکردنی ئابڕووچوونەکەی عەبدوڵڵەتیف سەلەفی بڵاوکراونەتەوە. پێم باش بوو لە دوو توێی کتێبێک بیخەمە بەر دەستتان. هەروەها بۆ ئەوەی لە زەینی تاکی کورد ئەم ڕیسواییە بە ئاسانی کۆن نەبێت و کاڵ نەبێتەوە. بەتایبەتی کە قارەمانی ئەو سکاندالە هێندە ڕوو قیم و بێ باکە، هێشتا وەک پێشوو خەریکی وەعز وچەواشەکارییە بە ناوی خوا و دین و سەلەفی ساڵح. بە هێندەش ناوەستێ کە خەڵکی بێ زاکیرە فەرامۆشیان کردووە، بەڵکو خەریکی هێرشکردنە بۆ سەر ئەم و ئەو.

دوای گەڕان بە دوای ناونیشانێک بۆ ئەم کتێبە، وام بە باش زانی ئەم دێڕەی نێو ئەم پۆستەی هاوڕێم زیرەک ئەحمەد ڕەحمان (میحنەتی خەلقی بوهتان) بکەمە ناونیشانی کتێبەکە. ئەڵبەت پۆستەکە بە شێوەیەکی تەنزئامێز نووسراوە، لەو کتێبەدا دەیخوێنیتەوە.

ئەو بابەتە کاتێ دەستی پیکرد لە ڕاستیدا بۆ یەک دوو مانگ پێش ئاشکرابوونی باس دەکرا لە ڕێگای هاوڕێیانی فەیسبوک و دەرەوەی فەیسبوک. من هەر کە لە یەکێکم گوێ لێ دەبوو، دەمگووت گەروایە بۆ ئاشکرای ناکەن؟! وابزانم زۆربەی ئەوانەی ئامادە نەبوون ئاشکرای بکەن یان لەبەر بێ متمانەییان بوو بە سەرچاوەکانیان یانیش لە ترسی کاردانەوەکان بوو!

پاش ئەوەی دوو سەرچاوەی زۆر نزیک لەو ڕووداوەوە بابەتی ئەو سکاندالەی عەبدوللەتیف یان بۆ باسکردم، پاس دڵنیابوون لە بەڵگەکان و سەرچاوەکان، بڕیارم دا وەک خەڵکانیتر بێ دەنگ نەبم لەبەر چەندین هۆ:

یەکەم: تا فێری فەرهەنگی ڕووبەڕوو بوونەوە بین، نەک بۆ داپۆشتن کە خەسڵەتێکی قووڵی فەرهەنگی ڕۆهەڵاتە، لە شەرمی عەیبە و داب و نەریت، دەیەها تاوان بۆ تاوانباران دادەپۆشین، چونکە قوربانیەکانیش لای ئێمەی ڕۆژهەڵاتی تاوانبارن، زۆرجار بە تەنها سزا دەدرێن پێش تاوانبار!

دووەم: بۆ ئاشکراکردنی ڕەفتار ورەوشتی بازرگانێکی دین، کە شەو ورۆژ ژیانی گەنجان بەرەو توندڕەویەکی دینی وسلوکی دەبات، و بە بۆنەی لیستی یاساغ و قەدەغەکان ژیانی لە خەلک تالکردوە بەو بیرە سەحراوییە وشکەی، لە کاتێکدا کە خۆی هەتا چاتکردن لە گەنجان قەدەغە دەکات لەگەڵ کچان، بەڵام خۆی ڕۆژانە بە چەندین سەعات لەگەڵ ژنێکی شۆخ وشەنگ بە تەنها لە ژورەکەی دادەنیشێت، کە ئەو کارە لە عورفی ئیسلامی سەلەفی و ناسەلەفیش شوبهاتە و جائیز نییە، چونکە وەک حەدیسەکە دەڵێ: هەر ژن وپیاوێک کۆبوونەوە، شەیتان سێیەمیانە! بەڵام شێخی سەلەفی هەموو ئەو حەدیس ودەقانەی پێشێل کردبوو لە پێناو گەیشتن بە ئارەزوویێکی کەسی خۆی!

من دڵنیام ئەگەر ئەو عەبدوللەتیفە نەیارێکی خۆی لەو هەڵوێستە بینی با، یەکسەر تۆمەتباری دەکرد بە داوێن پیسی و خەلوەی حەڕام و ئەو باسانە! بەڵام خۆی وەک دوایی لە بابەتەکان دەردەکەوێت، کە ئافرەتەکە سکاڵای خۆی بردەلای گوایە لەگەڵ ئۆرڤانی مێردی ناکۆکییان هەیە، بە هەلی زانی و دەستی کرد بە ڕەشکردنی ئۆرڤان لەلای و وەعدی هێنانی پێدا، کە مرۆڤی موسڵمان بۆی نییە وەعدی هێنان بە ژنێکی تەڵاقدراویش بدا ئەگەر هێشتا عیدەکەی تەواو نەبووبێت، چ جای بە ژنێک هێشتا ژنی پیاوێکی گەنجە و ژیان لەبەردەمیان دایە!؟

دەڵێن شێخ نەبییەک لە کۆیە هەبووە گەنجێک لێی پاڕاوەتەوە بچێتە خوازبێنی کچێک، کە یا شێخ دەچێتە ماڵی کچە و کچەکە دەبینێ جوانە زۆر بۆخۆی داوای دەکات! ماڵەکەش لەبەر ئەوەی شێخ بە زاتی خۆی داوای کچیانی کردوە، یەکسەر ڕازی دەبن بێ ئەوەی لە کچەش بپرسن! هەر لەو مەجلیسە مارەی دەکات، تا بەیانی لەماڵە باوکی کچە دەبێتە زاوا، کە بەیانی لەماڵی کچە دەردەچێ کوڕەی بەستەزمان دەڵێت یاشێخ زۆر نیگەرانم چیان گووت ڕازی بوون کچەکەیانم پێ بدەن؟!

یاشێخ دەڵێ کوڕە هەتیو بە هەزار حاڵ بە منیان داوە، چۆن دەیدەن بە تۆ!

شێخ لەتیفیش هەمانشتی کرد بە جۆرێکی تر! لە جیاتی نێوانی چاوان و ئۆرقان چاک بکاتەوە، گووتی: واز لەو نوێژنەکەرە بهێنە و خۆم هەڵت دەگرمەوە! ئافرەتێکی نیمچە سەرسام بە سەلەفیەت دەبێت چۆن فریو نەخوات بەو غەزەلە حەڕامە؟!

ئەو شتانە هەمووی لە مێشکم بوون کاتێ یەکەم بابەتم لە فەیسبوک دابەزاند لەسەر ئەو فەزیحەت و خیانەتە لە ٢٠١٦/٤/١٧ بە ناونیشانی: گەورەترین فەزیحەی ڕەوشتی عەبدوللەتیف سەلەفی بەڕێوەیە!

سەرەتای ئاشکرابوونی میحنەتەکە بە وتارێکی بەندە دەستی پێکرد لە فەیسبوک لە ڕۆژی ٢٠١٦/٤/١٧ بەناونیشانی:

# گەورەترین فەزیحەی ڕەوشتی

# عەبدوللەتیف سەلەفی بەڕێوەیە!

کێشەی مەلا لەتیف ئەوە بوو هەر بۆ بەیانی ٢٠١٦/٤/١٨ وەڵامێکی بە پەلەی تەحریزی وتەکفیری منی دایەوە لە هەندێ بڕگەیدا عەبدول لەتیفی سەلەفی لەپەیجی خۆی لەفەیسبوک گووتی:" شایەتیدانی تۆ قەبوڵ نییە چونکە سەرەڕای بێ دینیت کە چوار شاهێد نەهێنیت لەسەر ئەو بوهتانەی کە بۆمن و ئافرەتێکی داوێن پاک کردووتە -کە سوێند بە الله درۆیەو بوهتانە- ئەوە بەبەڵگەی قورئان تۆ درۆزن و فاسقیشیت وشایستەی ئەوەشیت هەشتا جەلدەت لێ بدرێت".!!

لە هەمووی سەیرتر ئەو سوێندەیە: ' کە سوێند بە الله درۆیەو بوهتانە' ویستی لە ڕێگای ئەو سوێندە گەورەوە و نکوڵی کردنە تووندەوە، لایەنگرانی فریو بدات و لەڕێی ئەو هێرشە بۆ سەر کەسایەتی من هەڵمەتێکی گەورە بکات و فشارێکی گەورە بخاتە سەر من تا بترسێم و پاشەکشە بکەم، بەڵام ڕاستە من ڕووبەڕووی جوێن و تەشهیر و هەڕەشەی هەزاران ساویلکە و نەزان و شوێن کەوتەی شێخی موشتاق بوومەوە، بەڵام چونکە دڵنیا بووم لە ڕاستی ڕەفتارم و هەقیقەتی سکاندالّەکە، زۆرم پێ خۆش بوو وا بەو شێوەیە ساویلکەیە هەڵچوو و نکوڵی تەواوی لە هەموو شتێک کرد!

چونکە وەک دەرکەوت دوایی هەر خۆی ناچار بوو ژنەکە بهێنێتەوە، و ئینجا مامی کچەکەش سەربەست لە ڕێگای چەند پۆستێکەوە نهێنی ئەو پەیوەندییەی ئاشکرا کرد، هەرچەندە زۆر لە گۆشەیەکی ئایدیالی و ناواقیعییەوە باسی ئەو پەیوەندیەی دەکرد، وەک بڵێی باسی شیرین و فەرهاد و ڕۆمیۆ و جۆلێت بکات، بەڵام هەر سوودی هەبوو بۆ زیاتر فەزح کردنی ئەو عەبدوللەتیفەی کە سوێندی خوارد هیچ پەیوەندییەک رووی نەداوە لە نێوان خۆیی وئەو ژنەی ئۆرڤان!

ئینجا بەڵگە دەنگییەکانیش فشارەکەی قورستر کرد، چونکە لە یەکێکیان دەیسەلمێنێ کە لەکاتی مێرداری ژنەکەوە پەیوەندی لەگەڵ بەستووە، سەرەتا ویستی نکوڵی لەو

دەنگانەش بکات و پیاوانی دەسەلات و میدیای دەسەلات بە [ئاوێنە] ی بە ناو سەربەخۆوەش بەرگریان لێ دەکرد و چەواشەکارییان بۆ دەکرد، هەڵکەوت زاهیر و هەردی سەلاح گوتیان ئەو دەنگانە هی یاشێخ نییە گوایە پسپۆری دەنگن! منیش گووتم دەنگی دایکیشم لێ ون بێ، دەنگی عەبدوللەتیفم لێ ون نابێت، دوایی دانی بەو دەنگانەش هێنا بەلام لەوێش بە درۆیەک، گوایە پاش زەواج و مارەیی بووە، کە هەر کلیپە دەنگییەکان ئەو درۆیە هەڵدەوەشێننەوە، وەک دوایی باسی دەکەین! هەروەها پارچە کلیپێکی دەنگیش دزەی پێکرا کە باوکی چاوان عەبدوللەتیف ڕیسوا دەکات، و دەڵێت تۆ دەستی ئەو کچە مندالّەمت بڕی، کە سکالای خۆی لای تۆ کردبوو سەبارەت بە کێشەیەک لەگەڵ مێردەکەی، لە جیاتی یارمەتیان بدەیت دەستت بڕی و فریوت دا!

لە وتارەکەدا هاتبووم کە دوایی تەواوی وتارەکە لەو کتێبەی بەر دەستت دەخوێنیتەوە:

"کە کەسێکی خاوەن ژن ومندالّ و خۆی بە سەرۆکی سەلەفیەکانی مەدخەلی کوردستان دەزانێت، خۆی بە پاسەوانی بەها و ڕەوشتی سەلەفی سالّح بزانێت، شەو و ڕۆژ خەریکی وانەدادانی ڕەوشتی بێت، لە توندترین فۆرمی سەلەفی کە بچووکترین بوار بۆ هەناسەدانی خەڵک جێ ناهێڵێت، بەرگری لە سوونەتی ڕەجمکردنی زیناکەرانی ژندار و مێرددار بکات، هەردەم خەریکی سەرکۆنەکردنی خەڵکن بە بیدعەچیەتی و لادان لە ڕەوشت و سوونەت و بیروباوەڕی سەلەفی سالّح. ... ئەو پیاوەی شێخی سەلەفیەکانی مەدخەلیەت، و شێری سوونەتی پێغەمبەر دەستی چۆتە کارێک، باوەڕتان بێت زۆر لەو گەنجانەی کە بێ ژن و بێ پارە و بێ دۆستن، دەستیان بۆ ئەو کارە ناچێت....من سەد لە سەدا دڵنیا نەبام لە هەوالّەکە بلاوم نەدەکردەوە، تەنها چاوەڕێی بەڵگەکانین تا خەڵک هەمووی بیبینێت."

ئەوە پزیشکی ئاگرکەوتنەوەی ئەو بابەتە بوو، لێرەدا هەوڵ دەدەین ئەوەی لەو ماوەیە نووسراوە و وتراوە بیخەینە بەردەستی خوێنەرانی کورد، هەرچەندە قورسە بتوانین هەموو جەریانی ئەو کێشەیە بگوازینەوە، چونکە بۆ نمونە ناتوانی ئەو هەموو پۆستە بچوک و وێنانەی نەیاران و دۆستانی من و شێخ عەبدوللەتیف بگوازینەوە،

کە بە لێشاو و جوێن و ستایش دەکراین! بەر لە ئاشکرابوونی دەنگەکان لایەنگرانی لەتیف هێندە بە حەماسەت بەرگریان لێ دەکرد، هەبوو واکەر ببوو دەیگووت لەسەر خوشکی خۆمی ببینم لە ژورێک باوەڕ ناکەم! من لەو ماوەیەدا ڕووبەڕووی جوێن و تەشیرێکی زۆر هاتمەوە، جگە لە هەڕەشەی ڕاستەوخۆ وناڕاستەوخۆ بە ئیمێڵ و کۆمێنت و تەلەفۆن!

# مەلا هەڵۆشی هاتە سەر!

بەرلەوەی ئەو کتێبە دیزاین بکرێت لە کۆتاییەکانی مانگی هەشتی ٢٠١٩، کلیپێکی دەنگی مەلا هەڵۆ کەوتە بازاڕی ئینتەرنێت و سۆشیال میدیاوە، کلیپێک پڕ لە ڕۆمانسیەت، هەتا ئەوەی مەلا لەتیفیشی تێپەڕداوە، ئەگەر بەڕاستی هی مەلا هەڵۆ بێت.

سەیر لەوەدایە خەڵکی ئێمە لەوەناچێ دەرس وپەند لە هیچ وەرگرێ! ئەوێ ساڵێ بوو بەرگریەکی جوێناوی وخۆیناویان لە مەلا لەتیف سەلەفی کرد بە حوکمەت و خەڵکەوە، دواییش هەر خۆی دانی بە دەنگەکانیدا هێنا و ژنەکەشی هێنا. ئێستاش هەمان بەزم بۆ هەڵۆ سەلەفی دووبارە دەکەنەوە، کابرا خۆی هەڵە دەکات، سەرسامەکانی خۆیان سەخڵەت کردوە بۆ دۆزینەوەی بەڵگە کە دەنگەکان هی ئەو نین!

سەیرم بەوە دێ بۆ بەرگری لە مەلا هەڵۆ باسی نوێترین تەکنۆلۆژیای دروستکردنی دەنگ دەکەن! جارێ سیستمەکە خۆی هیچ ناجیح نییە و شوێنەواری دەنگی ڕۆبۆتی بە ئاشکرا دیارە بەسەر دەنگە دروستکراوەکان. دووەم هێشتا ئەو بەرنامەیە تەنها بۆ ئینگلیزی کراوە، کوردی ڕەنگە بیست ساڵیتریشی تێنەکەوێ. نازانم بۆ وادەگەڕێن خۆیان هیلاک دەکەن بۆ دۆزینەوەی بیانوێک بۆ پاکانە کردن بۆ کارێکی نائەخلاقی بۆ مەلایەک یان بۆ هەر کەسێک؟! هێشتا دەرستان لە لەتیف سەلەفی وەرنەگرت؟!

هەڵۆبە پێچەوانەی مەلا لەتیفی سەلەفی، زۆر قسە ناکات. لەو ڕۆژەوە، هەتا لە پەیجەکەی لە فەیسبوک دەڵێ هیچیتر وانە و وتاری نوێی نابێ، وخەریکی علم خوێندن دەبێ؟! بەڵام لە پەیجەکانی سەربە هەڵۆ، لایەنگرانی کەوتۆنەتە هەمان هەڵەی لەتیف کە زۆر سەرسەختانە نکوڵی لێدەکەن، هیوادارم هەر وا لەسەر قسەی خۆی بمێنێتەوە، چونکە لەتیف وانەمایەوە سەرەڕای بەرگری حوکمەت ومیدیاکانیش لێی! بەڵام ئەوەی سەیرە ئەو بەزمەی مەلا هەڵۆ بەرلەوەی ساغ بێتەوە بێدەنگی لێکراوە!

وادیارە ئەو دیاردەیەی ژنبازی لەناو زانایان و بانگخوازانی سەلەفیەت وئیسلامی سیاسی بۆتە مۆدەی سەردەم، دەیان حاڵەتی وا لە پاکستان و میسر و مەغریب و شوێنیتر ڕوویداوە و ڕوودەدەن. ڕەنگە لە پێشووشدا هەروابووبێ، بەڵام ئێستا تەکنۆلۆژیای وێنە وڤیدیۆ و ئینتەرنێت، وا ئەو ڕووداوانەی بێ پەردە کردبێت!

هیوادارم ئەو کارە چەپەڵە نا ئەخلاقیانە چاوپۆشی لێ نەکرێ، دەرسێکی چاک بێت بۆ نەوەی داهاتوو هیچ بەو سیفەت ڕاسپۆتینانە هەڵنەخەڵەتێن.

محەمەد هەریری

٢٠١٩/٩/١٠

# بەشی یەکەم

## مەدخەلیەکان: دەروازە وپێناسەیەک

## پێناسەیەکی پێویست بۆ عەبدوللەتیف و ڕێبازەکەی

ئەمڕۆ جیهانی ئیسلام دووچاری دەرهاوێشتەیەکی سەقەتی تری فیکری سەلەفی هاتووە لە ژێر ناونیشانی مەدخەلیەکان یان جامیەکان. فیکری ناهەوسەنگ بەوە دەناسرێتەوە کە هەردەم پەڕگیرە یان لەو پەڕی توندی دایە یانیش لەوپەڕی نەرمکێشی تا ڕادەی خۆ بەدەستەوەدان. ئەگەر لەو هاوکێشەیە قاعیدە وهاوشێوەکانی ئەوسەری توندرەوی بگرن بەکارە توندوتیژەکانیان، ئەوە مەدخەلیەکان لاکەی تری هاوکێشەکە دەگرن بە خۆ خستنە بەر خزمەتی دیکتاتۆر وفیرعەونەکان بە کەمالی ئاسودەیی ویژدانەوە.!

سەرهەڵدانی ئەو فیکرەیە وەک ئاڕاستەیەک دەگەریتەوە بۆ سالانی ١٩٩١ لە کاتی روداوەکانی داگیرکردنی کوێت لەلایەن سوپای عێراق، کاتێ سعودیەش هەستی بە هەڕەشەی سوپای عێراق کرد، لە مەتبەخی موخابەراتی سعودی ئەو جەماعەتە دروستکرا لەسەر دەستی کابرایەکی ئەسیوبی [حەبەشی] بە ناوی محمد امان الجامي کە بە دان پێهێنانی لایەنگر وخودی مەدخەلیەکان هەر خەریکی ڕاپۆرت نوسین بوە لە دژی شێخەکانی تری هێڵی چاکسازی لەوانەی رەخنەیان هەبوو لە دەوڵەت وهەوڵی چاکسازیان دەدا، بۆیەش کاتێک پرسیار دەکەن لە عبدالعزیز العسکری مەدخەلی لە کاستێکی تۆمارکراودا دەربارەی حوکمی کارکردن لەگەڵ موخابەراتدا: لە وەڵامدا دەڵێت: جا زیانی چیە ئەگەر لە موخابەرات کارت کرد ودەوڵەتت پاراست لە تێکدەران وخاریجیەکان [مەبەستی ئەوانەی باوەریان بە خروج دەرکەوتن هەیە لە دژی دەوڵەت]!!

خۆزگە موخابەرات ودەزگا جاسوسیەکانی خۆرهەلات لە پیناو بەرژەوەندی خاک ونیشتیمان وهاولاتی دەبوون، ئەو کاتە دەکرا لەو حەماسەتە تێبگەین بۆ کارکردن وەک جاسوس وراپۆرت نووس، بەلام کەس نیە نەزانێت بە مەدخەلیەکانیەوە کە ئەو دەزگایانە کاریان تەنها پاراستنی حاکم ودەسەلاتدار وسەرکوتکردنی میللەتە، خەلک دەناسم ئەوەی خراپە وهەولێری گۆتەنی خوا پێی ناخۆشە دەیکات، بەلام بای هێندە نەفسیەتی بەرزە کە بە گەورەترین ئیغراش نەبۆتە جاسوس بەسەر ئازادیخوازانەوە.

ڕاستە هەندێک لە بیروباوەڕی مەدخەلیەکان سەرچاوەی تیۆری مێژوویی هەیە وەک مەسەلەی تەحریمکردنی دەرچون لە دژی سولتان هەتا ئەگەر زالم وفاسیقیش بێت، وهەتا ئەگەر هەموو مال وسامانیشی لێستاندی ودارکاری وقامچیکاری پشتیشی کردی، بەلام مەدخەلیەکان ئەو بیرۆکانەیان هێندەی تر دزێو وناحەز کردوە کاتێک لە سیاقی مێژوویی خۆیانیان دەرخستوون ولەسەر حالەتێک یەکجار جیاواز جێبەجێی دەکەن، واتە بە کەرەستەی کۆن چارەسەری کێشەی نوێ دەکەن، بۆ نموونە ئەگەر سەلەفیەکانی بەرایی تەحریمی خروجیان دەکرد لە دژی سولتانەکان بۆ پاراستنی یەکڕیزی ئۆممەتی ئیسلام، هەرنەبێ ئەو سولتان ودەسەلاتدارانە سەرەڕای جەور وستەمیان، بەلام شەریعەتیان بە یاسای خۆیان دەزانی و لەوش گرنگتر ئەو کاتە فەرمانڕەوایانی جیهانی ئیسلام سەربەخۆ بوون هیچ دەستێوەردانێکی دەرەوەیی وەک ئێستا کە لەبەر ئەو دەستێوەردانەی زلهێزەکان لە زۆربەی خاکی ولاتانی جیهانی ئیسلامدا کەسانێک حوکم ناکەن بە ویستی خەلک بن.

ئەگەر دەرچوون حەرام بێت لە دژی فەرمانڕۆ هەرچیشی کرد، کەوابوو دەبێت ئەو مەدخەلیانە یەکەم جار دەرچوونی ئیمام احمدی کوڕی حەنبەل لە دژی دەسەلاتی خەلیفەی عەباسی ئیدانە بکەن کە سەرەڕای بوونی هۆکارێکی زۆر بۆ دەرچوون لە دژی جەوروستەمی عەباسیەکان، کەچی ابن حنبل لە پێناو کێشەیەکی لەفزی وتەرەفی وەک کیشەی [خلق القرآن] دەرچوو، هێندە خەلکی هاندا لە دژی موعتەزیلەکان نەیان هێشت ئیسلام بە قۆناغی عەقلانیەتی مێژوویی تێپەڕێت، هەرچەندە موعتەزیلەش بێ گوناە نەبوون، وگەورەترین گوناهیان لە جیاتی دەیەها وسەدەها بواری پێویست بە گۆڕان هاتن لەو کێشە بێ ئەرزشەوە دەستیان پیکرد، وخەلکیان لەسەر ئەزیەت دەدا وچەندەها قارەمانی ساختەیان لەو پێناوە دروست کرد!

مەدخەلیكان ئەمڕۆ بە ساویلکەیەکی لە ڕادەبەدەر هاتونەتە ناو گۆڕەپانی ڕوداوەکان. ناشیرینترین ڕۆڵ دەبینن لەو کێشمەکێشەی لە نێوان گەل ودیموکراتخوازان لەدژی گەندەڵكار وستەمكاران دەبینن. وەک لە ناونیشانی ئەو وتارە ئاماژەمان پێکردوە، مەدخەلیەکان وەک خەواریجن لە دژی دیندار وئازادیخوازان وئەوانەی هەوڵی گۆڕینی سیستمی دیکتاتۆریەت وشمولیەت دەکەن، وبە توندترین شێوە هێرشیان دەکەنە سەر ودەسەڵات هاندەدەن لە دژیان، وهەتا ئەگەر دیندارەکان لە دەسەڵاتیش بوون ئەوان بە ئیعازی موخابەراتی سعودی لە دژیان دەوەستنەوە وەک چۆن لە دژی مورسی وەستانەوە لەناو ئەو هەموو وەلی ئەمرە فەرمەسۆنانە بەس مورسی یان بە وەلی ئەمر نەزانی، بە پێچەوانەی تەحریمکردنیان بۆ دەرچوون لە دژی وەلی ئەمر، ئەوان لە ریزی پێشەوەی کودەتاچیەکان بوون لە دژی وەلی ئەمریان، چونکە ئەوەی ئەوان دەجوڵێنێت دین وحەدیس وسونە نییە، بەڵکو فەرمانەکانی موخابەراتی سعودیە! ئێستا داویانەتە پاڵ کودەتاچیەکان وسیسی بە وەلی ئەمر دەناسێنن، وبەوپەڕی بێویژدانیەوە هانی دەدەن بۆ کوشتنی خەڵکی دژ بە کودەتا!

مورجیئەن بۆ دەسەڵاتداران لە نەرم ونیانی وهێنانەوەی هەموو عوزرێک بۆیان، با هەر تاوانیکیش ئەنجام بدەن دژی مرۆڤایەتی ودینیش، کەچی لای ئەوان هەر وەلی ئەمر وتاعەتی واجیبە وحوكمی سەرکەوتوو بە هێز واجیبە ورەوایە. هەر بۆیەش ئەمڕۆ دیکتاتۆر وسەرۆک حزبەکان لە هەر شوێنێک بن ئەو مەدخەلیانەیان تەبەننا کردوە وپیسترین کاریان پێدەکەن لە

ڕاپۆرت نوسین وبەگرتدانی خەڵكدا، تەنانەت بە کەمالی دەبەنگی وچڵکاوخۆریەوە وردترین ڕاپۆرت پێشکەشی کۆنفراسی وەزیرانی ناوخۆی وڵاتانی عەرەب دەکەن کە تەنها دەزگای موخابەراتین!
ناوبانگی خۆفرۆشیان هێندە دەنگی داوەتەوە سەنتەری قەڵاچۆکردنی تیرۆریزم Combating Terrorism Center تەوسیە دەکات بۆ حکومەتی ئەمریکا بۆ پاڵپشتیکردنی مەدخەلیەکان وبەکارهێنانیان لە شەڕی دژی تیرۆریزم!!
http://www.ctc.usma.edu/

لە کورستانی باشوریش ئەمرۆ ئەو پەتایە مەدخەلیانە دەرکەوتوون وەک مامۆستا سعودیەکانیان هەمان پۆخڵەواتی ئەوان وخۆفرۆشی ئەوان ودەبەنگی ئەوان دوبارە دەکەنەوە، وەک کۆیلەی بێ بەها وبێ ساحێب دابەش بوونە بەسەر دوو حزبی دەسەلاتدار وبانگەشەیان بۆ دەکەن وخەڵک سارد دەکەنەوە لە هەوڵی گۆڕینی وەزعەکە ودەسەلات زیاتر هان دەدەن بە قسە سوەکانیان کە پڕاوپڕن لە زەلیلی وخۆبەدەستەوەدان وهەقی موتڵەق پێدانیان، ئەگەر بە دەست ئەوان بێت جەوێکی سوڵتانی دەخولقێنن کە تیایدا هەموو شتێک حەرامە: حزبایەتی وهەڵبژاردن وسنوردارکردنی سەرۆکایەتی ورەخنەگرتن بە ئاشکرا وهەتا دوایی. ئەگەر مەدخەلیەت لەناو عەرەبدا دژی هەقیقەتی دین بن، ئەوا لەناو کوردا دژی ئەخلاق ورەوشتی کوردیشن کە دژە بە سەرشۆڕی وجاسوسیەت وماستاو کردن بۆ دەسەلاتدارانن.[1]

سەلەفیەتی مەدخەلیەت، کە ڕەگورێشەیەکی کۆن و درێژی هەیە لە مێژووی دەسەلات پارێزی، خۆی وەک پارێزەرێکی ئەو دەسەلاتە گەندەڵەی کوردستان دەخاتە ڕوو. پێی حەرامە بە وەلی ئەمر و سەرۆک بڵێیت نابێت وابێ و وابکەی! لای ئەو هەر ڕەخنەیەک لە سەرۆک و دەسەلات لادانە لە ڕێوشوێنی سەلەی ساڵح، کە پێیان وایە دەسەلات لێشت بدا و پارەشت ببا و ناموسیشت ببا هەر نابێت تووڕە بیت و لێیان بە وەلام بێیت.

ئەو هاوپەیمانییەی دەسەلات و سەلەفیەتی وەهابیەتی مەدخەلیەت ترسناکترین هاوپەیمانیەتە ئەگەر لە کوردستان سەر بکەوێت، کە ترسی هەرە گەورەی من ئەوەیە، لە سایەی پشتگیری دەسەلات، و ملشۆڕی ئیسلامی سیاسی، و ترسنۆکی ڕۆشنبیران و نەزانی و ساویلکەیی خەڵک سەر بکەوێت، کوردستان بە حەیاتی جارێکیتر هیوای پێشکەوتنی پێوە نامینێت. ئینجا هاوپەیمانی دینی مەدخەلی لەگەڵ دەسەلات درێژترین تەمەنی دەسەلاتداری بۆ دەسەلاتەکە دابین دەکات، تەمەنی

[1] - ٢٠١٣/٩/١٣ سایتی ستاندار و پێنوسەکان

دەوڵەتی سعودیە لە دامەزراندیەوە لە ساڵی ١٧٤٤ تا ئەمڕۆ ٢٠١٦ دەکاتە ٢٧٢ ساڵی ڕەبەق یانی نزیکی سێ سەدە!

چونکە میللەت لەو فۆرمەی دەسەڵاتە بەنج دەکرێت بە فۆرمێکی دینی تایبەت کە بۆ باڵای دەسەڵاتی گەندەڵان درواوە!

# شەڕی جیهانی سەلەفیەت لە کوردستان جاڕدراوە لەلایەن مەلا سعودیەکان لە دژی ئافرەت

مەلا عەبدوللەتیف یەکێکە لەو هێمایە سەلەفیانەی کە بە سروشت لەگەڵ سەرکوتکردنی ئافرەتانە، نەک لەبەر هۆی شەخسی بەڵکو هەر خودی سەلەفیەت، بە قەد شەیتان حەساسیەتی هەیە بەرامبەر ئافرەت! زۆرجار ئیغرای ئافرەت و ئیغرای شەیتان هاوواتا دەکرێت لە فکری سەلەفیەتدا! هەر بۆیە کاری یەکەمی هەر بانگخواز و زانایەکی سەلەی لە هەر شوێنێکدا، توونددوتۆڵکردنی کۆت وبەندەکانە لە دژی ئافرەت، وهاندانی پیاوانە بەناوی دین وغیرەت وشەڕەف، لە دژی ئافرەتان، تا ژیانیان لێبکەنە زیندانێکی دینی!

عەبدوللەتیف لە وتارەکانیدا پیاوان و باوکان هاندەدات کچەکانیان بدەنە شوو بە چواردە و پازدە ساڵی (هێشتا خاتریشی گرتوون،چونکە بە پێی حەدیس لە ٩ ساڵیەوە دایە عایشە مێردی کرد بە پێغەمبەر!هەر خودی عەبدوللەتیفیش دەڵێ جائیزە کچ لە ٩ ساڵی بەشوو بدرێت!) چونکە بەڕای ئەو بڕوانامەی زواج باشترە بۆ کچ لە بڕوانامەی پزیشکی و مامۆستایی و ئەندازیاری و کیمیایی و هتد.

لە کۆمەڵگا ژەهراوی بووەکان بە فەرهەنگی توندرەوی دینی، ئافرەت ئاسانترین نێچیر و ئاسانترین ئامانجی ئەو کۆمەڵگا پیاوسالارەیە، کە هەموو تورەیی وخەشم وقینی لە دەرنجامی نوشوستی و بی دەسەڵاتی و کەموکورتی ژیان و بێ کاری و جەوروستەمی دەسەڵات کە لێی دەکرێت لە ئافرەتدا خالی دەکاتەوە! هەتا چەورە وبی دینی کۆمەڵگاش پەیرەو لەو ئەتوارەی دژی ئافرەت دەکەن!

دوێنێش مەلا شارستێنی ئافرەتی بە شەیتان کرد لەسەر بێ حیجابی!
لە فیکری دینی بە گشتی و سەلەفی بە تایبەتی، سفور بوون لە نیشانە بچووکەکانی ڕۆژی قیامەتە، لەو ڕێگایەوە پشت بە چەندین قالە و قیلە دەبەستن، کە زادەی عەقڵیەتی بەدەوی دژە ئافرەتی عەرەبن! بەجۆرێک باسی ئافرەت دەکەن، وەک بڵێی سێ چارەگی کێشە ودەردەکانی ئومەتی ئیسلام لەبەر سفوری ئافرەتانە!

ئەو عەقڵیەتە تەهویلیە و زیادەرەویە خورافە ئامێزە هێندە ناسەنگە کێشەکانی لێ تێکەڵاو دەبێت، ونازانێت چۆن ریزبەندی وئەولەویەتی بۆ دابنێت. لای ئەو هەموو کێشەکانی بێکاری و تەندروستی و خۆشگوزەرانی و گەندەڵی و تالانی سەروەتی کۆمەڵگا دەگەڕێتەوە بۆ سفووری ئافرەت.

ئەوەی ئافرەت بێت دەزانێت ئەو هاندان و زمانە تەحریزیەی مەلا لەتیف و شارستێنی وباقی مەلا بەڵاکانی تر، تەنها ئامانج بۆ بردنەوەی ئافرەتانی کوردە بۆ سەردەمی ژیانی نەخوێندەوار و بەستەزمانانی کۆن، بچوک کردنەوەی خەونەکانیانە لە تەنها شووکردن ومنداڵ بوون تا نەوەیەکی نەزانی وەک خۆیان پەروەردە بکەن. سەیر لەوەدایە ئەو عەبدوللەتیف و هاومەشرەبەکانی ژن بە لاوازترین مەخلوق دەزانن، کەچی زۆربەیان بە هۆی ئافرەتێک لە عەرشەکانیان سەراوسەر بەردەبنەوە!

# مەدخەلیەکان
# متمانەشیان لە سعودیەوە هاوردە دەکەن!

هەر لە سەروبەندی ئەو سکاندالەش شێخ ڕەبیعی مەدخەلی بەبێ یەک ودوو، پشتگیری خۆی بۆ دەستنێژەکەی خۆیی و موخابەراتی سعودی، شێخ عەبدللەتیفی مەدخەلی دووپات دەکاتەوە، هەتا بە قسەی ئەو سەلەفیانەشی نەکردوە، کە لە ڕاستی ئابڕووچوونەکە دڵنیان، و چوونەتە لای تا متمانەی لێ وەرگرێتەوە! ئەی چۆن بە ئێمە باوەڕ دەکەن، کە فاسق و بێ دین و مونافیقن بە قەولی شێخی ڕاستگۆ و داوێنپاکی؟!

لە سەردانێکی کوڕی عەبدللەتیف، عبدالحق عبداللطیف احمد و چەند کەسێکی تری سەلەفی بۆ لای شێخ ڕەبیعی مەدخەلی لە 2016/5/14 وەک هەواڵەکەی ماڵپەڕە سەلەفیەکان باسی دەکەن: "ئێمە کە کۆمەڵی براین سەردانی شێخی پایە بەرز شێخ ربیعمان کرد لە شەوی یەکشەممە وڕێکەوتی لە شاری مەدینە ، شێخ ربیع پرسیاری کرد سەبارەت بەم فیتنەیەی ئێستای کوردستانی گرتۆتەوە وفەرمووی ( کەسانێک سەردانیان کردم وگوێم نەدەدا بە قسەکانیان )

پاشان شێخ ربیع فەرمووی هەر کە ئەو هەواڵەم بیست ووتم سوبحانەڵڵا [ پاکی و بێگەردی بۆ خوا]، ئاخر ئەمە بوختانێکی زۆر گەورەو ناقۆڵایە ، ئەمە پیلانێکی دوژمنانە ."

تۆ ببینە ئەو شێخ ڕەبیعی مەدخەلی یە کە کەس نەماوە هێرشی نەکاتە سەر و گوومانی وا بۆ زانا و نووسەر و عولەمای ئیسلام و سەلەفیەتیش دروست دەکات لە خەیاڵی شەیتانیش نییە، خۆی بە زانای یەکەمی زانستی الجرح و التعدیل، یانی هەڵسەنگاندنی زانایانی ئیسلام دەزانێت لەو سەردەمە، و شوێن کەوتەکانی بە امام الجرح و التعدیل في عصره ناوی دەبەن! کەچی وا ساویلکانە یەکسەر حوکم دەات کەوا ئەو سکاندالەی شێخ عەبدللەتیفی مەدخەلی " ئاخر ئەمە بوختانێکی زۆر گەورەو ناقۆڵایە ، ئەمە پیلانێکی دوژمنانە ."

ئەخر بۆیە من دەڵێم ئە زانستە سەقەتەی ناویان ناوە الجرح و التعدیل هەمووی وا دارێژڕاوە، شەیتانیان کردۆتە فریشتە، و فریشتەیان کردۆتە شەیتان، داوێن پیس کراوەتە شاهەنشاهی رەوشت، و ڕەوشتداریش کراوەتە لوتکەی بێ ڕەوشتی، درۆزن کراوەتە ڕاستگۆ، ڕاستگۆ کراوەتە درۆزن! ڕووداوی هەق کراوەتە بوختان و پیلانی دوژمنان، ڕووداوی خەیاڵیش بە قسەی ئەعرابیەکی درۆزن کراوەتە هەقیقەت..

ئەو شێخ ڕەبیعی مەدخەلی یە هێندە ساویلکە نییە، بەڵام خۆی دەزانێت چەند ماندوو بوونە و چەند پارەیان خەرج کردوە، و چەند ئیمکانیاتیان خستۆتە خزمەت دروستکردنی پێگەی شێخ عەبدلـلەتیفی مەدخەلی، ئەو ژمارەیە گەنجە دەمارگرژەی بۆ دەعوەکەی، بۆیە ناکرێت لەبەر

ئافرەتێک کە خوا بە ڕای شێخ ڕەبیع بۆ پیاوی دروستکردوە، و پیاوی بۆ ئافرەت دروست نەکردوە! پێگەی شێخ عەبدللەتیفی مەدخەلی تێک بدرێت، چونکە ئاسان نییە یەکێکیتر وا دروست کەنەوە! بەڵام ئەو شێخە مرمۆزە شتێکی گرنگی لە بیر چووە، کە تەزکیەی ئەو بەس لای مەدخەلیەکان دەخوات، خەڵکی کوردستان زۆربەی هەرە زۆری متمانەیان بە بووکە شوشەکەی نەماوە، و خۆشیان خاوەنی متمانەکەن، نەک چڵکاوخۆرێکی موخابەراتی سعودی.

٢٠١٦/٥/١٦

# دیاردەی شەخسپەرستی سەلەفیەکان
# لە کۆنەوە تا ئێستا

# ١

من تێناگەم ئەو جەماعەتەی لە هەموو خەڵک زیاتر گوایە بایەخ بە فەرموودەی پیغەمبەر دەدات، لە هەموویان زیاتر کاری پێ ناکەن، ئەوەی سەلەفیش نەبێت و ئەهلی حەدیسیش نەبێت سەدان جار گوێی لە سەلەفیەکان و حەدیسیەکان بووە کە ئەو حەدیسە دەڵێن: [إیاکم والغلو، فإنما أهلک من کان قبلکم الغلو] ئاگادارتان دەکەمەوە لە زیادەڕەوی، چونکە ئەوانەی پیش ئێوە بەو زیادەڕەوییە لە شێخەکانیان لەناوچوون.] رواه النسائي

ئەو سەلەفیانە ئەو زیادەڕەوییە تەنها دەدەنە پاڵ ڕافیزەکان و سۆفیەکان، کە ڕاستە ئەو دوو ئاڕاستەیە زیادەڕۆیی زۆریان تێدایە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە چاوپۆشی دەکەن لە زیادەڕەوی خۆیان وەک سەلەفی لە پیاوە ناودار و شێخەکانیان. کەچی خۆشیان زۆر خراپ لەو زیادەڕەوییە تێوەگلاون.

ئەو زیادەڕەوییە بە ڕوونترین شێوە دەردەکەوێت لە کەسی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل، و دەتوانین بڵێین مێژووی زیادەڕەوی سەلەفیەت لەوێوە دەست پێدەکات، تۆ وەرە ژیان و ئاستی زانستی کوڕی حەنبەل بخوێنەوە، ببینە چۆن سەدەها ئەفسانەیان لەدەوریدا دروست کردوە، کە زۆر لە ئەفسانەکانی شیعە لە ئیمامەکانیان و سۆفیەکان لە شێخەکانیان گەورەتر نەبێت بچووکتر نییە. بۆ نموونە: دەڵێن) :من أبغض أحمد بن حنبل فهو كافر. طبقات الحنابلة (13/1) ئەوەی ڕقی لە ئەحمەدی کوڕی حەنبەل بێت کافرە!

أن الإمام أحمد به يعرف المسلم من الزنديق، مناقب أحمد (597) ئیمام ئەحمەدی کوڕی حەنبەل موسڵمان و زەندیقی پێ دەناسرێتەوە!!

ئەوە دوو زیادەڕەوەییەی سەرەوە لە ئیمام ئەحمەد، دەبێتە بنەمایەک بۆ هەموو ئیمام و شێخە سەلەفیەکان لە ئیبن تەیمیە و بەربەهاری و محمدی کوری عبدالوهاب

و ئیبن باز و ابن عثیمین و الالباني تا دەگاتە شێخ ربیع المدخلي، ولەویشەوە دەگاتە شێخ ابو الحق عبداللطیفی سەلەفی مدخەلی! ئەوانە هەمووی دەبنە پێوەر بۆ جیاکردنەوەی کافر وئیسلام و ئەهلی سونە و ئەهلی بیدعە!

کار بەوە دەگات خودی خوا بە خۆی هەموو ساڵێک زیارەتی قەبری ئیمام ئەحمەدی کوڕی حەنبەل دەکات! وأن الله عز وجل یزوره في قبره کل عام، [6] مناقب أحمد (550)

ابن کثیر له البدایة و النهایة 323/12 دەڵێت : (وفي صفر سنة 542 رأى رجل في المنام قائلا یقول له: من زار أحمد بن حنبل غفر لـه . قال: فلم یبق خاص ولا عام إلا زاره ، وعقدت یومئذ ثم مجلسا، فاجتمع فیه ألوف من الناس ) !! [ لە ساڵی ٥٤٢ پیاوێک لە خەونیدا یەکێک پێی گووت: ئەوەی زیارەتی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل خودا لێی خۆش دەبێت، کەسی تایبەت و گشتی نەما زیارەتی نەکات، لەو ڕۆژە لەوێ کۆبوونەوەیەک بەسترا، هەزاران کەس ئامادەی بوون]

حەنبەلیەک لە خەوندا پرسیاری لە ئەحمەدی کوڕی حەنبەل و یحیی بن معین کرد، وەڵامیان داوە: کە سەردانی خوایان کرد و سفرە و خوانیان بۆ ڕازاندۆتەو!

وأن أحد الحنابلة سأل في المنام عن أحمد بن حنبل ویحیی بن معین فأجابه المسئول: بأنهما قد زارا رب العالمین ووضعت لهما الموائد، مناقب أحمد (562) وەک سەردانی سەرۆکەکان بۆلای یەکتر!

حەنبەلیەکی سەلەفی تر خوای لە خەودا دیوە، خوا پیی گووتوە: ئەوەی پێچەوانەی ئەحمەدی کوڕی حەنبەلی کرد ئەشکەنجە دەدرێت!

وأن أحد الحنابلة رأى الله في المنام فقال لـه الله: من خالف أحمد بن حنبل عذب، مناقب أحمد (563).

دەڵێن قەبرەکەی لە نێو چوار قەبری تردایە کە هەموو بەڵا و کارەسات لە بەغدا دوور دەکەوێننەوە!

و تەبەروک کردن بە قەبری ئەو شەرعیە! کەچی شەو وڕۆژ بە خەڵکیتر دەڵێن قبوری و قەبرپەرست!

وأن قبره من ضمن أربعة قبور یدفعون عن بغداد جمیع البلایا، مناقب أحمد (189).

وأن التبرک بقبر أحمد مشروع،مناقب أحمد (191)
لەوەش خراپتر و کۆمیدی تر دەڵێن کە دوو فریشتەکەی مونکەر ونەکیر لە قەبردا پرسیاری من ربک یان لە ئەحمەدی کوڕی حەنبەل کرد، پێیانی گووت: بە من دەگوترێت: من ربک، کێ خواتە؟ ئەوانیش داوای لێبوردنیان کرد! یانی پێیانی گوتوە ئیحترامی خۆتان بگرن!
وأنه غضب على منكر ونكير لما سأله في القبر وقال لهما: لمثلي يقال: من ربک؟ !! فاعتذرا له[10]!!، مناقب أحمد (549)

هەر کتێبی مناقب الإمام أحمد ی ابن الجوزي الحنبلي دا ڕیوایەتێکی زۆر سەیر و پڕ موبالەغات هاتوە، لە لاپەڕە 454:

[ئەبوبەکر کوڕی مەکارم، کە دیارە شێخێکی ساڵحی -جەماعەت بوە- ساڵێک بارانی زۆر باری و لە خەومدا وەک عادەتمە سەردانی قەبری ئەحمەدی کوڕی حەنبەلم کرد، دیتم قەبرەکەی زۆر تەنک بوە، خەریکە بە زەویەکەوە یەکسان دەبێت، گووتم لەوانەیە بە کاریگەری بارانەوە قەبرەکەی وای لێهاتبێت. کەچی گوێم لێبوو لە قەبرەکەیەوە گووتی :نەخێر، ئەوە لەبەر هەیبەتی حەقەوەیە، چونکە خودای سوبحانە وتەعالا سەردانی کردم! پرسیارم لێکرد دەربارەی نهێنی زیارەتی من هەموو ساڵێک، خوای پەروەردگار گووتی: ئەی ئەحمەد!چونکە تۆ گووتەکانی منت [قورئان] سەرکەوتانت، ئێستا بڵاودەبێتەوە و دەخوێندرێتەوە لە میحرابەکان، یەکسەر قەبرەکەیم ماچ کرد، و گووتم: گەورەم نهێنی چیە کە هیچ قەبرێک ماچ ناکرێت، جگە لە هی تۆ؟

گووتی: کوڕم ئەوە لە کەرامەتی مندا نییە، بەڵکو ئەوە کەرامەتی پێغەمبەر [د.خ] ، چونکە چەند تاڵە موێکی ئەوم لایە! ئەوەی خۆشی دەوێم با لە ڕەمەزان سەردانم کات! دوو جار دووبارەی کردەوە!] ئەوە و سەدەها ڕیوایات و گێڕانەوەی تری پڕ لە زیادەڕەوی.

ئەو جۆرە ئەدەبیات و قسە سەلەفیانەیە ئەمڕۆ دەیەها شێخی سەلەفی دروست کردوە لە نێو وڵاتانی ئیسلامیدا، کە جەماوەری هەژار و ساویلکەی سەلەفیەکان فریو دەدەن لەسەر حیسابی خۆ پیرۆزکردنیان، لە ڕێگای ملسوڕاندنی مانای قورئان و حەدیس و قسەی پیشینان بۆ سەخسی خۆیان. من زگم بەو جەماوەرە هەژارە دەسووتێت، کە هەژاری مادی ومەعنەویشن! ڕقم لێیان نابێتەوە سەرەڕای دەمشڕیان و گەمژەییان و شەڕانگێژیان، بەڵکوو تەنها ڕقم لە سەرانیانە و بۆیە من ئەگەر کارێکم بە چەواشەکاران بێت، کارم بەو جەماوەرە هەژارە وفریوخواردوە نییە بەڵکو بە سەرانی فریودەریانە![2]

[2] ٢٠١٦/٤/٢٦

# ٢

ئەو خۆ پەسندانەی شێخەکانی سەلەفیەت لە ڕێگای ڕاستەوخۆی شێخەکانی سەلەفیەتەوە یان لە ڕێگای قوتابی و سەرسامەکانیان، وەک ڤایرۆس نەوە دوای نەوە بۆیان دەگوێزرێتەوە. لە ئەڵقەی پێشوو دیتمان چۆن زیادەڕەوی و غلوێک دەکەن لە شەخسی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل، تا ڕادەی ئەوەی خودا زیارەتی قەبری شەریفی بکات، کەچی لای ئەوان خەڵکی ئاساییش نابێت زیارەتی قەبری هەتا پێغەمبەریش بکات!
یانی بە شێوەیەکی نائیڕادی لە دەروونی ئەو سەلەفیانە ئەحمەدی کوڕی حەنبەل لە محمدی کوڕی عەبدوڵڵا پیرۆزترە، ئەگەر بە دەمیش وانەڵێن! چونکە گوێمان لێ نەبووە بڵێن خوا زیارەتی قەبری محمد دەکات هەموو ساڵێک!

سەیر لەوەدایە هەموو زاناکانی کە سەلەفیەت تەقدیسی دەکەن، و منداڵ وتاڵیان بۆ دەکەنە کۆیلەی ملکەچ، تەنها زانان لە علمی حەدیس و شەریعەت و تەهاڕەت و نوێژ و ڕۆژی و کەمێکیشیان لە فیقە! زانایەکیان تێدا نییە موسڵمانان شانازی پێوە بکەن لەناو جیهاندا لە نموونەی ئیبن سینا و ئیبن ڕوشد و ڕازی و ئیبن نەفیس و جابری کوڕی حەییان و فارابی، چونکە هەموو ئەوانە یان موعتەزیلە بوون یانیش شیعە و ئیسماعیلی بوون!
ئەو مەدرەسەیەی ئەهلی حەدیس لە کۆنەوە دەزگایەکی کەهەنووتیان دامەزراندوە، بە هەوەستی خۆیان خەڵک دەکەن بە فریشتە یان بە شەیتان، بە ناوی جەرح و تەعدیل، یان هەڵسەنگاندنی خەڵک لەوانەی دیندارن یان زانای دینین.

ئەوەی بکەوێتە دەمی ناودارەکانیان و بڵێن خراپە، تا ڕۆژی قیامەت ڕایان لە سەری ناگۆڕن و دەڵێن خراپە، بە دەگمەن یەکێکیان ڕایەکی پێچەوانە بەراییەکانی دەربڕێت، لەبارەی کەسانێکی مغضوب علیهمی وەک ابو حنیفە یان جەعدی کوڕی درهەم، یان غەیلانی دیمەشقی یان غەزالی یان ابن رشد.

ئەوەشی وەک ئەوان سەلەفیەکی دەقپەرست ونصوصی بێت، و عەقڵی لەکار خستبێت لەبەرامبەر دەقدا، بەس بە قال فولان و حدثنا فولان کاری کرد، ئەوە باشترین پیاوی ناو تەرازووەکەیە، با یەک زەرە عەقڵ و تەقوا و زانستیشی نەبێت.
ڕەبیعی مەدخەلی، بەوەندە ناوەستێت کە کەسانیکی وەک ابن باز و ئەلبانی و اب عسیمین و کێ وکێ ستایشی بکەن، بەڵکو دەیان قوتابی و شوێنکەوتەی خۆی بە جۆرێک وەسفی دەکەن لە سەرووی ئاستی مرۆڤەوە. هەرچەندە ئەو ستایشکردنانەشی هەمووی ڕاست نییە، کەسانیکی وەک ابن باز و ئەلبانی و ابن عسێمین و الفوزان و زانای تری زۆریش، زۆر بە توندی ڕەخنەیان لە ڕەوشتی توندی و شەڕانگێزی گرتووە، و هەروەها بە سەتحیەت و ساویلکەیی تۆمەتبار کراوە لەلایەن ئەلبانی، و بە درۆکردن بە دەمی ابن عسێمین یش تۆماتبار کراوە. ئەو وتارە بخوێنەوە:

[من أقوال (كبار أهل العلم) في نقد الدكتور ربيع بن هادي المدخلي، وبعض أقواله ومواقفه.]
لە ستایشی زیادەلە حەدی مریدەکانی، موریدێکی بەناوی دکتۆر ئەحمەد بازمۆل دەربارەی دەڵێت:
[بەخوا سەلەفیەکان وەک شێخی عەللامەی موحەدیسی موجاهیدی، هەڵگری بەیداغی جەرح و تەعدیل و ئیمامی سونەی سەردەمی خۆی ، رەبیعی کوڕی هادی عومەیری مەدخەلی یان نەدیوە]
((فوالله – الذي لا إله إلا هو – ما عرف السلفيون : الشيخ العلامة المحدث المجاهد حامل راية الجرح والتعديل إمام السنة في زمنه ربيع بن هادي عمير المدخلي))
هەروەها لە کۆمێنتێکی لەسەر وتارێکی دەڵێت: [تۆ تەنهایت ودەگمەنیت لەو باسە، هەتا بوویتە ئایەتێک لە ئایاتی الله لە عیلم و حیکمەت و سوونە.]
((لقد تفردت في هذا الباب ، حتى صرت آية من آيات الله في العلم والحكمة والسنة)).

هەر لە وتارێکیتریدا بە ناوی " هل يسأل عن مثل الشيخ ربيع المدخلي" کە هەر ناونیشانەکەی ماستاوچیەتیە:

[هەقمانە وەک سەلەفی بە شێخمان، بەهاری سونەت و هەڵگری بەیداغی جەرح و تەعدیلی ئەو سەردەمە بە هەقەوە بڵێین: تۆ لە پردەکە پەڕیتەوە، پرسیار دەربارەی کەسێکی وەک تۆ ناکرێت، بە ڕاستگۆیی و دادپەروەریەوە.]
((ويحق لنا نحن السلفيين أن نقول في شيخنا ربيع السنة حامل راية الجرح والتعديل في هذا العصر أنك قد جاوزت القنطرة ولا يُسأل عن مثلك نقولها بحق؛ وبصدق وبعدل)).

سالم الطويل وتارێک لەسەر شێخ ڕەبیعی، کە دروستکراوێکی موخابەراتی سعودییە بەناوی [كاد الشيخ ربيع المدخلي أن يكون بدريا] یانی وەک پلەی سەحابەی بەدر!
نمونەی تر زۆرن، هەمووی هەر خەریکی ئەو بەزمەی ستایشی یەکتر و ستایش کردنەوەن تا ئەم ڕۆژگارەی کە هێناویانە.
شێخ ربيع المدخلي بەوەندەش نەوەستاوە بە زەبری دەسەڵاتی موخابەراتی سعودی وا ستایش بکرێت لەلایەن زانایانی دەسەڵات لە ابن باز و ابن عثيمين و مقبل الوادعي و ئەلبانی، بەڵکو خۆشی ستایشی خۆی دەکات!

لە قورئاندا هاتووە: ستایش و تەزکیەی خۆتان مەکەن، ئەو ئاگادارە بە وەی خۆپاریزە! {فَلَا تُزَكُّوا أَنْفُسَكُمْ هُوَ أَعْلَمُ بِمَنِ اتَّقَى} .

لە کاسێتێکدا بە ناوی (صفات الأبرار) دەڵێت: "فأنا، يا إخوة -إن شاء الله- من أشد الناس تمسكاً بمنهج السلف الصالح واتباعاً لهم واقتفاءً لآثارهم، وهذه كتبي موجودة، اقرأوها ترون. (!!!) " [ برایان من ئینشاڵلا لەو کەسانەم کە بە توندترین شێوە دەستم بە مەنهەجی سەلەفی ساڵح گرتووە، و شوێن پێیان هەڵدەگرم، ئەوەش کتێبەکانم بیخوێننەوە، خۆتان دەیبینن!]

هەر لە مجموع الكتب والرسائل (9\196) دەڵێت : "علماء السنة والتوحيد والقامعين للبدع من أمثال الشيخ النجمي والشيخ زيد بن محمد هادي والشيخ ربيع بن هادي." [ زانایانی سونەت وتەوحید و سەرکوتکەرانی بیدعە لە نمونەی شێخ نەجمی و شێخ

زيد بن محمد هادي والشيخ ربيع بن هادي!] ناوی خۆشی تێخستوه ستایشی خۆی دەکات!

جاروبار دەکەوێتە درۆ و هەڤدژیشەوە، کاتێ لە مجموع الكتب والرسائل (74\11) دەڵێت " :أنا قرأته -في الظلال- ، وأنا في الثانوي، وأعرف الأخطاء التي فيه، أعرفها والله وأنا في الثانوي، عرفنا أخطاءه في الصفات، أخطاءه في العلوم الكونية، أخطاءه في النواحي السياسية والاقتصادية، كلها عرفناها ونحن في الثانوي عرفناها ، ما أدري شبابنا إذا قرأوا هذه الكتب يميزوها وإلا لا يميزوها، والله نحن ميزناها ونحن في الثانوي."
[ من في الظلال ی سید قوتب م خوێندەوە لە قۆناغی ناوەندی، هەڵەکانیم زانی لە سیفات، لە زانستە بوونەوەریەکان، هەڵەکانی لە بواری سیاسی و ئابووری، هەموویمان زانی هێشتا لە ناوەندی بووین، نازانم گەنجانمان ئەگەر ئەو کتێبە بخوێننەوە دەتوانن هەڵەکانی دیار بکەن یان نا!؟ بەخوا ئێمە فەرقمان پێکرد هێشتا لە ناوەندی بووین.]

سەیر لەوەدایە لە پاش قۆناغی دواناوەندیش شێخ ڕەبیعی مەدخەلی کتێبی "منهج الأنبياء"، نووسی کە تیایدا ستایشی سەید قوتب ومەنهەجەکەی دەکات و دەڵێت: خودی مەنهەجی پێغەمبەرانی پێکاوە!
خۆ کتێبەکەی دوای قۆناغی ناوەندی نووسیوە، ئەی کە هەڵەکانیت زانیوە ئەو ستایشە درۆیینە چییە؟! یان درۆ دەکات لەو ستایشە یان لە ستایشەکەی تر کە دەڵێت لە ناوەندیەوە ئاگاداری هەڵەکانی سەید قوتب بووم!

لە کاسێتێکی دەنگیدا دەڵێت سەلەفیەتی من لە سلفیەتی ئەلبانی بە هێزتر بوو لە زانکۆ! "ئێمەی قوتابیانی شێخ عبدالله القرعاوي سەلەفیەتەکەمان لە سەلەفیەتی ئەلبانی بەهێزتر بوو...کە چاومان بە ئەلبانی کەوت دیمان سەلەفیەتەکەمان لە سەلەفیەتی ئەلبانی بەهێزترە خوا دەزانێت لاساییمان نەکردەوە، شێخ عبدالله سەلەفیەتێکی بۆ هێناین ڕاستی و ناوەرۆکی سەلەفیەت!"

" ونحن طلاب الشيخ عبدالله القرعاوي عندنا سلفية أقوى من سلفية الألباني ... فالتقينا بالألباني وإذا نحن في السلفية أقوى منه يعلم الله ما قلدناه، الشيخ عبد الله جاء بسلفية هي صحيح السلفية "

له وتەیەکی تردا له مجموع الكتب والرسائل (8\236) خۆی دەکاته هاوشانی بوخاری و ابو حاتم و ئیمامەکانی تر، دەربارەی تویژینەوەیەک بۆ ماجستێر له نێوان ئیمام موسلیم و الدار قطني، سەبارەت به ڕاستکردنەوه حەدیسێکی لاواز له موسلیمدا دەڵێت: " ئەگەر ابو حاتم و بوخاری تویژینەوەیەکی تێروتەسەلیان کردبایه، به ڕای من له ئەنجامەکانیان لەو ئەنجامانەی که من پێی گەیشتم تێ نەدەپەڕین!"

"ولو درس أبو حاتم وغيره من الأئمه، حتى البخارى دراسه وافيه لما تجاوز فى نقرى النتائج التى توصّلتُ إليها ، لأننى بحمد الله گبّقتُ قواعد المحدپين بكل دِقّه ولم ىَل فى ژلك جهداً . "

14/5/2016

# عەبدوللەتیف سەلەفی وەک پرۆژەیەکی مەدخەلی!

شاراوە نییە کاتێ عەبدللەتیف باسی شێخ ڕەبیعی مەدخەلی دەکات، وەک مامۆستای خۆیی و پاشماوەی سەلەفی ساڵح ناوی دەهێنێت، خوا هەڵناگرێت شێخ ڕەبیعی مەدخەلیش پشتی قوتابیەکەی خۆی بۆ کوردستان و عێراق لە ئەرز نادات، لە چەندین بۆنە بە دەنگ و نووسین پاڵپشتی خۆی بۆ شێخ عەبدللەتیفی مەدخەلی دووپات کردۆتەوە، هەتا لەو ڕووداوانەی ئەو دووایەش، دەربارەی ئەو سکاندالەی بەبێ تەحقیق گووتی " ئەمە بوختانێکی زۆر گەورەو ناقۆلایە ، ئەمە پیلانێکی دوژمنانە!"

شێخ عەبدللەتیفی سەلەفی دەیەوێت کەسایەتیەکی هاوشێوەی ئەو لە کوردستان دروست بکات، لە ڕێگای بەکارهێنانی هەمان ئامرازەکانی شێخ ڕەبیعی مەدخەلی کە بریتین:

١- چوونە پاڵ دەسەلاتی سیاسی و ستایشکردنی و تەحریمکردنی هەر جۆرە ناڕەزایەتیەک و بەرهەڵستیەک. وادیارە لەو هەنگاوەش سەرکەوتنی باشی بە دەست هێناوە، دەسەلاتداری گەندەڵ ڕازییە لە پێناو بێ دەنگ کردنی خەڵک و بەنج کردنیان بە ئەفیونی سەلەفیەت، لە تالانی ودزی وگەندەڵی بەردەوام بێت، خەڵکیش ڕادەستی ئەو وەحشە دینییە بکات، کە لە ئاییندەدا داخراوترین و توندڕەوترین و دواکەوتووترین کۆمەڵگای لێ بەرهەم دێت. ئەو دەسەلاتە هیچ ڕوئیایەکی کوردانە و نیشتیمانیانەی بۆ ئاییندە نییە، دەبینین چۆن تەنها خەمی بە تالان بردن و بەتالکردنی کوردستانە لە سەروەت وسامانی، بێ ئەوەی حیسابێک بۆ ئاییندەی نەوەکانی داهاتوو بکات. کەوابوو چۆن حیسابێک بۆ مەترسی گۆڕینی ئەو کۆمەڵگایە میانڕەوە کوردییە دەکات، لە خەمی گۆڕانی سروشتی میانڕەوی دەبێت بۆ توندڕەوی؟!

ئەو میانڕەوییەی میللەتی کورد، کە سەدان خۆرهەلاتناس و سیاسی و توێژەر و چاودێری خۆرئاوایی و هەتا عەرەبیش، ئاماژەی پێدەکەن، بە سەرسامیەوە باس لە کراوەیی و والایی و قابیلیەتی گونجانی دەکەن لەگەڵ بەها سێکیولار و مەدەنیەکانی

کۆمەڵگایەکی مۆدرن، و دەڵێن زیاتر لە هەموو گەلانی ناوچەکە گەلێکی سێکیولار ڕەفتارە، بە مانای پێدانی قەبارەی سروشتی ماقوڵ بە ڕەهەندی دینی لەناو کۆمەڵگادا، نەک دژایەتی دین.

٢- سەلەفاندنی خەڵکی کوردستان بە توندترین و قیامەتدۆستترین فۆرمی سەلەفی، و خەریک کردنیان بە ڕیش و نیقاب و ئاخیرەت و بیدعە و سونە، و فەرامۆش کردنی دنیای تازە. لەو بوارەوەش توانیویەتی نەوەیەکی داخراوی بێ هیچ ئاسۆیەکی بیرکردنەوە دروست بکات.
نەوەیەک بۆ هێمایەکی دینی ئامادە بێت باوک و دایک و براو خوشکیشی بکوژێت، بەڵام بۆ پرسە نەتەوەییە گشتیەکانی کورد تەنها بۆ خۆڵکردنە چاوی خەڵک یان وەک ماستاوێک بۆ دەسەڵات نەبێت، دەنا هەر لە یادیشیان نییە. ئەو سەلەفاندنە دەفعەیەکی بەهێزیش دەداتە ژیانەوەی کلتوری عەرەبی لە ڕووی داب ونەرێت و زمان و زەوق و دنیابینی و بەهاکانی ژیان.

٣- توانیویەتی هەمان شێوازی شێخ ڕەبیعی مەدخەلی بەکار بهێنێت لە ناوزڕاندنی نەیارە دینییەکانی، و فوو لەخۆکردن و خۆ گەورەکردنی لەلای شوێن کەوتەکانی، تاڕادەی تەقدیسکردن. ئەوەی لایەنگرانی نیشانیان دا لەو سکاندالەی شێخ عەبدلـلەتیفی مەدخەلی، لە بەرگری لێکردن و ڕەتکردنەوەی بەڵگەکان و ناردنی هەڕەشە وجوێن بۆ نەیارەکانی، بەڵکو بە ئاشکرا دەڵێن چونکە تۆ واتگووت، ئێمەش شت و بوختانت بۆ دروست دەکەین! یان دەڵێن بە ڤیدیۆش سکاندالەکە ببینین باوەڕ ناکەین!

یان خەونی درۆیینەی بە ناوی پێغەمبەرەوە بۆ دەبینن! دەیان کاری تری شەخسپەرستی دەیسەلمێنێت لە شێخ ڕەبیعی مەدخەلی یشی تێپەڕداوە لە نەزەری قوتابیەکانی، بەڵکو خۆی وەک ئەحمەدی کوڕی حەنبەلی کوردستان دەردەخات! چونکە ڕەبیع لەناو کەسانێکی عەرەبی زانە، لە دەقەکان تێدەگەن و بە ئاسانی ناتوانێت وەک شێخ عەبدللەتیفی مەدخەلی ملی ئایات و حەدیسەکان بۆ بەرژەوەندی خۆی وەسوڕێنێت!

مەترسی ئەو گوێڕایەڵیە ڕەهایەش و ئەو دەمارگرژییە بێ سنوورە، کە سنووری خورافاتچیترین شێخی سۆفیەتیشی بەزاندووە، لە ئاییندە زۆر زۆر گەورەیە، ئەگەر شێخ عەبدلـلەتیفی مەدخەلی لە ساتێکی پڕ ئاشووب و قەیرانی وەک ئێستای کوردستان، وەک مەدخەلیەکانی میسر فەرمانێکی بۆ بێت بۆ دەستکردن بە کاری سیاسی، بەس خوا دەزانێت سەر بۆ چی دەکێشێت!

ئەوەی لام سەیرە ئەزموونی سەلەفیەتی مەدخەلی بە ڕابەرایەتی عەبدلـلەتیف، دەتوانم بڵێم ئامرازی زیاتر و هێز و ئازادی زۆرتری بۆ دەستەبەر کراوە، زیاتر لە خودی ئەزموونی شێخ ڕەبیعی مەدخەلی! ئەو ئازادی و ئەو هەموو کەناڵە میدیاییەی لە تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و کتێب و بایەخی ناپڕۆفێشناڵەی میدیای کوردی کە خراوەتە خزمەت شێخ عەبدلـلەتیفی مەدخەلی و دەعوەکەی، شێخ ڕەبیع نیوەی ئەوەی بۆ دەستەبەر نەکراوە! نەمزانیوە کەناڵێکی ئاسمانی و ڕادیۆی هەبێت! یانی دەسەڵاتی سعودی بەو تێڕوانینە سەلەفیەی کە هەیەتی، هێشتا لە دەسەڵاتی گەندەڵی شاری بێ ساحێبی کوردستان وریاترە بە مەترسی ئازادیەکی ڕەها بۆ مەدخەلیەکان! و دەزانن چۆن بەکاریان بهێنن لە سنورێکی ماقوڵدا!

لە وەڵامی نەیارەکانی شێخ عەبدلـلەتیفی مەدخەلی، کابرایەکی عەرەب مامۆستا لە زانکۆی تکریت، وتارێکی بۆ بەرگریکردن لە شێخ عەبدلـلەتیفی مەدخەلی نووسیوە بەناونیشانی: [المطالب العالية في تزكية الإمام ربيع للشيخ عبد اللطيف الكردي وصد عدوان البغاة !!
جمع وإعداد: سامي عويد احمد ]

بەرگریەکی زۆر لە شێخ عەبدلـلەتیفی مەدخەلی دەکات و بە ئەهلی متمانەی شێخ ڕەبیعی مەدخەلی دادەنێت و لە بڕگەیەکیدا لەسەر شێوازی کۆنی تەقلیدی نێوان زانایانی سەلەفی ستایشی شێخ عەبدلـلەتیفی دەکات بەو جۆرە: [ئینجا ئەوەی پشتی ستەمکارانی شکاند، ستایشی عەتریێژ و تەزکیەی پێدراوی ئیمام - شێخ ڕەبیعی مەدخەلی- بوو بە شێخ عەبدلـلەتیف و قوتابخانە سەلەفیەکەی، وەک دانهێنان بە

فەزڵی، و ڕیزگرتن لە گرنگی ئەو، و وریایی ئەو، و پەسندکردنی پایەی، و تەزکیەی کارەکانی، و وەک سوپاسگوزاری بۆ ڕێ وشوێنی، زانینی قەدری، و شوێن کەوتنی کارامەیی، و ئاگادارکردنەوە لە ئاکار وڕەوشتی و فەزڵی، بۆیە دوچاری وروژان بوون، وەک شێت هەڵچوون، هەتا حەسەد و ستەمیان گەیاندنی بەو ڕادەیە پەلار لە ئیمامە مەزنەکان بدەن، ئینجا بە ڕاشکاوی تانە لە ئەهلی عیلم بدەن!

" ثم إن داهية الدهور ,وقاصمة الظهور-لأهل البغي- الثناء العطر, والتزكية المعطاة من الإمام ربيع للشيخ عبد اللطيف ,ومدرسته السلفية؛ اعترافا بفضله, وتبجيلا لخطره , وإقرارا بنباهته, وتفضيلا لشأنه, وتزكية لأثاره, وإحمادا لسنته, وإيثارا لاصطفائه, وارتساما برسومه ,ومعرفة بقدره, واختيارا لاجتنائه, واقتداء بأهليته, وتنبيها بأدبه, وفضله ,فثارت ثائرتهم, وجن جنونهم؛ حتى أخرجهم الحسد, والبغي إلى التعريض حتى بالأئمة الأعلام, ومن ثم التصريح, بالثلب ,والعيب بأهل العلم الكرام."

لە هەوڵەکانی سەلەفیە عەرەبەکانی عێراق و کەنداو، و تەزکییەکانی شێخ ڕەبیعی مەدخەلی بۆ ابو عبدالحق عبداللطیف احمد، دەردەکەوێت کە شێخ عەبدللەتیفی مەدخەلی پڕۆژەیەکی سعودی سەلەفی مەدخەلی دەسەڵاتی سعودییە، بۆ ئەوەی پێگەیەکی سعودی بە هێزی کوردی لەسەر سنووری ئێران دروست بکرێت، لەو ڕێگایەدا بەشێکی گەورەی دەسەڵاتی کوردی کە پارتییە لایەنێکە لەو سەفقەیە، و یەکێتیش تەماشاکارە دیارە بەشێکیان لە ژێر فشاری سیاسی و دراوی و بازرگانی پارتی، وبەشێکیشیان لەبەر خەمساردی ئێران بەرامبەر ئەو دیاردەیە، دەنا ئێران بەو نفوز ودەسەڵاتەی کە لە سلێمانی هەیەتی، دەتوانێت هەزار مزگەوتی سەلەفی و سەدان شێخی وەک شێخ عەبدللەتیفی مەدخەلی بە شەوێک بپێچێتەوە.

مەرامی ئێرانیش لە وتارێکی عەرەبیدا باسم لێکردووە کە هەتا لە کوردستانی ژێر دەستی خۆشی ڕێگا خۆش دەکات بۆ سەلەفاندنی کۆمەڵگای کوردی! هۆکارەکەشی بەڕای من بۆ ئەوەیە کە ئێران حەز دەکات خەباتی عادیلانەی کوردی بگۆڕێت بۆ شەڕێکی مەزهەبی سونە و شیعە، حەز دەکات بەیانی خەباتی کورد بکەوێتە دەستی جەماعەتێکی سەلەفی ڕیش درێژ و کورت عەقڵ، عەقڵیان لە میراتی عەلی ومعاویە

زیاتر برِ نەکات! چونکە جیهانیش هەقی بەو شەڕە نابێت کە هەڵگیرسا، و ئەو کاتە بە ئاسانی کورد لەناو دەبات. بەڵام ئەگەر کورد خەباتیکی نەتەوەیی و دیموکراسی و عادیلانە، و دوور لە کەڵکەڵەی شەڕی دیینی و مەزهەبی بکات، ئەوە فشارێکی زۆر لەسەر کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دروست دەکات، و پاڵپشتی دنیای ئازاد زیاتر بەدەست دەهێنێت، و ئەرکی ئێرانیش قورستر دەکات لە ڕوبەرو بوونەوە. بهێنە بەرچاوت لە جیاتی پ ک ک لە باکوور حزبێکی سەلەفی داعشی جڵەوی خەباتی بە دەست گرتبا؟! ئەوە پ ک ک سیحری داعشی بەتاڵ کردۆتەوە هێشتا وەک پێویست پشتگیری لێ ناکرێت، ئینجا ئەگەر سەلەفیەکی داعشی با یان هەر تەنها ئیسلامی با؟!

٢٠١٦/٥/١٦

# دەرەنجام:

وەک دەبینن کاتێ تەبان چۆن ستایشی یەکتر دەکەن تا کەشکەڵەی ئاسمان، بەڵام هەر ئەوانەی ستایشیان دەکەن، کاتێ لێک گیر دەبن هێندە توونـد ڕەخنە لە یەکتر دەگرن، بواری هیچی تێدا ناهێڵنەوە!
عەبدلـلەتیفی مەدخەلـی زۆر پەلەی بـوو وەفـدەکەی بنێـرێتە لای ڕەبیعـی مەدخەلـی نەوەک مونافیسەکانی لە سەلەفیە مەدخەلییەکان بۆی تێبچێنن! لە سەرەتا توانی شێخ ڕەبیعـی مەدخەلـی فریـو بـدات، کە ئەگەر هەر شـتێکی گـوێ لێبـوو لە بـارەی فەزیحەتەکەی گوێ لێبوو باوەڕ نەکات وئەوە دەنگۆی دوژمنانی سەلەف و ئیسلامە!

بەڵام بەری خۆر هێندە ئاسان نییە بە بێژینگ بگیرێت، وهەر زوو باڵێکی مەدخەلی هەر لەناو خۆیان، توانیان ڕاست ودروستی هەواڵەکان بگەیەنن بە شێخ ڕەبیع و شێخانی تری مەدخەلیەت، هێندەی نەبرد شێخ ڕەبیع وهاوەڵانی بڕیاری تەبەڕایی خۆیان لە شێخ عەبدوللەتیف بە ئاشکرا جاڕدا!

# بەشی دووەم
# دەرکەوتە سەرەتاییەکانی ئابڕووچوونەکە

## گەورەترین فەزیحەی ڕەوشتی عەبدوللەتیف سەلەفی بەڕێوەیە!

من دوورترین کەسم لە بایەخدان بە فەزائیحی ئەخلاقی و ڕەوشتی کە لەناو خەڵکدا ڕوو دەدەن، چەندین جار خەڵکم دیتوە لە کاتی زۆر ئیحراج و پڕ شەرمەزاری، باوەڕ بکەن بەرلەوەی ئەو من ببینێت، من خۆم لێی نەبان کردوە تا تووشی ئیحراجی و شەرمەزاری نەبێت، چونکە دەزانم مرۆڤ هەمووی قابیلی هەڵە و لاوازبوونن.

بەڵام کە کەسێکی خاوەن ژن ومنداڵ و خۆی بە سەرۆکی سەلەفیەکانی مەدخەلی کوردستان دەزانێت، خۆی بە پاسەوانی بەها و ڕەوشتی سەلەفی ساڵح بزانێت، شەو و ڕۆژ خەریکی وانەدادانی ڕەوشتی بێت، لە توونډترین فۆرمی سەلەفی کە بچووکترین بوار بۆ هەناسەدانی خەڵک جێ ناهێڵێت، بەرگری لە سوونەتی ڕەجمکردنی زیناکەرانی ژندار و مێرددار بکات، هەردەم خەریکی سەرکۆنەکردنی خەڵکن بە بیدعەچیەتی و لادان لە ڕەوشت و سوونەت و بیروباوەڕی سەلەفی ساڵح.

ئەو پیاوە بە ئاشکرا کار بۆ فۆرمێکی سەلەفی مەدخەلی سعودی دەکات، و لەو بوارە گەورەترین ئیمکانیاتی مادی و میدیایی و سیاسیشی بۆ دەستەبەر کراوە، لە پێناو ئیستیحماڕکردن و گەمژەکردنی خەڵک بۆ سعودیە وعەرەب بە گشتی. ئەو پیاوەی هەزاران گەنجی تاوانبار کرد بە کوفر چونکە تەنها ویستیان لەو دۆزەخەی دەسەڵات و سەلەفیەکان لە کوردستان ڕاکەن بۆ ئەوەی ئەو جیهانەی پێی دەڵێت دار الکفر. هەر ئەو پیاوە شێخی سەلەفیەکانی مەدخەلیەت، و شێری سوونەتی پێغەمبەر دەستی چۆتە کارێک، باوەڕتان بێت زۆر لەو گەنجانەی کە بێ ژن و بێ پارە و بێ دۆستن، دەستیان بۆ ئەو کارە ناچێت.

بە کوورتی شێخ عەبدوللەتیف سەلەفی کە مامۆستایە لە پەیمانگایەکی ئیسلامی دەست لەگەڵ قوتابیەکی ئافرەتی [مێرد دار] یانی متزوجة و محصنة، تێکەڵ دەکات بە

بیانووی سەرپەرشتیکردنی لێکۆڵینەوەی بەحسی ساڵی دووەمی، من ناوی ئەو ئافرەتەم لایە بەڵام ناوی دەپارێزم، هەرچۆنێکی بێت مێردی ژنەکە پەیوەندی لەگەل ژنەکەی تێکدەچێت وهەر لەو سەرو بەندەش لەگەڵ پیاوەکەی کێشەیان دەکەوێتە بەین، پیاوەکەی دڵی پیس دەبێت لێی. ڕۆژەک ئافرەتەکە کە دەڵێن تا ڕادەیەکی زۆر شۆخ و شەنگ وجوانە، بە عەبدوللەتیف سەلەفی دەڵێ لەگەڵ پیاوەکەم کێشەم هەیە ئەگەر دوو قسەی خێری تێدا بکەی، لەتیفیش ئەو هەلە بە دەرفەت دەزانێ بۆ خێر نا، بەڵکو پێی دەڵێ جا بۆ وازی لێ ناهێنی بۆخۆم، بە پێی گێڕانەوەی ئافرەتەکە بۆ ئیدارەی پەیمانگا ئیسلامیەکە!!

ئیترئافرەتەکە بەو قسانە دەخەڵەتێنێ و باوەڕ دەکات و خۆی بە تەڵاق دان دەدات، لێرەدا پەیوەندیەکی ناشەرعی و دوور لە قورئان و سوونەت لە نێوانیان درووست دەبێت، ڕۆژانە دوای دەوام عەبدوللەتیف سەلەفی لەگەڵ ئافرەتەکە لە ژورەکەی کۆدەبنەوە، هەڵبەتە شەیتانیش سێیەمیان بووە. ئەوە جگە لەوەی بە تەلەفۆن و فیس بوک فەزائیحی زۆر ئەکات ئەو پیاوەی کە هەتا ڕەسم گرتنیشی پێ گوناهە بە پیی ئەو مامۆستایانەی کە بەڵگەکانیان لایە دەڵێن ڕەسمی وا بێ شەرمانەیان گۆڕیوەتەوە، موراهیقێکیش شتی وا ناکات ج جای اسد السنة و العلامة الفهامة بیکات!

ئێستا لە پەیمانگاکە وازی هێناوە بە بیانووی مۆڵەت، ماڵی ئافرەتەکەش هەڕەشەیان لێیکردوە، لە پەیمانگاش بەشێک داوای وەرگرتنی ڕێوشوێنە یاساییەکان دەکەن و بەشێکیتریش داوای داپۆشینی فەزیحەتەکە دەکەن!

ئەوە بە کورتی ئەو فەزیحەیە کە هەوڵێکی زۆر دەدرێت بۆ پەردەپۆشکردنی. بە پێی شەریعەتی ئیسلام بێت، ئەو پیاوە و ئافرەتەکەش دەبێت بەردباران بکرێن تا مەرگ، چونکە هەر شێخ عەبدوللەتیف سەلەفی شێری سوونەت چەندین جار گوێم لێی بووە بەرگری لە سوونەتی ڕەجمکردن کردوە کە لە قورئانیشدا نییە! من سەد لە سەدا دڵنیا نەبام لە هەواڵەکە بڵاوم نەدەکردەوە، تەنها چاوەڕێی بەڵگەکانین تا خەڵک هەمووی بیبینێت.

محەمەد هەریری

نوسراوە لە ٢٠١٦/٤/١٧

## شایەتی دانی تۆ قەبوڵ نییە چونکە بێ دینیت
## عەبدول لەتیفی سەلەفی بۆ محەمەد هەریری: تۆ درۆزن و فاسقییت

لەوەڵامی ئەوەی کەئاگاداری پەیوەندی نێوان عەبدول لەتیفی سەلەفی و ژنێکی خوێندکارە، عەبدول لەتیفی سەلەفی وەڵامی محەمەد هەریری دەداتەوە و دەڵێت " بەبەڵگەی قورئان تۆ درۆزن و فاسقیشیت وشایستەی ئەوەشیت هەشتا جەلدەت لێ بدرێت".

ئاوێنە: دکتۆر عەبدول لەتیفی سەلەفی لەپەیجی خۆی لەفەیس بوک وەڵامی محەمەد هەریری دەداتەوە و دەڵێت" شایەتیدانی تۆ قەبوڵ نییە چونکە سەرەڕای بێ دینیت کە چوار شاهێد نەهێنیت لەسەر ئەو بوهتانەی کە بۆمن و ئافرەتێکی داوێن پاک کردووتە -کە سوێند بە الله درۆیەو بوهتانە- ئەوە بەبەڵگەی قورئان تۆ درۆزن و فاسقیشیت وشایستەی ئەوەشیت هەشتا جەلدەت لێ بدرێت".

سەلەفی باس لەوەشدەکات "گشت ئەوانەش کە رەواج بەم بوهتانەی تۆ ئەدەن و بونەتە جسرێک بۆ گەیاندن و پەڕاندنەوەی درۆو تۆمەت و بوهتان بۆ کەسانی تر"

*ئاوێنە*

٢٠١٦/٤/١٨

عەبدوللەتیف سەلەفی

## عەبدولەتیفی سەلەفی هاتە دەنگ

*سنورمیدیا*

لەوەڵامی ئەوەی کەئاگاداری پەیوەندی نێوان عەبدول لەتیفی سەلەفی و ژنێکی خوێندکارە، عەبدول لەتیفی سەلەفی وەلامی محەمەد هەریری دەداتەوە و دەڵێت " بەبەڵگەی قورئان تۆ درۆزن و فاسقیشیت وشایستەی ئەوەشیت هەشتا جەلدەت لێ بدرێت.

دکتۆر عەبدول لەتیفی سەلەفی لەپەیجی خۆی لەفەیس بوک وەڵامی محەمەد هەریری دەداتەوە و دەڵێت" شایەتیدانی تۆ قەبوڵ نییە چونکە سەرەڕای بێ دینیت کە چوار شاهێد نەهێنیت لەسەر ئەو بوهتانەی کە بۆمن و ئافرەتێکی داوێن پاک کردووتە -کە سوێند بە الله درۆیەو بوهتانە- ئەوە بەبەڵگەی قورئان تۆ درۆزن و فاسقیشیت وشایستەی ئەوەشیت هەشتا جەلدەت لێ بدرێت.

سەلەفی باس لەوەشدەکات "گشت ئەوانەش کە رەواج بەم بوهتانەی تۆ ئەدەن و بونەتە جسرێک بۆ گەیاندن و پەڕاندنەوەی درۆو تۆمەت و بوهتان بۆ کەسانی تر".

شێخ عەبدوللەتیفی داوای چوار شاهێدم لێدەکات! منیش داوای ڕاستگۆیی لێ دەکەم تەنها!

لە نووسراوێک بە ناونیشانی "روونکردنەوەی دکتۆر عبداللطیف سەبارەت بە بوهتانەکەی - محمد هەریری –' مەلا عەبدوللەتیفی ڕۆمانسی مەدخەلی سەرەڕای ئەو فەزیحەتە گەورەیەی کە لێی ڕوویداوە، لە جیاتی بێ دەنگ بێت داوای چوار شاهێد لە من دەکات بۆ سەلماندنی داوێن پیسییەکەی!

لە سەرەتادا عەبدوللەتیف دەڵێت: " شایەتی دانی تۆ قەبوڵ نییە چونکە سەرەڕای بێ دینیت کە چوار شاهێد نەهێنیت لەسەر ئەو بوهتانەی کە بۆمن و ئافرەتێکی داوێن پاک کردووتە ئەوە بەبەڵگەی قورئان تۆ درۆزن و فاسقیشیت وشایستەی ئەوەشیت هەشتا جەلدەت لێ بدرێت..."

جارێ هەقت لە شیەدی دان و بەدینی و بێ دینی من نەبیت، لە دادگای سەلەفیەکان لەبەر پاکیان شاهێدی کەس قبوڵ نییە لە خۆیان زیاتر! ئینجا خۆت دەزانی چوار شاهێد هێنان نەک ناکرێت بەڵکو موستەحیلیشە بەپیی قسەی ابن تیمیە خۆی! قوربان لە [پەیمان گایە] کەشت بام نەمدەتوانی چوار شاهێدت بۆ بێنم، خۆ لە دەوڵەتی ئەفغانستان و تالیبان نین تا هەڵکوتینە سەر ژوورەکەت بە سەد شاهێدەوە؟! من ئەگەر بزانم لەناو ژوورەکەش چی دەکەن ڕێگا بە خۆم نادەم هەڵکوتمە سەر ژوورەکەت.

ئینجا مامۆستا عادز مەبە ئەو چوار شاهێد هێنانە بە سەحابەش قووت نەدراوە بە باشی، ڕەتی حوکمەکەیان کردۆتەوە بە جەندین بیانووی وەک غیرەت قبوڵ نەکردن و هەتا حەزرەتی عومەر پشتگیری لە کوشتنی ژن و پیاوە زیناکەرەکەش کردوە بەبێ چوار شاهێدیش وەک لە خوارەوە ڕوونم کردۆتەوە:

قال سعد بن عبادة: يا رسول الله، لو وجدت مع أهلي رجلا لم أمسه حتى آتي بأربعة شهداء؟ قال رسول الله - صلى الله عليه وسلم -: ((نعم))، قال: كلا والذي بعثك بالحق، إن كنت لأعاجله بالسيف قبل ذلک، قال رسول الله - صلى الله عليه وسلم -: ((اسمعوا إلى ما يقول سيدكم؛ إنه لغيور، وأنا أغير منه، والله أغير مني))؛ متفق عليه

سەعدی کوری عیبادە بە نکولیکردنەوە دەپرسێت لە پیغەمبەر [د.خ] ئەی پیغەمبەر، یانی ئەگەر ژنەکەم لەگەڵ پیاوێک بوو، دەستی لێ نەدەم و لێیان گەڕێم تا دەچم چوار شاهێد دەهێنم؟! گووتی: بەڵێ، گووتی: نەخێر سوێند بوەی بە هەق ڕەوانەی کردوویت بە شمشێر بەخێرایی دەیکوژم بەرلەوە، پێغەمبەر [د.خ] گووتی: [گوێبگرن گەورەکەتان دەڵێ چی، ئەو بە غیرەتە، منیش لەو بەغیرەتترم، خواش لە منیش بەغیرەتترە.!]

یانی سەعد وەلآمی پیغەمبەریشی داوەتەوە، پێغەمبەر لێشی قبول کردوە و تەکفیریشی نەکردوە، هەر بۆیە ئەگەر پیاوێک بزانیت ژنەکەی زینای کردوە بەسەری دابێت و ژنەکەی بکوژێت، بەپێی ڕای حەزرەتی عومەر و بەشێکی زۆریش لە سەحابە ناکوژرێتەوە!

"حتى جعلها بعض العلماء مسألة نزاع بين الصحابة، وقال: مذهب عمر - رضي الله عنه - أنه لا يقتل به، ومذهب علي :أنه يقتل به، والذي غره ما رواه سعيد بن منصور في سننه: أن عمر بن الخطاب -رضي الله عنه - بينا هو يومًا يتغدى، إذ جاءه رجل يعدو وفي يده سيف ملطخ بدم، ووراءه قوم يعدون، فجاء حتى جلس مع عمر، فجاء الآخرون فقالوا: يا أمير المؤمنين، إن هذا قتل صاحبنا، فقال له عمر - رضي الله عنه - : ما تقول؟ فقال له: يا أمير المؤمنين، إني ضربت بين فخذي امرأتي، فإن كان بينهما أحد فقد قتلته، فقال عمر: ما تقولون؟ فقالوا: يا أمير المؤمنين إنه ضرب بالسيف فوقع في وسط الرجل وفخذي المرأة، فأخذ عمر - رضي الله عنه - سيفه فهزه، ثم دفعه إليه، وقال: إن عادوا، فعد، فهذا ما نقل عن عمر - رضي الله عنه."[3]

ئینجا چوار شاهیدی هێنان هێندە قورسە، تا ئەو ڕادەیەی ابن تیمیە دەلیت بەدرێژایی تەمەنی ئیسلام نەهاتۆتە دی، زینا بسەلمێندرێت لە ڕێگای چوار شایەدەوە! یانی موستەحیلە!

شێخ ئیبن عوسمێنی، کە گوومانم نییە سەرچاوەیەکی سەرەکی بیری تۆیە دەلّێت:" ولهذا قال الشيخ ابن عثيمين رحمه الله : " قال شيخ الإسلام ابن تيمية رحمه الله : ولم يثبت الزنا بطريق الشهادة من فجر الإسلام إلى وقته ، وإنما ثبت بطريق الإقرار ؛ لأن الشهادة صعبة ، ..." انتهى من "الشرح الممتع" (257/14)

شێخی ئیسلام ابن تیمية دەلّێت: زینا قەت بە ڕێگای شاهێد نەسەلمێندراوە لە یەکەم ڕۆژی ئیسلامدا تا ئەمڕۆ، بەلّکو لە ڕێگای دان پێداهێنان سەلمێندراوە، چونکە شاهێدی دان بۆ ئەو حالەتە قورسە!

[3] http://www.alukah.net/fatawa_counsels/0/59480/#ixzz4660UxxDT

هەرچەندە من باسی زینا و شتی وام نەکردوە، ئەوە خۆتی باسی دەکەیت، بەڵام باش دەزانیت مەگەر لە فلمی ڕووت مەرجەکانی ئەو شایەدیە  بێتە دی.

ئینجا ئەو شاهێدیەش باسی پیاو دەکات کە گومانی بکەوێتە ژنەکەی، خۆ تۆ گومانت لەکەس نیە، بەڵکو گومانت لەسەرە!

وەرە لە جیاتی بە من بڵێیت: "شایەتی دانی تۆ قەبوڵ نییە چونکە سەرەڕای بێ دینیت کە چوار شاهێد نەهێنیت لەسەر ئەو بوهتانەی کە بۆمن و ئافرەتێکی داوێن پاک کردووتە ئەوە بەبەڵگەی قورئان تۆ درۆزن و فاسقیشیت وشایستەی ئەوەشیت هەشتا جەلدەت لێ بدرێت وە گشت ئەوانەش کە رەواج بەم بوهتانەی تۆ ئەدەن و بونەتە جسرێک بۆ گەیاندن و پەڕاندنەوەی درۆو تۆمەت و بوهتان بۆ کەسانی تر.

محەمەد هەریری

٢٠١٦/٤/١٧

## محەمەد هەریری داوا دەکات

## عەبدوللەتیف سەلەفی سوێند بخوات

شێخ عەبدوللەتیفی داوای چوار شاهێدم لێدەکات! منیش داوای ڕاستگۆیی لێ دەکەم تەنها!
دوای ئەوەی کەسایەتی دیاری سەلەفی عەبدوللەتیف ئەحمەد لەگەڵ چاوان هاوسەری پێشووی ئۆرڤان هاوسەرگیری کرد، توێژەرێکی ئیسلامی داوا دەکات ئەو کەسایەتییە سەلەفییە سوێند بخوات رۆڵی نەبووە لەو جیابوونەوەیەدا.
محەمەد هەریری لە پەیامێکیدا لە لاپەڕەی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک داوا لە عەبدوللەتیف سەلەفی دەکات لە گرتەیەکی ڤیدیۆییدا سوێند بخوات، کە کە هیچ پەیوەندیەکی لەگەڵ چاوان نەبووە پێش ئەوەی لە مێردەکەی یەکەمی ئۆرڤان جیا بێتەوە.
هەروەها ناوبراو داوا دەکات کە عەبدوللەتیف سەلەفی سوێندنی ئەوەش بخوات کە "هیچ ڕۆڵی نەبووە لە تەڵاقی نێوانیان و ئەو دەنگانەی بڵاوکرانەوە هی ئەو نین! و – هیچ هەڕەشەیەکی بە خۆی و یان کەسانیتر نەناردوە بۆ ئۆرڤان و خەڵکیتر"...
لە نووسراوێک بە ناونیشانی "ڕوونکردنەوەی دکتۆر عبداللطیف سەبارەت بە بوهتانەکەی – محمد هەریری –' مەلا عەبدوللەتیفی ڕۆمانسی مەدخەلی سەرەڕای ئەو فەزیحەتە گەورەیەی کە لێی ڕوویداوە، لە جیاتی بێ دەنگ بێت داوای چوار شاهێد لە من دەکات بۆ سەلماندنی داوێن پیسییەکەی!
لە سەرەتادا عەبدوللەتیف دەڵێت: " شایەتی دانی تۆ قەبوڵ نییە چونکە سەرەڕای بێ دینیت کە چوار شاهێد نەهێنیت لەسەر ئەو بوهتانەی کە بۆمن و ئافرەتێکی داوێن پاک کردووتە ئەوە بەبەڵگەی قورئان تۆ درۆزن و فاسقیشیت وشایستەی ئەوەشیت هەشتا جەلدەت لێ بدرێت..."

جارێ هەقت لە شایەدی دان و بەدینی و بێ دینی من نەبیت، لە دادگای سەلەفیەکان لەبەر پاکیان شاهێدی کەس قبوڵ نییە لە خۆیان زیاتر! ئینجا خۆت دەزانی چوار شاهێد هێنان نەک ناکرێت بەڵکو موستەحیلیشە بەپیی قسەی ابن تیمیە خۆی! قوربان

لە [پەیمان گایە] کەشت بام نەمدەتوانی چوار شاهێدت بۆ بێنم، خۆ لە دەوڵەتی ئەفغانستان و تالیبان نین تا هەڵکوتینە سەر ژوورەکەت بە سەد شاهێدەوە؟! من ئەگەر بزانم لەناو ژوورەکەش چی دەکەن ڕێگا بە خۆم نادەم هەڵکوتمە سەر ژوورەکەت.

ئینجا مامۆستا عادز مەبە ئەو چوار شاهێد هێنانە بە سەحابەش قووت نەدراوە بە باشی، ڕەتی حوکمەکەیان کردۆتەوە بە جەندین بیانووی وەک غیرەت قبوڵ نەکردن و هەتا حەزرەتی عومەر پشتگیری لە کوشتنی ژن و پیاوە زیناکەرەکەش کردوە بەبێ چوار شاهێدیش وەک لە خوارەوە ڕوونم کردۆتەوە:

قال سعد بن عبادة: يا رسول الله، لو وجدت مع أهلي رجلا لم أمسه حتى آتي بأربعة شهداء؟ قال رسول الله - صلى الله عليه وسلم -: ((نعم))، قال: كلا والذي بعثك بالحق، إن كنت لأعاجله بالسيف قبل ذلك، قال رسول الله - صلى الله عليه وسلم -: ((اسمعوا إلى ما يقول سيدكم؛ إنه لغيور، وأنا أغير منه، والله أغير مني))؛ متفق عليه

سەعدی کوری عیبادە بە نکولیکردنەوە دەپرسێت لە پیغەمبەر [د.خ] ئەی پیغەمبەر، یانی ئەگەر ژنەکەم لەگەڵ پیاوێک بوو، دەستی لێ نەدەم و لێیان گەڕێم تا دەچم چوار شاهێد دەهێنم؟! گووتی: بەڵێ، گووتی: نەخێر سوێند بەوەی بە هەق ڕەوانەی کردوویت بە شمشێر بەخێرایی دەیکوژم بەرلەوە، پێغەمبەر [د.خ] گووتی: [گوێبگرن گەورەکەتان دەڵێ چی، ئەو بە غیرەتە، منیش لەو بەغیرەتترم، خواش لە منیش بەغیرەتترە.!]

یانی سەعد وەڵامی پیغەمبەریشی داوەتەوە، پێغەمبەر لێشی قبول کردوە و تەکفیریشی نەکردوە، هەر بۆیە ئەگەر پیاوێک بزانیت ژنەکەی زینای کردوە بەسەری دابێت و ژنەکەی بکوژێت، بەپێی ڕای حەزرەتی عومەر و بەشێکی زۆریش لە سەحابە ناکوژرێتەوە!

"حتى جعلها بعض العلماء مسألة نزاع بين الصحابة، وقال: مذهب عمر - رضي الله عنه - أنه لا يقتل به، ومذهب علي :أنه يقتل به، والذي غره ما رواه سعيد بن منصور في سننه: أن عمر بن الخطاب -رضي الله عنه - بينا هو يوما يتغدى، إذ جاءه رجل يعدو وفي يده سيف ملطخ بدم، ووراءه قوم يعدون، فجاء حتى جلس مع عمر، فجاء الآخرون فقالوا: يا أمير المؤمنين، إن هذا قتل صاحبنا، فقال له عمر - رضي الله عنه - : ما تقول؟ فقال له: يا أمير المؤمنين، إني ضربت بين فخذي امرأتي، فإن كان بينهما

أحد فقد قتلته، فقال عمر: ما تقولون؟ فقالوا: يا أمير المؤمنين إنه ضرب بالسيف فوقع في وسط الرجل وفخذي المرأة، فأخذ عمر – رضي الله عنه – سيفه فهزه، ثم دفعه إليه، وقال: إن عادوا، فعد، فهذا ما نقل عن عمر – رضي الله عنه."

ئینجا چوار شاهێدی هێنان هێندە قورسە، تا ئەو ڕادەیەی ابن تیمیه دەلیت بەدرێژایی تەمەنی ئیسلام نەهاتۆتە دی، زینا بسەلمێندرێت لە ڕێگای چوار شایەدەوە! یانی موستەحیلە!

شێخ ئیبن عوسمێنی، کە گوومانم نییە سەرچاوەیەکی سەرەکی بیری تۆیە دەڵێت:" ولهذا قال الشيخ ابن عثيمين رحمه الله : " قال شيخ الإسلام ابن تيمية رحمه الله : ولم يثبت الزنا بطريق الشهادة من فجر الإسلام إلى وقته، وإنما ثبت بطريق الإقرار ؛ لأن الشهادة صعبة، ..." انتهى من "الشرح الممتع" (257/14)

شێخی ئیسلام ابن تيمية دەڵێت: زینا قەت بە ڕێگای شاهێد نەسەلمێندراوە لە یەکەم ڕۆژی ئیسلامدا تا ئەمڕۆ، بەڵکو لە ڕێگای دان پێداهێنان سەلمێندراوە، چونکە شاهێدی دان بۆ ئەو حالەتە قورسە!

هەرچەندە من باسی زینا و شتی وام نەکردوە، ئەوە خۆتی باسی دەکەیت، بەڵام باش دەزانیت مەگەر لە فلمی ڕووت مەرجەکانی ئەو شایەدیە بێتە دی.

ئینجا ئەو شاهێدیەش باسی پیاو دەکات کە گومانی بکەوێتە ژنەکەی، خۆ تۆ گومانت لەکەس نیە، بەڵکو گومانت لەسەرە!

وەرە لە جیاتی بە من بڵێیت: "شایەتی دانی تۆ قەبوڵ نییە چونکە سەرەڕای بێ دینیت کە چوار شاهێد نەهێنیت لەسەر ئەو بوهتانەی کە بۆمن و ئافرەتێکی داوێن پاک کردووتە ئەوە بەبەڵگەی قورئان تۆ درۆزن و فاسقیشیت وشایستەی ئەوەشیت هەشتا جەلدەت لێ بدرێت وە گشت ئەوانەش کە رەواج بەم بوهتانەی تۆ ئەدەن و بونەتە جسرێک بۆ گەیاندن و پەڕاندنەوەی درۆو تۆمەت و بوهتان بۆ کەسانی تر."

وەرە سوێند بخۆ کە ئەو کارانەت نەکردوە کە باسم کردن!

*میللەت*

# ڕونکردنەوەیەک لەبارەی پەیوەندی

# ناشەرعی عەبدوللەتیف سەلەفیەوە

خوێنەر و میوانانی ئازیزی دوڕیان، ماوەی چەند ڕۆژێکە، بەر لە هەر کەناڵێکی ڕاگەیاندن، بەڵگە و دۆکیومێنت و چەندین زانیاری گەیشتووە بەدەستمان لەبارەی پەیوەندییەکی ناشەرعی "فەزیحە"ی یەکێک لە ئیسلامیە ناسراوەکانی سەلەفیەکانی کوردستان کە ئەویش "د.عەبدوللەتیف ئەحمەد" ناسراو بە عەبدوللەتیف سەلەفی ڕێبەری سەلەفیەکانی کوردستانە.

سەرەڕای ئەوەی ئێمە تاکو بنبەست، لەڕووی ئایدۆلۆژیەوە پێچەوانەی عەبدوللەتیف و هاوبیرەکانیانین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕێگەمان بەخۆمان نەدا لەڕووی ئەخلاقیاتی ڕۆژنامەنوسیەوە بابەتێکی ئاوها هەستیار و کۆمەلایەتی، لەبەر سەبقی خەبەری و لایەنی "ورووژێرنەر"ی بابەتەکە بەهەڵەداوان بڵاو بکەینەوە و بیکەینە مانشێتی سەرەکی و لایەنی کۆمەلایەتی ئەو کەسە ئیسلامیە و بەرامبەرەکەی بشکێنین، هەرچەندە ڕووداوەکە بە بەڵگە و دۆکیۆمێنت و شاهید و دەنگ و ڕەنگەوە لەبەردەستماندایە، بەڵام پاش ئەوەی بینیمان ئەو سکاندالە دزەی کردووە و لە ڕاگەیاندنەکانەوە وردە وردە دەوروژێنرێت، ئێمەش ئەوکات وەک هەر بابەتێکی تری ڕۆژنامەنوسی و وەک ئەرکێکی سەرشانمان دەبێت ڕوماڵی بکەین، ئەویش بە پشتبەستن بە ئەو سەرچاوانەی لە بەردەستماندان و بەپێی بنەماکانی کاری ڕۆژنامەنوسی کاری لەسەر دەکەین.

عەبدوللەتیف سەلەفی، کە وەک دەمڕاست و ڕێبەری ڕەوتی سەلەفیەکانی کوردستان ناسراوە، هەمیشە لە وتارەکانیدا باس لە دورکەوتنەوە دەکات لەزۆرینەی خۆشی و چێژەکانی ژیان، کردارەکان، تەکنۆلۆژیا، میوزیک و وێنە و زۆر شتی تر، تەنانەت دەڵێت: ئێمە "سەلەفیەکان" تەنها کار بە قورئان و سوننەت دەکەین، داوای گەڕاندنەوەی ژیان دەکەین بۆ دەیان سەدە لەمەوبەر و بۆ سەردەمی پێغەمبەر و سەحابەکان.

هەر ئەو عەبدوللەتیف سەلەفیە، لە چەندین وتاردا نەک پەیوەندی ناشەرعی و کاری نابەجێ لەگەڵ ژنێک کە مێردیی هەبێت، بەڵکو "خۆشەویستی" بەمانا جوانەکەشی بە حەرام وەسف دەکات و دەڵێت: بەهەموو شێوەیەک نابێت پیاوی موسڵمان، ئەهلی سوننە و جەماعە "کچێکی خۆش بوێت"! تەنها مەگەر حەلاڵی خۆی بێت و لەشەرعدا هاوسەری بێت!

## ئینجا لەبارەی ئەو ڕووداوەی یەک دوو ڕۆژێکە بووەتە جێگەی باس:

لێرەدا بە کورتی چەند سەرەداوێک بڵاو دەکەینەوە، پاشان دواترو لەڕۆژانی داهاتوودا ڕاپۆرتی دوورو درێژ و پڕ لە سەرچاوە دەخەینەڕوو.

بەپێی زانیاریەکانی دوڕیان، لەو پەیمانگایەی د. عەبدوللەتیف وانەی لێ دەڵێتەوە لە شاری سلێمانی، ئەو هەواڵە بڵاوبۆتەوە کە ناوبراو پەیوەندی ناشەرعی لەگەڵ ژنە خوێندکارێکی خۆی دروستکردووە، ئەمەش لەکاتێکدایە کە ئەو خوێندکارە هاوسەری کەسێکی ترە"!، ئەگەر ئەم تاوانە بەسەریدا ساغ بێتەوە، بە پێی ئەو حوکمی شەرعەی عەبدوللەتیف بانگەشەی بۆ دەکات و داوای جێبەجێکردنی دەکات، دەبێت سزاکەی چی بێ!!

لەپاش بڵاوبونەوەی ئەو هەواڵە بە چەند سەعاتێک، چەندین سەرچاوە لەناو پەیمانگاکەوە پەیوەندییان بە "دوڕیان"ەوە کرد، بەپێی سەرچاوەکان، خوێندکارەکە لە قۆناغی دووی شەریعەیە کە "ناو و ناونیشان و زانیاری تەواوی لای دوڕیان پارێزراوە"، لەکاتێکدا د.عەبدوللەتیف مامۆستای بووە و وانەی پێوتۆتەوە، دواتر جۆرێک لە پەیوەندی دروستبووە.

بەپێی سەرچاوەکانی دوڕیان، هەوڵدراوە کێشەکە لەڕێگەی سوڵحی عەشایەریەوە چارەسەر بکرێت لەنێوان هەردوو بنەماڵەکەدا، بەپێی ئەو سەرچاوانە بۆ داپۆشین و چارەسەرکردنی ئەو کێشە کۆمەلایەتیە، وەک ڕێگایەکی شەرعی باس لەوە کراوە خوێندکارەکە لە عەبدوللەتیف سەلەفی مارەبکرێت، بەلام تاکو ئێستا ئەو ژنە

هاوسەری هەیە و ڕێوڕەسمی جیابونەوەکەی تەواو نەبووە، زۆرینەی ئەو دانیشتن و پێکهاتنەش بە تۆماری دەنگی هەیە.

دورِیان، زانیاری ئەوەشی لایە کە لەپاش بڵاوبوونەوەی ئەو فەزیحە ئەخلاقیە، لە پەیمانگای زانستە ئیسلامیەکان، لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە لەسەر "د.عەبدوللەتیف ئەحمەد سەلەفی" پێکهێنراوە و ناو و زانیاری تەواو لەسەر لیژنەکە و چۆنێتی بەڕێوەچوونی کارەکانی ئەو لیژنەیە لەلای "دورِیان "پارێزراوە.

سەرچاوەکانی دورِیان، جگە لە تۆمارەکان، لە کەسانی نزیکی خوێندکارەکە و مامۆستایان و خوێندکارانی ناو پەیمانگاکە پێکدێت، بەڵام لەبەر چەند هۆکارێک ناوەکانیان بڵاوناکرێتەوە و لای ئێمە پارێزراوە.

# بەشێکی تری زانیاریەکان

## لەبارەی پەیوەندیە ناشەرعیەکەی عەبدوللەتیف سەلەفیەوە

کەسایەتی ناسراوی سەلەفیەکانی کوردستان، (د.عەبدوللەتیف ئەحمەد سەلەفی) کە لە پەیمانگای زانستە ئیسلامیەکانی سلێمانی وانە دەڵێتەوە، لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا تۆمەتی "فەضیحەیەکی ئەخلاقی" ڕوبەڕووی کرایەوە و تائێستاش ناوبراو هیچ ڕوونکردنەوەیەکی نەداوە.

ئەو ئابڕوچوونەش بریتیە لە "ئاشکرابوونی پەیوەندییەکی ناشەرعی ئەو کەسایەتییە ئیسلامیە سەلەفیە لەگەڵ ژنێک کە تائێستاش لەڕووی یاساییەوە خاوەنی هاوسەرە!"

بەپێی ئەو زانیاری و بەڵگانەی دەست "دوڕیان" کەوتوون، کە ناوبەناو بەشێکیان لێ دەخاتەڕوو، هەندێک لە برگە و لێدوانی فەضیحەکەی عەبدوللەتیف بە بەڵگەی ڤیدیۆیی تۆمارکراوە.

تۆمارەکان ئەوە دەخەنەڕوو کە ئەو کەسایەتییە سەلەفیە بەهەموو شێوەیەک لە هەوڵی پەردەپۆشکردنی ئابڕوچونەکەیدایە و بەچەند ڕێگەیەک دەیەوێت بیشارێتەوە، لەوانە:

١- دەیەوێت لەڕێگەی ئیستیغلال کردنی سەروەت و سامانەکەیەوە ماڵی ئافرەتەکە قایل بکات کە دۆسیەکە پەردەپۆش بکەن و کۆتایی بە هەموو شتێک بێت، بۆ ئەم مەبەستەش دێت و دەڵێت: "خاوەنی 20 دوکانم، دەتوانم هەمووی بکەمە ناوی (کانی) لەبەرامبەر چارەکردنی ئەو کێشەیە".

"ئەم وتانە لە سەروبەندی سوڵحی عەشایەری خستویەتیەڕوو"

٢- دێت و داوا لە مامۆستایانی پەیمانگاکە دەکات بابەتەکەی بۆ پەردەپۆش بکەن، لەبەرامبەردا ئەویش (کانی) مارە دەکات.

"ئەم وتانەی لە پەیوەندییە تەلەفۆنیەکاندا خستۆتەڕوو"

٣- تەزویرکردنی گرێبەستێکی هاوسەرگیری بە ئیمزای (کانی) و هەروەها بڵاوکردنەوەی دەستنوسێک هەر بەناوی ئەو، گوایە هیچ کێشەیەکیان نیە!

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست "دوڕیان" کەوتوون، عەبدوللەتیف سەلەفی کە خاوەنی دوو ژنە و یەکێکیان لەدایکبووی 1995ە، مامۆستای سەرپەرشتیاری (بحث ( توێژینەوەی (کانی) بووە...

بەپێی سەرچاوەکانمان، سەرەتای دروستبوونی پەیوەندی لەنێوان (کانی) و (عەبدوللەتیف) دەگەڕێتەوە بۆ دروستبوونی گفتوگۆ لەنێوان ئەو دووانەدا لەسەر ژیانی تایبەتی و پاشان بوونی کێشەی خێزانی لەنێوان کانی و هاوسەرەکەیدا، کاتێک دێت ئەم کێشەیە بۆ مامۆستای سەرپەرشتیاری توێژینەوەکەی (عەبدوللەتیف) باس دەکات، ئەویش ئیستیغلالی بارودۆخی نالەباری نێوان )کانی و سەردار) دەکات و بەم شێوەیە پەیوەندییەک لەنێوان ئەو ژنە خوێندکارە و مامۆستاکەیدا دروست دەبێت.

سەرەتای دروستبونی کێشە و درکاندنی پەیوەندییەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی : پاش ماوەیەک (کانی) دەگاتە ئەو بڕوایەی د.عەبدوللەتیف سەلەفی مامۆستای لەپەیوەندییە نهێنیەکەیاندا ڕاستی لەگەڵ ناکات و نیازی پاک نیە، بۆیە دەچێتە لای مامۆستایەک بەناوی (مستەفا) و پێی ڕادەگەیەنێت کە پێویستە مامۆستای سەرپەرشتیاری بەحسەکەی بگۆڕدرێت.

ئەوەش زانراوە کە زۆرینەی خوێندکارانی ئەو پەیمانگایە ئاگاداری ئەو ڕووداو و کێشە و بەسەرهاتانەن و هەندێکیان لەنزیکەوە لەکێشەکان ئاگادارن.

بەردەوام دەبین...

تێبینی: سەرجەم ئەو ناوانەی لەناو ڕاپۆرتەکەدا هاتوون، خوازراون، جگە لەناوی د.عەبدوللەتیف ئەحمەد سەلەفی.

## هەرەشەکان ئاشکرا بوون

ئۆرڤان ئاراس، هاوسەری پێشوی چاوان سۆران خەسرەو، ئاشکرایدەکات کەهەرەشەی کوشتن لەخۆیو خێزانەکەی دەکرێت ئەگەر بێتو باسی پەیوەندی نێوان چاوانو د. عەبدول لەتیف سەلەفی بکات، دانبەوەشدا دەنێت کە ئەو لەگەڵ هاوسەری پێشوی "زۆر" دڵخۆشبوەو هیچ کێشەکیان نەبووە.

بۆیەکەمجار لەدوای ئاشکرابونی پەیوەندی نێوان چاوانو رابەری سەلەفییەکانی کوردستان، ئۆرڤان ئاراس هاوسەری پێشوی چاوان، لەرێی ماڵپەڕی خەندانەوە قسە بۆ میدیا دەکاتو تیشکدەخاتەسەر سەرەتای ناسینی چاوانو چۆنیەتی هاوسەرگیریو ژیانیان لەو سێ ساڵەی کە پێکەوە بوون، دەشڵێت "زۆر یەکتریان خۆشویستوە".

ناوەڕاستی مانگی رابردوو پرسی پەیوەندی نێوان عەبدولەتیف ئەحمەدو ژنە خوێندکارێکی لەتۆرە کۆمەڵایەتیەکان وەکو دەنگۆ بڵاوبوەوە، دوای چەند رۆژێک ژمارەیەک بەڵگەی دەنگی لەسەر ئەو پەیوەندیە بڵاوکرانەوە، بەڵام عەبدولەتیف لەڕونکردنەوەیەکدا بونی پەیوەندی لەگەڵ ئەو خوێندکارەدا رەتکردەوەو وتی ئەوانە بۆ لێدانە لەئیسلام.

سەرەتای ئەم هەفتەیە بۆ یەکەمجار مامی ئەو کچە پەردەی لەسەر هاوسەرگیریی چاوانی برازاییو عەبدول لەتیف هەڵماڵی، لەو رۆژەشەوە بۆتە باسێکی گەرمی میدیاکان، لەماوەی دوو رۆژی رابردوشدا چەندین وێنەی هەردوکیان کە پێکەوەبون لەتۆرە کۆمەڵایەتیەکان بڵاوکرانەوە.

فەیسبوک ئۆرڤانو چاوانی بەیەکتر ناساند سەرەتای ئاشنابونی ئۆرڤانو چاوان بەیەکتر، دەگەڕێتەوە بۆ یەکترناسینیان لەڕێی تۆڕی کۆمەلایەتی فەیسبوکەوە، لەسەرەتای سالی 2013. ئەوکات چاوان 19 سال دەبێتو ئۆرڤانیش 22 سال.

دوای ماوەیەک قسەکردن لەو تۆڕە، هەردولا ژمارەی مۆبایلەکانیان دەگۆڕنەوەو لێرەشەوە پەیوەندییەکانیان قۆناغێک دەچێتە پێشەوە، بەپێی گێڕانەوەکانی ئۆرڤان بۆ خەندان.

ئۆرڤانو چاوان لەڕێی تەلەفونەوە بەردەوامو بەتایبەت شەوان قسە لەگەل یەکتر دەکەن، ئۆرڤان دەلێت "هەموو شەوێک تا بەیانی بەمۆبایل بەیەکەوە قسەمان دەکرد، جاری واهەبوو نزیکەی سەعاتێک بەگریانەوە قسەمان لەگەل یەکتر دەکرد"، وەک ئاماژەیەک بۆ بەتینی خۆشەویستییەکەیان، زیاتر وتی "ئێمە زۆر یەکترمان خۆشدەویستو هەموو وشەکانمان خۆ فیداکردن بوو بۆ یەکتری".

درێژەکێشانی ئەو قسەکردنەیان لەڕێی تەلەفونەوە، وادەکات دایکی چاوان هەست بەپەیوەندیی کچەکەی بکات، لێرەشەوە ئەو پەیوەندییە تەنها لەنێوان ئەو دوو خۆشەویستە بەنهێنی نامێنێتەوە.

ئۆرڤان وتی "شەوێک دایکی چاوان بەپەیوەندی نێوان ئێمەی زانیو قسەی لەگەل کردم".
بەوتەی ئۆرڤان، دایکی چاوان داوای لێکردوە بچێتە داوای کچەکەی، "منیش لەپاش ئەوە بەباوکو دایکی خۆمم وتو ئەوانیش رازی بونو چوینە خوازبێنیکردنی چاوان".

لە6ی حوزەیرانی 2013، ئۆرڤانو چاوان ئەلقەی هاوسەرگیری دەگۆڕنەوەو لەمانگی 9ی هەمان سالدا زەماوەند دەکەن. ئۆرڤان ئاراس دەلێت بەرلەوەی مارەی چاوان ببڕێت بەچوار مانگ، پەیوەندیەکی بەهێزی خۆشەویستی لەنێوانیاندا هەبوە.

خۆشەویستی ئەو دووانە ئیتر سنوری قسەکردن بەمۆبایل کۆتایی پێدەهێنێتو پێکەوە لەماڵێکدا دەژین. ئۆرڤان بەخەندانی وت "منو چاوان بەخۆشەویستی هاوسەرگیریمان کرد، چوار مانگ خۆشەویستی یەک بووین، لەو ماوەیەدا تەنها یەکجار لەدوورەوە یەکترمان بینی".

ئۆرڤان ئاراس لەدایکبوی ساڵی 1991ەو پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی تەواو کردووە. باوکی ئۆرڤان لەکیمیابارانی هەڵەبجەدا 24 کەسی خێزانەکەی لەدەستداوە لەنێویاندا دایکو باوکی، کە بەدەستی خۆی دایکو باوکو چەند براو خوشکێکی ناشتوە.

چاوان سۆران خەسرەو لەدایکبوی ساڵی 1994ەولەخێزانێکی شیوعی لەدایک بووە. ئەم وێنەیە لەلایەن بەرهەم حسێن، ناسراو بە عەزیزی مۆم بۆ خەندان نێردراوە.

# ژیانی هاوسەرییان

بەوتەی گێڕانەوەکانی هاوسەری پێشوی چاوان بێت، ئەو دوو خۆشەویستە کاتێک هاوسەرگیریشیان کردوە بەختەوەر بون‌و "ڕۆژ بەڕۆژ" خۆشەویستیەکەیان زیادی کردوە.

"لەسەرەتای ژیانماندا ئێمە بەیەکەوە بەختەوەر بوون‌و رۆژ بەڕۆژ خۆشەویستیەکەمان زیادی کردووە"، ئۆرڤان دەڵێت کە لەڕووی ئابووریشەوە هیچ کێشەیەکیان نەبووە، بەڵام دانبەوەدا دەنێت هەندێک کێشەی بچوکییان هەبووە وەک هەر ژن‌و مێردێکی تر.

دایک‌و باوکی ئۆرڤان، کرێی خانویان بۆ داوە، لەگەڵ پێدانی خەرجیەکانی ماڵەوەیان، خۆیشی مانگانەکەی 800 دۆلار بووەو بەشی بژێوەی ژیانی خۆیی‌و چاوانی کردوە.

کاتێک قسەی بۆ خەندان دەکرد، ئۆرڤان زوو زوو تەئکیدی دەکردەوە "زۆر خۆش دەژییاین".
بەهەندێک لەپاشەکەوتی کرێی مانگانەکەیی‌و یارمەتی دایکی، ئۆرڤان وەک خۆی دەڵێت دەتوانێت ئۆتۆمبێلێکی جۆری هۆندا بۆ چاوان بکڕێت "لەوەشدا دایکم هاوکاری زۆری کردم، هێندە باری دارایم باش بوو مانگی چەند لیرەیەکی ئاڵتونم بۆ چاوان دەکڕی".

## کۆتایی خۆشەویستیو جیابونەوە

دوای نزیکەی سێ ساڵ لەهاوسەرگیری نێوانیان، کەلێن دەکەوێتە نێوان خۆشەویستیەکەیان و ئۆرڤان ئاراسو چاوان سۆران خەسرەو، لەڕۆژی 3ی ئەم مانگە لەداگای سلێمانی کۆتایی بەهاوسەرگیریەکەیان دەهێننو جیادەبنەوە هەر هەمان شەویش، د.عەبدول لەتیف چاوان لەخۆی مارەدەکاتو دەیبات بۆ ماڵی خۆی.

ئۆرڤان بەهیچ شێوەیەک ئامادە نییە قسە لەسەر تێکچونی پەیوەندیەکانیان بکات، وەک خۆی دەڵێت مەترسی لەسەر ژیانی هەیە.

## "قسە بکەیت و نەکەیت هەر دەتکوژین"

ئۆرڤان دەڵێت لەڕێی تەلەفونەوە هەڕەشەی کوشتنی لێدەکرێت لەحاڵەتی درکاندنی چۆنیەتی تێکچونی پەیوەندییەکانی لەگەڵ چاوان، یان باسکردنی پەیوەندی نێوان چاوانو عەبدول لەتیف.

ئەو وتی "ئەوان دەڵێن خۆتو خێزانەکەت دەکوژین"، زیاتر وتی "بۆیە من هیچ قسەیەک لەو بارەیەوە ناکەم، تەنانەت هەندێک جاریش پێم دەڵێن قسە بکەیتو نەشیکەیت هەر دەتکوژین".

ئۆرڤان ئامادە نییە تەنانەت ناوی ئەوانەش بڵاوبێتەوە کەهەڕەشەی لێدەکەن. ئۆرڤان لەبارەی ئەوتۆمارە دەنگیانەی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیەکان بڵاوکراوەتەوە ئامادەنییە قسە بکاتو تەنها دەڵێت "من هیچ شتێکی چاوانم لانەماوەو ماڵی باوکی چاوانیش ئاگادارن".

وتیشی "دوای ئەوەی لەچاوان جیابوومەوە لەبەرچاوی ئاوەڵزاواکەم، ئەلبومی وێنەکانی خۆمانم سوتاند، هەروەها هەموو ئەو رەسم و دەنگ و ڤیدیۆیانەشم رەشکردەوە کەلای من بوو، هەر لەبەر چاوی ئەوان".

## "دایکو باوکی چاوان دایک و باوکی منن"

ئۆرڤان، دەڵێت کاتێک لەگەڵ چاوان هاوسەرگیری کردوە زۆر رێزی دایکو باوکی گرتوەو هیچ کات کێشەی لەگەڵدا نەبون.

ئەو وتی "خەسوو و خەزوورم وەکو دایکو باوکم وابوون، لەگەڵ باوکی خەسرەو وەک دوو هاورێ وابووین، ئێستاش دەستیان ماچ دەکەم و پێڵاوەکانیان دەخەمە سەر سەرم".

ئۆرڤان هیوای ژیانێکی بەختەوەر بۆ چاوان دەخوازێتو دەڵێت کە زۆر ئاسودەیە لەوەی لەگەڵ چاوان جیابووەتەوە. "لای من چاوان رابردووەو هیچ پەیوەندیەکی بەمنەوە نەماوە، وەک ئەوەیە نەمناسیبێت".

# "بیر لەژیانێکی تر دەکاتەوە"

ئۆرڤان ئامادەیە جارێکی تر هاوسەرگیری بکاتو وتی "نایشارمەوە دوای ئەو روداوە کچێک داوای خۆشەویستی لێکردوم، بەلاّم ئێستا بڕیارمنەداوە خۆشەویستی بکەم، بەلاّم رەنگە لەئایندەدا دوبارە ژیانی هاوسەری پێکبهێنمەوە".

لەئێستا لەتۆڕی کۆمەلاّیەتی فەیسبوک جۆرێک لەهاوسۆزی بۆ ئۆرڤان دەردەبڕدرێت، ئەو وتی "سوپاسی هەموو ئەو گەنجانە دەکەم کە لەڕێگەی تۆڕی کۆمەلاّیەتییەوە پشتگیریم دەکەن، ئەوانی وەک خوشکو برای خۆی لەقەلّەمدا".

خەندان یەکەم کەنالّی راگەیاندنە کە ئۆرڤان قسەی بۆ دەکات، "جگە لەم قسانەی ئێستا کەدەیکەم هیچ قسەیەکی دیکەم نەکردووە، تەنانەت فەیسبووکەکەشم داخستووەو ژمارەی مۆبایلەکەشم گۆڕیوە".

خەندان پەیوەندی بە د.عەبدول لەتیف ئەحمەدەوە کرد و ناوبراو بەلّێنیدا کە قسە بۆ خەندان بکات، بەلاّم پاش دوو رۆژ بەبیانووی ئەوەی لە دادگا کێشەی بۆ دروست دەکرێت و چاوانی لێ مارەناکرێت چاوپێکەوتنەکەی هەلّوەشاندەوە.

## نهێنیەکی دیکە لەسەر کەیسەکەی

## عەبدوللـەتیف سەلەفی ئاشکرا دەبێت

خالّی ئۆرڤان ئاراس، هاوسەری پێشووی چاوان خەسرەو، کە ئێستا هاوسەری د. عەبدوللـەتیف ئەحمەد سەلەفییە، چەند نهێنیەکی دیکەی ژیانی ئەو کەسایەتیەی ناو سەلەفییەکانی کوردستان ئاشکرا دەکات و رایدەگەیەنێت، بە نێوانگیری دوو کەس لە وتاردانی مزگەوتی بەهەشت دوورخراوەتەوە, و دەشلّێت :گەر چاوەڕێی هەلێکیت چاوەڕێ مەبە، من بە دوو یاسا هەڵسوکەوت لەگەڵ تۆ دەکەم."

ئاسۆ خالید، خالّی ئۆرڤان ئاراس، هاوسەری پێشووی چاوان خەسرەو، کە ئێستا هاوسەری عەبدوللـەتیف ئەحمەد سەلەفی، کەسایەتی دیاری ناو سەلەفیەکانی کوردستانە لە نوێترین نووسینیدا لە تۆڕی کۆمەلآیەتی فەیسبوک، دەلّێت : بۆ عەبدول لەتیف پیرۆزە لە سایەی نۆکەریت وابۆ سێ مانگە (فەرمانی کارگێڕی/ گەڕانەوە سەرکار) بۆ کرا، وابزانم کوردیەکەت باش نیە بابۆت بکەم بە عەرە بی (الامر الاداری) بۆ ناگەڕێیتەوە مزگەوت بۆ وتاردان من وەک خۆم زۆر موشتاقی گەڕانەوەتم.

دەشلّێت : گەر چاوەڕێی هەلێکیت چاوەڕێ مەبە، من بە دوو یاسا هەڵسوکەوت لەگەڵ تۆ دەکەم."

یەکەم: یاسای ئیسلام (البادئ هو أظلم) پەیمان نامەیەک هەیە کە تۆ نەچیتەوە سەر منبەری ناومزگەوتی بەهەشت، بە نێوەندگیری مامۆستا هەورامان گەچینەیی لە سەر راسپاردەی خۆت و بە ئاگاداری د .یوسف محەمەد سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.

دووەم: بە یاسای یاری (شەترەنج ) بە جولآندنی سەربازێک دوو سە رباز بە رانبەرت.

ڕوونیشی دەکاتەوە ، ئێمە چاوەڕێن بە راستی بەڵگە قێزەونەکانت باری شانی قورس کردوین پێوویستمان بە پشویەکە.

لە کۆتایشدا دەڵێت ، تکایە چاوەڕێی کات مەکە، تەنانت چەند لایەنێکی سیاسیشت سەرقاڵ کردووە بە خۆتەوە ئەوانیش چاوەڕێی بڕیاری تۆن، تا ئەوانیش هەڵوێستی خۆیان وەرگرن، دەزانم یاریەکە بۆ تۆ قورس تربووە، ناتوانیت لە یەک سێ لایەن رازی بکەیت لە لایەکیش بنەماڵەی ئۆرڤانیش، هەمووماں چاوەڕێین چیتر چاوەڕێ مەبە[4].. سنور میدیا

[4] - http://www.snurmedia.com/all-details.aspx?jimare=16588&fb_comment_id=1224204944306943_1224438244283613#f17b030ed0cb302

# بەشی سێیەم

# کلیپە دەنگییەکان

## کۆی تۆمارە دەنگییەکان

### تۆماری دەنگی ١

سوێند بە خالقی ئەرز و ئاسمان، گەورەترین ئاواتی من لەو دونیایە تۆیت جا بزانە..
بۆیە هەرجی قسەیەک بیکەن، منالی هەیە، ژنی هەیە مەشغوڵە، چییە چ نییە، بەلای منەوە هەمووی بخەرە لایەکەوە.
تۆ بە تەنهایت. دڵی من یەعنی تۆ، جا چاک بزانە.
بۆیە پێیان بڵێ خەمی ئەوەتان نەبێ کە پەرۆشن بۆ من وەڵلا چییە، ئاگای لە تۆ نابێ وفریای تۆ ناکەوێ، بڵێ باسی چی دەکەن، بڵێ بەخوا لە دنیادا شتی وا نەبووە! ئەو مەحەبەتەی ئەو پیاوە بۆ منی هەیە، یەعنی بەس نییە ئەمڕۆ سەعاتێک پێش ئێستا من چیم بۆ تۆ نووسی چی؟!
یەعنی شتێکم بۆ تۆ نووسی حەزدەکەی نیشانی دایکتیشی دە. من ئەوە دەکەم. من ئەوە دەکەم کە دەچمە مالی خەزوورەکانم لەبەرم هەڵدەستنەوە و ئیستقبالم دەکەن بە خوا پێڵاوم بۆ دادەنێن، کەچی من دەڵێم پێڵاوی باوکت و دایکت دەخەمە سەر سەرم...کەواتە بزانە تۆ کێیت لەلام هەناسەکەم، ئاوایان پێ بڵێ

### تۆماری دەنگی ٢

گیانی من ڕاست دەکەی هەناسەکەی خۆم، وای کە موشتاقتم وای وای

# تۆماری دەنگی ٣

نازدارەکەی خۆم، زۆر ئیستخارەم کردوە بەخوا وە بیریشم لێ کردۆتەوە..مەسەلەی دەرچوون لە ماڵ من لە گەڵیمە، موافیقتم بەخوا، بەڵام ئەو خوتەیە ئەمڕۆ بێ یا بەیانی بێ، یان دوو هەفتەی تربێ ئێمە دەتوانین بیگرینە بەر ئینشاڵڵا. وآخر الدواء الكي لە مەسەلەیەک دا هاتووە، دەڵێ ئەخیر عیلاج با داخکردن وسووتاندن بێ، بۆیە گیانەکەم با ئەو عیلاجە بخەینە ئەخیر...نەکا باوکت زیاتر بە ڕقا بچێت، ئەو کاتە ئەو ئەمەلەی هەشە نەمێنێت...مەبەستم چییە، ئاوا سێ چوا ڕۆژێکیتر بیری لێ ئەکەینەوە ئینشاڵڵا، ئەمڕۆش بە تایبەتی بیری لێ دەکەمەوە، لەگەڵ ئەو کابرایەش قسە دەکەم ئینشاڵڵا، چونکە حاڵەتی ئاوایان زۆر لابووە زۆر زۆر!

لەبەر ئەوەی قسە وقسەلۆکمان نێتە دوا، وە دووەمیشیان لەبەر ئەوەی باوکت زیاتر بە ڕقا نەچێت، ئەڵێم صەبرێ بگرین وا بکەم ئەو پیاوە خۆی بانگی باوکت کا و قسەی لەگەڵدا بکا...بەس جارێ تۆ هەر لە ماڵی باوکت بیت، بەڵام کە کەوتە ئەمری واقیعەوە، بەڵام لە ٢٠٪ یش دابنێ ئەگەر بانگیشی کات و قسەشی لەگەڵدا بکات کێ دەڵێ ڕازی دەبێت، بۆ چونکە تۆ ڕۆیشتبیت و ئەو کارەت کردبێ!

لەبەر ئەوە دەڵێم ئەو عیلاجە عیلاجە ئینشاڵڵا بەڵام با بیخەینە ئەخیر شت، ئێمە مادام چوونە دەروە لە ماڵ ئەمڕۆ بێ بەیانی بێ، خۆ دایکت هەر دەوام دەکات و باوکت میرە دەباتە دەوام، یانی بۆ چوونە دەر لە ماڵ مەجالمان هەیە، بۆیە دەڵێم پەلەی لێ نەکەین! ها ئەگەر لە بیرت بێ هەناسەکەم من لە سعودیە بووم، تۆ دەتووت زوو وەرەوە و زوو داخوازیم کە. دەمووت گیانەکەم با جارێ پەلە نەکەین...تۆ هەر دەتگووت نەء، دەی لەگەڵ دایکم قسە بکە، دەی لەگەڵ باوکم بانگی کە، پەلەکردن دەترسم عاقیبەتی خراپتر بێت. ئێستاش بەخوا من بێ ئومێد نیم وەڵڵا..

# تۆماری دەنگی ٤

ڕوحی من گیانی من، من دەزانم بەخوا بەبێ یەکتر ناژین هەناسەکەی من... ڕەحمەتی خوات لێ بێ گیانەکەم پەلە مەکە، پەلە مەکە، با لە دەستمان نەچێ هەناسەکەی من...وەڵاهی بێ تۆ ناژیم وەڵلا، وەڵلاهی وابزانە پشتم شکاوە پشت، نازانی حاڵی من چییە گیانەکەم، تۆ دەڵێیی ئەوە نییە دەرس دەڵێیتەوە و وتار دەدەیت! بەس ئەگەر بینیبات وتاری ئەو جومعەیەم چۆن داوە، تێگەیشتی هەر نازانی چۆن، هەر گریان لە قوڕگم دابوو،

# تۆماری دەنگی ٥

هەناسەکەم، وانییە بەخوا وانییە، بەخوا وانییە، بەخوا...تۆ ئەوەندە منت خۆش ویست وازت لە کەسێک هێنا بۆ من، ئێستا من قەرزارت کەمەوە، من سوپاست دەکەم گیانی خۆم دڵی خۆم..شتەکان هەڵمەگێڕەوە و سەروبن لێی حاڵی مەبە، هەناسەکەم

# تۆماری دەنگی ٦

...لەبەر ئەوە خۆشم دەوێیت دڵی منت برد..گیانی خۆم کە تۆش خۆشت نەویستبام لەسەرەتاوە ئاوا، منیش وام لێ نەدەهات گیانی من، بەڵام تەواو تازە بەخوا ئەو دڵەم بۆ کەسی تر ناگەڕێتەوە، کەس...

# تۆماری دەنگی ٧

ئەرێ وەڵلا ...ئەرێ وەڵلا و اصبح فؤاد ام موسی فارغا، ئەمن وام لێهاتووە گیانەکەم، بەس ئەوەی کە زۆر خەفەتی پێ دەخۆم دەزانی چییە گیانەکەم کە تۆ وا نەماویت. زۆر بەوە بێ تاقەتم، زۆر، زۆر، زۆر...بەخوا بەوەیان زۆر پشتم شکا،

# تۆماری دەنگی ٨

چونکە زۆرجار هەیە ژن ومێرد پێکەوە ناگونجێن ئاساییە، ژنە داوا دەکات جیادەبمەوە لێت، ئاساییە جیادەبێتەوە لێی، دنیا کاوڵ نابێ، ژیانی هەردووکیشیان لە خۆشە دەست پێدەکاتەوە، نەک ژیانیان تەدمیر بێ!

ئاساییە ژن ومێردێک بەیەکەوە ناگونجێن، تەفاوهوم دەکەن ولێک جیا دەبنەوە.بەڵام کە دوو کەس یەکتریان خۆشویست وەعدیان بە یەکتر دا، سوێندیان بۆ یەکتر خوارد، تەحەمولی زۆرشتیان کرد لە پێناو یەکتردا، لە ئاخیریشدا یەکێکیان هەڵگەڕێتەوە، بەڵێنەکەی بشکێنێ، و ئەویتر تەدمیر کات، تەدمیر بە مانای کەلیمە، وەڵلاهی بەلای منەوە خیانەتێکی زۆر گەورەیە، زوڵمێکی گەورەیە بەخوا زوڵمە زوڵمە وەڵا، وەڵاهی خوای گەورە قبوڵی ناکا گیانەکەم! حەدیسەکەی پێغەمبەرت لەبیر بێ: لم نری للمتحابین مثل النکاح، دوو کەس یەکتریان خۆش ویست، جا بە تایبەتیش ئەو دەرجە خۆشەویستیەی من و تۆ، فەرموویەتی هیچ عیلاجێ نابینم جگە لە نیکاح...

# تۆماری دەنگی ٩

کچێ ژنی چی هەناسەکەی من، سوێند بە رب العامین کە تۆ داوا بکەیت بڵێی من شوو ناکەم جگە لە تۆ، مەرجی منیش ئەوەیە، کە تا من نەبمە ژنی تۆ نەچیتە لای ژنەکانت ناچم جابزانە، واتە ژنهێنانی چی گیانی خۆم..

# تۆماری دەنگی ١٠

حبیبتی گیان دەترسێم دوێنێ تۆ خۆت گووتت دەتوانی لە دوو هاندیشدا تیلیگڕامت هەبێ بە یەک ڕەقەم، ئەترسم ئەوەی تۆیان وا لێکردبێ وریابە. ئەزانی چۆن بۆ نموونە کەسێک لە مۆبایەلەکەی خۆی بە ڕەقەمی تۆ دەیەوێ تیلیگڕام دابنێ، ئەو کاتە ڕەمزی تێلیگرامەکە بۆ ڕەقەمی مۆبایلی تۆ دەنێرێ یەک دەقە مۆبایەلەکەت لێ وەردەگرێ مەسەلەن، بەستە بێ یا هەر کەسێ بێ مۆبایلەکەت لێ وەردەگرن ئەڵێ سەیرێکی دەکەم تا ڕەمزەکە وەدەگرێ، کە ڕەمزەکەی وەرگرت تەواو داخیلی دەکا، وچی تۆ بۆمنی بنێری ومن بۆ تۆی بنێرم دەچێتە هی ئەویشەوە، بۆیە ئێستا ئەو لاپەڕەیەم بۆ ناردووی دەچیتە شوێنێک هەیە دەڵێ ئەو جیهازانەی کە موتەسیلن بە تیلیگرامەوە، لەوێ هەموو جیهازێک رەفز دەکەیت غەیری موبایلی خۆت نەبێ...

# تۆماری دەنگی ١١

-باوکی چاوان: تۆ سەیری خۆتت کردووە؟ سەیری تەلەبەی خۆتت کردوە؟! سەیری ناو و ناونیشانی خۆتت کردووە؟!
ئەخر گەر سەیرت کردبا وات نەئەکرد!

-عەبدوللەتیف: پاش ورتە ورتێک، وەڵڵاهی من لە غەیری دۆستایەتی وخزمایەتی هیچیترم نەویستووە...

-خزمایەتی وا ناکرێت، تۆ بچیت منداڵێک هەڵخەڵەتێنیت، لە مێردەکەی جیاکەیتەوانێ، لەبەر ئەوەی هاتووە سکاڵایەکی خۆی، سیقەی پێکردوویت وەک پیاوێکی دینی، هاتووە سکاڵای خۆی لای تۆ کردووە کە ڕێگایەکی ڕاستی نیشان دەیت، تۆش چوویت هەڵتخەڵەتاندووە!
-من هەڵمنەخەڵەتاندووە!

-من نالێم تووشی هەڵە نەبووین، منیش وچاوانیش تووشی هەڵەبووین، بەس مانای ئەوە نییە چاوان ئافرەتێکی بەدڕەوشتی خراپە، و منیش پیاوێکی خراپ وچیم! پێم خۆش نییە ئەو نەزرەیە وەرگری کاکە گیان!

## تۆماری دەنگی١٢

هەناسەکەم، وانییە بەخوا وانییە، بەخوا وانییە، بەخوا...تۆ ئەوەندە منت خۆش ویست وازت لە کەسێک هێنا بۆ من، ئێستا من قەرزارت کەمەوە، من سوپاست دەکەم گیانی خۆم دڵی خۆم..شتەکان هەڵمەگێڕەوە و سەروبن لێی حاڵی مەبە، هەناسەکەم

## تۆماری دەنگی١٣

ئەرێوەڵڵا سوێند بەخوا ئەو ڕۆژە وام لێهات، تەلەفۆنەکەم بۆ باوکت کردو و باوکت ئاوها بە ناخۆشی وەڵامی دامەوە، ئەوجارە تەواو مۆبایلەکەیان لێ سەندیتوو زانیم کار لەکار ترازا تەقریبەن، ئەی خوایە چیم بەسەر هات ڕێک کەوتم، کەوتم کە هاتن لە جێگادا بووم بەخوا، بۆیە کە شەویش بۆ ئەو شەو بوو یا سبەی شەو بوو، کە ماڵەکە و باوکت وئاراس وان هاتبوون شتەکانیان هێنایەوە، بەخوا من لە جێگادا بووم گیانەکەم، زۆر حاڵم خراپ بوو زۆر...

## تۆماری دەنگی١٥

گیانی من ڕوحی حەبیبەکەت هەناسەکەی من چاوە جوان... ئەی ئەو چاوەی بۆتە نان و هەناسەم بەخوا، ئەی وەڵڵا سوێند بەخوا بڵێن ڕۆژ وشەوی کامل نان و ئاو مەخۆ، بەڵام چاوە ببینە، دەڵێم باشە بەخوا

# تۆماری دەنگی١٦

وەڵلاهی و اصبح فؤادي انا فارغا من كل شئ الا من ذكر حبيبتي چاوان گیان... تەواو ئەو دڵەی من وەکوو گووتم هیچی تیانەما هیچ هیچ هیچ، ئەو دڵەی من بەس لای تۆیە گیانەکەم، کاتێ کە دەبینم ڕێگاکان قورس دەبن، کە دەبینم ئەڵێن نابێ خەریکە دڵم ئەکەوێت، تەواو دڵم تیا نامێنێ، سینگم بەتاڵ دەبێت...

# تۆماری دەنگی١٧

حەبیبەتی گیان سەوتێکی بۆ ئەنێرم... هەموو ژیانی من، دڵی من و گیانی من، هیچم لەبیر نەماوە هیچ نازانم جگە لە یەک شت نەبێ ئەوەیە کە تۆم زۆر خۆش دەوێ بەخوا! کە تۆ تەواو تەواو دەستت بەسەر ژیانی من داگرت وکامل...ئێستا من بیرم هۆشم، فکرم، خەمم ، خەفەتم بریتییە لە چاوە گیان... چاوە جوانەکە، ئەو چاوەی کە زۆر دڵخۆش بوو ببێتە چاوەی عەبدوللەتیف ئینشاڵڵا! ئەڵڵا....

# ئاماژەکانی ناو تۆمارە دەنگییەکانی عەبدوللەتیف سەلەفی

خوێندکارانی زانستە ئیسلامییەکان کۆمەڵێ تۆماری دەنگیان بڵاوکردەوە، کە عەبدوللەتیف وپیاوانی لەسەرەتادا بە توندی ڕەتیان کردەوە، میدیای دەسەڵاتیش و ساویلکەکانیشی هەڵمەتێکی گەورەیان کرد بۆ گومان خستنە ئەو کلیپە دەنگیانە، وای لێهاتبوو، سەدان نەخوێندەواری سەلەفی ببوونە پسپۆر لە ناسینەوە و ساغکردنەوەی دەنگ! هەتا وایان لێهاتبوو گاڵتەیان بەو کەسانە دەکرد کە دەیانزانی ئەوە دەنگی مەلا لەتیف سەلەفییە! لەولاوەش هەڵکەوت زاهیر و هەردی سەلاح وکەسانیتریشی سەر بە دەسەڵات و گەندەڵیان هاندا نکوڵی لە دەنگەکان بکەن، ئەوانیش جێبەجێیان کرد وەک چۆن داوایان لێکرا! دوایی هێدی هێدی بڕوبیانوویان بۆی دەدۆزیەوە، هێندەی نەبرد خۆیان دۆست ولایەنگرانیان ئیحراج کرد و دانیان بە تەواوی دەنگەکان هێنا، بەڵام لەگەڵ تەئکید کردنەوەی لەتیف کە ئێستا سەردەمی تەکنۆلۆژیایە دەتوانرێ سەدان بەڵگەی وا دروست بکرێت ودەسکاری بکرێت!

دوایی شەهابی دەستە ڕاستی لەتیف سەلەفی،لەبەرنامەکەی ڕووداو گووتی ئەو دەنگانە هی پاش مارەییە! کاک سەربەستی مامی چاوانیش لایەنێکی تری ئەو پەیوەندییەی ئاشکرا کرد کە لە پێش تەلاقی چاوان بووە!
مەلا لەتیف سەلەفیش لە ڕووداو گووتی ئەوەی ڕوویداوە ئاسایی بووە، پاش مارەیی بووە یان بەرلەمارەیی بووە بە نیەتی زەواج! بەڵام تۆمارە دەنگییەکان زۆر لەو درۆیانەیانی هەڵدەوەشاندەوە.

## یەکەم: ڕۆمانسیەتی حەڕام و ڕۆمانسیەتی حەڵاڵ

تۆمارە دەنگییەکان لە بەرزترین ئاستی ڕۆمانسیەت گووتراوە، بەڕادەیەک مرۆڤ سەیری پێ دێ کەسێک لە وتارەکانی حەڕامی هەموو جۆرە قسەکردن وپەیوەندییەک لە نێوان کچ وکور بکات، کەچی خۆی سۆز و هەستی وا ئاگری لێ هەڵسێت! " سوێند بە خالقی ئەرز و ئاسمان
گەورەترین ئاواتی من لەو دونیایە تۆیت جا بزانە.." " تۆ بە تەنهایت. دڵی من یەعنی تۆ، جا چاک بزانە."
" ڕوحی من گیانی من، من دەزانم بەخوا بەبێ یەکتر ناژین هەناسەکەی من... ڕەحمەتی خوات لێ بێ گیانەکەم پەلە مەکە، پەلە مەکە، با لە دەستمان نەچێ هەناسەکەی من...وەڵاهی بێ تۆ ناژیم وەڵلا، وەڵلاهی وابزانە پشتم شکاوە پشت، نازانی حاڵی من چییە گیانەکەم، تۆ دەڵێیی ئەوە نییە دەرس دەڵێیتەوە و وتار دەدەیت! بەس ئەگەر بینیبات وتاری ئەو جومعەیەم چۆن داوە، تێگەیشتی هەر نازانی چۆن، هەر گریان لە قوڕگم دابوو"

## دووەم: پێڵاودانان و خستنە سەر سەر!

ئەوپەڕی خۆ زەلیلکردن و هەتا تێپەڕاندنی ڕیزی خێزانەکانیتری.. " کە دەچمە ماڵی خەزوورەکانم لەبەرم هەڵدەستنەوە و ئیستقبالم دەکەن بە خوا پێڵاوم بۆ دادەنێن...کەچی من دەڵێم پێڵاوی باوکت و دایکت دەخەمە سەر سەرم...کەواتە بزانە تۆ کێیت لەلام هەناسەکەم، ئاوایان پێ بڵێ"

## سێیەم: ڕازی نەبوونی ماڵی ژنەکە و پیلاندانان بۆ ڕەدووکەوتن!

تۆمارە دەنگییەکان دەیسەلمێنن کە دایکی ژنەکە ئاگادار بووە بەو کەین وبەینەی کچی خۆی ولەتیف سەلەفی! هەروەها دەیسەلمێننن کە باوکی چاوان ڕازی نەبووە، بۆیە چاوان و مەلا لەتیف باسی ڕاکردن لە ماڵەوە دەکەن یانی ڕەدووکەوتن بە کوردی!

"نازدارەکەی خۆم، زۆر ئیستخارەم کردوە بەخوا وە بیریشم لێ کردۆتەوە..مەسەلەی دەرچوون لە ماڵ من لە گەڵیمە، موافیقتم بەخوا، بەڵام ئەو خوتەیە ئەمڕۆ بێ یا بەیانی بێ، یان دوو هەفتەی تربێ ئێمە دەتوانین بیگرینە بەر ئینشاڵڵا. وآخر الدواء الكي لە مەسەلەیەک دا هاتووە، دەڵێ ئەخیر عیلاج با داخکردن وسووتاندن بێ، بۆیە گیانەکەم با ئەو عیلاجە بخەینە ئەخیر"

"نەکا باوکت زیاتر بە ڕقا بچێت، ئەو کاتە ئەو ئەمەلەی هەشە نەمێنێت...مەبەستم چییە، ئاوا سێ چوا ڕۆژێکیتر بیری لێ ئەکەینەوە ئینشاڵڵا، ئەمڕۆش بە تایبەتی بیری لێ دەکەمەوە ... وە دووەمیشیان لەبەر ئەوەی باوکت زیاتر بە ڕقا نەچێت، ئەڵێم صەبرێ بگرین"

## چوارەم: فریودانی ئافرەتێکی مێردار!

تۆمارە دەنگییەکان دەیسەلمێنن کە مەلا لەتیف سەلەفی دڵی ئەو ژنەی گۆڕیوە لە مێردەکەی وەک لەسەر زمانی باوکی چاوان ئەو ڕاستیە دەوترێت: " خزمایەتی وا ناکرێت، تۆ بچیت منداڵێک هەڵخەڵەتێنیت، لە مێردەکەی جیاکەیتەوانێ، لەبەر ئەوەی هاتووە سکاڵایەکی خۆی، سیقەی پێکردوویت وەک پیاوێکی دینی، هاتووە سکاڵای خۆی لای تۆ کردووە کە ڕێگایەکی ڕاستی نیشان دەیت، تۆش چوویت هەڵتخەڵەتاندووە!"

هەروەها لەتیف سەلەفیش لە نامەیەکی دەنگیدا دەڵێ" هەناسەکەم....تۆ ئەوەندە منت خۆش ویست وازت لە کەسێک هێنا بۆ من، ئێستا من قەرزارت کەمەوە، من سوپاست دەکەم گیانی خۆم دڵی خۆم..شتەکان هەڵمەگێڕەوە و سەروبن لێی حاڵی مەبە، هەناسەکەم

## پێنجەم: لە جیاتی داوەری، هاندانی ژنی مێردار بۆ جیابوونەوە!

تۆمارە دەنگییەکان دەیسەلمێنن کە ژنەکە دوو دڵ بووە لەوازهێنان لە مێردی ئۆرڤان بۆیە عەبدوللەتیف پێی دەڵێت:

" لەبەر ئەوە خۆشم دەوێیت دڵی منت برد..گیانی خۆم کە تۆش خۆشت نەویستبام لەسەرەتاوە ئاوا، منیش وام لێ نەدەهات گیانی من، بەڵام تەواو تازە بەخوا ئەو دڵەم بۆ کەسی تر ناگەڕێتەوە، کەس"

یان دەڵێ: " ئەرێ وەڵلا ...ئەرێ وەڵلا و اصبح فؤاد ام موسی فارغا، ئەمن وام لێهاتووە گیانەکەم، بەس ئەوەی کە زۆر خەفەتی پێ دەخۆم دەزانی چییە گیانەکەم کە تۆ وا نەماویت. زۆر بەوە بێ تاقەتم، زۆر، زۆر، زۆر...بەخوا بەوەیان زۆر پشتم شکا"

" زۆرجار هەیە ژن ومێرد پێکەوە ناگونجێن ئاساییە، ژنە داوا دەکات جیادەبمەوە لێت، ئاساییە جیادەبێتەوە لێی، دنیا کاوڵ نابێ، ژیانی هەردووکیشیان لە خۆشە

دەست پێدەکاتەوە، نەک ژیانیان تەدمیر بێ! ئاساییە ژن ومێردێک بەیەکەوە ناگونجێن، تەفاوهوم دەکەن ولێک جیا دەبنەوە."

پێی ئاساییە وا بە ئاسانی ژن ومێردێک لێک جیابنەوە بە فریودانی خۆی، کە تەلاق لای ئیسلامیش مەکروهترین حەلالە، وتووندترین هەڕەشە لەو کەسە کراوە کە ژنێک لە مێردی هەڵدەگێڕێنێتەوە، بەلام جیابوونەوەی دوو عاشق بە تاوانێکی گەورە و زوڵم وخیانەت دادەنێت، هەتا حەدیسێکی زەعیفیشی بۆ دەهێنێتەوە بۆ لە خشتەبردنی و دەڵێ: " بەلام کە دوو کەس یەکتریان خۆشویست وەعدیان بە یەکتر دا، سوێندیان بۆ یەکتر خوارد، تەحەمولی زۆرشتیان کرد لە پێناو یەکتردا، لە ئاخیریشدا یەکێکیان هەڵگەڕێتەوە، بەڵێنەکەی بشکێنێ، و ئەویتر تەدمیر کات، تەدمیر بە مانای کەلیمە، وەڵلاهی بەلای منەوە خیانەتێکی زۆر گەورەیە، زوڵمێکی گەورەیە بەخوا زوڵمە زوڵمە زوڵمە وەڵلا، وەلاهی خوای گەورە قبوڵی ناکا گیانەکەم! حەدیسەکەی پێغەمبەرت لەبیر بێ: لم نری للمتحابین مثل النکاح، دوو کەس یەکتریان خۆش ویست، جا بە تایبەتیش ئەو دەرجە خۆشەویستیەی من و تۆ، فەرموویەتی هیچ عیلاجێ نابینم جگە لە نیکاح..."

## شەشەم: ترسانی ئافرەتەکە لە فرەژنی عەبدوللەتیف!

چونکە چاوان دەزانێ دەبێتە ڕەقەم سێ لە ژنەکانی عەبدوللەتیف، دیارە ڕاڕا بووە لە شوپێکردنی، چونکە ئەوەی بتوانێ سێ ژن بهێنێ، موستەحیل نییە بیکاتە چوار، بە تایبەتی فکری سەلەفی هاندەرە بۆ فرەژنی زۆر وبە سونەتێکی پێغەمبەری دەزانن کە ژمارەی ژنەکانی لە سنووری قورئانیش تێپەڕیوە! بۆیە لە تۆمارێکی دەنگیدا دەڵێ: " کچێ ژنی چی هەناسەکەی من، سوێند بە رب العامین کە تۆ داوا بکەیت بڵێی من شوو ناکەم جگە لە تۆ، مەرجی منیش ئەوەیە، کە تا من نەبمە ژنی تۆ نەچیتە لای ژنەکانت ناچم جابزانە، واتە ژنهێنانی چی گیانی خۆم.."

# حەوتەم: زەلیلبوون تاڕادەی خوا لەبیرچوونەوە!

ئەو کەسەی داوای لە گەنجان دەکرد کە واز لە عەشق بێنن لە پێناوخوا تا حەلاوەتی ئیمان چێژن، وا خۆی زەلیل دەکات تا ڕادەی بێ ئیمانبوونی!
لە دوو تۆماری دەنگیدا خۆی بە دایکی حەزرەتی موسا دەچوێنێ کە قورئان بە سەرزەنشتەوە وەسفی دەکات بە کەسێک دڵی هیچی تێدا نەمابوو لە زیکر و وەحی و تەقوا جگە لە ترسی لە چارەنووسی موسا نەبێت! عەبدوللەتیف دەڵێ: " ئەرێ وەڵلا ...ئەرێ وەڵلا و اصبح فؤاد ام موسی فارغا، ئەمن وام لێهاتووە گیانەکەم" لە جاری دووەم زۆر تۆختریشی دەکاتەوە ودەڵێ: " وەڵلاهی و اصبح فؤادي انا فارغا من كل شئ الا من ذكر حبيبتي چاوان گیان...[واتە دڵم خالییە لە هەموو زیکرێکی خوا جگە لە زیکری چاوان گیان نەبێ!

یان دەڵێ لە وتاری مزگەوت هێندە بە خەم بووم گریان لە قوڕگم بوو، دڵەیام خەڵکە ساویلکەکەش وایانزانیوە لەبەر تەقوا وای لێهاتووە: " وەڵلاهی وابزانە پشتم شکاوە پشت، نازانی حاڵی من چییە گیانەکەم، تۆ دەڵێیی ئەوە نییە دەرس دەڵێیتەوە و وتار دەدەیت! بەس ئەگەر بینیبات وتاری ئەو جومعەیەم چۆن داوە، تێگەیشتی هەر نازانی چۆن، هەر گریان لە قوڕگم دابوو"
ئەوانە هەندێ لە ئاماژەکانی ناو تۆمارە دەنگییەکان بوو، ڕەنگە زیاتریش هەڵگرێ!

محەمەد هەریری

# هەڵکەوت زاهیر لەسەر تۆمارە دەنگیەکەی

# عەبدولەتیف دێتە دەنگ

هونەرمەند و ئاوازدانەر هەڵکەوت زاهیر کە شارەزاییەکی زۆر لە هونەری دەنگدا هەیە ئاماژە بەوە دەدات کەئەو تۆمارە دەنگیەی بەناوی د. عەبدوللەتیف ئەحمەد (سەلەفی)بڵاوکراوەتەوە دروستکراوە.

هەڵکەوت زاهیر ڕایگەیاندووە کە بەو پێیەی شارەزاییەکی زۆری لە بواری دەنگدا هەیە، دەتوانێت وەک ئەمانەتێک بۆچونی خۆی لەسەر ئەو تۆمارە دەنگیە ئاشکرابکات کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بڵاوکراوەتەوە، ئەو وتی:

"ئەو تۆمارە دەنگیە هیچ پەیوەندی بە دەنگی ڕاستەقینەی د. عەبدولەتیف نیە، چونکە ڕیتم و ئیقائی وشەکان زۆر جیاوازن لەگەڵ ئەدا و ئیقائی ئەو بەرێزەدا، دروستکردنی شتێکی وەهاش بەهۆی تەکنەلۆژیایی سەردەمەوە کارێکی زۆر ئاسانە"

هەڵکەوت زاهیر ئاماژە بەوەش دەدات کە هیچ هاورێیەتیەکی لەگەڵ د. عەبدوللەتیف ئەحمەد نییەو تەنها لە تەلەفیزیۆنەوە بینیویەتی، بەڵام حەزی کردووە کە ڕاستی ئەم بابەتە ئاشکرا بکات[5].

سنور میدیا

[5] http://www.snurmedia.com/all-details.aspx?jimare=12126

# باوەڕی کوێرانە کاری دەبەنگانە!

باشە ئێوە بەو کلیپە دەنگیە ڕاشکاوە بروا نەکەن، کە دیارە لەناو ژوورەکەی خۆی لە پەیمانگاکە یان مزگەوتەکە بۆی تۆمارکراوە، و بەکاری دەزگا موخابەراتیەکان دەچێت، ئەی بەچی باوەڕ دەکەن؟ باشە ئەگەر هی شێخ لەتیف بەس دەنگ بوو، چونکە بە دزی تۆمار کرابوو وەک کارێکی موخابەراتی، باشە بۆ دۆزینەوەی ئێوە بۆ ئەوانەی دەنگی شێخیان تەزویر کردبوو بۆ بەس بە دەنگ بوو؟! بۆ بەدزی دۆزیوتانەوە؟! بۆ بە ڤیدیۆ نەبوو تا بزانین کین ئەو تاوانبارانە سومعە و شوهرەتی شێخ بەزۆری دەزڕێنن؟!

باشە ئێوە دەزگای پۆلیس و دەست بەسەرگرتنتان پێیە تا وا ڕەفتار بکەن؟!

ئێوە لەبەرگری شێخ دا کاری وا منداڵانی و بێ ڕەوشتانە دەکەن، بە ملیۆنەها جوێن و بوختان بۆ من و خەڵکیتر دەکەن، هەتا خودی پێغەمبەر کە عائیشەی خێزانی ئافرەتیشە تۆمەتبار کرابوو و دەسەڵاتی یەکەمیشی لە دەستبوو لە مەدینە، کارێکی وای نەیکرد؟! بەڵکو تەنها چاوەڕێی روون بوونەوەی بەڵگەکانی دەکرد بە واقیع و بە وەحی! بڵێی عەبدوللەتیف شەڕەف و کەرامەتی لە حەزرەتی عائیشە گەورەتر و گرنگتر بێت؟!

یاخوا کورد قەت نەبێتە دەروێشی هیچ فیکرەیەک، چونکە بەمانای وشە دەبیتە ڕۆبۆتێکی چوارپێ!

محەمەد هەریری

24/4/2016

# پرۆسەی گەمژاندنی لایەنگران و خەڵک بەردەوامە

## لەلای شێخ عەبدللەتیف!

بەداخەوە ئەو شێخ عەبدللەتیفە سوورە لەسەر چەواشەکاری کردن و نکوڵی لە هەموو شتێک دەکات، و دەڵێی نە بای دیتوە و نە بۆران! دەیەوێت بڵێ ئەوەی باس دەکرێت هەمووی دوژمنایەتی دینی خوایە، نەک دژایەتی بێ ڕەوشتێکی خۆ هەڵواسیو بە خوا!

دەیەوێت بڵێ ئەو دەنگانەی بڵاوکراوانەوە هەمووی ساختەیە! هەرچی نەبا ئەو سوێندانەت خواردبا، بە خودا و بەتەڵاقت:

لە گرتەیەکی ڤیدیۆییدا، کە کە هیچ پەیوەندیەکی لەگەڵ چاوان نەبووە پێش ئەوەی لە مێردەکەی یەکەمی ئۆرڤان جیا بێتەوە.

هەروەها عەبدوللەتیف سەلەفی سوێندنی ئەوەش بخوات کە "هیچ ڕۆڵی نەبووە لە تەڵاقی نێوانیان و ئەو دەنگانەی بڵاوکرانەوە هی ئەو نین! و - هیچ هەڕەشەیەکی بە خۆی و یان کەسانیتر نەناردوە بۆ ئۆرڤان و خەڵکیتر..."

تەنها چووە ناو عومومیات و ئەو وتارە چەواشەکارەی کە گەمژەکانی دەمێکە پێی گەمژاندووە!

ئەو پیاوە دەزانێت زیاتر لە ١٠ بەڵگەی دەنگی هێشتا نەبۆتە هۆی باوەڕکردنی کەسانێک لە لایەنگرانی، کەوابوو بڵاوکردنەوەی هەتا فیلمی ئابڕووبەریشی نابێتە هۆی باوەڕکردنیان، چونکە ڤایرۆسی باوەڕی سەلەفی وایە، مانیعی تەفکیرە!

خەتای عەبدللەتیف نییە، خەتای ئەو گەمژانەیە کە دوێنێ لە مزگەوتەکەی پێشوازی فاتیحانەیان لێیکرد، بە باوەش و ماچکردنەوە، وەک بڵێی قودسی ڕزگار کردبێت...

من حەزم نەدەکرد ئەو بابەتە هێندە بکێشێت چونکە حەزناکەم دەرەنجامی نەخوازراوی لێبکەوێتەوە... من گوێم لێبووە لە سەرچاوەی زۆر باوەڕ پێکراودا کە فیلمی ئابڕووبەریشی هەیە! زۆریشم پێ ناخۆشە بڵاوبکرێتەوە، ئێستاش لەگەڵ ئەوەدا نیم بڵاوبکرێتەوە، سەرەڕای درۆکردن و چەواشەکاری عەبدللەتیف... بەڵام

پەیجی خوێندکارانی پەیمانگای زانستە ئیسلامیەکان سوورن لەسەر دانهێنانی عەبدللەتیف دەنا بەڵگە ڤیدیۆیەکانیش بڵاودەکەنەوە.

دیارە ئەو پیاوە سوورە لەسەر ئەو دەرەنجامە، چونکە ئەو ڕوونکردنەوەیە لێواو لێو بوو لە درۆ و نکوڵی کردن، وەک بەیاننامەکەی یەکەمی کە گووتی هیچ پەیوەندیەک لە نێوان من و ئەو ئافرەتە نییە، کەچی دواییش هاوسەرگیری لەگەڵ کرد!

ئەو دەنگانەی کە بڵاوبۆتەوە دەڵێت، ئەگەر قسەیەکیشم کردبێت ئەوە هاوسەری خۆم بووە! کەی هاوسەری بووە؟! دەنگەکان بەلایەنی کەمەوە دوو مانگ پێش ئێستان!

وتارێک سەلکە تورێک ناهێنێت..

محەمەد هەریری

٢٠١٦/٥/١٢

# کاردانەوەی هاوسەرگیرییەکەی عەبدوللەتیف سەلەفی

# لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

رووداو - هەولێر

ماوەی چەند هەفتەیەکە دەنگۆی بوونی پەیوەندییەکی سۆزداری لەنێوان مامۆستا عەبدوللەتیف سەلەفی، کە بە رێبەری سەلەفییەکانی هەرێمی کوردستان دادەندرێت لەگەڵ کچە خوێندکارێکی بەناوی چاوان سۆران، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا زۆرترین قسەی لەسەر کراوە، لەگەڵ بڵاوبوونەوەی هەواڵی هاوسەرگیرییەکەشیان باسەکە زیاتر گەرم بوو.

د.عەبدوللەتیف ئەحمەد ناسراو بە د.عەبدوللەتیف سەلەفی لە باشووری کوردستان بەوە ناسراوە زۆر توونده لە جێبەجێکردنی رێنماییە ئیسلامییەکان و، بە یەکێکیش لەو مەلایانە ناسراوە شوێنکەوتوویێکی زۆری هەیە و خەڵکێکی زۆر ئامۆژگاری لێوەردەگرن، بەڵام بەهۆی بڵاوبوونەوەی چەند تۆمارێکی دەنگی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە کە دەگوترێن دەنگی ئەون ، ئێستا خەڵکی قسەی جیاواز لەسەر نەک مامۆستا عەبدوللەتیف سەلەفی، بەڵکو رێبازەکەشی (سەلەفیەت) دەکەن.

لەکاتێکدا عەبدوللەتیف سەلەفی، جێگری راگری پەیمانگای زانستە ئیسلامییەکانە لە سلێمانی، رەتیدەکاتەوە هیچ جۆرە پەیوەندییەکی "ناشەرعی" لەگەڵ چاوان سۆران-ی خوێندکاریدا هەبووبێت، خەڵکی بە پێچەوانەوە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان قسە دەکەن.

تاوەکو ئێستا لە 11 تۆماری دەنگیدا دەنگی عەبدوللەتیف سەلەفی بڵاوبووەتەوە کە لە 10 تۆمارە دەنگییەکەی سەرەتادا عەبدوللەتیف ئەحمەد لەگەڵ چاوان دەدوێت، لە دوایین تۆماریشدا قسە لەگەڵ مامێکی چاوان دەکات و دەڵێ "کاکە گیان من ناڵێم تووشی هەڵە نەبووین، منیش و چاوانیش تووشی هەڵە بووین، بەڵام ئەمەش مانای ئەوە نییە چاوان ئافرەتێکی بەدڕەوشتی خراپە و منیش پیاوێکی خراپم."

وشەی"موشتاقم و هەناسەکەم" لەدوای بڵاوبوونەوەی تۆمارە دەنگییەکاندا زۆرترین دەنگدانەوەیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا هەبوو و، بوونەتە وشەی سەر زاری خەڵک، بەجۆرێک زۆربەی ئەو گەنجانەی سۆشیاڵ میدیاکان بەکاردەهێنن، ئێستا ئەو دوو وشەیە بە بەردەوامی دەڵێنەوە و پۆستی دەکەن.

بەهۆی ئەوەی مامۆستا عەبدوللەتیف سەلەفی کە بە مامۆستاییێکی توند لە جێبەجێکردنی ڕێنماییە ئیسلامییەکان دەناسرا و، لە زۆر لە گوتارەکانیدا باسی " حەرامبوونی وێنەگرتن"ی کردووە، لەم دواییانەشدا لەگەڵ تۆمارە دەنگییەکان "دوو وێنەی سێڵفی" بڵاوبوونەوە، زۆرترین ڕەخنەی ئاراستە کراوە.

ئێستا چاوان سۆران هاوژینی نوێی مامۆستا عەبدوللەتیفە کە دوو ژنی هەیە و خاوەنی چەند منداڵێکیشە، بۆیە لەکاتیکدا بەپێی یاسا لە هەرێمی کوردستان فرەژنی قەدەخەیە، بەشێکی زۆری خەڵکی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە پرسیاری ئەوە دەکەن "بۆچی ئەو ڕێگەی پێدراوە نەک دوو، بەڵکو سێ ژن بهێنێت؟."

هەروەها بەشێکی دیکەی ئەوانەی کۆمێنتیان لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک نووسیوە، باس لەوە دەکەن بەهۆی ئەم کەیسەوە چیدیکە ڕێبازی سەلەفیەت لە هەرێمی کوردستان وەک پێشتر نامێنێتەوە .

ڕووداو لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی تویتەر ئەم پرسیارەی خستووەتە ڕاپرسی: پێتوایە بە هاوسەرگیرییەکەی مامۆستاعەبدوللەتیف خۆری سەلەفییەت لە کوردستان ئاوادەبێت، ڕاپرسییەکە ماوەی 3 کاژێر کارابوو و 52 کەس دەنگیان دا، زۆربەی ئەو کەسانەی لە ڕاپرسییەکەشدا 56% دەنگیان بە بەڵێ داوە و، لەسەتا -44%یشیان بە نەخێر دەنگیان داوە. لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەکی زۆری خەڵکی داکۆکی لە مامۆستا عەبدوللەتیف سەلەفی دەکەن و، پێیان وایە مافی خۆیەتی بەپێی شەریعەتی ئیسلام ژنی دیکە بهێنێت، و جەختیش دەکەنەوە لەوەی ئەوەی کراوە تەنیا بۆ ناشیرینکردنی ناوی ئەو بووە.

لەلایەن ڕووداو 10/5/2016

# گوێ لە عەبدوللەتیف بگرن
# کە دەڵێت ئەوە دروست کراوە
# یەکەم بەڵگەی دەنگی پەیوەندییەکەی عەبدول لەتیف سەلەفی

دوای ئەوەی هەواڵی ئەوە بڵاوکرایەوە کە لە یەکێک لە پەیمانگا ئایینییەکانی شاری سلێمانی، د. عەبدول لەتیفی سەلەفی، مەلای مزگەوتی بەهەشت و کەسایەتی دیاری سەلەفییەکان، پەیوەندی لەگەڵ خوێندکارێکی دروست دەکات، لەکاتێکدا ئەو خوێندکارە هاوسەری کەسێکی ترە، یەکەمین بەڵگەی ئەو پەیوەندییە بەشێوەی دەنگ لەنێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاوکرایەوە.

بەپێی بەڵگە دەنگییەکە د. عەبدول لەتیف سەلەفی قسەی ڕۆمانسی و هەست بزوین لەگەڵ کەسێک دەکات و خۆشەویستی خۆی بۆ دەردەبڕێت و پێی دەڵێت:گەورەترین ئاواتی ئەم دنیایەی من تۆی.

دەشڵێت: هەرچی قسەیەک بکەین، کە منداڵی هەیە، ژنی هەیە، مەشغوڵە بەلای منەوە هەمووی بخەنە لایەکەوە تۆ بە تەنیای.

دوای بڵاوبونەوەی ئەو دەنگۆیە، محەمەد هەریری توێژەری بواری ئیسلامی، لە ئەکاونتی تایبەتی خۆی لە فەیسبوک، تەواوی ڕوداوکەی گێراوەتەوەو دەڵێت:"شێخ عەبدوللەتیف سەلەفی کە مامۆستایە لە پەیمانگایەکی ئیسلامی دەست لەگەڵ قوتابیەکی ئافرەتی [مێرد دار] یانی متزوجە و محصنە، تێکەڵ دەکات بە بیانووی سەرپەرشتیکردنی لێکۆڵینەوەی بەحسی ساڵی دووەمی، من ناوی ئەو ئافرەتەم لایە بەڵام ناوی دەپارێزم، هەرچۆنێکی بێت مێردی ژنەکە پەیوەندی لەگەڵ ژنەکەی تێکدەچێت وهەر لەو سەرو بەندەش لەگەڵ پیاوەکەی کێشەیان دەکەوێتە بەین، پیاوەکەی دڵی پیس دەبێت لێی. ڕۆژەک ئافرەتەکە کە دەڵێن تا ڕادەیەکی زۆر شۆخ و شەنگ وجوانە، بە عەبدوللەتیف سەلەفی دەڵێ لەگەڵ پیاوەکەم کێشەم هەیە ئەگەر دوو قسەی خێری تێدا بکەی، لەتیفیش ئەو هەلە بە دەرفەت دەزانێ بۆ خێر نا، بەڵکو

پێی دەڵێ جا بۆ وازی لێ ناهێنی بۆخۆم، بە پێی گێڕانەوەی ئافرەتەکە بۆ ئیدارەی پەیمانگا ئیسلامیەکە!!

ئیترئافرەتەکە بەو قسانە دەخەڵەتێنێ و باوەڕ دەکات و خۆی بە تەڵاق دان دەدات، لێرەدا پەیوەندیەکی ناشەرعی و دوور لە قورئان و سوونەت لە نێوانیان درووست دەبێت، ڕۆژانە دوای دەوام عەبدوللەتیف سەلەفی لەگەڵ ئافرەتەکە لە ژورەکەی کۆدەبنەوە، هەڵبەتە شەیتانیش سێیەمیان بووە. ئەوە جگە لەوەی بە تەلەفۆن و فیس بوک فەزائیحی زۆر ئەکات ئەو پیاوەی کە هەتا ڕەسم گرتنیشی پێ گوناهە بە پیی ئەو مامۆستایانەی کە بەڵگەکانیان لایە دەڵێن ڕەسمی وا بێ شەرمانەیان گۆڕیوەتەوە."

لەوبارەیەوە مامۆستایەکی پەیمانگای شەریعە بە رادیۆی نەوای وت: "دەنگۆکان زۆرن، ئەو خوێندکارە لەقۆناغی دووی شەریعەیە، کە مامۆستا عەبدوللەتیف وانەی پێوتۆتەوە، بەڵام دواتر پەیوەندی دروستبووەو ئەو بابەتە دروست بووە."

عەبدول لەتیفی سەلەفی لەپەیجی خۆی لەفەیس بوک وەڵامی محەمەد هەریری دەداتەوە و دەڵێت" شایەتیدانی تۆ قەبوڵ نییە چونکە سەرەڕای بێ دینیت کە چوار شاهێد نەهێنیت لەسەر ئەو بوهتانەی کە بۆمن و ئافرەتێکی داوێن پاک کردووتە –کە سوێند بە الله درۆیەو بوهتانە- ئەوە بەبەڵگەی قورئان تۆ درۆزن و فاسقیشیت وشایستەی ئەوەشیت هەشتا جەلدەت لێ بدرێت."

بەپێی زانیاریەکانی ماڵپەری دووریان، ئەو پەیمانگایەی د. عەبدوللەتیف سەلەفی وانەی لێ دەڵێتەوە لە شاری سلێمانی، پەیوەندی ناشەرعی لەگەڵ ژنە خوێندکارێکی خۆی دروستکردووە، ئەمەش لەکاتێکدایە کە ئەو خوێندکارە هاوسەری کەسێکی ترە.

ماڵپەری دووریان لە بارەی سەرچاوەی زانیاریەکان کە لە بارەی ئەو پەیوەندی ناشەرعیەی عەبدوللەتیف سەلەفی بڵاوی کردۆتەوە ئاماژەیان بۆ ئەوەکردوە کە

" بەڵگە و دۆکیۆمێنت و شاهید و دەنگ و ڕەنگەوە لەبەردەستماندایە "

# لەزاری ئەم هاوڕێیەوە نهێنی نێوان چاوان و عەبدوللەتیف بخوێنەرەوە

کچە هاورێیەکی چاوان سۆران کە خوێندکاری زانستە ئیسلامیەکان و هاوپۆلی یەکترن نهێنی تایبەت بۆ دواڕۆژ ئاشکرا دەکات و باس لەوەدەکات نامە دەنگیەکان چاوان بڵاوی کردنەوە و لەمانگی 11 ساڵی 2015 پەیوەندی خۆشەویستیان هەبووە چاوانیش هەڕەشەی لە دکتۆر عەبدول لەتیف کردوە".

لیزان شێرکۆ عایز هاورێ و هاوپۆلی چاوان سۆران خێزانی دکتۆر عەبدول لەتیفی سەلەفی وردەکاری رووداوەکە بۆ دواڕۆژ ئاشکرا دەکات و دەڵێت "لە ناوەراستی مانگی 11 ساڵی 2015 هەستمان دەکرد چاوان دکتۆر عەبدول لەتیف شتێک هەیە لە نێوانیان چونکە زۆر لەگەڵ یەک بوون زۆریش گرنگی بە چاوان دەدا لە کاتی موحازەرەیا بۆیە خوێندکارەکان گومانمان بۆ دروست بوو، چونکە رۆژی وا هەبوو بە کاتژمێر لە ژورەکەی دکتۆر بوو".

لیزان شێرکۆ، دەشڵێت "لە کۆتایی مانگی 11 رۆژێک چاوان وتی لەگەڵ ئۆرڤان شەڕم کردوە، کێشەمان هەیە لەسەر ئەوەی زۆر دەوام دەکات و کەم یەکتر دەبینین هەردووکمان توشی کێشە بووین، رەنگە نەگونجێین".

لیزان، ئاماژە بەوە دەکات "هاورێیان رێنماییان کرد بۆ ئەوەی بچێتە لای دکتۆر عەبدول لەتیف تا رێگە چارەیەکی بۆ بدۆزێتەوە،چونکە دکتۆریان پێ باش بوو کەچی دکتۆر عەبدول لەتیف پێی وتبوو تۆ مناڵت نیە تەمەنت کەمە لەگەڵ ئەو کورە ناگونجێیت تۆ تەڵاقەکە وەرگرە و منیش مارەت دەکەمەوە، لەوکاتەی ئەوەی خستە مێشکی چاوانەوە گۆرانکاری بەسەر داهات".

ئەو هاورێ نزیکەی چاوان بۆ دواڕۆژی رونکردەوە کە ئەوان پەیوەندیان چۆن بووە دەڵێت "مانگی 12 بەردەوام چاوان و دکتۆر عەبدول لەتیف بەناوی توێژینەوەی زانستی دادەنیشتن و لەژورەکە بە تەنیا بوون چەندین خوێندکار و تەنانەت منیش

پێم وت "دکتۆر ئەوە شەرعی نییە کە بە تەنیا لەگەڵ ژنێک بیت "کەچی بە ئێمەی دەوت من وەک ئێوە نیم گومانی خراپ مەکەن".

لیزان هێما بۆ ئەوە دەکات"لەوکاتە بەدواوە چاوان تا درەنگانێکی زۆر لە پەیمانگا دەمایەوە، پێمان دەوت تۆ بۆ وا درەنگ دەرۆیتەوە ماڵەوە؟ چاوان پێی دەوتین من دەمەوێت یەکەم بم و توێژینەوەکەم باش بێت".

ئیتر بۆمان دەرکەوت کە ئەوان خۆشەویستی یەکترن، چونکە چەندین حاڵەتی شاز و تایبەتمان بەدی دەکرد بۆیە سەیر بوو .! گشت تەلەبەکان دەیانزانی بەڵام کەس نەیدەوێرا باسی بکات".

لیزان باس لە خوێندنەکە دەکات و دەڵێت"دکتۆر عەبدول لەتیف سەلەفی وانەی (الفرق)ی بە ئێمە دەوت لەکاتی وانە وتنەوە چاوان هەستێکی تایبەتی هەبوو بۆ عەبدول لەتیف و ئەویش بە هەمان شێوە".

لیزان ئاماژە بەوەدەدات"چاوان و ئۆرڤان زۆر یەکتریان خۆشدەویست کێ دەڵێت راست نییە با بێتە لام بەڵگەکانی دەخەمە بەردەست".

ئەو هاورێ نزیکەی چاوان رونیدەکاتەوە کە ئەوکاتە پشوی ساڵی نوێی زاینی 2016 هات و گەڕاونەتەوە ئەوکات چاوان وتی جیابومەتەوە لە رێکەوتی 1 کانونی دووەمی 2016، بەڵام ئەو رۆژە پشوی فەرمی سەری ساڵ یوو ئیتر نازانم چۆن بووە".

سەبارەت بە ئاشکرا بوون و بڵاو بونەوەی دەنگ و وێنەکان، لیزان دەڵێت "درۆیە مۆبایلەکەی عەبدول لەتیف هاک نەکراوە و کەسیش سیخوری بەسەرەوە نەکردوە، من لە نزیکەوە ئاگادارم چۆن دەنگەکان بڵاو بونەوە، چاوان زۆر دەترسا ئەگەر بێت و لە ئۆرڤان جیاببێتەوە ببێت بە بێوەژن بۆیە وەک کارتێکی فشار خودی چاوان خۆی بوو ئەو دەنگانەی بڵاو کردەوە، دواتریش وەک بەڵگەیەک ئەگەر بێت و عەبدول لەتیف سەلەفی پەشیمان بوەوە لە زەواجەکەی ئەوا گشتیان بڵاو بکرێنەوە بە ناچاری زەواجی لەگەڵ بکات، بۆیە چاوان ئەو شتانەی دا بە هاورێیەکی ناو مەعهەد و

دەنگەکانیش سەرجەمیان "ڤۆیس میسەیجە" هیچی تەلەفۆن نییە لەریی تیلیگرامیشەوە بوو، چونکە عەبدول لەتیف نەیدەتوانی لەماڵەوە و لەبەر مزگەوت بە تەلەفۆن قسە بکات بۆیە بەس بە "ڤۆیس میسەیج" قسەیان کردوە.

لیزان ئەوە روندەکاتەوە"چاوان زۆر دڵتەنگ بوو بەردەوام جلی رەشی لەبەر دەکرد و دەگریا هەر دەگریا هاوڕێیەکمان بە پێکەنینەوە وتی ئیهمالی بکەن ناگات بە مانگی شەش بۆخۆی شوو دەکات و دەبێتە ژنی سێیەمی دکتۆر عەبدول لەتیف".

لیزان هێما بۆ ئەوە دەکات "دوای گەرانەوەیان بۆ پەیمانگە، خوێندکارەکان چاوانیان ئیهمال کردوە و فیکەشیان بۆ هاوسەرەکەی لێداوە و چەندین قسەشیان پێ وتون بەڵام کاردانەوەیان نەبووە".

دوای کە چووینە موحازەرە ئێمە هاتینە ژورەوە و دکتۆر پێی وتین شتەکە راست نییە کە باستان کردوە درۆیە بۆم دروستکراوە تائێستا چەندین نامەی ناشرینم بۆهاتووە، راستەوخۆش لە هۆڵی خوێندن دکتۆر عەبدول لەتیف لەبەردەمی ئێمە بەچاوانی وت من چۆن تۆم هێنا ؟ چاوانیش وتی"بە رەزامەندی خۆم بوو دکتۆر وتی هەڵمخەڵەتاندی ئەویش وتی"نەخێر".

لەبارەی ئەو نامەیەی بۆ دەزگاکانی راگەیاندن نێردراوە لیزان بۆ یەکەمجار بۆ دوارۆژ ئاشکرای دەکات و دەڵێت" دکتۆر عەبدول لەتیف خۆی نامەکەی نوسیی و ناردی تا خۆی بپارێزێت ئەگەرنا ئێستاش چاوان نازانێ ئەو نامەیە نوسراوە چونکە چاوان ناتوانیت سەیری کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان بکات تەلەبەکانیش ئەوە دەزانن، چونکە ئەو رۆژەی گوایە چاوان نامەکەی نوسیوە چاوان ئاگادار نەبوو".

لیزان شتێکی گرنگ باسدەکات "بۆیەکەم جار دکتۆر عەبدول لەتیف بەسەیارە درعەکەی تا بەردەمی راگرایەتی دەچێت و دادەبەزێت کە چاوانیشی لەگەڵە لە کاتێکدا پێشوتر لەدوری راگرایەتی ئۆتۆمبێلەکەی رادەگرت".

لەبارەی پەشیمان بونەوەی چاوان لیزان قسەی هەیە"چاوان کچێکی زۆر سۆزدارە و بە ئاسانی بڕیار دەدات و پەشیمان دەبێتەوە". لیزان لەبارەی پەیجی پەیمانگەی زانستە ئیسلامیەکان دەڵێت"ژمارەیەکی زۆر دەنگ و وێنەی تایبەتی هەردوکیان لەلای سەرپەرشتیارانی پەیجەکە هەیە، بەڵام ئێستا بڵاوی ناکەنەوە سەرجەمی ئادمینەکانیش خوێندکاری دکتۆر عەبدول لەتیفن". چاوان سۆران دوای جیابونەوەی لە ئۆرڤان لەرێکەوتی 3 ئایاری 2016 هەمان رۆژ هاوسەرگیری لەگەڵ دکتۆر عەبدول لەتیف رابەری سەلەفیەکانی کوردستان ئەنجامدا ئەوەش کاردانەوەی جۆراو جۆری لێکەوتەوە.

تێبینی ناوی لیزان شێرکۆ عایز ناوێکی خوازارە بە هۆی هەستیاری بابەتەکە رازی نەبوو ناوی بنوسرێت، بەڵام تەواوی لێدوانی هاوڕێی هاوسەرە نوێیەکەی عەبدول لەتیف سەلەفی لای دوارۆژ پارێزراوە.

دوارۆژ، هانا چۆمانی:

# عەبدوللەتیف سەلەفی

## دان بە تۆمارە دەنگییەکانی دەنێت[6]

د.عەبدوللەتیف ئەحمەد سەلەفی گوتاربێژی مزگەوتی بەهەشت لە سلێمانی لە تۆمارێکی ڤیدیۆیدا دانی پێدانا کە ئەو دەنگانەی بڵاوکراونەتەوە دەنگی خۆی بووە و بۆ مەبەستی هاوسەرگیری بووە.

شەوی پێنجشەممە 13-5-2016 لەڕێگەی کە ناڵەکەیەوە د.عەبدوللەتیف ئەحمەد سەلەفی باسی لە هاوسەرگیریی خۆی لەگەڵ چاوان کرد و باسی لەو تۆمارە دەنگیانەش کرد کە لەڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوکراوەتەوە و رایگەیاند کە " ئەو دەنگانەی بڵاوکراونەتەوە دەنگی خۆم بووە، ئەگەر قسەمان کردبێت حەڵاڵی یەکدی بووین و گوناح نەبووە و پێش مارەبڕین بۆ مەبەستی هاوسەرگیریی قسەمان کردووە."

لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا دکتۆر عەبدوللەتیف سەلەفی باسی لەوەشکرد کە "ئێمە لەسەر ئەوە هاوسەرگیریمان کردووە و قسەمان لەگەڵ یەکدیکردووە کە ئێمە یەکتریمان بەدڵبووە."

ماوەی چەند رۆژێکە هاوسەرگیری نێوان مامۆستا عەبدوللەتیف سەلەفی، کە بە رێبەری سەلەفییەکانی هەرێمی کوردستان دادەندرێت لەگەڵ کچە خوێندکارێکی بەناوی چاوان سۆران، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا زۆرترین قسە و باسی لەسەرکراوە.

---

[6] - رووداو - هەولێر 12/5/2016 http://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/1205201637

د.عەبدوللەتیف ئەحمەد لە باشووری کوردستان بەوە ناسراوە "زۆر توونده لە جێبەجێکردنی رێنماییە ئیسلامییەکان "و، بە یەکێکیش لەو مەلایانە ناسراوە شوێنکەوتوویێکی زۆری هەیە و خەڵکێکی زۆر ئامۆژگاری لێوەردەگرن، بەڵام بەهۆی بڵاوبوونەوەی چەند تۆمارێکی دەنگی لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکانەوە پەیوەندی ئەو لەگەڵ چاوان ئێستا لەنێو هاونیشتمانیانی هەرێمی کوردستان یەکلاییبووەتەوە. زیاتر لە دوو هەفتەیە پەیوەندیی نێوان قوتابییەکی پەیمانگەی زانستە ئیسلامییەکان لە سلێمانی بە ناوی چاوان سۆران، لەگەڵ د.عەبدوللەتیف ئەحمەد، کە مامۆستایە لە هەمان پەیمانگە، بووەتە رۆژەڤی میدیای کوردی و لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا زۆرترین قسەی لەسەر کراوە. نزیکەی 11 پەیامی دەنگیش لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاوکراونەتەوە. لەلایەن راوچی حەسەن

# نهێنی بڵاوبوونەوەی دەنگەکانی

# عەبدول لەتیف سەلەفی ئاشکرا دەبێت

کچە هاوڕێیەکی چاوان سۆران  کە خوێندکاری زانستە ئیسلامیەکان و هاوپۆلی یەکترن نهێنی تایبەت بۆ دواڕۆژ ئاشکرا دەکات و باس لەوەدەکات نامە دەنگیەکان چاوان بڵاوی کردنەوە و لەمانگی 11 ساڵی  2015پەیوەندی خۆشەویستیان هەبووە چاوانیش هەڕەشەی لە دکتۆر عەبدول لەتیف کردوە."

لیزان شێرکۆ عایز هاورێ و هاوپۆلی چاوان سۆران خێزانی دکتۆر عەبدول لەتیفی سەلەفی وردەکاری ڕووداوەکە بۆ دواڕۆژ ئاشکرا دەکات و دەڵێت "لە ناوەڕاستی مانگی 11 ساڵی  2015 هەستمان دەکرد چاوان دکتۆر عەبدول لەتیف شتێک هەیە لە نێوانیان چونکە زۆر لەگەڵ یەک بوون زۆریش گرنگی بە چاوان دەدا لە کاتی موحازەرەیا بۆیە خوێندکارەکان گومانمان بۆ دروست بوو، چونکە ڕۆژی وا هەبوو بە کاتژمێر لە ژورەکەی دکتۆر بوو."

لیزان شێرکۆ، دەشڵێت "لە کۆتایی مانگی 11 ڕۆژێک چاوان وتی لەگەڵ ئۆرڤان شەڕم کردوە، کێشەمان هەیە لەسەر ئەوەی زۆر دەوام دەکات و کەم یەکتر دەبینین هەردووکمان توشی کێشە بووین، ڕەنگە نەگونجێین."

لیزان، ئاماژە بەوە دەکات "هاورێیان ڕێنماییان کرد بۆ ئەوەی بچێتە لای دکتۆر عەبدول لەتیف تا ڕێگە چارەیەکی بۆ بدۆزێتەوە،چونکە دکتۆریان پێ باش بوو کەچی دکتۆر عەبدول لەتیف پێی وتبوو تۆ مناڵت نیە تەمەنت کەمە لەگەڵ ئەو کورە ناگونجێیت تۆ تەڵاقەکە وەرگرە و منیش مارەت دەکەمەوە، لەوکاتەی ئەوەی خستە مێشکی چاوانەوە گۆرانکاری بەسەر داهات."

ئەو هاورێ نزیکەی چاوان بۆ دواڕۆژی ڕونکردەوە کە ئەوان پەیوەندیان چۆن بووە دەڵێت "مانگی 12 بەردەوام چاوان و دکتۆر عەبدول لەتیف بەناوی توێژینەوەی زانستی دادەنیشتن و لەژورەکە بە تەنیا بوون چەندین خوێندکار و تەنانەت منیش

پێم وت "دکتۆر ئەوە شەرعی نییە کە بە تەنیا لەگەڵ ژنێک بیت "کەچی بە ئێمەی دەوت من وەک ئێوە نیم گومانی خراپ مەکەن."

لیزان هێما بۆ ئەوە دەکات"لەوکاتە بەدواوە چاوان تا درەنگانێکی زۆر لە پەیمانگا دەمایەوە، پێمان دەوت تۆ بۆ وا درەنگ دەرۆیتەوە ماڵەوە؟ چاوان پێی دەوتین من دەمەوێت یەکەم بم و توێژینەوەکەم باش بێت." ئیتر بۆمان دەرکەوت کە ئەوان خۆشەویستی یەکترن، چونکە چەندین حاڵەتی شاز و تایبەتمان بەدی دەکرد بۆیە سەیر بوو .! گشت تەلەبەکان دەیانزانی بەڵام کەس نەیدەوێرا باسی بکات."

لیزان باس لە خوێندنەکە دەکات و دەڵێت"دکتۆر عەبدول لەتیف سەلەفی وانەی (الفرق)ی بە ئێمە دەوت لەکاتی وانە وتنەوە چاوان هەستێکی تایبەتی هەبوو بۆ عەبدول لەتیف و ئەویش بە هەمان شێوە."

لیزان ئاماژە بەوەدەدات"چاوان و ئۆرڤان زۆر یەکتریان خۆشدەویست کێ دەڵێت راست نییە با بێتە لام بەڵگەکانی دەخەمە بەردەست."

ئەو هاورێ نزیکەی چاوان رونیدەکاتەوە کە ئەوکاتە پشوی ساڵی نوێی زاینی 2016 هات و گەڕاونەتەوە ئەوکات چاوان وتی جیابومەتەوە لە رێکەوتی 1 کانونی دووەمی 2016 ،بەڵام ئەو رۆژە پشوی فەرمی سەری ساڵ یوو ئیتر نازانم چۆن بووە."

سەبارەت بە ئاشکرا بوون و بڵاو بونەوەی دەنگ و وێنەکان، لیزان دەڵێت "درۆیە مۆبایلەکەی عەبدول لەتیف هاک نەکراوە و کەسیش سیخوری بەسەرەوە نەکردوە، من لە نزیکەوە ئاگادارم چۆن دەنگەکان بڵاو بونەوە، چاوان زۆر دەترسا ئەگەر بێت و لە ئۆرڤان جیاببێتەوە ببێت بە بێوەژن بۆیە وەک کارتێکی فشار خودی چاوان خۆی بوو ئەو دەنگانەی بڵاو کردەوە، دواتریش وەک بەڵگەیەک ئەگەر بێت و عەبدول لەتیف سەلەفی پەشیمان بوەوە لە زەواجەکەی ئەوا گشتیان بڵاو بکرێنەوە بە ناچاری زەواجی لەگەڵ بکات، بۆیە چاوان ئەو شتانەی دا بە هاوڕێیەکی ناو مەعهەد و دەنگەکانیش سەرجەمیان "ڤۆیس میسەیجە" هیچی تەلەفۆن نییە لەریی

تیلیگرامیشەوە بوو، چونکە عەبدول لەتیف نەیدەتوانی لەماڵەوە و لەبەر مزگەوت بە تەلەفۆن قسە بکات بۆیە بەس بە "ڤۆیس میسەیج" قسەیان کردوە.

لیزان ئەوە روندەکاتەوە"چاوان زۆر دڵتەنگ بوو بەردەوام جلی رەشی لەبەر دەکرد و دەگریا هەر دەگریا هاوڕێیەکمان بە پێکەنینەوە وتی ئیهمالی بکەن ناگات بە مانگی شەش بۆخۆی شوو دەکات و دەبێتە ژنی سێیەمی دکتۆر عەبدول لەتیف."

لیزان هێما بۆ ئەوە دەکات "دوای گەرانەوەیان بۆ پەیمانگە، خوێندکارەکان چاوانیان ئیهمال کردوە و فیکەشیان بۆ هاوسەرەکەی لێداوە و چەندین قسەشیان پێ وتون بەڵام کاردانەوەیان نەبووە."

دوای کە چووینە موحازەرە ئێمە هاتینە ژورەوە و دکتۆر پێی وتین شتەکە راست نییە کە باستان کردوە درۆیە بۆم دروستکراوە تائێستا چەندین نامەی ناشرینم بۆهاتووە، راستەوخۆش لە هۆڵی خوێندن دکتۆر عەبدول لەتیف لەبەردەمی ئێمە بەچاوانی وت من چۆن تۆم هێنا ؟ چاوانیش وتی"بە رەزامەندی خۆم بوو دکتۆر وتی هەڵمخەڵەتاندی ئەویش وتی"نەخێر."

لەبارەی ئەو نامەیەی بۆ دەزگاکانی راگەیاندن نێردراوە لیزان بۆ یەکەمجار بۆ دواڕۆژ ئاشکرای دەکات و دەڵێت" دکتۆر عەبدول لەتیف خۆی نامەکەی نوسیی و ناردی تا خۆی بپارێزێت ئەگەرنا ئێستاش چاوان نازانێ ئەو نامەیە نوسراوە چونکە چاوان ناتوانیت سەیری کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان بکات تەلەبەکانیش ئەوە دەزانن، چونکە ئەو رۆژەی گوایە چاوان نامەکەی نوسیوە چاوان ئاگادار نەبوو."

لیزان شتێکی گرنگ باسدەکات "بۆیەکەم جار دکتۆر عەبدول لەتیف بەسەیارە درعەکەی تا بەردەمی راگرایەتی دەچێت و دادەبەزێت کە چاوانیشی لەگەڵە لە کاتێکدا پێشوتر لەدوری راگرایەتی ئۆتۆمبێلەکەی رادەگرت."

لەبارەی پەشیمان بونەوەی چاوان لیزان قسەی هەیە"چاوان کچێکی زۆر سۆزدارە و بە ئاسانی بڕیار دەدات و پەشیمان دەبێتەوە."

لیزان لەبارەی پەیجی پەیمانگەی زانستە ئیسلامیەکان دەڵێت"ژمارەیەکی زۆر دەنگ و وێنەی تایبەتی هەردوکیان لەلای سەرپەرشتیارانی پەیجەکە هەیە، بەڵام ئێستا بڵاوی ناکەنەوە سەرجەمی ئادمینەکانیش خوێندکاری دکتۆر عەبدول لەتیفن."

چاوان سۆران دوای جیابونەوەی لە ئۆرڤان لەرێکەوتی 3 ئایاری 2016 هەمان رۆژ هاوسەرگیری لەگەڵ دکتۆر عەبدول لەتیف رابەری سەلەفیەکانی کوردستان ئەنجامدا ئەوەش کاردانەوەی جۆراو جۆری لێکەوتەوە.

تێبینی ناوی لیزان شێرکۆ عایز ناوێکی خوازارە بە هۆی هەستیاری بابەتەکە رازی نەبوو ناوی بنوسرێت، بەڵام تەواوی لێدوانی هاورێی هاوسەرە نوێیەکەی عەبدول لەتیف سەلەفی لای دوارۆژ پارێزراوە.

2018-05-09

# بەشی چوارەم

# عەبدوللـەتیف و چاوان و ئۆرڤان

## دزینی دەستەواژەی خۆشەویستیش!

تۆ نەک خەونی ئەو ژن و مێردە گەنجەت کردە مۆتەکە، بەڵکو زاراوەی خۆشەویستیشیانت لێ دزین، و بە ناوی خۆت تۆمارت کرد.

هەناسەکەم کۆدی خۆشەویستی ئۆرڤان و چاوان بوو، ئاوازی ئەڤینی ئەو ژن و مێردە دڵدار وخۆشەویستە بوو. ئەو وشەیەشت، ئەو هەناسەیەشت بە چڵێسیت و دەروون نزمیت و ئێرەیی بردنت بەو دوو گەنجە جوانە ژەهراوی کرد.

پاش دوو ژن و یازدە منداڵ نەتهێشت ئەو هێلانەیە تازەیەی ئۆرڤان و هاوسەرەکەی دابمەزرێت.

ئەگەر درۆ لەگەڵ هەموو جیهانیش بکەیت، لەگەڵ خوا پێت ناکرێ.

محەمەد هەریری

٢٠١٦/٥/١٣

# پڕۆفایلەکەتان بکەنە وێنەی ئۆرڤان
# خوێنی ئەو کوڕە لە ئەستۆی دەسەڵاتی کوردکوژە

ئەوەی باوەڕی بە ڕاستگۆیی من و ستەملێکراوی کاک ئۆرڤان هەیە، با پڕۆفایلەکەی بگۆڕێت بۆ وێنەی ئۆرڤان.

ئۆرڤان بەردەوام هەڕەشەی کوشتن لە خۆیی و خێزانی دەکرێت. دەسەڵاتی گەندەڵی هەولێر و وەکیلەکانی لە سلێمانی بەرپرسن لەو هەڕەشانە.

هیوادارم نەهێڵین پاش ئەوەی ژیان و سەروەت و سامانیان دزین، با کەرامەتیشمان زەوت بکەن.

محەمەد هەریری
٢٠١٦/٥/٩

# بێدەنگی بشکێنە تکایە ئۆرڤان گیان

براکەم، ڕۆڵەکەم ئۆرڤان، خوا شاهێدە هۆکاری یەکەمی خۆهەڵقورتاندنم لەو کەیسە، ئەو ستەمە بوو کە لە تۆ کرا لە پەنا دین و خوا و بە ڕیشێکی سعودی.

هەستم بە ناخت کرد وەک گەنجێکی خێر لەخۆنەدیوی ئەو وڵاتە، سەرەڕای ئەوەی سامان و ئایندەیان تالانکردن، ژیانی کەسایەتیشتان پێ ڕەوا نابینن.

ئەو کارە بەرپرسێکی داوێنپیسیش بیکردبا چاوەڕوان بوو، دەبووە چیرۆکێکی ئاسایی گەندەڵکاران، بەڵام کە پۆلیسێکی ڕەوشت بیکات دەبووایە باجی ئەو کارە قێزەونە بدات.

ئۆرڤان گیان ئەو گەمژانەی وەک دوێنێی تۆ و هاوسەرەکەی تۆ فریویان خواردوە بە ڕیش و ناوداری هێشتا باوەڕ ناکەن بەو هەموو دەنگ وبەڵگە و هەتا دانهێنانی خودی کاهینی سەلەفیەت. دەزانم فشارێکی زۆرت لەسەرە، بەڵام تازە تۆ بە هەموو دنیا ناسرایت، هەموو گەنجە مەحرومەکانی وڵاتو پیاو و ژنە بە شەڕەفەکانی وڵات پشتگیریت لێدەکەن.

کاتی ئەوە هاتووە ڕیوایەتی تۆ ببیستین، هیچیتر ترس پاکانەی بۆ ناکرێت، مرۆڤ یەک جار دەمرێت. وەرە وەک مرۆڤێکی نەترس چیرۆکی ئەو ماڵوێرانیەتمان بۆ بگێڕەوە، وەرە با خەڵک فێری ئەوە کەین هیچیتر بێدەنگ نەکرێن لەسەر هەقی خۆشیانەوە.

ئۆرڤان ی کوڕم من لە تۆدا بەرگریم لە هەموو گەنجی کوڕ و کچی کوردستان دەکرد، لە ڕێگای تۆوە دژی هەموو گەندەڵکاران دەجەنگیم. من لەیەکەم ڕۆژی دەسەڵاتی گەندەڵ دژی گەندەڵی دارایحزبەکان و گەندەڵی فیکری توندڕەوی سەلەفی و غەیری سەلەفیش جەنگاوم، هەزاران وتارم لە دژی ئەو گەندەڵیانە نووسیوە، بەڵام من چ بکەم خەڵکەکە هەست بە مەترسیەکان ناکەن تا نەگاتە دامێنیان.

تکایە ئەو بێ دەنگیەت بشکێنە ماقوڵ نییە دز لە ماڵخۆ بوێرتر بێت لە بەرگریکردن لە دزیەکەی.

تۆ دیتت کە من بابەتەکەم وروژاند زۆربەی میدیای کوردی دژی بوون چونکە بەرگریان لە هامانی فیرعەونی گەندەل دەکرد، بەلاّم چونکە هەق لە لای من بوو، ئەکاونتێکی فەیسبوک توانی خۆی بسەپێنێت بەسەر هەموو ئەو میدیایەی کە ملیۆنەهای تێدەچێت. بێدەنگی بشکێنە تکایە ئۆرڤان گیان....

محەمەد هەریری ٢٠١٦/٥/١٤

# نامەیەک لە ئۆرڤانەوە!

لە بەرێز ئاسۆ خالد ەوە (خاڵی ئۆرڤان) ئەم نامەیەمان بە دەست گەیشتوە, ئیمەش وەک خۆی بڵاوی ئەکەینەوە.

به ناوی خوای که وره .

به بیویستم زانی وه ک خوم (ئورفان ئاراس ) رون کرد نه وه یک بوخه لکی به شه رف به ویزانی کوردستان ربکه ینم. دوینی 22/5هه وإليك بلاوكرايه وه كوايه من ( 25)ده فته ر دولارم وه رکرتوه له لاین عبد لطيف. ئه وهه وآله دوره له هه موو راستیک .

نه ک ئه وه ی ئه وان ناویان هیناوه مالی هه موو دنیا زریک شرف ناهینت. من هه لویستی جوامیرانه و مه ردانه و هاوسوزی خه لکی به شه ره فی کوردستان ناکورمه وه به هه موو مالی دنیا ئه نه ریت ره وشتی من نیه .

من ته نها خوم به قه رزاری خه لکی به شه رف به هه لویستی خه لکی کوردستان ده زانم که هاوسوزو بشت به نام بوون جاوی یه که به یه که تان ماج ده که م ته نها وته نها خوم به قه رزباری ئیوه ده زانم .

به ریزان من من بیشتر به ئیستا و به داهاتوشه وه بیشبینی درو و بوهتانی له وه که وره ترو زیاتریان لی ده که م . ئه وان توانیبیتیان ده ست دریز که ن بو ناموس و شه رف خه لکی زور زور لایان ئاسایه بوهاتن دروش بکه.

وتکایکی برایانشم بوهه ندیک له به یجه کان بیشه کی ده ستخوشیتان لی ده که م بو هه لویست بشتکیرتان. تکایه هه وإلی بی بنه ماو بی به لکه بلاو مه که نه وه تکایه تکایه .

بیش بلاوکردوه وه ی هه رشتیک له باره ی من وه بو بشت راستکردنه وه ی هه رجوریک له وبروباکه ندانه له ریکه ی خالمه وه (ئاسوخالد) ئه م ئه کاونته وه زانیاریه کانتان بشت راست بکه نه وه .

براتان ئورفان ئاراس

٢٠١٦/٥/٢٣

# خەمی ئۆرڤانمە

من لە سکاندالەکەی عبداللطیفی سێڵفی ئەوەی زۆر بۆی نیگەرانم و دڵم پێی دەسوتێ مێردی ژنەکەیە، کە زانیاریەکی کەمم لەسەری هەیە، کە لە تەمەن زۆر منالە دوور نیە منالی شێخی مەدخەلی زۆر لەو گەورەتر بێت.

دووەم لەوە دەچێت هەڕەشەیەکی خەستی لێ کرابێت بۆیە لەو ئاشووبە گەورەیە دەنگی نییە. ئینجا سەخافەت و بێ ناوەرۆکی میدیای کوردیت بۆ دەردەخات کە یەکێکیان نەیانتوانی بەدوای ئەو پیاوە خیانەت لێکراوە بگەڕێن لێدوانێکی لێ وەرگرن، ئەوە بەڵگەیە کە میدیای ئازاد بوونی نییە.

سەیر لەوەشدایە ئەو پیاوە خۆشی لە دەزگایەکی میدیایی کار دەکات!!! لە هەمووشی ناخۆشتر ئەوەیە دەڵێن خۆشی سەلەفیەکی سەر بە شێخ عبداللطیفە!!!

دەترسم هۆکاری بێ دەنگیەکەی ئەوە بێت کە ئەویش وەک جەماوەرە بەنجکراوەکەی عبداللطیف باوەڕی بە بەڵگەکان نەکردبێت؟!!!

محەمەد هەریری

٢٠١٦/٤/٢٧

# عەبدوللەتیف و چاوان و ئۆرڤان کێن؟

وێستگە / دیاری سوڵتانی

کۆتایی هاوینی 2013 رۆژێکی تایبەت بوو لە ژیانی ئۆرڤان کاتێک پەیوەندییە عاشقانەکەی لەگەڵ چاوان پێنایە ژیانێکی نوێوەو هاوسەرگیرییان کرد، بەڵام وەک خۆی دەیگێڕێتەوە هەرگیز چاوەڕوانی ئەوە نەبوو کەسێکی تر خۆی بکات بەژیانە سادەو ساکارەکەیان و پەیوەندییەکەیان تا ئەبەد کۆتایی پێبێنێت.
ئۆرڤان کوڕە عاشقەکە، ئێستا بەدەم قوڵپی گریانەوە، باسی ژیانی خۆی دەکات و لەنزیکەوە بۆ هاورێکانی کۆتایی پەیوەندی ژیانی هاوسەری خۆی دەگێڕێتەوەو بەدڵێکی غەمبارەوە بۆ هاورێکانی چیرۆکی عەشقێکی ناکام باس دەکات. لەو لاشەوە وێنەکانی لەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەستاو دەست دەکات و کۆمێنتی بێ ئومێدی بۆ ئەنوسرێت و هەندێکیشیان بە کوڕە قۆزە دڵشکاوەکە لەقەڵەمی ئەدەن.
ئۆرڤان دەگێڕێتەوە، ئەو هیچ کێشەو گرفتێکی نەبووە، ژیانێکی سادە دەژیان، بەڵام لەپڕ هەموو جوانییەکانی ژیانی هاوسەرییان گۆڕا، پەیوەندییە گەرم و گوڕییەکەی هاوسەریی نەما و ماڵ بووە سەهۆڵبەندان. دواتر وردە وردە بۆی دەرکەوتووە هەڵەیەکی گەورە ژیانی هاوسەری لێسەندۆتەوەو ئەویش بێ ئاگایە لەوەی چی روویداوە.
بەڵام لەم رووەوە چاوان بەپێچەوانەوە لەنامەیەکدا ڕایگەیاندووە هەر لەوکاتەی دەستگیراندار بوون، کێشەیان هەبووە. چاوان دەڵێت "بۆیە ئەوکات لێی جیانەبوومەوە، چونکە: یەکەم، منداڵ بووم، دووەم: ترسی کۆمەڵگەو داب و نەریت و لۆمەی لۆمەکاران رێگرم بوو. هەر لە دەستگیرانیشدا دایکم پێیگوتم ناگونجێن و جیاببنەوە باشترە، باوکیشم دوای گواستنەوە بۆی پێشنیازکردم کە جیاببمەوە".
د.عەبدوللەتیف ئەحمەد مستەفا، پێشنوێژ و وتارخوێنی مزگەوتی بەهەشتە لەشاری سلێمانی و یەکێکە لەسەرکردەکانی رەوتی سەلەفیەت لەکوردستان، هەروەها یاریدەدەری راگری پەیمانگای زانستە ئیسلامییەکانە لەشاری سلێمانی. ئەو پەیمانگایەی چاوان تیایدا خوێندکاربوو.

چاوان سۆران خوێندکاری قۆناغی کۆتایی پەیمانگای زانسە ئیسلامییەکان بوو لەشاری سلێمانی. وەک خۆی باسی لێوەدەکات لەبنەماڵەیەکی شیوعی چاوی بەدنیا هەڵهێناوە، بەڵام باوکی نوێژکەر بووەو هاوکاتیش سەفەری حەج و عەمرەشی کردووە.

هەرچی ئۆرڤان یەکێکە لەو گەنجانەی کە لەرێگەی کۆمپانیاکانی ڕاگەیاندنەوە بەزمانی کوردی دەنگ دەخاتە سەر ئەکتەری دراما بیانییەکان و لەو ڕوشەوە، دەنگی لەجیاتی چەندین پاڵەوانی دراماکان دانراوەو سەرکەوتووش بووە.

لەکاتی وانە وتنەوەدات عەبدوللەتیف گرنگی بەچاوان داوە

چەند خوێندکارێکی هاورێی چاوان ئاماژە بۆ ئەوەدەکەن کە عەبدوللەتیف سەلەفی گرنگی زۆری بەچاوان دەداو هەندێک جاریش چاوی دەبڕییە چاوی و لەکاتی وانە وتنەوەیش دیمەنی عاشقبوون بەیەک، بەدی دەکرا.

یەکێک لەهاورێکانی چاوان، بە وێستگەی ڕاگەیاند چاوان زوو زوو دەچووە ژورەکەی مامۆستا عەبدوللەتیف، کار گەیشتە ئەوەی هەموو خوێندکارەکان هەستیان بە پەیوەندییەکی بەتین کرد بەجۆرێک کارگێڕی پەیمانگاکەشمان هەستیان بەو پەیوەندییە کردبوو.

ئەو هاورێیەی چاوان ئاماژە بۆ ئەوەدەکات، جارێکیان لەکاتی وانە وتنەوەدا بینیویەتی چاوان نامەیەکی پڕ لەخۆشەویستی بۆ عەبدوللەتیف سەلەفی نوسیوە.

ئەو هاورێیەی چاوان دەڵێت: هەرگیز ئیعجاب بۆ د. عەبدوللەتیف لەلایەن چاوانەوە نەدەشاردرایەوە، بۆیە سەرجەم خوێندکاران هەستیان بە پەیوەندییەکە کردووە، ئەم ڕۆژەی لێکەوتەوە.

# چاوان: هەست دەکەم عەبدوللەتیف سەلەفی بووبێت بە پێغەمبەر

بەپێی زانیارییەکانی وێستگە، رۆژێک چاوان باسی کەسایەتی عەبدوللەتیف سەلەفی بۆ هاوسەرەکەی پێشووی (ئۆرڤان) دەگێڕێتەوەو ئەوەندە ئیعجابی بۆ دەربڕیوە وتوویەتی"گومانم نەماوە دکتۆر عەبدوللەتیف بووە بە پێغەمبەر".
بەپێی زانیارییەکانی وێستگە رۆژانە رۆژی یەک سەعات چاوان لە ژووری تایبەتی د.عەبدوللەتیف لە کۆلیژ ماوەتەوە دکتۆر عەبدوللەتیف بانگەشەی ئەوەی کردووە کە بۆیە چاوان سەردانی دەکات (جن) چۆتە لەشی هەر ئەم مانەوەیەی چاوان لای دکتۆر عەبدوللەتیف پەیوەندی خۆشەویستی لێوە دروست دەبێت، تەنانەت لەو ماوەیەی کە چاوان رۆژانە ماوەتەوە لای دکتۆر عەبدوللەتیف چاوان هەموو کێشەی خۆی و ئۆرڤانی بۆ باس کردووە، ئۆرڤان بۆ خانەوادەکەی باسکردووە کە دوای ئەوەی بەپەیوەندییە خۆشەویستییەکەی چاوان و دکتۆر عەبدوللەتیفی زانیوە چاوان ئەوەی گێڕاوەتەوە بۆ ئۆرڤان کە جارێکیان دکتۆر عەبدوللەتیف وتوویەتی چاوان ئایا ئۆرڤانی مێردت نوێژ دەکات چاوانیش دەڵێت نەخێر نوێژ ناکات، دکتۆر دەڵێت دەزانی یەکجار شەیتان بێ ئەمری خودای کرد خودا بە نەحلەتی کرد، ئەی ئۆرڤانی مێردت رۆژی پێنج جار بێ ئەمری خودا دەکات و نوێژ ناکات گومانی تێدا نییە مارەیتان دروست نەبووەو حەرامن بەیەک.

بەپێی گێڕانەوەکان، هاوسەرەکەی لەو رۆژەوە گومانی زیاتر لەپەیوەندییەکی نهێنی کردووە کە چاوان هەرگیز نەی هێشتووە ئۆرڤان دەستکاری مۆبایلەکەی بکات و هەمیشە پاسۆردی خستۆتە سەری، بۆیە رۆژە بە رۆژ غیرەی زیاتر کردووەو چاودێرییەکانی لەسەر ژیان و هاتووچۆی چاوان چڕترکردۆتەوە، هەر لەبەر ئەوەش بڕیاری داوە ئۆتۆمبێلێکی بۆ بکرێت و نەهێڵێت بە ئۆتۆمبێلی کرێ هاتووچۆ بکات.

# پەیوەندی عەبدوللەتیف سەلەفی و چاوان چۆن ئاشکرا بوو؟

دوای ئەوەی ئۆرڤان ئۆتۆمبێلێکی سفر کیلۆمەتری بۆ چاوانی هاوسەری پێشووی دەکرێت بۆی دەردەکەوێت رۆژانە رۆشتنی ئۆتۆمبێلەکەی چاوان لەماڵەوە بۆ زانکۆو گەڕانەوەی بۆ ماڵەوە 25 کیلۆمەترە، بەڵام ئۆرڤان دوای چاودێرییەکی بەردەوام رۆژانە بۆی دەردەکەوێت رۆژ بەرۆژ کیلۆمەتری ئۆتۆمبیلەکە زیاتر دەکات و تا ئاخر جار دەگاتە 60 کیلۆمەتر لە رۆژێکدا، ئەمە لەکاتێکدا چاوان تەنها کاری رۆژانەی دەوامی کۆلێژ بووە، هیچ کارێکی دیکەی نەبووە، ئایا بۆ دەبێت کیلۆمەتری ئۆتۆمبێلەکە بەرز دەبێتەوە؟؟ ئۆرڤان وەڵامەکەی بەڕونی دەستدەکەوێت بۆی دەردەکەوێت ئۆتۆمبێلەکەی ژوانی عەشق و خۆشەویستی پێ دەبەسترێت، لە ئەنجامدا بۆی دەردەکەوێت کە مامۆستا عەبدوللەتیف بۆ ئەوەی کەس هەستی پێ نەکات لەگەڵ چاوان بەو ئۆتۆمبیلە کاتی خۆشەویستییان بەسەر بردووە.

بەپێی گێڕانەوەکانی ئۆرڤان، ئیرەیی ناوبراو رۆژ بەرۆژ زیاد دەکات، لەبەرامبەریشدا چاوان هەر بەردەوامە لە پاراستنی مۆبایلەکەی لەوەی بەردەستی ئۆرڤان بکەوێت.
ئۆرڤان بەکەسە نزیکەکانی خۆی وتووە، رۆژانە مۆبایلەکەی دەپاراست تاوەکو بەردەستی من نەکەوێت، رۆژێکیان گەڕامەوە ماڵەوە چاوان لە حەمام بوو مۆبایلەکەی جێهێشت بوو بە کراوەی منیش گەشتێکم کرد بەناو مۆبایلەکەیدا ئیدی بۆم دەرکەوت ئەوەی من گومانم بۆ بردووە زۆر لەوە زیاترە، پاشان تووشی حاڵەتێکی دەروونی زۆر ناخۆش بووم تەقیمەوەوە دەرگای حەمامەکەم کردەوەوە بەتوندی چاوانم هێنایە دەروە وتم هیچ مەڵێ هەموو شتێک دەزانم چاوان یەکسەر تەسلیم بوو زۆر ترسا وتی هیچ مەکە من هەموو شتێکت بۆ باس دەکەم و دەستی کرد بە گێڕانەوە دانی بەوەدا نا پەیوەندی هەیە لەگەڵ مەلا عەبدوللەتیف هەیە.

# هەڕەشەیەک لە عەبدوللەتیفەوە بۆ بنەماڵەی ئۆرڤان

لەدوای دەرکەوتنی پەیوەندییەکەی نێوانیان عەبدوللەتیف پەیوەندی دەکات بە ئۆرڤانەوە، دەڵێت "کارێک مەکەن دوای هەموولایەک پەشیمان بێتەوە" دواتر باوکی ئۆرڤان تکا لەکوڕەکەی دەکات دەستبەرداری ئەو ژنە ببێت و کێشە و ئاژاوە خێزانەکەیان دوربخاتەوە.

لەوبارەیەوە د. عەبدوللەتیف داوای سوڵحی عەشایری کردووە بۆ دەستبەرداربوونی ئۆرڤان لەچاوان لەدادگا، بەڵام ئۆرڤان رەتیکردۆتەوە پارەو پول لەجیاتی دەستبەردان وەربگرێت و د. عەبدوللەتیف وازی نەهێناوەو چەندین جار پەیوەندی کردووە بە ئۆرڤانەوە پێشنیازی لەبارەی وەرگرتنی دوکان و سۆپەرمارکێت و پارەوە بۆ خستۆتە ڕوو لەدوایدا، بەڵام ئۆرڤان سەرجەمیانی ڕەتکردۆتەوە. بەپێی زانیارییەکان عەبدوللەتیف سەلەفی بۆ ئەوەی هێزی دەوڵەمەندبوونی خۆی دەربخات ووتویەتی " لەهەچ شوێنێک سۆپەرمارکێتێک سەلەفییەکی لەسەر بێت موڵکی منە".

دواجار رۆژی 1-1- 2016 لەماڵێکدابەئامادەبوونی چەند شایەتێک ئۆرڤان دەستبەرداری چاوان بوو، دواتریش چوارشەممەی ڕابردوو 4-5-2016 لەدادگا ئۆرڤان بەتەواوی و بە فەرمی و لەرێگەی یاساوە وازیهێنا.

بۆ پاراستنی لە فشارو هەڕەشەکانی سەری، چاوان ماڵی بەرپرسێکی یەکێتی هەڵدەبژێرێت

دوای ئاشکرابوونی پەیوەندییەکەیان چاوان روودەکاتە ماڵی بەرپرسێکی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، ئەمەش بۆ ئەوەی هەرەشەکانی ماڵی باوکی و یاخود کاردانەوەکانی تر نەگاتە سەری.

چاوان ماوەی چەند رۆژێک لەماڵی ئەو بەرپرسەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەمێنێتەوە، پاشان ئەو بەرپرسە دوای ئاسای کردنەوەی کێشەکە لەرێگەی یەکێک لە پیاوەکانییەوە چاوان دەنێرێتەوە ماڵی باوکی.

لەسەرەتادا باوکی چاوان زۆر توند بوو لەسەر ئەوەی چاوان واز لە ئۆرڤان بهێنێت و شووبکات بە عەبدوللەتیف، بەڵام چاوان هەر سور دەبێت لەسەر ئەوەی شوبکات بە عەبدوللەتیف، هەر لەدوای ئاشکرا بوونی پەیوەندییەکەی چاوان و عەبدوللەتیف،

عەبدوللەتیف بۆ سولّح دەچێتە ماڵی چاوان و دوای گفتووگۆیەکی زۆر مەلا عەبدوللەتیف دەڵێت چاوان بهێنن ئەگەر وتی شوناکەم بە عەبدوللەتیف ئەوا کۆتای دێت بە کێشەکە، کاتێک چاوان بانگ دەکەن بۆ ناو دانیشتنەکە چاوان لەناو هەموویاندا دەڵێت شوی پێدەکەم دوای ڕۆشتنی عەبدوللەتیف کەسوکاری چاوان بڕیار دەدەن حاشا بکەن لە چاوان، بەڵام دوای ئەوەی چاوان هەڵهات بۆ ماڵی ئەو بەرپرسەی یەکێتی کێشەکە لە سەدا سەد لەناو خێزانی چاواندا پێچەوانە بوویەوە پاشگەز بوونەوە لەو بڕیارانەی کە قەرار بووە حاشا بکەن لە چاوان.

# هاوژینەکەی عەبدوللەتیف سەلەفی

## چیرۆکی پەیوەندییەکەیان بۆ رووداو دەگێڕێتەوە

رووداو- سلێمانی

چاوان سۆران، هاوژینی نوێی د.عەبدوللەتیف ئەحمەد ناسراو بە د.عەبدوللەتیف سەلەفی، بۆ یەکەمجار بێدەنگی دەشکێنێ و لە نامەیەکدا کە تایبەت بۆ )رووداو)ی ناردووە، دەڵێت بە ویستی خۆی د.عەبدولەتیف سەلەفیی هەڵبژاردووە .سەبارەت بە جیابوونەوەشی لە مێردی پێشووی دەڵێت "سوێند دەخۆم بە خوای گەورە، خۆم کێشەم هەبووە لەگەڵ ئۆرڤان و ویستوومە جیاببمەوە لێی، نەک دکتۆر هۆکار بێت ." ماوەی چەند رۆژێکە پەیوەندیی نێوان قوتابییەکی پەیمانگەی زانستە ئیسلامییەکان لە سلێمانی بە ناوی چاوان سۆران، لەگەڵ د.عەبدوللەتیف ئەحمەد، کە مامۆستایە لە هەمان پەیمانگە، بووەتە رۆژەڤی میدیای کوردی و لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا زۆرترین قسەی لەسەر کراوە. چەندین پەیامی دەنگیش لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاوکرانەوە کە دەگوترێ قسەی د.عەبدوللەتیفە بۆ چاوان .بەڵام رۆژی 2016/5/7 مامێکی چاوان بە ناوی سەربەست خەسرەو عارف، بۆ یەکەمجار ئاشکرایکرد کە چاوان شووی بە د.عەبدوللەتیف کردووە .

لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی هەواڵەکە چاوان لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ )رووداو) هەموو ئەو دەنگۆیانەی رەتکردبووەوە کە باسیان لە پەیوەندی ئەو لەگەڵ د.عەبدوللەتیف دەکرد و گوتی "ئەو قسانە ئەسڵ و ئەساسیان نییە و هەمووی پڕوپاگەندەن، د.عەبدوللەتیف دوژمنی زۆری هەیە و خەڵکێکی زۆر رقیان لێیەتی". هەروەها گوتیشی "هیچ پەیوەندییەکی خۆشەویستی لەنێوانماندا نەبووە و داوای هاوسەرگیریشی لێنەکردووم، تەنیا ئەوە بووە من خوێندکار بووم و ئەویش سەرپەرشتیاری توێژینەوەکەم بووە ."

چاوان هەموو ئەو دەنگۆیانە رەتدەکاتەوە کە دەڵێن ماڵی باوکی سوڵحیان لەگەڵ د.عەبدوللەتیف کردووە و پارەیان وەرگرتووە و دەڵێت "هیچ بڕە ماددەیەک داوا نەکراوە و ئەو درۆ و بوهتانانەش کە دەکرێن گوایە دکتۆر کۆمەڵێک دوکانی داوە بە من، یاخود بۆ سوڵح دوورە لە راستی."

# جیابوونەوەی چاوان

چاوان باسی هاوژینی پێشووی دەکات و دەڵێت رۆژی 2013/9/8 بووەتە خێزانی ئۆرڤان، بەڵام هەر لەوکاتەی دەستگیراندار بوون، کێشەیان هەبووە. چاوان دەڵێت "بۆیە ئەوکات لێی جیانەبوومەوە، چونکە: یەکەم، منداڵ بووم. دووەم :ترسی کۆمەڵگە و داب و نەریت و لۆمەی لۆمەکاران رێگرم بوو. هەر لە دەستگیرانیشدا دایکم پێیگوتم ناگونجێن و جیاببنەوە باشترە، باوکیشم دوای گواستنەوە بۆی پێشنیازکردم کە جیاببمەوە."

دواجار، وەک لە قسەکانی چاوان دەردەکەوێت، هەریەکە لە چاوان و هاوژینەکەی گەیشتوونەتە قەناعەت کە لێکجیاببنەوە. چاوان دەڵێت "هەردووکمان گەیشتینە ئەو قەناعەتەی جیابوونەوەمان باشترین چارەسەرە، زۆر بە تەبایی و هاوڕاییش دانیشتین و شایەتمان بانگکرد و بێ هیچ کێشەیەک لە 2016/1/1 جیابووینەوە ."

چاوان باسی بنەماڵەکەی خۆیان دەکات و دەڵێت ئەوان لە بنەماڵەیەکی مامناوەندی شاری سلێمانین. باوکی ئەندامی حیزبی شیوعییە، بەڵام نوێژیش دەکات و عەمرەشی کردووە، دایکیشی ئافرەتێکی داپۆشراوە و نوێژ دەکات، خۆیشی تاوەکو قۆناغی شەشی ئامادەیی تەواوکرد سفوور بووە، دوای شووکردنیشی بە ئۆرڤان هەر "جلی ناشەرعی"ی لەبەربووە.

چاوان لە نامەکەدا باسی هۆکاری شووکردنی بە د.عەبدوللەتیف دەکات و دەڵێت "دکتۆر بە شاهیدی گشت خوێندکارانی پەیمانگا نەک تەنیا هی ئەمساڵ، بەڵکو لە یەکەم ساڵەوە کە هاتووە بۆ پەیمانگا پلە یەکی بەدەستهێناوە لە هەڵسەنگاندنی فیدباک (feedback)ی خوێندکاران بۆ مامۆستایان، ئەمەش لەبەر دینەکەی و رەوشتبەرزییەکەی و زیرەکییەکەی و سەرکەوتنی لە وانەگوتنەوە و پەروەردەکردنی خوێندکاردا، منیش وەکو خوێندکارێکی پەیمانگا کۆمەڵێک سیفاتی باشم لە دکتۆردا بینی کە بوونە هۆکاری ئەوەی ئارەزوو بکەم هاوسەرگیری لەگەڵدا بکەم."

چاوان جیاوازیی تەمەنی لەگەڵ د.عەبدوللەتیف بە ڕێگر نەزانیوە لەوەی شووی پێبکات و دەڵێت "من کە ئافرەتێکی تەڵاقدراو بووم، دین و ڕەوشت و زیرەکیی دکتۆرم بەلاوە گرنگتر بوو لە هەڵبژاردنی گەنجێکی هەرزەکاری دین لاوازی بێ عیلم. هەر کەسێک کە تۆزێک ویژدان و عەقڵی هەبێت دەزانێت من دین و ئەخلاقم هەڵبژاردووە، ئەگینا من چاک دەمزانی دکتۆر تەمەنی لە من زیاترە و خاوەنی دوو خێزان و کۆمەڵێک منداڵە (ماشائەڵڵا)[7]."

لەلایەن پشتیوان جەمال 9/5/2016

7 -http://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/090520161

# نامەیەکی لەرزۆک و پڕ درۆی چاوان

چاوان سۆران، هاوژینی نوێی د. عەبدوللەتیف ئەحمەد ناسراو بە د. عەبدوللەتیف سەلەفی، بۆ یەکەمجار بێدەنگی دەشکێنێت و لە نامەیەکدا کە تایبەتدا کە ئەمرۆ دووشەممە 2016 /5/9 بلاوکرایەوە دەڵێت: "بە ویستی خۆی د. عەبدولەتیف سەلەفیی هەڵبژاردووە".

چاوان کە تاوەکو ئێستا بێدەنگیی هەڵبژاردبوو بۆ یەکەمجار لە ڕێگەی نامەیەکەوە ئاشکرایدەکات کە ئەو ئێستا هاوژینی د.عەبدوللەتیفە، تەنانەت بڕی مارەییەکەشی ئاشکرادەکات و دەڵێت "مارەیی من تەنیا بریتی بووە لەوەی دکتۆر تەفسیری قورئانی پیرۆز بە زمانی کوردی تەواوبکات و پێشکەشی بکات و موسڵمانانیش لێی بەهرەمەندبن".

چاوان هەموو ئەو دەنگۆیانە ڕەتدەکاتەوە کە دەڵێن ماڵی باوکی سوڵحیان لەگەڵ د.عەبدوللەتیف کردووە و پارەیان وەرگرتووە و دەڵێت: "هیچ بڕە ماددەیەک داوا نەکراوە و ئەو درۆ و بوهتانانەش کە دەکرێن گوایە دکتۆر کۆمەڵێک دوکانی داوە بە من، یاخود بۆ سوڵح دوورە لە ڕاستی".
چاوان باسی هاوژینی پێشووی دەکات و دەڵێت: "ڕۆژی 8-9-2013 بووەتە خێزانی ئۆرڤان، بەڵام هەر لەوکاتەی دەستگیراندار بوون، کێشەیان هەبووە".
چاوان دەڵێت: "بۆیە ئەوکات لێی جیانەبوومەوە، چونکە: یەکەم، منداڵ بووم. دووەم: ترسی کۆمەڵگە و داب و نەریت و لۆمەی لۆمەکاران ڕێگرم بوو، هەر لە دەستگیرانیشدا دایکم پێیگوتم ناگونجێن و جیاببنەوە باشترە، باوکیشم دوای گواستنەوە بۆی پێشنیازکردم کە جیاببمەوە".

دواجار، وەک لە قسەکانی چاوان دەردەکەوێت، هەریەکە لە چاوان و هاوژینەکەی گەیشتوونەتە قەناعەت کە لێکجیاببنەوە، چاوان دەڵێت: "هەردووکمان گەیشتینە ئەو قەناعەتەی جیابوونەوەمان باشترین چارەسەرە، زۆر بە تەبایی و هاوڕاییش دانیشتین و شایەتمان بانگکرد و بێ هیچ کێشەیەک لە 1-1-2016 جیابووینەوە".
چاوان لە نامەکەدا باسی هۆکاری شووکردنی بە د.عەبدوللەتیف دەکات و دەڵێت "دکتۆر بە شاهیدی گشت خوێندکارانی پەیمانگا نەک تەنیا هی ئەمساڵ، بەڵکو لە یەکەم ساڵەوە کە هاتووە بۆ پەیمانگا پلە یەکی بەدەستهێناوە لە هەڵسەنگاندنی (فیدباک feedback)ی خوێندکاران بۆ مامۆستایان، ئەمەش لەبەر دینەکەی و رەوشتبەرزییەکەی و زیرەکییەکەی و سەرکەوتنی لە وانەوتنەوە و پەروەردەکردنی خوێندکاردا، منیش وەکو خوێندکارێکی پەیمانگا کۆمەڵێک سیفاتی باشم لە دکتۆردا بینی کە بوونە هۆکاری ئەوەی ئارەزوو بکەم هاوسەرگیری لەگەڵدا بکەم".
چاوان لەنامەکەدا کە بۆ رۆژنامەی رووداوی ناردبوو، جیاوازیی تەمەنی لەگەڵ د.عەبدوللەتیف بە رێگر نەزانیوە لەوەی شووی پێبکات و دەڵێت: "من کە ئافرەتێکی تەڵاقدراو بووم، دین و رەوشت و زیرەکیی دکتۆرم بەلاوە گرنگتر بوو لە هەڵبژاردنی گەنجێکی هەرزەکاری دین لاوازی بێ عیلم. هەر کەسێک کە تۆزێک ویژدان و عەقڵی هەبێت دەزانێت من دین و ئەخلاقم هەڵبژاردووە، ئەگینا من چاک دەمزانی دکتۆر تەمەنی لە من زیاترە و خاوەنی دوو خێزان و کۆمەڵێک منداڵە (ماشائەڵڵا)".

# چەند دیمەنێک لە ژیانی عاشقانەی چاوان و ئۆرڤان

دوای ئەوەی هەواڵی پەیوەندیی دکتۆر عەبدولەتیف سەلەفی و چاوانی خوێندکاری و هاوسەرگیرییەکەیان بڵاوبوەوە کاردانەوەی جیاوازی لێکەوتەوەو بووە جێگەی باسوخواسی میدیاکان و لە ئێستادا پرسیاری ئەوە دەکرێت ئایا پێشتر پەیوەندی نێوان ئۆرڤان و چاوان چۆن بووە؟

بەگەڕان بەنێو تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوکدا و ئەکاونتەکەی چاوان، ئەوە دەردەکەوێت کە ئەو دوو هاوسەرە پێشتر پەیوەندییەکی ئاساییان هەبووە و چەند جارێک چاوان لە ئەکاونتەکەی خۆی وێنە و ڤیدیۆی ئۆرڤانی هاوسەری بڵاوکردووەتەوەو تا ئێستاش وێنە و ڤیدیۆکان ماون و لانەبراون.

لە رۆژی 24-4-2015 چاوان ڤیدیۆیەک بڵاودەکاتەوە کە لە کۆمەڵێک وێنەی ئۆرڤان دروستکراوەو لەسەری دەنوسێت "گیان و دڵ و هەموو ژیانی من".

لەڕۆژی 12-7-2014 چاوان وێنەیەکی تری ئۆرڤان لە ئەکاوتنی فەیسبوکەکەی خۆی بڵاودەکاتەوەو لەسەری دەنوسێت "هەناسەکەم".

## عەبدوللەتیف لەسەرەتادا
## خۆی بێ بەری کرد لەکێشەکە

دوای ئەوەی چەندین نامەی دەنگی عاشقانەی ناوبراو لەتۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک بڵاوکرایەوە، عەبدوللەتیف ئاماژەی بۆ ئەوەکرد کە ئەو تۆمارە دەنگییانە راست و دروستنین بۆی هەڵبەستراوەو لایەنی سیاسی لەپشت بڵاوکردنەوەین، بەڵام شارەزایانی دەنگ زوو هاتنە سەر هێڵ دوپاتیان کردەوە کە تۆمارە دەنگییەکان دروستکراو نین. بۆ ئەو مەبەستەش شارەزایەکی دەنگی ئیسلامی جەختی لەسەر ئەوەکردەوە کە تۆمارە دەنگییەکان دروستکراو نییە، ئەمەش زیاتر سەرنجی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی بەلای خۆیدا ڕاکێشا و دواتر بابەتەکە بەدواداچوونی زیاتری لەسەر کرا.

# بۆچونی عەبدوللەتیف سەلەفی لەسەر ژن

عەبدوللەتیف ئەحمەد (عەبدوللەتیف سەلەفی) یەکێک لە رابەرانی رەوتی سەلەفی لە کوردستان لە بارەی پەیوەندی ژن و پیاو لە شوێنی ئیشدا رایدەگەیەنێت، نابێت ژن و پیاو لە شوێنی ئیشدا بە تەنیا لە ژوورێکدا دابنیشن، ئەمەش "بۆ ئەوەی ناموسی کچان و خوشکان پارێزراو بێت".

عەبدوللەتیف ئەحمەد، مامۆستای ئاینی لەسەر رەوتی سەلەفی لە لێدوانێکی پێشووتریدا بۆ تەلەفزیۆنی ئێن ئارتی دەڵێت: "ئیسلام رێ لە ئیشی ئافرەت ناگرێت بە مەرجێک بە رەوشتەوە بێت".

وتیشی: "لە ئاینی ئیسلامدا و بەپێی فەرمودەی پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت، حەرامە ژن و پیاو بە تەنها لە ژوورێکدا دابنیشن بۆ ئەوەی ناموسی کچان و خوشکان پارێزراو بێت."

عەبدوللەتیف لەسەر ئیشکردنی ژن و پیاو پێکەوە دەڵێت "پیاوێک تەلەفۆنی بۆ کردووم و پێی وتووم کە هاوسەرەکەم فەرمانبەرە لە یەکێک لە بەڕێوەبەرایەتییەکان و لەگەڵ فەرمانبەرێکی پیاودا کاری کردووە، پیاوەکە دەستدرێژی سێکسی کردووەتە سەر هاوسەرەکەم، ئێستا نازانم ئەگەر بیشارمەوە ئەوا پیاوەکە کارتی فشاری بەدەستەوەیە و زیاتر دەیەوێت ئیهانەی بکات".

هەر بۆیەوە دەڵێت : "حەرامە ژن و پیاو بە تەنها لە ژوورێکدا دابنیشن بۆ ئەوەی ناموسی کچان و خوشکان پارێزراو بێت.

# دەقی قسەکانی چاوان سۆران وەرگیراوە

چاوان سۆران، هاوژینی نوێی د.عەبدوللەتیف ئەحمەد ناسراو بە د.عەبدوللەتیف سەلەفی، بۆ یەکەمجار بێدەنگی دەشکێنێ و لە نامەیەکدا کە تایبەت بۆ (ڕووداو)ی ناردووە، دەڵێت بە ویستی خۆی د.عەبدولەتیف سەلەفیی هەڵبژاردووە. سەبارەت بە جیابوونەوەشی لە مێردی پێشووی دەڵێت "سوێند دەخۆم بە خوای گەورە، خۆم کێشەم هەبووە لەگەڵ ئۆرڤان و ویستوومە جیاببمەوە لێی، نەک دکتۆر هۆکار بێت"، دواتر دەڵێت: هەموو دنیا لە لایەک دکتۆر لایەک!

ماوەی چەند ڕۆژێکە پەیوەندیی نێوان قوتابییەکی پەیمانگەی زانستە ئیسلامییەکان لە سلێمانی بە ناوی چاوان سۆران، لەگەڵ د.عەبدوللەتیف ئەحمەد، کە مامۆستایە لە هەمان پەیمانگە، بووەتە ڕۆژەڤی میدیای کوردی و لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا زۆرترین قسەی لەسەر کراوە. چەندین پەیامی دەنگیش لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاوکرانەوە کە دەگوترێ قسەی د.عەبدوللەتیفە بۆ چاوان. بەڵام ڕۆژی 2016/5/7 مامێکی چاوان بە ناوی سەربەست خەسرەو عارف، بۆ یەکەمجار ئاشکرایکرد کە چاوان شووی بە د.عەبدوللەتیف کردووە.

لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی هەواڵەکە چاوان لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ (ڕووداو) هەموو ئەو دەنگۆیانەی ڕەتکردبووەوە کە باسیان لە پەیوەندی ئەو لەگەڵ د.عەبدوللەتیف دەکرد و گوتی "ئەو قسانە ئەسڵ و ئەساسیان نییە و هەمووی پڕوپاگەندەن، د.عەبدوللەتیف دوژمنی زۆری هەیە و خەڵکێکی زۆر ڕقیان لێیەتی". هەروەها گوتیشی "هیچ پەیوەندییەکی خۆشەویستی لەنێوانماندا نەبووە و داوای هاوسەرگیریشی لێنەکردووم، تەنیا ئەوە بووە من خوێندکار بووم و ئەویش سەرپەرشتیاری توێژینەوەکەم بووە".

چاوان هەموو ئەو دەنگۆیانە ڕەتدەکاتەوە کە دەڵێن ماڵی باوکی سوڵحیان لەگەڵ د.عەبدوللەتیف کردووە و پارەیان وەرگرتووە و دەڵێت "هیچ بڕە ماددەیەک داوا نەکراوە و ئەو درۆ و بوهتانانەش کە دەکرێن گوایە دکتۆر کۆمەڵێک دوکانی داوە بە من، یاخود بۆ سوڵح دوورە لە ڕاستی".

# جیابوونەوەی چاوان

چاوان باسی هاوژینی پێشووی دەکات و دەڵێت رۆژی 2013/9/8 بووەتە خێزانی ئۆرڤان، بەڵام هەر لەوکاتەی دەستگیراندار بوون، کێشەیان هەبووە. چاوان دەڵێت "بۆیە ئەوکات لێی جیانەبوومەوە، چونکە: یەکەم، منداڵ بووم. دووەم: ترسی کۆمەڵگە و داب و نەریت و لۆمەی لۆمەکاران رێگرم بوو. هەر لە دەستگیرانیشدا دایکم پێیگوتم ناگونجێن و جیاببنەوە باشترە، باوکیشم دوای گواستنەوە بۆی پێشنیازکردم کە جیاببمەوە".

دواجار، وەک لە قسەکانی چاوان دەردەکەوێت، هەریەکە لە چاوان و هاوژینەکەی گەیشتوونەتە قەناعەت کە لێکجیاببنەوە. چاوان دەڵێت "هەردووکمان گەیشتینە ئەو قەناعەتەی جیابوونەوەمان باشترین چارەسەرە، زۆر بە تەبایی و هاوڕاییش دانیشتین و شایەتمان بانگکرد و بێ هیچ کێشەیەک لە 2016/1/1 جیابووینەوە".

چاوان باسی بنەماڵەکەی خۆیان دەکات و دەڵێت ئەوان لە بنەماڵەیەکی مامناوەندی شاری سلێمانین. باوکی ئەندامی حیزبی شیوعییە، بەڵام نوێژیش دەکات و عەمرەشی کردووە، دایکیشی ئافرەتێکی داپۆشراوە و نوێژ دەکات، خۆیشی تاوەکو قۆناغی شەشی ئامادەیی تەواوکرد سفوور بووە، دوای شووکردنیشی بە ئۆرڤان هەر "جلی ناشەرعی"ی لەبەربووە.

# بۆچی شووی بە د.عەبدوللەتیف کرد؟

چاوان لە نامەکەدا باسی هۆکاری شووکردنی بە د.عەبدوللەتیف دەکات و دەڵێت "دکتۆر بە شاهیدی گشت خوێندکارانی پەیمانگا نەک تەنیا هی ئەمساڵ، بەڵکو لە یەکەم ساڵەوە کە هاتووە بۆ پەیمانگا پلە یەکی بەدەستهێناوە لە هەڵسەنگاندنی (فیدباک feedback)ی خوێندکاران بۆ مامۆستایان، ئەمەش لەبەر دینەکەی و رەوشتبەرزییەکەی و زیرەکییەکەی و سەرکەوتنی لە وانەگوتنەوە و پەروەردەکردنی خوێندکاردا، منیش وەکو خوێندکارێکی پەیمانگا کۆمەڵێک سیفاتی باشم لە دکتۆردا بینی کە بوونە هۆکاری ئەوەی ئارەزوو بکەم هاوسەرگیری لەگەڵدا بکەم".

چاوان جیاوازیی تەمەنی لەگەڵ د.عەبدوللەتیف بە رێگر نەزانیوە لەوەی شووی پێبکات و دەڵێت "من کە ئافرەتێکی تەڵاقدراو بووم، دین و رەوشت و زیرەکیی دکتۆرم بەلاوە گرنگتر بوو لە هەڵبژاردنی گەنجێکی هەرزەکاری دین لاوازی بێ عیلم. هەر کەسێک کە تۆزێک ویژدان و عەقڵی هەبێت دەزانێت من دین و ئەخلاقم هەڵبژاردووە، ئەگینا من چاک دەمزانی دکتۆر تەمەنی لە من زیاترە و خاوەنی دوو خێزان و کۆمەڵێک منداڵە.

# کێ تاوانبارە گەورەکەیە؟!
# چاوان هێندەی قوربانییە، هێندە تاوانبار نییە!

ئەوانەی تاوانبارن لەو کەیسە هەموو تەمەن گەورەکانن بە پلە یەک عبداللەتیف سەلەفی ئینجا هەر کەسێکیتر لە خێزانی چاوان ئاگاداری ئەو کەین وبەینە بن، کە کچەکەیان فریو دەدرێت لەلایەن کابرایەکی دوو ژنە، بە زەبری پایە و پلە و پارە...

من چاوان بە ئافرەتێکی بەدڕەوشت نابینم، هێندەی بە قوربانی و فریودراو دەبینم. هەرچوندە ئەویش بێ تاوان نییە! تکام وایە کەس جوێن و قسەی ناشیاو ئاڕاستەی چاوان نەکات. چونکە من دەزانم ئەو کەسایەتیە گەورانەی بازرگانی دین، چۆن خەڵکی کەم تەمەن و ساویلکە و عاتیفی بە خۆیان سەرسام دەکەن! چونکە ئەوانە خۆشیان سەرسامی کەسانی تری لە خۆیان گەورەترن تا ڕادەی کۆیلایەتی.

بۆ نموونە ئەو وەلائ و ئیعجابەی عبداللەتیف سەلەفی هەیەتی بۆ شێخ بن باز و ڕەبیع مەدخەلی شتێکە لە سەرووی بۆچونکراودا! بەڵکو شەڕ لەگەڵ هاو پیشەکانی دەکات بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کامەیان زیاتر دڵسۆزی بن باز و ڕەبیعی مەدخەلی و پیاوە ناودارەکانی مەنهەجی سەلەفیەتن. ئەوانە ناتوانن هەڵسوکەوتێکی ئاسایی بکەن لەگەڵ سەرسامەکانیان، بەڵکو هەموو جۆرە فڕوفێڵی مادی و مەعنەوی بەکار دەهێنن بۆ فریودانی لایەنگیرانیان! هەموو هەوڵێک دەدەن بۆ خۆ بەگەورەکردن و پفدانی میزڵدانی کەسایەتییان، و بچووک کردنەوەی کەسایەتی سەرسامەکانیان.

ئافرەتێکی گەنج و منداڵ لەبەرامبەر کەسایەتی عبداللەتیف سەلەفی، زیاتر لە هۆیەکی هەیە بۆ ئەوەی فریوی پێ بخوات:

یەکەم: کەسایەتیەکە شەو و ڕۆژ لەسەر سکرینی تیڤی تایبەتی خۆی وەعز وئیرشاد دەکات، لەو ڕێگایەوە هەزاران خەڵکی ساویلکەی کورت بینی بە خۆی سەرسام کردوە، زۆرجار خەڵک هەیە وەک ڤایرۆس سەرسامی خەڵکیتری بۆ دەگوازرێتەوە، ئەوە دیاردەیەکی عەقڵی جەمعییە.

دووەم: کەسێکە ئەو پایە دینییەی لەگەڵ خۆی هێناوەتە ناو پەیمانگاکە، توانیەتی وەبەری بهێنێت لە تەعامولی لەگەڵ قوتابیەکان.

سێیەم: چونکە عبداللەتیف سەلەفی کەسێکە ئەجیندایەکی دەرەکی سعوودی جێبەجێ دەکات و هەوڵی بە سەلەفی کردنی کۆمەڵگای کوردی دەدات، پارەیەکی زۆری خراوەتە ژێر دەستی، بێگومان دەتوانین بڵێین دەوڵەمەندە، چونکە کەس بە دوو ژن و ١١ منداڵەوە بە تەمای مووچەی پەیمانگا نییە، بەڵکو پەیمانگا ئامرازێکی دەعەویە بۆی بۆ بڵاوکردنەوەی سەلەفیەتی مەدخەلی ئاشت و تەبا لەگەڵ دەسەڵاتی گەندەڵی خێڵەکی ئایندە کوێر.

ئەگەر حەسەن بەنا بەو هەموو ئیدیعایەی میانڕەویەدا، وەک علی عەشماوی سەرکردەی تەنزیمی خاسی چەکداری ئیخوان دەڵێت: زۆر سەرسام بوو بە کاریزما و ڕەفتاری حسن صباح ی حەشاشەکان لەگەڵ پیاوکوژەکانی و گوێڕایەڵیان، کە جارێکیان بە دوو سێ یەکیان دەڵێت: خۆتان لەو چیایە هەڵدەن، و خۆیان هەڵدەدەن و دەمرن! لە هەوڵی دروستکردنی هەمان مۆدێل بوو! چی لەو سەلەفیانە چاوەڕێ دەکرێت بەرامبەر سەرسامەکانیان؟!

ئینجا ئەگەر بزانین ژیانی ماددی ئۆرڤان و چاوان لە ئاستێکی نزمتر لە مام ناوەندی دابووە، ئاستی ماددی عەبدللەتیف سەلەفیش لە سایەی سپۆنسەرانی جەهل و توندڕەوی دەرەوە و ناوەوە زۆر بەرزە، ئەو هۆکارێکە بۆ فریوخواردنی زۆر کچ، بەتایبەتی کچانمان کەم لەو بوارەوە پەروەردە دەکرێن کە گوێ بە خۆشەویستی و ناوەرۆک بدەن زیاتر لە پارە وپول!

ئینجا چاوان لە ژێر کاریگەری سەرسامی بۆ کاریزمایەکی سەلەفی وا ناودار و دەموچاوێکی تەلەفزیۆنی و مامۆستای خۆیی و کاریگەری زانایەکی دینی سەلەفی بە تۆن ئەحادیس و ئایات و پەندی عەرەبی لە دەمی دەردەچێت، لە بەراوردا لەگەڵ ئۆرڤانێکی کوڕە گەنجێکی ئاسایی و فەرمانبەرێکی ئاسایی و بەبێ هالەی میدیایی و یەک حەدیسیشی لەوانەیە لەبەر نە بوو بێت، بۆ کچێکی ڤایرۆسکراو بە سەلەفیەت بێ گومان تای تەرازووی بەلای عەبدللەتیف سەلەفی دادەشکێتەوە.

بەڵام کێ هاندەری ئەوە بوو چاوان لەو خەونە مادی و مەعنەویانەی بڕ بکات، لە جیاتی بگەڕێتەوە بۆ ژیانی پڕ لە خۆشەویستی خۆی و مێردەکەی؟!

کە چاوان دەبینێت مامۆستایەکی وا ناودار و لای ئەوی تازە سەلەفی هێندە گەورە چاوی لێ دەبڕێت و بایەخی پی دەدات، ئینجا هانی دەدات بۆ زووتر جیا بوونەوە لە مێردەکەی لە جیاتی وەک کوڕ و کچی خۆی لێیان بڕوانێت، ونێوانیان چاککاتەوە، کە سکاڵای خۆیان بردیتە لای ئەو! ئینجا وەعدی زەواجی پی دەدات پاش جیابوونەوە، چۆن هەموو کچێک بەرگەی ئەو ئیغرائاتە دەگرێت؟!

من ڕێژەی ٩٠% ئەو تاوانە دەخەمە ئەستۆی عەبدللەتیف سەلەفی، کە هەموو توانا و هێزی مادی و مەعنەوی و پایە و بەلاغی و ڕەوانبێژی خۆی خستۆتە کار بۆ فریودانی چاوان، ئەو باقیەی تریش دەخەمە ئەستۆی چاوان و هەر یەکێک لە کەسووکاری کە پێیان زانیبێت.

بەڵام چاوان هەڵەشی کردبیت، هەڵەکەی بێ وەفایی بوونە بەرامبەر مێردەکەی، بەڵام هەڵەکەی عەبدللەتیف سەلەفی بە پێی حەدیسەکانی پێغەمبەر دەگاتە ڕادەی لە دین دەرچوون ئەگەر ئافرەتێک هەڵبگێڕیتەوە لە مێردی، ئیبن تەیمیە دەڵێت ئەو کەسەی وا دەکات یانی ژنێک لە مێردی هەڵدەگێڕێنێتەوە بۆ خۆی، نوێژکردنیش لە پشتی جائیز نییە!

محەمەد هەریری

٢٠١٦/٥/١١

# بەوێنە.. کۆمەڵێک نامەی نوێی چاوان بڵاودەبێتەوە

خاڵی ئۆرڤان لە نوسینێکی نوێیدا بۆ یەکەمجار چەند نامەیەکی چاوان هاوسەری سێیەمی عەبدوللەتیف ئەحمەد (سەلەفی) بڵاودەکاتەوە کە تێیدا دەردەکەوێت چاوان چەند پەلەی بووە لە ئۆرڤان جیاببێتەوە.

ئاسۆ خالید، چەند بەڵگەنامەیەکی نوێی ئاشکراکردووە کە چاوان زۆر هەوڵیداوە کە بە زووی لە ئۆرڤان جیاببێتەوە و ئەویش چەند شتێک بیری چاوان دەهێنێتەوە.

ئاسۆ دەڵێت "ئەی تۆ نەتووت خاڵە گیان من و ئۆرڤان جیابینەوە من جنۆکەمە لەگەڵدایەو نایەڵن من و ئۆرڤان بەئاسودەیی پێکەوە بژین، ئەی دواتر نەت ووت من ناتوانم ماڵداری بکەم، پاشان ووتت هێشتا من کاتی شوکردنم نەبوو، گەر جیاشببینەوە تا پێنج ساڵی تر شوو ناکەمەوە"

هەروەها دەڵێت"ئەی نەت ووت هەرگیز کەسێکی باشترم لەئۆرڤان دەست ناکەوێت بەراستی ئەو زۆر باش بووە بێ دڵی منی نەکردووە شایستەی باشترین ئافرەتە، بە بەبۆنەی منەوە توشی کێشە نەبێت من جنۆکەم لەگەڵدایە"

پێشتر سپی بڵاویکردبووەوە کە چاوان چەند جارێک تۆراوە و بۆ یەکەمجاریش خاڵی ئۆرڤان ئەو هەواڵە پشتڕاست دەکاتەوە و دەڵێت "ئاگادارم سێ چوار جار تۆراویت و ئاسودە نیت"

ئاسۆ خالید لەپۆستێکی تردا بەمەبەستی ڕونکردنەوەی زیاتر چەندین نامەی چاوان بڵاودەکاتەوە کە بەمەبەستی زیاتر تیشکخستنە سەر ئەوەی کە چاوان چۆن ویستوویەتی بەپەلە جیابێتەوەو دواتریش ئۆرڤان لەرۆژی 2016/5/3 کاتێک لێک جیابوونەتەوەو وتوویەتی "مەنجەڵ بۆ سەرقاپی خۆی دەگەڕێت و ماڵی قەڵپ سەر بە ساحێبێتی."

پێشتر سپی بڵاویکردبووەوە لەماوەی ڕابردوودا پەیوەندی نێوان چاوان عەبدوللەتیف سەلەفی هاوسەری تێکدەچێت و بۆ ماوەیەک چاوان دەتۆرێت.

سەرچاوەیەکی ئاگادار بە سپی میدیا ڕاگەیاندبوو لە ماوەی ڕابردوودا چاوان تۆراوە و ماڵی عەبدوللەتیف سەلەفی جێهێشتووە، بەڵام لە ئێستادا گەڕاوەتەوە لای هاوسەرەکەی.

سەرچاوەکە وتیشی کە عەبدوللەتیف ئەحمەد سەرزەنشتی چاوانی کردووە لەسەر ئەوەی کە وتووەیتی "هەموو ئەو شتانەی بەسەرم هاتن بەهۆی تۆوە بووە".

ئاشکرا بوونی پەیوەندی عەبدوللەتیف ئەحمەد لەگەڵ کچە خوێندکارێکی خۆیدا و دواتر هاوسەرگیری کردنیان، کە بووە هاوسەری سێیەمی عەبدوللەتیف کاردانەوەی جیاوازی لێکەوتەوە.

عەبدوللەتیف ئەحمەد موستەفایە، لە ساڵی ١٩٦٩ لەدایکبووە، لە پاش تەواو کردنی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی ئامادەیی لە بەشی عەرەبی لە زانکۆی موستەنسریە لە شاری بەغدا وەرگیراوە، و هەموو قۆناغەکانی خوێندنی بە سەرکەوتووی بڕیوە. پاشان لە دوای تەواو کردنی خوێندنی زانکۆ لە ساڵی ١٩٩٢ بە پیشەی مامۆستا لە دوا ناوەندی چوارقوڕنە دادەمەزرێت، پاش ماوەیەک وڵات بەجێ دەهێڵێت و سەردانی کۆمەڵێک لە وڵاتانی ئیسلامی دەکات بۆ خوێندن و فێربوونی زانستی شەرعی.

د.عەبدوللەتیف ئەحمەد ناسراو بە (عەبدوللەتیف سەلەفی) مامۆستای پەیمانگەی زانستی ئیسلامی لەسلێمانی و خاوەنی کەناڵی ئاسمانی (ئامۆژگاری) کە بانگخوازو وتاربێژێکی سەلەفییە، وەک بانگخوازو ڕێبەری سەلەفییەکان لەکوردستان ناسراوە، ناوبراو لەگەڵ ژنە خوێندکارێکیدا لەپەیمانگاکە بەناوی (چاوان) پەیوەندی سۆزداری لەنێوانیاندا دروست دەبێت و دواجار دەبێتە هاوسەری، ئەویش دوای جیابوونەوەی چاوان لەهاوسەری یەکەمی بەناوی (ئۆرڤان).

لە دوای چاوپێکەوتنیدا چاوان هاوسەری نوێی عەبدوللەیف سەلەفی باس لەوە دەکات هەواڵی جیابوونەوەیان دوورە لە ڕاستییەوە و ئەو دەنگۆیانە زۆر دورن لەڕاستییەوە من و د.عەبدوللەتیف زۆر یەکتریمان خۆشدەوێت، چجای ئەوەی من جیاببمەوە لێی، ئەوە تەنها درۆیەو بۆمان هەڵدەبەسترێت.

چاوان سۆران کە خوێندکاری عەبدوللەتیف سەلەفی بوو ئێستا بووە بە هاوسەری سێیەمی دوای هاوسەرگیرییەکەی بۆ یەکەمجار بۆ ڕاگەیاندنەکان دواو سەبارەت بە پەیوەندیی خۆی و هاوسەرکانی دیکەی عەبدوللەتیف سەلەفی ڕایگەیاند: هیچ کێشەمان نییەو وەک خوشک واین لەگەڵ یەکترو زۆر یەکمان خۆشدەوێت، زۆر رەحممان هەیە لەسەر یەکتری، هەرچەندە پێشتر وەکو هەموو ئافرەتێکی تر منیش پێم سەیر بوو دەموت باشە چۆن دوو ژن دەتوانن لەیەک ماڵدا پێکەوە بژین، بەڵام ئێستا ئەو بۆچونەم نییەو زۆر خۆشم دەوێن و ئەوانیش بە هەمان شێوە بۆ من وان.

سەبارەت بەوەی کوردستان جێبهێڵن دەڵێت ": ئێستا پلانمان نییە، بەڵام ئەگەر لەداهاتوودا بۆمان بگونجێت، بەڵێ سەفەر دەکەین، بەڵام تائێستا ئەو بابەتەمان بەجدی باس نەکردووە.

چاوان سۆران لەبەشێکی تری قسەکانیدا نەیشاردەوە ئەو تەنها بۆ سەردان دەچێتە ماڵی باوکی و سەبارەت بەژیانیشی وتی: ئەوەندە ئاسودەم و دڵخۆشم هەر کەس ئێمەی ببینیێت و سەردانی من و د.عەبدوللەتیفی کردبێت، دەزانێت چەند یەکتریمان خۆش دەوێت و چۆن رێزی یەکتر دەگرین"[8]

[8] PM:02:55:18/08/2016
http://speemedia.com/dreja.aspx?=hewal&jmare=36300&Jor=1

# خالّی ئۆرڤان: ئەگەر عەبە زیناکار

## هەموو هەفتەیەکیش سەردانی کەعبە بکات...

ئاسۆ خالید خالّی ئۆرڤان ئاراس باس لە گەرانەوەی عەبە ژن دز دەکات لە حەج و بە زیناکارو فاسق و فاجر ناوی دەبات.

دەقی نوسینەکەی ئاسۆ خالید:

دوێنێ (9/18) عه به مشتاق له فڕۆکه که خانه ی هه ولێر پێی گلاوی نایه وه خاکی پیرۆزی کوردستان .له سه زمانی یه کێک له کۆیله کانی پاش به خیر هاتنه وه یَ به چاوی خۆتان ببینن که چون باس له وه ده کات که ئاغاکه یان چوه ته مه که داوای لێ خۆش بون له خوا کرده وه که له گوناحه کانی عه به ژن دزی زینا کار خۆش ببێت.

ئه م کۆیلانه ی عه به هه رله سه ره تاوه حاشایان له کرده وه ناشیرین قێزونه کانی عه به فاسق فاجر درۆزن ده کرد . ئه م گروپه هاوتایان نیه له درۆو بوختان خیانتکاری و..............،...هتد)

هه مو موسڵمانێک ده زانێت خوا له زورێک یابه شێک له تاوان خوش ده بێت .به ڵام هه رگیز ئه و مأفه ی به خوی نه داوه به خۆی له بری ئه وانه خوشبێت که سته میان له که سێک کردبێت که پێی ده ڵین (حق الناس ) مافی خه ڵکی .

خواده یکرد عه به زیناکار هه موو هه فته یک سه ردانی که عبه بکات .وه شه و ڕۆژ له سوجده یابێت به هیچ ناچێت ئه مه ش ڕاستێکی تری( دوو ڕووی) ئه م تاقمه وئاغاکه یان پیشان ئه دات واتا (نفاق) یه م گروپه ن که خوای گه وره خۆی باسیان ده کات ده فه رمێت که سانێک هه ن واده زانن خواو خه ڵکی ده خه ڵه تێنن نازانن که ته نها خۆیان فریو ده ده ن خۆیان ده خه ڵتێنن

# بسم الله الرحمن الرحيم

(يخادعون الله والذين آمنوا وما يخدعون إلا أنفسهم وما يشعرون) وه ک به ڵگیک پاش گه ڕانه وه ی عه به مشتاق .ئورڤان به کۆمینتک له پۆستی ئه و کۆیله دا بۆیان ده نوو سێت من هه رگیز له عه به ژن دز خۆش نابم چونکه مافم لایه تی سته می لێ کردوم ماڵی وێران کردووم .............

وەک ئامۆژگاریک بۆ عه به دوو ڕوی داوێن پیس بیر له وه نه کات ج ٲرێکی تر بچێته وه سه رمنبه ر با زیاتر به رنه فرتی خواو خه ڵکی نه که وێت .وه ئامۆژگ ٲریشم بۆ ئه و گروپه چه ندکه سیه یاکۆیلانه که هێشتا له پشت عه به وه نوێژ ده که ن خۆتان قوتارکه ن بیرله وه بکه نه وه خواله خۆتان رازی که ن نه ک داوێن پیسسێکی زیناکار...

23/9/2016 05:06 PM

# ئاسۆ خالید خاڵی ئۆرڤان
# هەڕەشەی بڵاوبنەوەی گرتەیەکی ڤیدیۆیی دەکات

کە وەک دەڵێت :تیایدا باوکی چاوان ، عەبدوللەتیف سەلەفی بە داوێن پیس ناودەبات.

دوای ئەوەی چاوان هاوسەری ئێستای عەبدوللەتیف سەلەفی لەلێدوانێکیدا ئەو دەنگۆیانەی بەدرۆ خستەوە کە گوایە دەیەوێت جیاببنەوە بەڕادیۆی نەوای راگەیاند ئەو دەنگۆیانە زۆر دورن لەڕاستییەوە من و د.عەبدوللەتیف زۆر یەکتریمان خۆشدەوێت، چجای ئەوەی من جیاببمەوە لێی، ئەوە تەنها درۆیەو بۆمان هەڵدەبەسترێت.

سەبارەت بەوەی ئایا ئێستا لەگەڵ خێزانەکانی تری د.عەبدوللەتیف سەلەفی نێوانیان چۆنە؟ چاوان سۆران وتی: هیچ کێشەمان نییەو وەک خوشک واین لەگەڵ یەکترو زۆر یەکمان خۆشدەوێت، زۆر رەحممان هەیە لەسەر یەکتری، هەرچەندە پێشتر وەکو هەموو ئافرەتێکی تر منیش پێم سەیر بوو دەموت باشە چۆن دوو ژن دەتوانن لەیەک ماڵدا پێکەوە بژین، بەڵام ئێستا ئەو بۆچونەم نییەو زۆر خۆشم دەوێن و ئەوانیش بە هەمان شێوە بۆ من وان.

هەر لەسەر هەمان ئەو دەنگۆیانە باوکی چاوان (سۆران) وتی: چاوانی کچم و زاواکەم زۆر بێ کێشەن و زۆر یەکتریان خۆشدەوێت، ئەو دەنگۆیانەش کە دەکرێن کەسێکی نزیکی خۆمانن بڵاویدەکەنەوە، چونکە ئەو کەسە نزیکەم ئیسلامین و رقیان لە د.عەبدوللەتیف سەلەفییە.

لەبەرامبەر ئەمەدا خاڵی ئۆرڤان (ئاسۆ خالید) هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی گرتەیەکی ڤیدیۆیی دەکات کە تیایدا لەدانیشتنێکدا کە تایبەت بەکێشەی جیابوونەوەی چاوان و ئۆرڤان تۆمارکراوە.

ئاسۆ خالید دەڵێت: درۆکانی (چاوان ) و (سۆران) باوکی پێیویست بە ڕاستکردنە وە دەکات و من تە نها چە چەند قسەیەکیان بیر دەهێنمەوە ئەوانەی تر بۆ داهاتوو".
لەوبارەیەوە ئاسۆ خالید چەند وێنەیەکی بڵاوکردۆتەوەو لەگەڵیدا نوسیویەتی لەم وێنانەدا سەیری سۆران باوکی چاوان بکەن لەچ بارێکی دەرونی خراپدایەو لەماڵی باوکای چاوان دانیشتووەو تورەیی هەناسەی لێبڕیوە.

هەروەها نوسیویەتی "سۆران نەتووت من ژن نادەم بەکەسێک واتە (عەبە) لەچوارقورنە لەسەر داوین پیسی دەرکراوە".
هەروەها نوسیویتی "نەتووت چۆن کچم دەدەم بەکەسێک هاوتەمەنی خۆم بێت و دوو ژنی هەبێت، نەتووت چۆن کچ دەدەم بەکەسێک کە کچەکەمی لەخشتە بردووەو هەڵی خەڵەتاندووە".

بەپێی قسەکانی ئاسۆ خالید، ئەم قسانەی ناوبراو لەکاتێکدا کراوە کە رۆژی 2016/4/23 چاوەڕوانی ئەوەبوون کە برایەکی عەبدولەتیف سەلەفی بێت سوڵحی عەشایری بکەن.

هەروەها نوسیویەتی"هەمان شەو نەتووت ئەگەر چاوان ئەو کارە بکات من حاشای لێدەکەم"
هەروەها نوسیویەتی "کۆی ئەم دانیشتنە دوو سەعاتی خایاندووەو تەسویرمان لایە".
ئاسۆ خالید وەڵامی قسەکانی چاوانیش دەداتەوەو دەڵێت کاتێک رۆژی 2016/6/1 من و ئۆرڤان و هاتین بۆ ماڵتان بەئامادەبوونی دایکت "چاوان خۆ چاکت بیرە کاتێک پێکەوە دوو بەدوو قسەمان کرد و ئامۆژگاریم کردیت کە هەموو ژن و مێردێک هەڵە دەکەن و کێشەیان دەبێت، دەتوانن سەر لەنوێ دەستپێبکەنەوە".

ئاسۆ خالید روو دەکاتە چاوان و دەڵێت"ئەی تۆ نەتووت خاڵە گیان من و ئۆرڤان جیابینەوە من جنۆکەمە لەگەڵدایەو نایەڵن من و ئۆرڤان بەئاسودەیی پێکەوە بژین، ئەی دواتر نەت ووت من ناتوانم ماڵداری بکەم، پاشان ووتت هێشتا من کاتی شوکردنم نەبوو، گەر جیاشببینەوە تا پێنج ساڵی تر شوو ناکەمەوە"

ئاماژەی بۆئەوەیشکردوە"ئەی نەت ووت هەرگیز کەسێکی باشترم لەئۆرڤان دەست ناکەوێت بەراستی ئەو زۆر باش بووە بێ دڵی منی نەکردووە شایستەی باشترین ئافرەتە، بە بەبۆنەی منەوە توشی کێشە نەبێت من جنۆکەم لەگەڵدایە"

ئاسۆ خالید وەڵامی چاوان دەداتەوە کاتێک لە لێدوانەکەدا ووتبووی ئاسودەم"ئاگادارم سێ چوار جار تۆراویت و ئاسودە نیت".

ئاسۆ خالید لەپۆستێکی تردا بەمەبەستی ڕونکردنەوەی زیاتر چەندین نامەی چاوان بڵاودەکاتەوە کە بەمەبەستی زیاتر تیشکخستنە سەر ئەوەی کە چاوان چۆن ویستوویەتی بەپەلە جیابێتەوەو دواتریش ئۆرڤان لەرۆژی 2016/5/3 کاتێک لێک جیابوونەتەوەو وتوویەتی "مەنجەڵ بۆ سەرقاپی خۆی دەگەڕێت و ماڵی قەڵپ سەر بە ساحێبێتی".

PM:04:26---18-08-2016

لڤین

# بەشی پێنجەم

# ڕوونکردنەوە چەواشەکارەکانی عەبدوللەتیف

## دەروازەیەک

لە کاتی ئاشکرابوونی کێشەکەدا لە جیاتی ئەوەی مەلا لەتیف خۆی لە لێدوان بپارێزێت، چونکە هەر وتەیەکی دەبووە بەڵگە لەسەری و هەر نکوڵییەکی دەبووە درۆیەک کە دوایی بە ناچاری دەبووایە دانیان پیادا بنێت، بۆ نمونە لە ڕونکردنەوەک گووتی:

وە سەبارەت بە تۆماری دەنگی کە بڵاو دەکرێتەوە؛ دوو وەڵامم هەیە:

١- لەسەر دەمی پێش کەوتن و تەکنەلۆژیا - بە تایبەت لای کەسانی ژیر- ئەمە شتێکی زۆر روون و ئاشکرایە کە بوواری دەستکاری کردن و شێواندنی زۆر تێدایە. [خوا خێری هەڵکەوت زاهیری سەماچی نەنووسێ!]

٢- لە ئایندەدا - إن شاءالله - ڕاستیەکان دەر دەکەون، وە هەموو لایەک دڵنیا دەکەمەوە کە هیچ جۆرە پەیوەندیەکی (ناشەرعی) لە ئارادا نیە.

دوایی هەر خۆی بە ناچاری دانی پێدا هێنا و گووتی ئەو تۆمارە دەنگییانە هی دوای مارەبڕینن! شەهاب ئەحمەدی دەسەڕاستیشی گوتی "هەندێک لەو دەنگانە هی دوای مارەبڕینە. هەندێکیشیان شێوێندراون و وەک ئەوەی خۆیان ویستوویانە بڵاویان کردووەتەوە."! بەڵام هەر لە خودی تۆمارە دەنگییەکان دەردەکەوێ کە هی پێش مارەیی و تەڵاقی ئافرەتەکەیە لە مێردی یەکەمی!

عەبدولەتیف لەجیاتی بیَ دەنگی بە پێچەوانەوە وتار لەسەر وتاری دەدا لە مزگەوتەکەیەوە، لەبەر بڵاوبوونەوەی سکاندالەکەش مزگەوتەکەی قەرەباڵغتر دەبوو، سەلەفییەکان وەک پیشەی هەمیشەیان لە دەمارگرژیان بۆ شێخەکانیان، جەوێکی وایان دروست کردبوو دەتگۆت پشتگیری لە بەرائەتی حەزرەتی یوسف دەکەن لەگەڵ ژنی عەزیزی میسر! یان تیایاندا بوو زۆر نەزانانە بە ڕوداوی یان حادیسەی الافک ی حەزرەتی عائیشەی دەشوبهاند، کە کاتی خۆی لە یەکیَ لە غەزاکان لە لەشکر دابڕا و سەحابەیەکی گەنج هێنایەوە و تۆمەتی کاری خراپیان درایە پاڵ! هەر بەو بۆنەوە هاوڕێیەک نوسینە تەنزێکی زۆر خۆشی نووسیبوو لەسەر ئەو لێکچواندنە عەبدولەتیف و دایکی موسڵمانان عائیشە، لەو کتێبە دەیخوێننەوە.

ئەو پیاوە دەیان ئایەت و حەدیسی بەکاردەهێنا بۆ بەرگری کردن لە خۆی و چەواشەکردنی لایەنگرانی بۆ نموونە لە وتارێکی دەڵێت:

"خوای گەورە دەفەرمووێت: لولا إذ سمعتموه ظن المؤمنون والمؤمنات بأنفسهم خيرا وقالوا هذا إفک مبين

واتە :بۆچ کاتیَ ئێوە ئەو دەنگۆو تۆمەتەتان بیست پیاوان و ژنانی بڕوادار گومانی چاکیان بە یەکتر نەبرد، ونەیان گوت: ئاشکرایە ئەمە بوختان و درۆیەکی زل و روونە.

## برایان و خوشکان، السلام علیکم ورحمة الله وبرکاته...

ئەوەی کە دەگوزەرێت لەم چەند رۆژەدا لە بڵاو کردنەوەی نوسین و تۆماری دەنگی و ئەم جۆرە بابەتانە، شتێکی نامۆ نیە وە نمونەی لە مێژودا چەندین جار دەرحەق بە کەسانی خەمخۆر وهەڵگری پەیامی خوایی دووبارە بۆتەوە وە ئامانجیش لەم جۆرە بابەتانە و هاوشێوەکانی ناشرین کردنی ئەم پەیامە پیرۆزەیە پێش هەموو شتێک و پاشان هەڵگرانی."

جا وەرە کاورای سەلەفی بەو هەموو ئایەت وقسە عاتیفییانەی وەک [مێژووی کەسانی خەمخۆر وهەڵگری پەیامی خوایی] فریو نەخوات! وەرە عەبدولەتیف سەلەفی لێ نەبێتە قوربانیەکی گوناهتر لە ئەحمەدی کوڕی حەنبەل و بەریئتر لە حەزرەتی یوسف!

یان دەیەوێ بە لایەنگرانی بڵێ کە موئامەرەیەکی کەونی لەسەرە و داوای لێکراوە کوردستان بەجێ بهێڵێ! و دەڵێ:

"داوام لێکراوە کوردستان بەجێبهێڵم، وادەزانن موڵکی باوکیانە، پێیان وتوم ئەگەر واز نەهێنی شتی دیکەشمان ئامادەیە لەسەرت بڵاوی بکەینەوە".

یانی نکوڵی لە هەموو ڕووداوەکە دەکات، و بە لایەنگرانی دەڵێت من لەسەر دین و گەیاندنی پەیامی دینی وام لێدەکەن!

من لەو کێشەیە بۆم دەرکەوت کە گروپی ئیمانداری دینی هێندە دەمارگرژن بۆ هێماکانیان ئامادەن چاوەکانیان بەدرۆ بخەنەوە و مێشکیان ئیلغا کەن و گوومان لە بیستنیان بکەن لەبەر دەمارگرژیان!

ئینجا بۆم دەرکەوت کە ئەوانەی رابەری دینین چ چەواشەکاریەک دەکەن بە دەقی پیرۆز و چۆن بۆخۆیانیان دەخەنە گەڕ، بۆ ئەوەی لایەنگرانیان زیاتر چەواشە بکەن!

## بە کورتی ستراتیژیەتی عەبدوڵڵەتیف لە نکوڵیی سکاندەڵەکە تا دانپێداهێنان لەو خالانە دەردەکەوتن:

-ئینکاری تەواو- خۆ چواندن بە میحنەتی پێغەمبەران- هەڵمەتی میدیای دەسەلات و فەیسبوک لە بەرژەوەندی شێخی سەلەفیدا.

-خۆنیشاندان وەک قوربانی دەعوەت [دەیانەوێ دەرمکەن لە کوردستان!]

-ناردنی خەڵکیتر بۆ چاوپێکەوتنەکان وەک شەهاب، خالیدی برای! دانهێنانی شەهاب بە تۆمارە ڤیدیۆکان.

-بەناچاری دانهێنانی لەتیف بە تۆمارە دەنگەکان بە بیانووی پاش مارەیی! دەنگی باوکی یان مامی چاوان کە لەتیف ڕیسوا دەکات بە تێکدانی پەیوەندی کچ و زاواکەی!

سەرەڕای نکولی ودرۆ و چەواشەکاری عەبدوللەتیف و شوێنکەوتوانی، دەنگەکان دەیسەلمێنن کە پێش مارەیی قسەیان کردوە نەک دوای چونکە پیلان دەکەن بۆ ڕاکردن و سەپاندنی بڕیارەکانیان! ڤیدیۆکەی باوکی ژنەکەش دەیسەلمێنێ کە عەبدوللەتیف کچەکەی فریو داوە!

# رووخسار و دەستەکانی د. عەبدوللەتیف چی دەڵێن؟

لەنیا جەمال *

رووخساری مرۆڤ زۆرجار دەبێتە پەنجەرەیەک تاوەکو لەڕێگەیەوە بڕوانین و ئەو نهێنیانەی پێیببینین کە نەخوازراوە بگوترێت، یان نەتوانراوە گوزارشتییان لێبکرێن و بخرێنە چوارچێوەی وشە و رستەوە.

رووخساری د. عەبدوللەتیف ئەحمەد لەکاتی ڤیدیۆی روونکردنەوەکەی کۆمەڵێک مەسیج و سیگناڵی ناخودئاگای نارد بۆ ئێمەی بینەران. کە تێیدا زۆر لەو پەیامانەی خستەڕوو، وەک ئەو بۆچوونانەی لە هەستیدایە، نەک ئەوانەی بە زار ئاماژەی پێدەدات.



## چاوەکانی :

نیگای چاوەکانی بێزار و شەرمن بوون، لە هەندێک کاتدا خۆی لەبەرکەوتنی چاو بەدووردەگرت و، لەخوارەوەی دەڕوانی و نیگایەکی پچڕاوی هەبوو، ئەمەش وایدەکرد گومان لەڕاستیی هزر و لەبەهێزی هەڵوێستەکەیدا هەبێت .

## برۆکانی :

بەرزکردنەوەی برۆکانی و پەیدابوونی خەت لەنێو چاوانیدا نیشانەی تورەیی بوون لەبەشێک لە دەربڕینەکانیدا .



## ناوچەوانی:

دەستبردن و خوراندنی یەک لای ناوچەوانی، بەدوای ئەوەدا یەکسەر پەنجەدانان لەسەر دەم و لێوی، هێما بوو بۆئەوەی ئاسوودەنەبوو لەگوتنی قسەکانی .




## جوڵاندنی سەری بە شێوەی ( نا ـ نەخێر ):

لەو کاتەدا کە گوتی "ئەوان بۆ خۆیان کێشەیان هەبووە"، گەر خۆی هاوڕابووایە لەگەڵ قسەکەی خۆی، دەبوو لەکاتی ئەو قسەیەدا سەری بەئاماژەی "بەڵێ" بجوڵێنێت بۆ پشتڕاستکردنەوە و جەختکردنەوە.

دەستەکانی:

هەندێک کات پەنجەکانی لەناو یەکدی دەنا، دەست و پەنجە گوشین هەبوو، کە هێمایە بۆ پشێویی، بێ ئۆقرەی و قەلەقی .

پەنجەکانی :

پەنجەی گەورە و پەنجەی شایەتمانی دەهێنایەوە یەک. وەک ئەوەی لە وێنەکەدا دەردەکەوێت، بۆ پیشاندانی بچووکی قەبارە و حەجمی گرفتەکە، دەیخواست قەبارەی گرفتەکە زۆر بچووک پیشانبدات و وێنایبکات بۆ هەمووان.

ئەوەی نووسیوومە، خوێندنەوەیەکی خێرا بوو بۆ زمانی جەستەی دکتۆر و لێدوانەکەی، هەرچەندە ئەم ڤیدیۆیە تۆمارکراوبوو، کاری مۆنتاژ و هەڵەبڕی و پێکەوەلکاندنی لە چەند جێگەیەک بۆ کرابوو، واتە لە فلتەر درابوو. قسەکانی دکتۆر لە بەرامبەر بێژەرێک نەبوو تاوەکو وردتر بزانێن کاردانەوەی قسە و تۆنی دەنگ و زمانی جەستەی چۆنە لەکاتێکدا کەسی بەرامبەر پرسیاری ئاراستە بکات، بەو هۆکارەی تۆمارکراوی بەردەم کامێرایەک بوو قسەکان زیاتر لەسەر یەک ریتم بوون تاوەکو کۆتایی.

لەلایەن رووداو 13/5/2016

*ماستەر لە زمانی جەستە

# چەواشەکاری و فریودانی کاهینانە!

وای برارۆ لەو روو قایمە دەڵێی لەسەر خەباتی کوردایەتی دەرکراوە لە مزگەوت و وتار و دەرس!
دەڵێت" :چونکە ئێمە ئەوە بە بەخششێک دەزانین و دڵنیاشین کە لە دوای ناخۆشی سەدان دەرگای تری خۆشی بەرەو رووومان دەکرێتەوە ان شاء الله!!!!."
دیارە خوا پاداشتی خراپە و خیانەت کردن بە خێرو خۆشی دەداتەوە؟!
ئێوە بهێننە پێش چاوتان کەسێکی سەلەفی وا کەللەڕەق و ڕووقایم حوکمی کوردستان بکات؟!
ئەوە چۆن پی لە هەڵەی خۆی دەنێت؟! ئەوە لە ڕۆژی یەکەمەوە هەزاران ئایەت وحەدیسی بەکار هێناوە بۆ پاکانەکردن بۆ خۆی و شاردنەوەی تاوانەکەی!
ئێستا دەزانم چۆنئەو هەموو زیادەڕەویە لە احمدی کوڕی حەنبەلە وە کراوە، بە دە دوازدە قامچی لێیان کردینە قارەمانی خۆڕاگری مێژوو!

هەتا گوتیان احمد لە ابوبکری سدیق گەورەترە بۆ پاراستنی ئیسلام!!!
ئەخر ئێوەی سەلەفی کاهینەکەتان بە ماچ و باوەش و گریان بەڕێبکەن کە لەسەر مێبازی دەرکراوە، چۆن احمدی کوڕی حەنبەل وا گەورە ناکەن؟!

دوور نییە بنوسن لە مێژوودا کە لە مانگی مەی ٢٠١٦ عبداللطیف ئیمامی گەورەی سەلەفیەت لە کارەکانی لە مزگەوت و پەیمانگا دوورخرایەوە بە دەسیسەی مولحیدان و بیدعەچیان و ڕافیزیەکان!!!

ئەوانە غیرەتیان. بۆ شەڕەفیش ناجوڵێت!!!
دەک غیرەتتان سەگ بیخوا.
دەبا فاروق ڕەفیق یان من ژنێکی سەلەفیم لە خشتە بردبا و جیامکردبایەوە بزانە چۆن تەپڵیان بۆ لێ دەداین!!!

محەمەد هەریری
٢٠١٦/٤/٢٦

# نوێترین هەڵوێستی د. عەبدوللەتیف لەسەر تۆمارە دەنگییەکە

عەبدوللەتیف ئەحمەد سەلەفی یەکێک لە ڕابەرانی سەلەفییەکانی کوردستان هەڵوێستی خۆی لەسەر بڵاوکردنەوەی نوسین و تۆمارە دەنگییەکەی ئەم ڕۆژانەی ڕابردوو ئاشکرا کرد و ڕایگەیاند، ئامانج لەو بابەتانە ناشیرینکردنی هەڵگرانی پەیامی پیرۆزی ئیسلامە.

د.عەبدوللەتیف ئەحمەد کە خاوەنی کەناڵی ئامۆژگاری و یەکێکە لە ڕابەرانی سەلەفییەکان لە ڕوونکردنەوەیەکدا کە وێنەیەکی بۆ دیجیتاڵ میدیای ئێن ئاڕ تی نێردراوە ڕایگەیاندووە "ئەوەی کە دەگوزەرێت لەم چەند رۆژەدا لە بڵاوکردنەوەی نوسین و تۆماری دەنگی و ئەم جۆرە بابەتانە، شتێکی نامۆ نیە وە نمونەی لە مێژودا چەندین جار دەرحەق بە کەسانی خەمخۆر وهەڵگری پەیامی خوایی دووبارە بووەتەوە وە ئامانجیش لەم جۆرە بابەتانە و هاوشێوەکانی ناشرینکردنی ئەم پەیامە پیرۆزەیە پێش هەموو شتێک و پاشان هەڵگرانی".

هەروەها وتووشیەتی "هەڵوێستی من سەبارەت بەم بابەتە بریتیە لە بەردەوامبوون لەسەر خزمەتکردنی میللەتەکەم بە پێشکەشکردنی وتارو وانە و ئامۆژگاریکردنی مسوڵمانان بە یارمەتی خوا، هەرچەندە هەوڵی لە کەدارکردن و شکاندیشم بدرێت لەناو کۆمەڵگادا".

لەبارەی تۆمارە دەنگییەکەوە ناوبراو ئاماژەی بەوەش کردووە، لە سەردەمی پێشکەوتن و تەکنەلۆژیا - بە تایبەت لای کەسانی ژیر- ئەمە شتێکی زۆر روون و ئاشکرایە کە بواری دەستکاریکردن و شێواندنی زۆر تێدایە.

ئەمەش لە کاتێکدایە ماوەی دوو ڕۆژە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک و هەندێک ماڵپەڕی هەواڵی پەیوەندی نێوان د.عەبدوللەتیف ئەحمەد (سەلەفی) کە خاوەنی کەناڵی ئامۆژگاری و یەکێکە لە ڕابەرانی سەلەفییەکان و کچە خوێندکارێکی بڵاوکراوەتەوە و لە ڕونکردنەوەیەکی نوسراویشدا ناوبراو ڕەتی کردەوە.

لەو هەواڵانەدا کە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بڵاوکراوەتەوە، باس لەوە دەکرێت د.عەبدوللەتیف سەلەفی پەیوەندی لەگەڵ کچە خوێندکارێکی خۆیدا کە هاوسەرگیری کردووە بەستووە و لە ئێستدا دەیەوێت جیاببێتەوە.

## دەقی ڕوونکردنەوەی د. عەبدوللەتیف:

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمدلله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه أجمعين.

خوای گەورە دەفەرمووێت: لولا إذ سمعتموه ظن المؤمنون والمؤمنات بأنفسهم خيرا وقالوا هذا إفك مبين

واتە :بۆچ کاتێ ئێوە ئەو دەنگۆو تۆمەتەتان بیست پیاوان و ژنانی بڕوادار گومانی چاکیان بە یەکتر نەبرد، ونەیان گوت: ئاشکرایە ئەمە بوختان و درۆیەکی زل و ڕوونە.

برایان و خوشکان، السلام عليكم ورحمة الله وبركاته...

ئەوەی کە دەگوزەرێت لەم چەند رۆژەدا لە بڵاو کردنەوەی نوسین و تۆماری دەنگی و ئەم جۆرە بابەتانە، شتێکی نامۆ نیە وە نمونەی لە مێژودا چەندین جار دەرحەق بە کەسانی خەمخۆر وهەڵگری پەیامی خوایی دووبارە بۆتەوە وە ئامانجیش لەم جۆرە بابەتانە و هاوشێوەکانی ناشرین کردنی ئەم پەیامە پیرۆزەیە پێش هەموو شتێک و پاشان هەڵگرانی.

هەڵوێستی من سەبارەت بەم بابەتە بریتیە لە بەردەوام بوون لەسەر خزمەت کردنی میللەتەکەم بە پێش کەش کردنی وتارو وانە و ئامۆژگاری کردنی مسوڵمانان بە یارمەتی خوا، هەرچەندە هەوڵی لەکەدار کردن و شکاندیشم بدرێت لەناو کۆمەڵگادا.

وە سەبارەت بە تۆماری دەنگی کە بڵاو دەکرێتەوە؛ دوو وەڵامم هەیە:

١- لەسەر دەمی پێش کەوتن و تەکنەلۆژیا - بە تایبەت لای کەسانی ژیر- ئەمە شتێکی زۆر روون و ئاشکرایە کە بمواری دەستکاری کردن و شێواندنی زۆر تێدایە.

٢- له ئاینده‌دا - إن شاءالله - ڕاستیه‌کان ده‌ر ده‌که‌ون، وه هه‌موو لایه‌ک دڵنیا ده‌که‌مه‌وه که هیچ جۆره په‌یوه‌ندیه‌کی (ناشه‌رعی) له ئارادا نیه.

وه په‌یامم بۆ ئه‌وانه‌ی له‌سه‌ر تۆره کۆمه‌ڵایه‌تیه‌کان شت ده‌نووسن له به‌رگری کردن له‌من وه هاوخه‌ممانن، داوایان لێ ده‌که‌م که ئارام بگرن و هیچ هه‌ڵوێستێکی ناشه‌رعی نه‌نوێنن.

وه به نه‌یاران و ناحه‌زان ده‌ڵێم: له خوا بترسن و ده‌س له‌م جۆره کارانه هه‌ڵگرن، جا به‌رامبه‌ر به من بێت یان که‌سێکی تر بێت، چونکه ئه‌مه جگه له کێشه‌وبه‌ره و ئاشوب و فیتنه هیچی تری به‌دوادا نایات...

وه داوای لێبوردن ده‌که‌م له‌هه‌موو ئه‌و براو خوشکانه‌ی ئه‌م بابه‌ته‌ی من بوبێت به مایه‌ی خه‌مو په‌ژاره بۆیان، وه ده‌ست خۆشی و سوپاس و پێزانین بۆ هه‌موو ئه‌و که‌سانه‌ی که په‌یوه‌ندیان پێوه کردوم یان شتیان نوسیوه وه‌کو به‌رگری کردنێک له‌من، یان هه‌ڵوێستی شه‌رعیان هه‌بووه یان دوعای خێریان بۆ کردووم، خوای گه‌وره پاداشتی خێریان بداته‌وه...

وه له کۆتایدا به‌هه‌موو لایه‌ک ده‌ڵێم : قسه‌ی خێر بکه‌ن یان بێ ده‌نگ بن، هه‌ر وه‌ک پێغه‌مبه‌ری خوا علیه الصلاة والسلام فه‌رموویه‌تی : ( من كان يؤمن بالله واليوم الآخر فليقل خيرا أو ليصمت). رواه مسلم.

واته: هه‌ر که‌سێک باوه‌ری به‌خوا و به ڕۆژی دووای هه‌یه با قسه‌ی خێر بکات یان بێ ده‌نگ بێت.

براتان : د.عبداللطيف أحمد		١٣ /رجب/ ١٤٣٧ هـ

ئێن ئار تی		20/04/2016

تێبینی: هه‌مان بابه‌ت له ئاوێنه‌ش وه‌ک خۆی بڵاوکرایه‌وه.

# پێیان وتوم شتی دیکەشمان ئامادەیە، دەیانەوێت کوردستان بەجێبهێڵم

عەبدول لەتیفی سەلەفی شەوی رابردو لەمیانەی وتارێکیدا کەکەناڵی ئامۆژگاری راستەوخۆ پەخشی کرد رایگەیاند "داوام لێکراوە کوردستان بەجێبهێڵم، وادەزانن موڵکی باوکیانە، پێیان وتوم ئەگەر واز نەهێنی شتی دیکەشمان ئامادەیە لەسەرت بڵاوی بکەینەوە".

ئاوێنە: شەوی رابردو لەکەناڵەکەی خۆی (ئامۆژگاری)، عەبدول لەتیفی سەلەفی وتارێکی پێشکەشکرد و تیایدا باسی لەو تۆمەتانەکرد لەچەند رۆژی رابردو لەفەیس بوک کراوتە سەری و رایگەیاند:

" داوام لێکراوە کوردستان بەجێبهێڵم، وادەزانن موڵکی باوکیانە، پێیان وتوم ئەگەر واز نەهێنی شتی دیکەشمان ئامادەیە لەسەرت بڵاوی بکەینەوە".

٢٠١٦/٤/٢٢

## یەکەم وتاری عەبدوللەتیف سەلەفی دوای هاوسەرگیری سێیەمی

ئەمشەو عەبدوللەتیف ئەحمەد (سەلەفی) بۆ یەکەمجار لە دوای هاوسەرگیری کردنی سێیەمی لەگەڵ کچە خوێندکارێکی خۆیدا وتارێکی پێشکەشکرد.

لە مزگەوتی بەهەشتی شاری سلێمانی ئەمشەو ١١ی نیسانی ٢٠١٦، عەبدوللەتیف سەلەفی وتاری خۆی پێشکەشکرد و ڕاستەوخۆش لە پەیجی دیجیتاڵ میدیای ئێن ئارتییەوە گوێزرایەوە و ئەمە بە یەکەم وتاری ناوبراو دادەنرێت دوای هاوسەرگیری کردنی لەگەڵ چاوان سۆران کە کچە خوێندکارێکی خۆی بوو.

ماوەی زیاتر لە دوو هەفتەیە بە شێوەیەکی بەربڵاو هەواڵی پەیوەندی عەبدوللەتیف سەلەفی و کچە خوێندکارێکی لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بڵاوبووەتەوە و لەئێستاشدا ناوبراو هاوسەرگیری سێیەمی ئەنجامداوە لەگەڵ ئەو کچە خوێندکارەیدا.

بە گوێرەی زانیارییەکانی ئێن ئاڕ تیش ئەم هەفتەیە لەگەڵ دەنگۆی دروستبوونی خۆپیشانداندا لەبەردەم مزگەوتی بەهەشت لە شاری سلێمانی، بەڵام عەبدوللەتیف سەلەفی خۆی وتاری هەینی پێشکەش دەکات

11/05/2016

ئێن ئار تی

## بۆ یەکەمجار عەبدوللەتیف سەلەفی

## ڕونکردنەوەیەکی لەسەر هاوسەرگیرییەکەی بڵاوکردەوە

عەبدوللەتیف ئەحمەد (سەلەفی)، لەسەر هاوسەرگیری سێیەمی لەگەڵ چاوان سۆران کە هاوکات خوێندکاری خۆی بوو ڕوونکردنەوەیەکی بە شێوەی ڤیدیۆ بڵاوکردەوە.

عەبدوللەتیف ئەحمەد، لە میانی وتارێکی تەلەفزیۆنیدا ڕایگەیاند کە هاوسەرە نوێکەی لە ١ی کانوونی دووەمی ٢٠١٦ەوە لە هاوسەرەکەی جیابووەتەوە و جەختیشی لەسەر ئەوە کردەوە کە هاوسەگیرییکردنەکەیان بە ڕەزامەندی خێزانی هاوسەرەکەی بووە.

ناوبراو وتیشی کە باس لەوە دەکرێت هاوسەرەکەم خاوەنی منداڵ بووبێت، بەڵام ئەو قسانە دوورن لە ڕاستییەوە.

سەبارەت بەو زانیاریانەی کە باسیان لەوە دەکرد حاشا لە هاوسەرەکەی کرابێت لە لایەن خێزانەکەیەوە ناوبراو ڕایگەیاند شەوی ڕابردوو ماڵی هاوسەرەکەی سەردانیان کردوون.

عەبدوللەتیف ئەحمەد هێمای بۆ ئەوەشکرد کە ئەو قسانەی کە کراوە هەر لەسەرەتاوە مەبەست لێی هاوسەرگیری کردن بووە.

هەر لە میانەی ئەو وتارەیدا، ئەو ڕابەرەی سەلەفییەکان وتیشی" ژنی سێیەم دەڵێی سەد ساڵە لەماڵەکەمدایە و هیچ کێشەک نییە لەنێوان ژنەکانمدا."

هەر لەو تۆمارە ڤیدیۆییەدا وتیشی" ویستیان کەسایەتیم بکوژن پێش ئەوەی بەڕاستی و واقعی خۆم بکوژن."

بەشێک لە وتارە ڤیدیۆییەکەی عەبدوللەتیف ئەحمەد 12/05/2016 ئێن ئار تی

# عەبدوللەتیف سەلەفی پەیامێکی بڵاوکردەوە

عەبدوللەتیف ئەحمەد (سەلەفی) وتاربێژی مزگەوتی بەهەشت سەبارەت بە دەنگۆی ئەنجامدانی خۆپیشاندان لە بەردەم مزگەوتی بەهەشتدا لە ڕۆژی هەینیدا پەیامێکی بڵاوکردەوە.

لە پەیامێکدا کە لە پێگەی تایبەتی خۆی بڵاویکردووەتەوە هاتووە" ئەگەر وا پێویست بکات بۆ پاراستنی ئەمن و ئاسایشی خەڵک و مزگەوت و ناوچەکە سبەینی وتاری هەینی نەخوێنمەوە، ئەوا بەلامەوە زۆر ئاساییە و دروست نەبوونی یەک دەمە قاڵە و پشێوییەک بەلامەوە زۆر گرنگترە لە وتاردانەکەم".

عەبدوللەتیف ئەحمەد داوا لە حکومەت و دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی سلێمانی دەکات کە ئەمنییەتی خەڵک و مزگەوت و ناوچەکە بپارێزن.

# دەقی پەیامەکە

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمدلله رب العالمين، والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه ومن تبعهم بإحسان إلى يوم الدين

وبعد :

وەکو هەموو لایەک دەزانن چەند رۆژێکە چەندین کەس و پەیجی ئەلیکترونی خەڵکی هان دەدەن بۆ ئەنجامدانی خۆ پیشاندان کە لە رۆژی هەینی کاتژمێر (١١)ی سەر لە بەیانی خۆپیشاندان بکەن بەرامبەر بە مزگەوتی بەهەشت، بە بیانووی مەسئەلەیەکی شەخصی کۆمەلایەتی منەوە، جا من دەپرسم:

## خۆپیشاندان بۆ؟

١-لە کاتێکدا ئەوەی من کە کێشەش بێت، ئەوا کێشەیەکی تاکە کەسیە، بەڵام بۆ دەبێت بگات بە خۆپیشاندانی جەماوەری بەرامبەر بە مزگەوت و ماڵەکانی خودا، ئایە ئەم میللەتە گرفت و کێشەی ئەوەندە کەمە تا ئەوەشی بۆ زیاد بکەن، چونکە بە هۆی ئەم جۆرە رەفتارانە ناحەزان فرسەت ئەقۆزنەوە یان بارودۆخێکی نەخوازراو بۆ میللەتەکەمان دروست دەکەن.

٢- ئایە ئێوە دەزانن چ دەستێک بەرێزتان هان دەدات و بەرەو کوێتان دەبات و خۆشیان لە کوێ ژیان بەسەر دەبەن وە دەر ئەنجامی ئەم خۆپیشاندانە چی دەبێت؟

٣- ئایە نازانن هێرش کردنە سەر مزگەوت و ماڵەکانی خوا کارێکی مەترسیدار دەبێت و مایەی تورە بوونی خودایە و کارێکی ناشەرعی و نا یاساییە؟.

٤- ئایە پرسیارتان نەکردووە بۆ هەڵسورێنەران و هاندەرانی ئەم خۆپیشاندانە رووی ڕاستەقینەی خۆیان ئاشکرا ناکەن بۆ جەماوەر تا دڵنیا بینەوە لە دڵسۆزی و پەرێز پاکییان بۆ ئەوەی بزانرێت ئایە ئەوانە خاوەنی ڕاستەقینەی کێشەکەن یان بەدووای دروست کردنی کێشەدا دەگەرێن؟

٥- دەبێت هەڵسورێنەران چاک بزانن کە لێکەوتەکانی خۆپیشاندان لە ئەستۆی ئەو کەسانەیە کە خەڵکی هان ئەدەن لە دونیا و دووا رۆژدا.

٦- کوردستانی ئێمە بە گشتی و شاری سلێمانی بە تایبەتی کێشە و گرفتی کەممان لە رابردودا نەبووە تا ئەمەشی بخرێتە سەر.

٧- خۆ شاری بێ حاکم نیە، چونکە یەکێ لە پەیجەکان دەڵێت : داوامان لە حکومەت کردووە کە رێگەمان بدات خۆپیشاندان بکەین، بەڵام کە رێگەشمان نەدات هەر دەیکەین! جا موسڵمانانی خۆشەویست لەم مەسەلەیە تێ بگەن!!

٨- با خەڵکی ئێمە زۆر لەوە رۆشەنبیرتر بن، کە بە هەندێک کەس لە (هەندەرانەوە) فریو بدرێن، و ببنە هاندەر بۆ خۆپیشاندان و تێکدانی بارودۆخی هەرێم و ئاڵۆز تر کردنی.

٩- داواکاریم لە حکومەت و دام و دەزگا پەیوەندی دارەکانی سلێمانی ئەوەیە، کە ئەمنیەتی خەڵک و مزگەوت و ناوچەکە بپارێزن.

١٠- وە داواکاریشم لە راگەیاندنەکان ئەوەیە، کە چیتر خەڵکی هان نەدەن و بە رێگای خراپیاندا نەبەن و نەبنە هۆکاری زیاتر ماندوو کردنی خەڵک.

١١- وە داواکاریشم لە ئەوانەی کە بەرامبەر من شتێکیان هەیە و لە جیاوازی بیرورا و هەر زویر بوونێکی دەروونی کە لە منیان هەیە، بەڵام با وریا بن، نەبن بە پردێک کە ناحەزانی ئەم میللەتە بە پیلانەکانیان بەسەریدا بپەرنەوە.

١٢- داواکاریشم لە دڵسۆزان و پیشتیوانانم ئەوەیە کە دان بەخۆیاندا بگرن و هیچ کاردانەوەیەکی نەشیاویان نەبێت، چونکە ئەمە پەروەردەی سەلەفیەتە و لەگەڵ ئێمە و لەگەڵ غەیری ئێمەش بکرێت هەر هەمان هەڵوێستمان هەبووە و دەبێت – إن شاءالله –.

١٣- داوا لە گەنجامی خوێن گەرمی ئەم شارە دەکەم کە هەڵوێستی ژیرانە دەر برن بۆ بە دەنگەوە نەهاتنی ئەم جۆرە خۆپیشاندانانە، چونکە خزمەت بە دین و دونیای شارەکەمان ناکات.

١٤- لە کۆتایدا ئەگەر وا پێویست بکات بۆ پاراستنی ئەمن و ئاسایشی خەڵک و مزگەوت و ناوچەکە سبەینی وتاری هەینی نەخوێنمەوە، ئەوا بەلامەوە زۆر ئاساییە و دروست نەبوونی یەک دەمە قاڵە و پشێوییەک بەلامەوە زۆر گرنگترە لە وتاردانەکەم.

وە بۆ هەموو لایەک دوپاتی دەکەمەوە  بە پشتیوانی خوا بەردەوام دەبم لە سەر خزمەت کردنی میللەتەکەم وە لەسەر پیادە کردنی ئیسلامێکی میانڕەوی دوو لە توند و تیژی.

وە لە خوای گەورە داوا کاریم یارمەتیمان بدات بۆ هەموو  وتە و کارێکی خێر.

براتان / د.عبداللطيف أحمد

٥ /شعبان/ ١٤٣٧ هـ - 12/05/2016

ئێن ئار تی

# عەبدوللەتیف سەلەفی ڕونکردنەوەیەکی لەسەر دوورخستنەوەی بڵاوکردەوە

عەبدوللەتیف ئەحمەد (سەلەفی) وتاربێژی مزگەوتی بەهەشت ڕوونکردنەوەیەک لەسەر دوورخستنەوەی بڵاوکردووەتەوە و ڕایگەیاند" رازیم بە قەزاو قەدەری خوای گەورە کە دڵنیاشم خوای گەورە لەوە باشترم بە نسیب دەکات."

لەو ڕوونکردنەوەی کە لە پێگەی تایبەتی خۆی لە فەیسبووک بڵاوکراوەتەوە هاتووە "موسڵمانانی خۆشەویست، پاش ئەوەی کە بە بریارێک لە لایەن بەرێوەبەرایەتی گشتی ئەوقافی سلێمانی لە وتاری مزگەوتی بەهەشت دوورخرامەوە، هەر چەند ئەو بەرێوەبەرایەتیە پیی وایە کە ئەمە لە قازانجی میللەتە بۆیە منیش بێ ئەوەی هیچ ئاژاوەیەک دروست بکەم، رازیم بە قەزاو قەدەری خوای گەورە کە دڵنیاشم خوای گەورە لەوە باشترم بە نسیب دەکات

لەڕوونکردنەوەکەیدا ئاماژە بەوە کرد کە داوا لە مسوڵمانان دەکات کە ئارام بگرن و دوعای خێر بکەن، و دەڵێت "چونکە ئێمە ئەوە بە بەخششێک دەزانین و دڵنیاشین کە لە دوای ناخۆشی سەدان دەرگای تری خۆشی بەرەو رووومان دەکرێتەوە ان شاء الله."

ئەمرۆ بەڕێوەبەرایەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی سلێمانی ڕایگەیاند، بڕیاری دورخستنەوەی عەبدوللەتیف سەلەفی لە وتارخوێنی مزگەوتی بەهەشت دراوە و لەجێگای ئەو مامۆستایەکی ئاینی دیکە دانراوە.

بەڕێوەبەرایەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی سلێمانی بە دیجیتاڵ میدیای NRT راگەیاند "لە هەینی داهاتووەوە مەلا عەبدوللەتیف ناتوانێت لە مزگەوتی بەهەشت وتاربخوێنێتەوە و لەجێگای ئەو مامۆستایەکی سەلەفی دیکە دانراوە."

ئێن ئار تی 25/05/2016

# بەشی شەشەم

## وەستانێک لەگەڵ کاردانەوەکان

### دەروازەیەک

کاردانەوەکان لەسەر ئاستی میدیا و کەسایەتییەکان زۆربەی زۆری دەچووە بەرژەوەندی عەبدوللەتیف سەلەفی، چونکە دەسەڵاتی هەردوو زۆنەکە پشتگیریان لێ دەکرد، لەبەرئەوەی گوایە دژی حزبە ئیسلامییەکانە!

لە هەڵوێستی نووسەران و هونەرمەندان بۆم دەرکەوت  کە چۆن زۆربەیان کۆیلەی دەسەڵاتن، ئامادەی فەرمان وەرگرتنن لە دەسەڵات. هەتا کابرا ئەگەر خۆشی باوەڕی بە دین نەبێت یان نوقمی ڕابواردن وسەما گۆرانی بێت، کە حزب دەستووری پێدا بەرگری لە ترسناکترین مرۆڤی دینی سەلەفی دەکات، وەک بۆ نمونە هەڵکەوت زاهیر و هەردی سەلاح و کەسانی تریش.

زۆربەی میدیاکان تا تێپەڕبوونی دووبەشی کێشەکە لە خزمەت کابرای سەلەفی بوو، بۆیە من لە کاتی ئەو ڕووداوە گومانم نەما کە شتێک نییە بە ناوی میدیای سەربەخۆ لەو کوردستانە، بەڵکو هەمووی ئاڕاستەکراون. میدیاکان ڕۆژانە بە تێر وتەسەلی ڕونکردنەوەکانی عەبدوللەتیفیان بڵاودەکردەوە کەچی فەرامۆشی وەڵامەکانی منیان دەکرد، یان بە یەک دوو وشەیان بە پچڕاوی لێ بڵاودەکردەوە. سەبارەت بە ئاوێنەوە هێندە تەڕەفدارانە پشتگیری لە عەبدوللەتیف دەکرد، هەتا ناوی ئەوی بە شێخ و مامۆستا دەهێنا، ناوی منی بێ هیچ لەقەبێک نە نووسەر ونە لێکۆڵەر ونەهیچ دەهێنا! سەرەڕای ئەوەی بە دەگمەن وتەیەکی منی بڵاونەدەکردەوە، هەتا کە فەزحیانم کرد، زۆر لە خوێنەران دەیانگووت ئەو ڕۆژنامەیە ناسراوە بە سلێمانچیەتی! بەڵام من لە وەڵامدا لە ٢٠١٦/٤/١٧ گووتم:

"برایان و خۆشەویستانم سوپاستان دەکەم بۆ وشە جوانەکان و هاوسۆزیتان، تەنها شتێک لێرە نیگەرانی کردم ئەو خوشک و برایانەن. کە هۆی ڕەفتاری ناپیشەیی و بێ ڕەوشتی ئاوێنە دەگەڕێننەوە بۆ شارچیەتی؟!
بەخوای من لەبەر خۆشەویستی سلێمانی زیاتر ڕقم لەو لەتیفەیە کە خەریکە ئەو شارە کراوە و جوانە و خاوەن فەرهەنگە دەکاتە قەندەهار و شارێکی سعودی .
من وا تەسەور دەکەم ئەوە هاوپەیمانی دەسەڵات و ڕەجعیەتی دینی سەلەفیە بە سپۆنسەری پارەی سعودی. من لەو کێشەیە سەدان برای جوانی سلێمانی پشتگیرم دەکەن وەک حاجی سێوکانی و مامۆستا عەتا ڕەشید و ڕێبوار بابان و سەرهەد و سەدانیتریش کە هەتا هەندێکیان نازانیشم خەڵکی سلێمانین یان نا. ببورن ناوی هەمووتانم نەهێنا برا سلێمانیە خۆشەویستەکانم. چونکە پێوەری من جیایە، عبداللطیف و پرۆژە تێکدەرەکەی بە دەستی برای خوێنی خۆم ئەنجامدرابا بە گژی دادەچووم. ئەو نوخبەیە خۆفرۆشە و بێ ڕەوشتەی ئاوێنە و یان هەر میدیایەکیتر نوێنەرایەتی سلێمانی ناکات .
من بە ڕووح سلێمانیم خۆش دەوێت و هیوادارم بێ بەڵا بێت، گەورەترین بەڵاش ئەو فۆرمە بۆگەنەی سەلەفیەتی مەدخەلیە."

کاک هێمن مەلا زادە بێژەری لاو لە ڕووداو، ڕچەی ئەو وەزعەی شکاند ئازایانە منی داوەت کرد بۆ بەرنامەیەکی ڕاستەوخۆی لە تەک مامی چاوان و شەهابی قوتابی عەبدوللەتیف. لەسەر ئەو داواتکردنەش کاک هێمن برای عەبدوللەتیف کە لە ڕووداو کاردەکات، خۆی زۆر لێ تورە کردبوو، هەتا دوای ئەوە هەڕەشەشیان بۆی ناردبوو بە نووسین!

# ئەوەیە نا پڕۆفیێشنالّی ڕووداو تیڤی

ڕووداو چونکە دەزگایەکی حزبیە و پارتیش سپۆنسوری سەرەکی سەلەفیەتی مەدخەلیە چونکە دەیانەوێت وەک دەسەلاتی سعودیە سێ سەد سالێک حوکمی کوردستان بکەن پاش ئەوەی دەیکەن. بە سیستمی پاشایەتی.
ڕووداویان خستە ناو یاریەکەوە بە هەموو توانایەوە ڕۆژنامەنووسە کریگرتەکانی هەولّی پەردەپۆشکردنی سکاندالّەکەی عبداللطیف سلفی دەدەن .

سەرەرای درۆکانی عبداللطیف کە ڕۆژێک دێ وەک کلینتۆن بەتەواوی ئاشکرا دەبێت.
گوایە لەگەڵ ژنەکەش قسەیان کردوە بەبێ ڕەنگ و بێ دەنگ!!!

نە ناوی ژنەکە نە دەنگی نە وێنەی دیارە لەو ڕووداوە .!!!

ئەگەر ڕووداو دەزگایەکی موحتەرەم و ئازاد با ئێستا گەیشتبوو بە ڕاستی بەلاّم دەزگایەکی حزبیە و ناتوانی لە سیاسەتی حزب دەرچێت، ئەوە هەلاّتنە لە هەقیقەتی سکاندالّەکەی عبداللطیف، بەلاّم سیروان بارزانی گووتەنی: هەلاّتنیش دەبێت .

محەمەد هەریری.
20/4/16

# ئاوێنە کەمترین ئەتەکێت و

# ڕەوشتی ڕۆژنامەگەری تێدا نییە!

من کاتی خۆی لە ئاوێنەم دەنووسی، کێشەم زۆر بوو لەگەڵیان، ستافێکی ڕوو قایم بێ ڕێز، بێ ئەتیکێتی ڕۆژنامەگەری، پاش زیاتر لە ٥٠ وتاری بە خۆڕایی کە بۆیانم نارد، ڕۆژێک بە وشەیەکیش دەستخۆشی و سوپاسێکیان نەکردم، هەرچەندە بابەتەکانم زۆر جێگای سەرنجی خوێنەرانی ئەو هەفتەنامەیە بوو...

پاش ماوەیەک وای لێهاتبوو بابەتم بۆ دەناردن زۆر درەنگ ئاوڕیان لێدەدایەوە یان هەر بڵاویشیان نەدەکردەوە، منیش هیچیتر بابەتم بۆ نەناردن لەوەو دواوە.

ئەو بەیانیە برایەک لینکی بابەتێکی ئاوێنەی بۆ ناردم تیایادا هەموو جنێوەکانی عەبدوللەتیفی لەسەر من کردۆتە مانشێت، بابەتە گوایە باسی مشتومرەکە دەکات، هەموو قسە سوکەکانی عەبدوللەتیفی ڕۆمانسی گواستۆتەوە کەچی یەک وشەشی لە وەڵامەکەی منی نەگوازتۆتەوە. برادەرەکەم وەڵامەکەی منی بۆناردبوو، وتبووی پێویستە ئاماژەتان بە وەڵامی محەمەد هەریریش بدابا، کەچی هەر خۆیان لە گێلی دا بوو!

# ناچاربووم من نامەیەکم بە ئیمێڵ

# بۆ سەرنووسەری ئاوێنە نارد کە ئەوە بوو:

[بەڕێز سەرنوسەری ئاوێنە

تێناگەم بۆ جنیوەکانی عبداللطیف سەلەفی لەسەر من بڵاو دەکەنەوە، بێ ئەوەی ئاماژە بە وەڵامی من بکەن، ئەوە ناوی لێدەنێن چی؟! یەک گەرد ڕەوشتی ڕۆژنامەگەری لەوەدا نییە.
دەتوانن وێنەی من وەرگرن لە ئەکاونتەکەمدا، بەڵام ناتوانن وەڵامی من ببینن لەسەر لێدوانەکەی عبداللطیف سەلەفی؟!

ئەوە وەڵامی منە برادەرێکیتریش بۆی ناردوون، سەیرم پێ دێت تا ئێستا بڵاوتان نەکردۆتەوە، وامەکەن بە بابەت لەسەر ئەو ڕەفتارە چەوتەتان بنووسم.]
تا ئێستاش ئەو ڕۆژنامەیە گوایە ئازادە مەدەنیە سێکیولارە! وەڵامی منی نەدایتەوە و بابەتە وەڵامەکەی منیشی ئاماژە پی نەکردوە!
خۆش ئازاد و خۆش مەدەنی و خۆش سێکیولار! خاوەنی خەڵکانی بێ بەهرەی وەک ئێوەین بۆیە خەریکە سەلەفیەتی بەدەوی وەک یاجوج وماجوج کۆمەڵگاکەمان قووتدا!

محەمەد هەریری ٢٠١٦/٤/١٩

# چەواشەکاری بەردەوامە لە میدیای کوردی

ڕاگری پەیمانگەکەی عبداللطیفی سەلەفی بە ئاشکرا شلّەژان و ترسانی پێوە دیار بوو، ئاگاداریمە چۆن باسی هەموو ڕاستیەکانی ڕووداوەکەی کردوە، بەلام وادیارە وەک چەندین مامۆستای پەیمانگەکە هەڕەشەیان لێکراوە لەلایەن دکتۆر خالیدی برای عبداللطیفی سەلەفی، وەک چۆن هەڕەشەی لە مامۆستاکانی پەیمانگەکەی و خەلّکیتریش کردوە.

انور ابوبکر کە دەڵێن کەسێکی سەر بە گۆڕانە دەبوایە جورئەتێکی گۆڕانیانەی تێدابا نەک وا پێ بنێتە سەر ویژدانی خۆی.

سەیر لەوەدایە دکتۆر خالیدی برای عبداللطیفی سەلەفی دەڵێت ئەوانەی ئەو باسانەیان. وروژاند هەمووی مولحید وکافر بوون!!!

ئەوەیە ترسناکی بە موقەدەس کردنی مرۆڤ. ئەو بەڵگە دەنگیانە لای ئەو یەک لا بۆتەوە دەنگی برای نییە، دیارە هەڵکەوت زاهیر و هەردی سلاحی بەسمە گیانەکەم بەسمە بۆی یەکلا کردونەتەوە!

ئەگەر ڕووداو و میدیای گەورە و بێ کەڵکی کوردی لە خەمی ئەوەبا دەبوایە ئەو دەنگانەی ناردبایە بۆ ئازمایشگایەکی دەنگی پڕۆفێشناڵ.

تەنها یەک دوو وشەی باش کە کرا مامۆستا عبدالله عالایی کردی بەڵام ئەویش لە ئاستی پێویست نەبوو.

باشە ئەگەر هیچ. لە گۆڕێ نییە بۆ ئێستا ژنەکە مارەکراوە لە عبداللطیفی سەلەفی بە زەبری هەڕەشەی شێخ دلێرێ برای شێخ جەعفەری یەکێتیەکەی پارتی؟!

کۆمەڵگایەک نەوێرن هەڵەی شێخێکی سەلەفی ئاشکرا بکەن و سزای بدەن بە دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنی ئیسلامی و عەلمانی بۆی پەردەپۆش کەن، چۆن بە تەمای بتوانێت سەرۆکێکی ماوە بەسەرچوو لادەن؟!

ئای کە کۆمەڵگایەکی مردوو و بێ بەها و ترسنۆکە هەناسەکەم!!!

**محەمەد هەریری**

21/4/16

# شارەزایەکی بواری ئیسلامی سیاسی داوایەکی لەعەبدوللەتیف کرد

لەو سەرو بەندەدا شارەزایەک لە ئیسلامی سیاسی لەبارەی ئەو دەنگانەی مەلا عەبدوللەتیف سەلەفییەوە کە بڵاوکراونەتەوە، وتی"ئەگەر دەزانیت بوختانت بۆ دەکەن بۆ ناچیت دادگا بگریت و ئەو کەسانە بدەیتە دادگا، کە دەنگەکانیان بڵاوکردووەتەوە".

سۆران سێوکانی شارەزا لە ئیسلامی سیاسی لە پەیامێکیدا لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک نوسیویەتی، "بەنیسبەت مامۆستا عبد اللەتیف ئەگەر دەزانیت بوختانت بۆ دەکەن ئەگەر دەڵێی ئەو دەنگانە هەمووی درۆو هەڵبەستراون، بۆ ناچیت دادگا بگریت لێیان وئەو کەسانە بدەیت بەدادگا، کە دەنگەکانیان بڵاو کردۆتەوە.

## سێوکانی ئاماژە بە ئەوە دەکات " ئەو کاتە دەزانین کێ راستەو کێ درۆیە".

### ئەی چالاکەوانێکی چەپی ژن چی دەڵێت؟

بەهار مونزیر، چالاکەوان لەتۆڕی کۆمەڵایەتی لەبارەی ئەو مەسەلەیەوە دەڵێت ئیستا دیوە زاڵە کەی ژیان پەردەی لەسەر ( عبدول لەتیف سە لە فی ) هەڵماڵی، خۆ ئەگەر باوەڕەکەی ڕێگە بە فرە ژنی دەدات، بەڵام ڕیگە بەوە نادات پەیوەندی خۆشە ویستی لەگەل کەسیک بکات وەک ئەوەی خۆی بە کوڕە گەنجەکان دەڵیت حە لاڵی بێت ؟

ئەی بۆ جامانەکەت فرێ نادەیت و تەسلیم بوونیت بۆخۆ شەویستیەکی وەک خۆت دەڵیت حەرام ڕاناگەیەنیت ؟ درۆکانت بۆ گەنجان بەس بەوە سپی دەبنەوە....ئەوە تەنها دونیاکەی ئیمەیە ڕێز لە هەستو خۆشەویستی دەگرێت، ،،، تەنها یەک دنیا.

# ئەخر غەڵەتیش وا هەی هەناسەکەم؟!!!

ئەخر باوکی حارث ڕاستە مەلا لەتیفیش مرۆڤە هەڵە دەکات، بەڵام هەڵەش وا هەناسەکەم؟!
دوو ژنت هەبێت، بچی پەیوەندی لەگەڵ ژنیکی میردار ببەستی؟! کچیش با عوزرێکی دەبوو لە شەریعەتەکەی، بەڵام ژنی مێرد دار و خاوەن منداڵ هەی هەناسەکەم؟!

خەریکە سەلەفیەکانیش دانی پێدا دەنێن کە عەبدوللەتیف کاری ناڕەوای کردوە بە شەرمنیەوە!

باوکی حارث لەپێگەی تایبەتی خۆی نووسیویەتی : بۆ بەرچاوڕوونی بینیم لەهەندێ سایت ناوی مامۆستا عبد اللطيف بە ڕێبەر یان ڕابەری سەلەفیەکانی کوردستان هاتوە بێگومان ئەوە نە لەنزیک لە لەدوور بڕوای سەلەفی نیە کە کەسێک ڕابەرو ڕێبەری بێت. دەشڵێت : مامۆستا عبد اللطيف مامۆستایەکی بەڕێزە وەکو هەر مامۆستایەکی دیکەیە مرۆڤە هەڵە ئەکات[9]!!!

محەمەد هەریری

9 سەرچاوە:
http://www.snurmedia.com/all-details.aspx?jimare=12113

سنور میدیا

# بەدبەختییە مێبازێکی وەک هەڵکەوت زاهیر

# بەرگریت لێ بکات!

ئەو خەبیرە لە هونەری وروژاندن و سنگ و سمت، ئێستا دەڵێت من خەبیری دەنگم ئەو دەنگانەی بڵاوکرایەوە دەنگی شێخی ڕۆمانسی نییە... ئەو هەڵکەوتە دەزانێت کەسی وەک ئەو دەربازی نابێت لە هێرشی سەلەفیان، بۆیە ڕۆژانە هەوڵی ماستاوکردن دەدات بۆ کەسایەتیە دینیەکان، ڕۆژێک لەگەڵ مەلا عەلی کەڵەکێ خەریکی نوشتە وجن دەرکردنە لە خۆیی و لە بووکە شوشەکانی، و ئەمڕۆش داویەتە پاڵ شێخی شێخی سەلەفی، بۆ دەمگرتنیان لەو کارە بێ ڕەوشتانەی بەناوی هونەرەوە دەیکات و بڵاوی دەکاتەوە! هەورووەها لەبەر هۆکارێکی تریش ئەو بەرگریە دەکات لەو شێخەی کە پێویستی بە ڕوونکردنەوە هەیە.

هەر کەسانێکی سەر بە دەسەڵات، لە هەر پلە وپایە و مەوقعێکەوە بن، قۆچێکی هەستیاریان هەیە وەک مێروولە! ئەو قۆچە هەستیارانەی پیاوانی دەسەڵاتی گەندەڵ بۆ بۆنکردن وناسینەوەی هەڵوێستی دەسەڵاتە لەو شتانەی کە ڕوو دەدەن لە دەوروبەریان!

بێگومان قۆجەکانی هەڵکەوت زاهیر و پیاوانی دەسەڵات لە میدیا کار و نووسەر وشاعیر وماعیر و هونەرمەند و گۆرانیبێژ، هەستیان بە هەڵوێستی پشتگیرانەی دەسەڵاتی گەندەڵ کردوە لە مەلا لەتیف لەو فەزیحەیەدا، بۆیە بێ یەک و دوو ئەوانیش دەبێت پشتگیری لێ بکەن، و ئامرازەکانیان بە ساختەیی بەکار بهێنن بۆ پشتگیری کردنی!

چونکە هەڵکەوت زاهیر لە بواری مۆسیقا و دەنگ و سمت و سنگ کاردەکات، هەستی بە بەرپرسیارەتی مێژوویی کردوە، بۆ پشتگیری لە پیاوێکی دەسەلات، بۆیە ئەویش زۆر سیلگێرانە دەڵێت ئەو دەنگانەی لە کلیپەکانی عەبدوللەتیف دا هاتووە دەنگی ئەو نییە بەپێی زانستی دەنگ!

کوڕم بڵێ من ناچارم ماستاو بۆ دەسەڵات بکەم، تا زیاتر لێم ڕازی بن، دەنا بەیانی دەسەڵاتێکی هەڵگری فکری سەلەفی وەک عەبدوللەتیف بێتە سەر حوکم خۆت و کچەکانت هەڵدەواسێ!

لەوەش سەیرتر گۆرانیبێژێکی بێ شەخسیەت هەیە ناوی هەردی، بۆ ئەوەی ماڵی خەزوری ڕازیبن کچەکەیانی بدەنێ مەرجیان لەسەردانا واز لە گۆرانی و هونەر بهێنێت، ئێستا چەند ساڵێکە وازی هێناوە وەک هەڵکەوت تێوەگلاوە لە گەندەڵی و بزنز دەکات لەگەڵ دەسەڵاتی گەندەڵ، ئەویش بەرگری لە شێخی ڕۆمانسی دەکات، پاش ئەوەی بە زەبری شەقی ماڵە خەزوری کردیانە ئیسلامی و دەروێش!.

ئەو میللەتە چۆن شێوێندراوە، ڕۆژنامەی سێکیولار و میدیای سێکیولار و نووسەری بەناو دژی ئیسلامی سیاسی، هەمووی پشتگیری لە دواکەوتوترین پڕۆژەی تێکدەری سەلەفیزم و بە عەرەبکردن دەکەن. بەلام نهێنی زۆربەیان ئەوەیە گەندەڵی کۆیان دەکاتەوە بۆ دەسەڵاتی گەندەڵ وپیاوە سیحربازەکانی!

محەمەد هەریری ٢٠١٦/٤/٢٠

# ماناکانی پشت پشتگیریەکانی هەڵکەوت زاهیر لە مەلا و بانگخوازەکانی وەک لەتیف و ئەمجارە هەڵۆ!

ئەو کاک هەڵکەوت زاهیرە لە ناخەوە دەزانێت چەندە ئیستیفزازی هەستی دینی و ڕەوشتی خەڵک دەکات، بەو شتەی کە ناوی ناوە هونەر. ئەخر خۆی دەزانێ ئەو هەموو ئینحلال و ئەلفازی بازاڕی وسێکسیانەی ناو گۆرانیەکانی و بە دەمی کچە لووسەکانی هەموو سنورێکیان تێپەڕاندوە!

هەڵکەوت کەسێکە دەیەوێ بژێت لە نزیک ئەو کچ بە لەنجە ولارانە کە تا درەنگانی شەو پڕۆڤەی لەگەڵ دەکەن و جەوی خۆش دەکەن. هەروەها هەڵکەوت حەزی لەسەر ئێشەش نییە بۆیە ئامادەی هەموو تەنازولاتێکە بۆ دەسەڵاتی گەندەڵ.

لە کێشەکەی عبداللەتیف یش هەر زوو زوو هاتە سەر خەت و گووتی ئەو دەنگانە هی مەلا لەتیف نین! هێندەی نەبرد مەلا لەتیف و دەستوپێوەندەکانیشی دانیان پێداهێنا کە دەنگەکان هی مەلا لەتیفە!

ئەگەر ئەو هەڵکەوتە پلەی بۆیە playboy یەک تۆزقاڵ کەرامەت و ڕەوشتی هەبا قەت جارێکیتر نەدەهاتە دەنگ لەو بەزمانە پاش بەدرۆدەرکەوتنی! بەڵام وەک خائین ودز و فایلدارەکانی وڵات کە قەت ڕۆژێ شەرمیان لە کارە چەپەڵەکانیان نەکردۆتەوە، بە هەمان شێوە هەڵکەوتیش سەرەڕای بە درۆزن دەرکەوتنی لە کەیسی لەتیف، ئێستا جارێکیتر لەسەر کەیسی مەلا هەڵۆ هاتۆتە دەنگ وەک بڵێی نە بای دیبێت نەبۆران، دیسان دەڵێت وەک خەبیرێکی دەنگ ئەو دەنگانە هی مەلا هەڵۆ نین!

## باشە کاکە کێ داوای ڕەئی مێبازێک وبەڕەڵڵایەکی وەک تۆی کردوە؟!

هەڵکەوت هەمیشە موجامەلەی مەلا و گۆڕەپانی دینی دەکات، سەردانی بۆنەی ئیسلامی دەکات وسەردانی مەلا علی کەلەک دەکات، سەردانی ولید ابراهیمی قورئان خوێنی عێراقی دەکات، لەلایەک ئاواز و گۆرانی وەیش وەیش، تامی ئەم وئەو بکە، هاتە هاتی بەربوک دادەنێ، لەلایەکیتر سروودی الله اکبر لە سعودیە ولەبەردەم کەعبە بەرهەم دێنێ!؟

ئەو هەڵکەوت زاهیرە دەزانێت ئەگەر وا ماستاو بۆ مەلا و گۆڕەپانی دینی نەکات، ئەو تیاترۆخانەیەی هەڵیدەسوڕێنێ بەناوی هونەر، و پەیوەندییە گوماناویەکانی لەگەڵ کچەکانی، و شەونخونییەکانی لەگەڵیان و سەردانەکانی قاهیرە وبەیروت و قوبرس لەگەڵ کچە لووسەکانی ناڕەزاییەکی زۆر بەهێز لە دژی دروست دەکات، بۆیە زۆر پێویستی بەو ماستاوکردنە و ساردکردنەوەیە بۆ مەلا و بانگخواز و جەماوەری ئیسلامی، دەنا لێی قبوڵ ناکەن و دەیدەنە بەر نەشتەری جوێن و هێرشەکانیان!

ئەوەی سەیرە هەڵکەوت لە بێدەنگکردن و نادیدەکردنی گۆڕەپانی دینی بۆ کارە قێزەونەکانی، سەرکەوتنێکی چاکی بەدەست هێناوە. زۆر لەو شەریفتر وچاکتر لەلایەن ئەو مەلا و بانگخوازە ئیسلامییانە ڕەخنەی لێدەگیرێت لەسەر بچوکترین کار، کەچی تا ئێستا نەمزانیوە مەلایەکی سەلەفی یان سۆفی یان حزبی هێرشێک بکاتە سەر هەڵکەوت زاهیر، چونکە مێشکی دینی وعاتیفیانەیانی فریوداوە بەو کردەوە نمایشکارە دینیانەی! چونکە ئیسلامی سیاسی پێوەری سیاسییە بۆ خەڵک، کێ دژیان بوو عابید و زاهیدیش بێ قبوڵیان نییە، ئەوەشی موجامەلەیان کات با سمسارێکی وەک هەڵکەوت زاهیریش بێ کێشە نییە!

وای لێهاتووە هەڵکەوت زاهیر چەکی لێخۆشبوون صکوک الغفران بفرۆشێتە هەر مەلایەک و بانگخوازێک تووشی سکاندالێک بوون!

محەمەد هەریری ٢٠١٩/٩/١

# مەریوان وریا قانع و ئاراس فەتاح
# قەیرانی ئەخلاقی موقەدەس

ماوەیەکە ڕای گشتیی لە کوردستاندا بە مەسەلەیەکەوە سەرقاڵە کە پێویستی بەوەیە لە زیاد لە ئاستێکدا لەسەری بوەستین و بەرخوردی لەگەڵدا بکەین. ئەو مەسەلەیەش، کەیسی مەلا عەبدوللەتیفی سەلەفییە. بۆ ئێمە ئەم بابەتە بابەتێکی شەخسیی نییە، مەسەلەی مەلایەکی ئاسایی نییە لە عەشقێکی شەخسییەوە ئاڵابێت، وەکو مێژووی ئەدەبیاتی ئێمە لە زیاد لە فۆرمێکدا نیشانمان دەدات، بەڵکو دیاردەیەکی نوێی ناو کۆمەڵگای ئێمەیە و لە قووڵاییەکانیدا دەربڕی چەندان قەیرانی ئەخلاقیی و یاسایی و سیاسیی گەورەی ناو ئەو کۆمەڵگایەیە .

بۆیە ئێمە ئەم مەسەلەیە بە هەلێک دەزانین بۆئەوەی ڕاوبۆچوونی خۆمان لەسەر ئەو ئاستانە دەربڕین کە هەریەکێکیان لە خودی مەلا عەبدوللەتیفی سەلەفی گەورەترن. ئەم کێشەیە بۆ ئێمە قەیرانی ئەخلاقیی و یاسایی و سیاسیی و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتییە کە ناکرێت لەسەری نەوەستین و بەشێوەیەکی بەرپرسانە مامەڵەی لەگەڵدا نەکەین.

یەکەم: ئەم پیاوە نوێنەرایەتی شێوازێکی تەواو داخراو و ترسناکی دینداریی سەلەفیزم دەکات کە جگە لەخۆی، هەموو دەرکەوتەکانی تری دینداریی وەک لادان لە دین، یان وەک بێدینیی، یاخود وەک سوکایەتیکردن بە دین، نماییشدەکات. ئەم شێوازە لە دینداریی لە کوردستاندا، دیاردەیەکی نوێیە و هیچ شتێک نایباتەوە ناو مێژووی دین لە کۆمەڵگای ئێمەدا. دینداریی ئەم پیاوە لێوانلێوە لە توندوتیژیی ڕەمزیی و هێرشبردنی هەمەلایەن بۆسەر هەموو ئەو کەس و لایەنانەی لە ئەو ناچن.

ئەم دینداریە بەر لەهەموو شتێک دیوارێکی گەورە لەنێوان خودی دینداراندا دروستدەکات، دوای ئەوانیش لەنێوان خۆیان و گروپ و کەسەکانی تری ناو کۆمەڵگای ئێمەدا. ئەم پیاوە بەناوی هەقیقەتێکی خودایی ڕەهاوە قسەدەکات کە هەموو پردێکی پەیوەندیی و هەموو هەوڵێکی دیالۆگ و لێکتێگەیشتنی ئایینی،

وێراندەکات. خۆی و ڕەوتە سەلەفییەکەی بە دونیایەکی وێناکراو لە پاکژیی دینییەوە دەبەستێتەوە کە هەموو ئەوانەی دەکەونە دەرەوەی ئەو دونیایەوە، ئینسانی ناتەواو و موشریک و قێزەونن. لۆژیکی ئەم دینداریيە لۆژیکێکی تۆتالیتارە، پێماندەڵێت تۆ یان وەک من بیر لە دین و خودا دەکەیتەوە یان بێدین و بێخودایت .

ئەمان کە خۆیان بە شوێنپێهەڵگری "سەلەفی ساڵح" دەزانن، لەنێوان خۆیان و نوێنەرایەتییکردنی ڕاستەوخۆی خودا و پێغەمبەرەکەیدا مەسافەیەک ناهێڵنەوە .ئەمە وادەکات ئەم جۆرە لە دینداریی جۆرێک لە کەسایەتی دروستبکات کە خۆی بە هەڵگری هەموو موقەدەسەکان بزانێت و دەرەوەی خۆشی وەک درێژکراوەی جاهیلییەت و گومڕایی نماییشبکات. ئەمەش هەوڵدانێکی زۆری ناوێت، تاوەکو ئەم ڕوانینە لە هەموو ئان و ساتێکدا لەشکرێک هێلکەی جیهادیستی گەنج بتروکێنێت کە سڵ لەوە نەکەنەوە توندوتیژیی ڕەها ڕووبەڕووی هەموو ئەوانە بکەنەوە کە لەوان جیاوازن.

ئەم گوتارە، گوتاری پەلاماردانی هەموو کەسێکە نەچێتەوە ناو ئەو بەرگە سەلەفییەوە کە ئەم پیاوە و هەوادارەکانی بۆ کۆمەڵگای ئێمەی ئەدوورن .پەلامارێک لەئێستادا ڕەمزیی و ڕیتۆریکییە، بەڵام بەئاسانیی دەکرێت بگۆڕێت بۆ پەلاماردانێکی مادیی و فیزیایی هەمەلایەنی هەموو کۆمەڵگا. لە کۆمەڵگاکانی ئەم ناوچەیەدا زیاد لە ئەزموونێک ڕاستیی و دروستیی ئەم بۆچوونە دەسەلمێنێت، ئەزموونی سەلەفیزم لە سعودییە و میسر و تونس و پاکستان لە هەرە دیارەکانیانە.

دووهەم: یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی ڕەوتی سەلەفیزم بریتییە لە ناسیاسییبوونی. واتە خۆبەدوورگرتن لە سیاسەت و کردەی سیاسیی، بەڵام لە جەوهەردا ئەرکی سەرەکی ئەم ڕەوتە دژایەتی پرنسیپەکانی دیموکراسیی و دەستاودەستکردنی دەسەڵات و پلورالیزمی سیاسیی و ئایینی و کولتوورییە، چونکە ئامادەیە شەرعییەت بە هەموو دەسەڵاتێکی ستەمگەرایی و سوڵتانیی ببەخشێت. لە دیدی ئەم ڕەوتەدا "وەلی ئەمر" کەسێکە کە حەسانەی تایبەتی هەیە و تا مردن کەس ناتوانێت لەسەر کار لای ببات، ئەو سەروەرە و کۆمەڵگاش ڕەعیەتێکی گوێڕایەڵ و موتیع. ئەم ڕەوتە لە کوردستاندا لە لایەن هێزە سیاسییەکانەوە ڕووبەری میدیایی

گەورەی خراوەتە بەردەست و بۆ گەمە سیاسیی و ململانێی سیاسییەکان پشتیوانی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیان لێدەکرێت.

له لایەک بۆ دژایەتیکردنی هێزەکانی تری ئیسلامی سیاسیی بەکاردەهێنرێت و لەلایەکی تریشەوە وەزیفەی بەپیرۆزکردنی سوڵتانیزمی سیاسیی پێبەخشراوە.

سێهەم: کەیسی ئەم پیاوە هێماکردنێکی ئاشکرایە بۆ قەیرانێکی گەورە لە ئەخلاقیی پیشەیی لە وڵاتی ئێمەدا. هەموو پیشەیەک کۆمەڵێک کۆدی ئەخلاقیی تایبەتیی هەیە کە لادان لێیان، هەم پیشەکە بێمانا دەکات و هەم دەشیگۆڕێت بۆ ئامرازێک کە لە ژێر ڕەحمی سایکۆلۆژیا و خواستی تایبەتیی ئەو کەسانەدا بێت کە پیشەکە مومارەسەدەکەن. ئەمە وادەکات لەباتی ئەوەی لەگەڵ دەزگا و بواری سەربەخۆی خاوەن بەها و ئەخلاقیاتی تایبەتدا مامەڵەبکەین، لەگەڵ زەوق و ویست و ئەخلاقیی شەخسیی ئەم یان ئەو کارمەنددا دەرگیردەبین. ئەمەش مانای تەسلیمکردنی کۆمەڵگای ئێمە بە حەوسەڵە و سایکۆلۆژیا و خولیا تایبەتەکانی ئەم کەسانە .

بێگومان بۆ ئێمە ئاشکرایە کە مەلا عەبدوللەتیف تەنها کەسێک نییە ئەم ئەخلاقییاتە پیشەییەی پێشێلکردوە و پێشێلدەکات، بەڵام ئێمە ئەم ڕووداوە بە هەند وەردەگرین، بۆئەوەی بەرگریی لە ئەخلاقییاتی پیشەیی لە کوردستاندا بکەین، بە ئەخلاقیاتی پیشەیی ناو کایەی سیاسەت خۆشییەوە. هەر لێرەدا بەبیری هەموانی دەهێنینەوە کە بەبێ ڕێگەگرتن لە پێشێلکردنی ئەم ئەخلاقییاتە پیشەییانە، کۆمەڵگایەک دروستدەکەین کە حەز و ویست و بەرژەوەندیی تاکەکەسیی ئاراستەی دەکات و هەمووان دەخاتە ژێر ڕەحمەتی دۆخە دەرونییەکانی ئەم یان ئەو کارمەند و بەرپرس و سەرکردەوە.

چوارەم: لە دەرەوەی پیشەکەشیدا ئەم مەلایە کەسێکی ئاسایی نییە و ناتوانێت لەژێر پەردەی "ژیانی تایبەت" و "مافی شەخسیی"دا خۆی بشارێتەوە .ئەم پیاوە بکەرێکی خاوەن دەسەڵاتی ناو ڕووبەری گشتیی کۆمەڵگای ئێمەیە کە هەم دەسەڵاتێکی ڕەمزیی گەورە و هەم توانایەکی مادیی کەم وێنەی لەبەردەستدایە. ئەم پیاوە، بۆ نموونە، وەک ڕێبەری ڕەوتی سەلەفییەکان لە کوردستاندا ناسراوە، مامۆستای پەیمانگای زانستی ئیسلامییە، خاوەنی کەناڵێکی تەلەفیزیۆنی ئاسمانییە، بانگخواز و

وتاربێژی رۆژانی هەینییە، پاسەوان و ئۆتۆمۆبێلی درعی تایبەتیی هەیە. قسە و باس و ڕوانینەکانی دەچنە ناو ژیانی تایبەتی هەزارەها مرۆڤی کۆمەڵگای ئێمەوە و دەبن بە بەشێک لەو قسە و باسە گشتییانەی لە کۆمەڵگای ئێمەدا دروستدەبن. هەموو ئەمانە وادەکات ئەم پیاوە بکەرێکی گشتیی بێت و کردەکانیشی کردەی شەخسیی نەبن. ئەوەی شایانی لەسەر وەستانە ئەم بکەرە گشتییە پڕوپاگەندە بۆ ئەخلاقییاتێک دەکات کە خۆی نەک تەنها شکێنەری ژمارە یەکیەتی، بەڵکو پێچەوانەکانیشی پیادەدەکات، شتگەلێک لەهەمووان حەرامدەکات کە خۆی بەدیارچاوی هەمووانەوە پیادەیاندەکات.

زۆرینەی گوتارەکانیشی لەڕووبەری گشتیدا دژ بە پلورالیزمی سیاسیی و کرانەوەی کولتووریی و لێبوردەیی دینیی و گیانی یەکترقبووڵکردنە و بە چەندان شێوە گەرای توندوتیژیی لە کۆمەڵگادا دەچێنێت. هاوکات دژایەتییەکی سەرسەختی پرسی ژنان و مافەکانی مرۆڤ و پرسی ئازادییە تاکەکەسییەکان لە کوردستاندا دەکات.

پێنجەم: خاڵێکی تر کە پێویستە لەسەری بوەستین بریتییە لەوەی ئەم پیاوە گەشە بەو کولتووری ناڕاستگۆیی و دەبڵ مۆڕاڵییە دەدات کە وەک نەخۆشییەکی کوشندە لەناو فەزای سیاسیی و رۆشنبیریی ئێمەدا ئامادەیە. ئەم کەسایەتییە گشتییە لەناو مزگەوتەکەیدا قسەیەک دەکات و لە سەر شاشەی تەلەفیزیۆنەکان پێچەوانەکەی دەڵێت، بەدەم شتێک دەڵێت بە کردەوە شتێکی دیکە دەکات. زۆرجاریش ڕوویداوە ئەم پیاوە لە قسەکانی پەشیمانبۆتەوە و پێچەوانەکانی سەلماندوە. ئەوەشی بۆ خەڵک حەرامی کردوە بۆخۆی حەڵاڵ و ئەوەی نابێت کەسانی تر لە ڕووبەری گشتیدا بیکەن، ئەم خۆی لە ژیانی تایبەتیی خۆیدا ئەنجامیداوە.

شەشەم: بەبۆچونی ئێمە ئەم پیاوە لە چەندین ئاستدا پێشێلکاریی گەورەی کردوە و مۆدێلێک لە چالاکەوانی دینیی نیشاندەدات کە زۆربەری نەخۆشییە سیاسیی و ئەخلاقیی و رۆشنبیریی و پیشەییەکانی کۆمەڵگای ئێمەی لەخۆیدا کۆکردۆتەوە. بۆ ئێمە عەبدوڵلەتیفی سەلەفیی تاکەکەسێک نییە هەڵەیەکی تایبەتی کردبێت و کەیسەکەشی، کەیسی شەخسی عەبدوڵلەتیفی سەلەفی نییە بەتەنها، بەڵکو ئەو نوێنەر و بەرجەستەکەری ئەو مۆدێلە ترسناکەیە لە "واعیزی دینیی" و "ئەخلاقیی" کە لەناو

زیاد لە رووبەرێکی کۆمەڵگای ئێمەدا ئامادەیە و لەدۆخی گەشەکردن و تەشەنەسەندنیشدایە. بۆیە ئێمە پێمان وایە ئەم کەیسە لەڕووی یاسایی و سیاسیی و ئەخلاقیی پیشەیییەوە پێویستی بە هەڵوەستە لەسەرکردنێکی جیدیی و بەرخوردێکی ڕەخنەیی هەیە.

لەم ڕوانگەیەشەوە هەموو چالاکییەکی مەدەنیی و هەموو گفتوگۆیەکی عەقڵانیی و هەموو پرۆتێستێکی ئەخلاقیی و پیشەیی بە گرنگ دەزانین کە ئەم کەیسە بکات بە بابەتی گفتوگۆی جیدی ناو ڕووبەری گشتیی کۆمەڵگای ئێمە، گفتوگۆیەک لەسەر پرسی بەرپرسیارێتی ئەخلاقیی و سیاسیی و رەهەندە مەترسییەکانی سەلەفیزم لە کۆمەڵگای ئێمەدا.

14/05/2016

# عەبدوللەتیف سەلەفی و قوتابییە ژنەکەی پێکەوە دەژین

لەلایەن گۆڤەند مستەفا8/5/2016

رووداو – هەولێر
سەربەست خەسرۆ عارف، مامی ژنە قوتابییەکەی عەبدوللەتیف سەلەفی، لەکاتی بەشداریکردنی لە بەرنامەی (هۆت لاین) لە تۆڕی میدیایی رووداو، لەبارەی پەیوەندی عەبدوللەتیف سەلەفی و ژنە قوتابییەکی پەیمانگای زانستە ئیسلامییەکان رایگەیاند، ئەوان ئێستا پێکەوە دەژین و ژیانی ئاسایی بەڕێدەکەن. کەسوکارێکی د. عەبدوللەتیف دەڵێت "دەنگەکانی دکتۆر شێوێندراون."

سەربەست خەسرۆ عارف، مامی ژنە قوتابییەکەی عەبدوللەتیف سەلەفی دەڵێت "من بە هەستی خۆمساڵێک پێش ئێستا لە کوردستان بووم، لەگەڵ چاوان و ئورڤان )مێردەکەی پێشووی) دانیشتم، لەوێوە هەستی هەردووکیانم کرد، تێگەیشتم کە خۆشەویستی لەنێوانیان رەنگە کۆسپی تێبکەوێت، بەڵام کاتێک کە گەڕامەوە دەنگۆی ئەوەم پێگەیشت کە جیادەبنەوە."

مامی چاوان دەڵێت "ئەمڕۆ قسەم لەگەڵ برازاکەم و دکتۆریش کردووە، دوو کەس یەکدیان خۆشدەوێت بۆچی ببێت بە کێشە، من تێناگەم بۆچی سزابدرێن و زەم بکرێن، بیروباوەڕی دکتۆر، یان بیروباوەڕی شەریعەت و سەلەفیەت رێگەی پێداون، کاتێک ژنێک لە مێردەکەی جیا دەبێتەوە، لە ماوەیەکی دیاریکراو شوو بکاتەوە، تێناگەم بۆ ئەو بابەتە بکرێتە کێشە، ئەی ئازادی مرۆڤ لەکوێیە، ئەی ئازادی ئەو ژنە لە کوێیە."

سەربەست خەسرۆ دەشڵێت "هەڵوێستی چاوان لای من قبووڵە پیاوێکی دیکەی خۆشبوێ، ئاییینی ئیسلام ڕێگەی پێدون مافم بەسەریانەوە نییە، من خۆم بە موسڵمان نازانم، خۆم بە کوردێک دەزانم، ئاییینی من کوردە، ئەو زمانەیە کە پێی دەدوێم، ئەوە ئاینی منە، ئەوەی قبوڵی نییە کێشەی خۆیەتی، ئەمڕۆ پێیان ڕاگەیاندووم کە دێنە گۆ و قسەیان دەبێت، بەڵام چاوەڕێن خەڵک لێبێتەوە لە سەرزەنشت و ئابڕووبردن و لە بوختان کردن، چونکە مافی خۆیانە و لە دینی خۆیان ڕێگەپێدراوە، پیاو چوار ژن و پێنج ژنی هەبێت، ئەوە کێشەی من نییە."

مامی چاوان، ئاماژە بەوە دەدات "پشتیوانی چاوانم، ئەگەر لەو ئەزموونەشدا ژیانی فێری دەکات پەشیمان بێت، زۆر سەربەستانە بێتە دەرەوە و ئازادی خۆی ڕابگەیێنێت، مافی ئافرەت لەوەدایە، ڕێگەی بدەی ژیانی خۆی هەڵبژێرێت و خۆی بڕیار لەسەر ژیانی خۆی بدات، قسەی ئێمە هەمووی زیادەیە، پێشمخۆشە ئەسڵەن پرسی بەمن نەکردووە، کە مامی ئەوم و لە باوکیشی گەورەترم."

لە هەمان بەرنامە، شەهاب ئەحمەد، کەسوکاری عەبدوللەتیف سەلەفی ڕایگەیاند "ئەو بابەتە ئەسڵی هەیە، بەڵام شێوێندراوە. ئەوان ئێستا پێکەوە دەژین و بەپێی شەریعەت هاوسەرگیریان کردووە نەک لەسەر بنەمای خۆشەویستی."

لەبارەی بڵاوبوونەوەی تۆمارە دەنگییەکان، شەهاب ئەحمەد گوتی "هەندێک لەو دەنگانە هی دوای مارەبڕینە. هەندێکیشیان شێوێندراون و وەک ئەوەی خۆیان ویستوویانە بڵاویان کردووەتەوە."
محەممەد هەریری، توێژەری زانستیی ئیسلامی لەکاتی بەشداریکردنی لە بەرنامەکە دۆسیەی عەبدوللەتیف سەلەفی بە دۆسیەی بیل کلینتۆن چواند و پێیوایە نکۆڵیکردنی د. عەبدوللەتیف لە ڕاستی ڕووداوەکە، کێشەی سەرەکیە.
محەممەد هەریری دەشڵێت "بەڵگە هەیە عەبدوللەتیف سەلەفی ژنەکەی لە مێردەکەی پێشووتری جیاکردووەتەوە و هەڕەشەش لە کوڕەکە دەکرێت نەیەتە دەنگ."

مانگی رابردوو دەنگۆی پەیوەندی خۆشەویستی لەنێوان د. عەبدوللەتیف سەلەفی و ژنە قوتابییەکی هەرایەکی گەورەی لەنێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لێکەوتەوە، هەندێک بە کارێکی خراپیان لە قەڵەمدا و هەندێکیش وەک هاوسەرگیرییەکی ئاسایی ناویان دەبرد.

عەبدوللەتیف سەلەفی، ڕێبەری سەلەفییەکانی کوردستان و مامۆستای پەیمانگەی زانستە ئیسلامییەکانی سلێمانی مامۆستای توێژینەوەی ئەو ژنە خوێندکارەی بووە.

پێشتر ڕاگری پەیمانگای زانستە ئیسلامییەکان بۆ ڕووداو ڕوونیکردەوە کە "جیاوازی هەیە لەنێوان ئیدیعا و ئیتیهام، تاوەکو بەڵگەی ڕوون و ئاشکرامان نەبێت تۆمەت ئاراستەی هیچ کەسێک ناکەین". گوتیشی "قبوڵ ناکەم ئەو خوێندکارە بۆ توێژنەوەکەی بچێتە لای مامۆستا، ئەوەش حاڵەتێکی ئاساییە لەکاتی بوونی کێشە بڕیاری وا بدرێت."

تاوەکو ئێستا چەند تۆماری دەنگی "قسەی نێوان عەبدوللەتیف سەلەفی و ژنە خویندکارەکەی" بڵاوبوونەتەوە و دوای ئەویش عەبدوللەتیف سەلەفی بڵاویکردەوە کە هەموو ئەوانە هەڵبەستراون بۆی.

پێشتر ئەو ژنە خوێندکارە لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕووداو گوتی "هیچ پەیوەندییەکی خۆشەویستی لەنێوانماندا نەبووە و داوای هاوسەرگیریشی لێنەکردووم، تەنیا ئەوە بووە من خوێندکار بووم و ئەویش سەرپەرشتیاری توێژینەوەکەم بووە."

# چەند سەرنجێک لەسەر بەرنامەکەمان لە ڕووداو

من قەت لام گرنگ نەبووە خەڵک چی دەکات و چی ناکات، نازانم تا چ ڕادەیەک توانیم پەیامی خۆم بگەیەنم، بەڵام من خۆم زۆر حەز لە کامێرا و ڤیدیۆ ناکەم بە گشتی، بەڵام دەزانم ئامرازێکی زۆر گرنگە بۆ گەیاندنی پەیامەکان...

وەک وەڵامێک بۆ کاک شەهابی خزمی عەبدوڵلەتیفی سەلەفی، من قەت باسی زیانکردن و شتی وام نە کردوە من دەڵێم ئەگەر ئەوان ژن وپیاوێکی نامەحرەم بگرن پێکەوە ڕەحمیان پێ ناکەن و دوور نیە ڕەجمیان بکەن، باشە ئەگەر باوەڕی بەو حوکمە هەیە دەبێت خۆشی ڕەجم بکرێت، یانی من داوەری دەکەم بۆ ئەو بنەمایانەی خۆی بڕوای پێیە.

نەک باوەڕم بە پێویستیەتی ئەو حوکمە بیت، یان تۆمەتباریان کەم بە زینا کردن خوانەخواستە... من تەنها دەزانم لای سەلەفیەکان نابێت لە تەلەفۆنیش دەنگی ژن ببیستی و دەنگیشیان پێ عەورەیە، باشە ئەی چۆن خۆت بە تەنها دادەنیشیت، و تەلەفۆن وچات دەکەیت لەگەڵ ژنێک کە پێش دوو سێ ڕۆژ بە ڕەسمی تەڵاق دراوە؟!

سوپاسی مامی چاوان یش کاک سەربەست دەکەم کە توانی ڕێگای کێشەکە کورت کردەوە ودانی بە زەواجەکە دا هێنا. و سوپاسی دەکەم بۆ ڕێز و ئیحتیڕامیشی ئەگەرچی هاوڕاشی نەبم لە موبارەکە کردنی ئەو زەواجە.

کاک شەهابیش خزمەتێکیترت پێشکەش لایەنگرانی شێخ کرد، کە دانی بە ڕاستی دەنگەکان دا هێنا، و گووتی ڕاستن بەس شێوێندراون! یانی چۆن شێوێندراون؟! لە جیاتی چاوەکەم کراوە بە هەناسەکەم بۆ نموونە؟!

لەوانەیە پاش و پێش بە وشەیەک دەستەواژەیەک بکرێت، بەڵام هێز نیە و تەکنۆلۆژیا نییە بتوانێت ئەو قسە پڕ لە عیشق و میهرەبانیانە دروست کات، دەنا ڕۆژانە فەزیحەیەکمان دەدیت، و ئێستا نەوشێروان بۆ نموونە سەد هەناسەیان بۆ دروست کردبوو بەو تەمەنەوە!

ئینجا کاک شەهاب دانی بە پەیوەندیەکە هێنا، بەڵام دەڵێت عیشق نەبوو، بەڵکو شەرعی بوو!! یانی عیشق علی الطریقة السلفیة... کێشە نییە لە سەرەتادا با شێخ عەبدوللەتیف بیگووتبا بەڵێ ڕوویداوە ئەو پەیوەندیە من هەڵە بووم کە دەمگووت عاشقاتی مەکەن، منیش ئینسانم هەڵە دەکەم بمبوورن، تەواو! نەک من تەکفیر بکات و تەفسیق بکات و بڵێ هەقی ٨٠ جەڵدە لێدانت هەیە، و لایەنگرانی وا گومڕا بکات، بیانکاتە ڕۆبۆتێکی شێخ پەرست...

وڵاتێک هەتا لێپێچینەوەی تێدا نییە بۆ خائین و خۆفرۆش و دز و جەردە و تاڵانچی، بۆ دەبێت لەسەر کەیسێکی رەوشتی وا بێتە دەنگ؟!

نە پەروەردە، نە ئەوقاف، و نە ئیدارەی پەیمانگەکە هیچیان خۆیان سەخڵەت نەکرد بەو کەیسە، چونکە ویستی باڵای لەسەرە کە تا بکرێت دیزە بەدەرخوونە بکرێت..ئیتر ئەوەی لەسەر من بوو کردم، ویستم نمونەیەک نیشانی لاوانی گەلەکەم بدەم کە بێ دەنگ مەبن لەو هەموو فەزیحەتە ئەخلاقی و ئابووری و نیشتیمانییەی کە ڕوودەدات.

ئیتر کارێ من تەمام شود

محەمەد هەریری

٢٠١٦/٥/٨

## سەربەست خەسرۆ مامی چاوان: نامەی شانازی

## تایبەتە بە برازای خۆم (چاوان سۆران خەسرەو)ی برازام، و مێردی حەڵاڵی خۆی ( دکتۆر: مەلا عەبدوللەتیف)

"چاوانی برازام زۆر جوانە، لە کچە کافرۆش جوانترە بە راستی... جوانیی ئەو شایانی ئەوەیە ببێت بە شاجوانی گەردوون، من وەک مامی چاوان، لە بری باوک، پشتیوانیی دەکەم و حاشا لە کچی شیرینم ناکەم وەک باوکی."

نووسیویشیەتی: "چاومان ڕوون بەوەی دوو خۆشەویست بە دڵ و بە گیان گەیشتن بەیەک... چاوان شایانی ئەوەیە پیاوێکی زانا مێردی بێت و زەوقیشی جوانە، کە وازی لە گومان و دڵپیسی و ناحەزی هێنا و چووەوە باوەشی دینی خۆی بە ڕاستی و بەر لەوەی چاوان خۆی بزانێت، من بە چاوان- م فەرموو: نەکەی کچێ، مامۆستاکەت پیاوێکی جوانە، ئاگاداربە نەتبات بۆ خۆی."!

سەربەست عارف ئەوەشی خستووەتەڕوو کە "چاوان بە منی وت: وەڵا مامە سەربەست، من ئێستا موحاجەبەم و پەیمانگای شەریعە دەخوێنم و دکتۆر عبدالطیف، مامۆستای خۆمە. هی خۆشمە گەر نازانیت! هەهەهە. فەرموم: نوخشەت لێبێت و چاوتڕون."

سەربەست عارف بۆ چاوان و عەبدوللەتیف سەلەقفی دەڵێت: "پیرۆزتان بێت ئەو عەشقە ساویلکە و جوانە، مادام خۆت و مامۆستاکەت، بە بێ پەنا بردنە بەر شەڕ و دووبەرەکی، مادام کارێکی جوانتان کرد و عاشقی یەک بوون و یەکتریتان دەوێت، دڵنیا بن، شایانی ئەوەن، هەموو جیهان چەپڵەتان بۆ لێبدات و ئەو دینەی ئێوە هاتوونەتە سەری، دینی عەشق و ئازادی و ئاییني کوردە، مژدە بێت."

# دەقی نامەکە:

# نامەی شانازی

تایبەته بە برازای خۆم( چاوان سۆران خەسرە)ی برازام، و مێردی حەلاڵی خۆی:( دکتۆر: مەلا عەبدول لەتیف= د.عبدالطیف)
چاوانی برازام زۆر جوانە، لە کچە کافرۆش جوانترە بە ڕاستی... جوانیی ئەو شایانی ئەوەیە ببێت بە شاجوانی گەردوون، من وەک مامی چاوان، لە بری باوک، پشتیوانیی دەکەم و حاشا لە کچی شیرینم ناکەم وەک باوکی.
لێرەوە بە فەرمی و بە شانازییەوە پیرۆزبانیی لە چاوان دەکەم و شانازی بەو مامانەیەوە دەکەم کە برامن و پشتیوانی چاوان بوون، تا شوو بکات بە دکتۆر عەبدول لەتیف-ی بەڕێز. تەنها لەوێدا، کە دکتۆر توانیویەتی شاکاری جوانیی شکۆ و ئەدەب و ئاکاری چاوان ببینێت و خۆشیشی بوێت..؛ ئافەرین دکتۆر، هەموو جیهان دژت بن، من پشتیوانی تۆشم لێرەدا کە باس لە دین لادەدات و دێتە سەر پەیامی عەشق و یەکترویستی و دڵداری. خۆشی لە خۆت، عەشق وانەی یەکەم و کۆتایی هەموو دینێکی ڕاستە.

چاومانڕوون بەوەی دوو خۆشەویست بە دڵ و بە گیان گەیشتن بەیەک... چاوان شایانی ئەوەیە پیاوێکی زانا مێردی بێت و زەوقیشی جوانە، کە وازی لە گومان و دڵپیسی و ناحەزی هێنا و چووەوە باوەشی دینی خۆی بە ڕاستی و بەر لەوەی چاوان خۆی بزانێت، من بە چاوان- م فەرموو: نەکەی کچێ، مامۆستاکەت پیاوێکی جوانە، ئاگاداربە نەتبات بۆ خۆی!

بەڵێ، چاوان شایەتمە خۆی، دەزانێت، بە منی وت: وەڵا مامە سەربەست، من ئێستا موحاجەبەم و پەیمانگای شەریعە دەخوێنم و دکتۆر عبدالطیف، مامۆستای خۆمە. هی خۆشمە گەر نازانیت!هەهەهە

فەرمووم: نوخشەت لێبێت و چاوترِون، بەڵام بە ڕاستی ئەو دینەی کە تیایدا ئافرەت بە زۆر دادەپۆشرێت و بەزۆر دەدرێ بەشوو، و بەزۆر دەکرێت بە کۆیلەی پیاوی سەقەت و شێت و نەزان، ئاییني مامت نییە، و مامت لە دینی ئیسلام وەرگەڕاوە.

وامفەرمو بە چاوان گیان، وتم: من ڕێگە نادەم بە نەتەوەی خۆم بچنە سەر بەرماڵی دوژمنەکانی کورد، تۆ بچۆ، ئازادیت... بەڵام من تەنها ئامۆژگاریم بۆ تۆ و مامۆستاکەت( عبدالطیف) ئەوەیە، کە بێنەوە ناو دینی کورد و ڕێگاش بۆ من خۆشکەن، تا دەمی خواری دینی ئیسلام لە گیانی کورددا ڕاست بکەمەوە...
وتم: بە دکتۆر بڵێ: کە فەرموودەکانی من زۆر پیرۆزترن لە فەرمودەی هەموو ئایینەکانی جیهان... هەموشتان سور دەزانن کە گیانی ئێرزد و گۆد و ئاهورا بە زمانی کوردی پژاوە و هەستمان بە بوونی خوا کردووە و کورد پەی بە خودا برد یەکەمینجار لە گێتیداو کورد ئاییني یەکەمی داهێنا و خودای ناسی، ونەتەوەی من پەیامبەری زۆرە، لەوانە شالیار، نوح، زەردەشت، برایم و سولەیمان و خوێنی زۆرێک لە پەیامبەران بە شاخوێنبەری مندا دەگەڕێت و ئێوەش هەمووتان سەر بە هەمان خوێنی منن.

بە چاوانم زۆر وت و فەرموو، ئەو لە خۆشیی جوانیی خۆی، لە خۆشی عەشقی خۆی بۆ دکتۆر، وتە و فەرموودەکانی منی بەلاوە، وەک نامەی دڵداریی ئێکسەکەی دەهاتە بەر چاو، هەهە، یەکسەر تورِیدەدانە ناو زبڵدانی تەماشاکانی خۆیەوە، و کە دەچووە بەر ئاوێنە و تەماشای خۆی و جوانی و جەستەی کچێنیی خۆی دەکرد، عەشقی خودی عەشق دەبوو، هێندە جوانە چاوان گیان، دادەشم هاتووە، بە من دەڵێ: مامۆستا سەربەست من جوانم؟ هەهە، وەڵا من گاڵتەم بە جوانیی فریشەکانی ئاسمانی حەوتەمیش دێت گەر نازانن.

چاوان لەوانیش جوانترە لای من... پیرۆزتان بێت ئەو عەشقە ساویلکە و جوانە، مادام خۆت و مامۆستاکەت، بە بێ پەنا بردنە بەر شەڕ و دووبەرەکی، مادام کارێکی جوانتان کرد و عاشقی یەک بوون و یەکتریتان دەوێت، دڵنیا بن، شایانی ئەوەن،

هەموو جیهان چەپڵەتان بۆ لێبدات و ئەو دینەی ئێوە هاتوونەتە سەری، دینی عەشق و ئازادی و ئایینی کوردە، مژدە بێت… ئایینی کورد لەوێدا سەر دەکەوێت، کە دوو عاشق لە ژیاندا بە ڕاستی بگەن بەیەک.. خۆ مەم و زین حەمەدۆک و جەج و سیامەند گەر هەڵە نەبم برایمۆک ( نازانم باش بیرم ماوە یان هەڵەم لە ناوبردی پاڵەوانە داستانێکاندا..! بمبوورن)یان لە نێواندایە و لای :یەشار کەمال- یش، لە ئەفسانەی چیای ئاگرین دا، شمشێر دەکەوێتە نێوان دوو عاشقەوە… چونکە کچەکە بسکی خۆی دابوو بە سەرپەرستی پاسەوانی زیندان، کە حەمەدۆکی تیا زیندان کرابوو، تا ڕێگەی بدات چاوی بە خۆشەویستەکەی بکەوێت..! لە نەرێتی کوردا، یەشار کەمال وا تێدەگات و باسی دەکات، کە لە ئەفسانە کوردێکاندا، دوانەی عاشق ناگەن بەیەک… و عاشق و مەعشوق دەکوژرێن بە فیت و بوختانی شەیتان و دوژمن و جادوی شەڕ!

من لێرەوە مژدەی شادی و بانگی شادی بە گوێی کورددا دەدەم، و دڵنیاتان دەکەم، کە چاوان، بە باوەڕەوە ئەو هەڵوێستەی نواندووە… من پیرۆزبایی لێدەکەم، و گەر من خودی سۆران –ی باوکی چاوان بام، خۆم دەستی چاوان-ی کچمم دەگرت و دەمبرد بۆ لای مەعشوقەکەی و دەمدایە دەستی و پێشکەشیم دەکرد… چونکە عەشق لە بناغەدا ئاوایە… مادام دوو عاشقی کورد لە ڕاستیدا گەیشتن بەیەک، بۆ من ئەوە، مانای خەڵات و مژدەیە.

دڵنیام دکتۆر عەبدول لەتیف، لە قوڵایی گیان و باوەڕەوە، پەی بەوە بردووە کە عەشق لە ئایینی کوردا بە هەڵە هاتووە تا ئێستا، کاتی ئەوە هاتووە ڕاستی بکەینەوە. دڵنیام ئەوان کارێکی جوان و شایستەیان کردووە، بەشبەخۆم دۆڕاندم و نەگەیشتم بە کەس لەناوتاندا…! ئافرەت خۆی ئازادە شوو دەکات بە کێ و خوای دەکرد پیاو حەوت ژنیشی دەبوو… بەڵام بەو مەرجەی ڕێگە لە ژن نەگیرێت بۆ کارو فرمان و ئازاد بێت لە بڕیار بەسەر ژیانی خۆیدا، بۆیان هەیە داوای جیابوونەوە بکەن لە مێردی پێشویان و دەسەڵات و حکومەت لەسەرێتی بەبێ چەند و چوون موچەی ئافرەت دیاری بکات و ژیانی ئاسودەیی ماڵ و منداڵ بۆ ژن بپارێزن لەوێدا کە ژن پێویستی بە پشتیوانییە تا ژیانی خۆی و منداڵەکانی دابین بکات… ژنێکیش گەر توانای ئەوەی هەبێت و بیەوێت وەک پیاو مافی یەکسان بێت لە ژیانی هاوسەرگیریدا، با

خۆیان ئازادە بە مێردی خۆیان بڵێن: ( من ژنێکم دەمەوێ چوار مێردم هەبێت، گەر ڕازیی نییت مەیەرە ژیانمەوە. تەواو)

بێگومان ئەویش مافی خۆیەتی شوو بکات، جیا ببێتەوە و شووی دووەم و سێیەمیش بکات.
من لەسەر فرە مێردی نادوێم، و ئەوە با ژنان خۆیان باسی بکەن... من لەو باوەڕەدام کە هیچ ژنێک، حەز ناکات لە کاتێکدا دوو و سێ و چوار مێردی هەبێت؛ هەن ئەوە دەکەن و زۆریشن کە هەر خنەیان دێ و تێریش نابن... بە دزییەوە هەموو شتێک لە هەموو شوێنێک ڕەوایە. بەڵام مرۆڤ باشترە بە ئاشکرا گیانی خۆی بەو کەسە بگەیەنێت، کە نیازمەندە ژیانی داهاتووی لەگەڵدا بژێنێت!

ئەم عەشقە پیرۆزە، کە عەشقی چاوان و دکتۆر: عبدالطیف- ە، بۆ من وەک مژدە وابوو، من بەر لەوەی چاوان خۆی هەستی پێبکات، بە خۆیم وت: وەڵا عەشقی مامۆستاکەت لە چاوانتا دەبینم، دەزانم بۆچی چوار هێندەی جاران جوانتر بوویت، دیارە عاشقی مامۆستایت! هەهەهە، چاوان تریقایەوە، قی قی قی.. وتی: ئافەرین مامە گیان، چۆنت زانی؟ بەر لەوەی دەنگۆش بڵاو بێتەوە لەسەر پەیوەندی نێوان چاوان و مامۆستاکەی، ( بەپێی یاساکانی نەرویج، لە دەستوریاندا هاتووە: مامۆستا نابێت پەیوەندیی خۆشەویستی لەگەڵ کچانی زۆر لە خوار تەمەنی خۆی و قوتابیی خۆیدا دروست بکات و سزای زیندانیی لە دوایە! ) ئەم یاسایە مامۆستاو قوتابییەکی کچ گۆڕیان گەر هەڵە نەبم و ئێستا، وابزانم وڵات و دەستوری نەرویج کاری پێ ناکات...!

چاوان مایەی شانازیی منە، سەرباری ئەوەی ماوەیەک لەمەوربەر هەستمکرد، بەڵێ، چاوان و دکتۆر بەر یەکتری کەوتوون و گەیشتوون بەیەک...هاتم لە فەیس بۆ چاوانم نوسی: عەیار ئەترسم ئەو چاوانە تۆ بیت، تۆیت کە باست دەکەن و دەڵێن گوایە دکتۆر عبدالطیف حەیای چووە؟

چاوان لەوساوە تا ئێستا وەڵامی نەداومەتەوە، و زانیم، بێدەنگی وەڵامی ( بەڵێ) یە... بۆیە ئێستا کە زۆر زۆر دڵنیام، هاتم و پەرژام، بە پەلە ئەم پەیامی پیرۆزباییە بنێرم بۆ هەردوکیان، بۆ چاوانی برازا و دکتۆری زاوامان. چاومان ڕوون، خۆزگەم بە خۆتان، پیرۆزباییتان لێ دەکەم، کە بەر لە من سەرکەوتن و گەیشتن بەیەک... حەز ناکەم بڵێم: بەداخەوە من عەشقم دۆڕاند بەر لەوەی ئێوە بگەن بەیەک، بەڵام بیناییم ڕون و سەرم بەرز، کە شکۆئ ئایینی کورد هەست پێدەکەم، کە عاشق و مەعشوق گەیشتن بەیەک لە ڕاستیدا... خۆزگەم دەخواست منیش ئاهەنگەکەم لەگەڵ ئێوە گێڕاباو لە کوردوستان دەستم لە دەستی دوایین مەعشوقەمدا بێت... بە داخەوە، من دۆڕاندم، بەڵام برانەوەی ئێوە شادی کردم و ڕووناکی کردمەوە، کاتێک زانیم ئێوە گەیشتوون بەیەک.

لێرەوە بە سۆرانی برام دەڵێم: ئەوەی حاشا لە کچی خۆی بکات، نامەردە، نەک موسوڵمان و خاوەن دین و باوەڕ، بگرە ئەوە نە مرۆڤە، نە باوکە، نە خاوەن ویژدان... باوک نابێت حاشا لە کچەکەی بکات، کە
دوای تەمەنی ١٨ ساڵ، بگرە دوای پەشیمان بوونەوە لە مێرد، حەز لە کەسێکی تر بکات بە ئاشکراو بوێرانە گیانی خۆیان بدەنە دەستی یەک.

سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم، ئێستا دەزانم کە ئێوە شایانی یەکن. من ببوورن، کە خۆزگەم دەخواست، ئاهەنگی هاوسەرگیرییەکەی منیش لەگەڵ هی ئێوە با... پیرۆزتان بێت، کورد چاویانڕوون، بەوەی عەشقێک، بە ئاشکرا، لە ڕاستیی ژیانی کوردا سەری گرت. هەر بژین، پیرۆزتان بێت ژیان بە جوانی و شکۆمەندی. ئێوە مایەی شانازیمن لە عەشقا.

٢٠١٦/٥/٧

# فەتوای پشتگیری زەردەشتیەک بۆ عەبدوللەتیف سەلەفی!
# کورد چیرۆکی خیانەتیشی لێ دەبێتە شاکاری دڵداری!

ئەو نووسینەی مامی ئەو ژنەم خوێندەوە کە لەسەر پەیوەندی نێوان برازاکەی و عەبدوللەتیف سەلەفی نووسیویەتی. سەرم لە دنیای کوردی سوڕماوە کە سەدان بە ناو سێکیولار، و هونەرمەند، و سیاسی، و دەسەڵاتدار، بەرگری لە فریودانی ئافرەتێک دەکەن، کە لە لوتکەی خۆشەویستی بووە لەگەڵ مێردەکەی، وەک لە فەیسبوکەکانیان پەیامەکانی خۆشەویستیان بۆ یەک دیارە.

بەرگری لە کاهینێکی خاوەن دوو ژنە بکەن کە بەو پەڕی بێ ویژدانیەوە، کاتێ چاوان هانای بۆ دەبات بۆ چاککردنەوەی نێوانی لەگەڵ مێردەکەی، عەبدوللەتیف سەلەفی بە فورسەتی دەزانێت، و بە پێی دانهێنانی خودی چاوان لای مامۆستایان و ڕاگری پەیمانگاکە - هەرچەندە دەزانم تۆقێنراون و ناوێرن ئەو شاهێدیە بدەن!- عەبدوللەتیف سەلەفی پێی دەڵێت: بۆ نێوانتان چاک کەمەوە، من تۆم بۆ خۆم دەوێت!

[سەرنج: دوایی تۆمارێکی دەنگی باوکی چاوان بڵاوبویەوە کە باوکی چاوان بە توڕەیی قسە بە مەلا لەتیف دەڵێت ودەڵێت: تۆ عەیبە دەستی ئەو کچە منالەی منت بڕی و فریوت دا، کە ئەو هاتبوو کێشەی نێوان خۆی ومێردەکەی بۆ حەل بکەیت!]

ئەوە چ عشقێکە کە لەسەر داروپەردووی ماڵوێرانی ژن و مێردێکی گەنج و منالێکیان بنیات بنرێت؟! ڕاستە ژنەکەش تاوانبارە لەوەدا، کە فریوی خواردوە بە ناو و پایە و پارە و ئەو خۆشەویستیەی تاکێکی سەلەفی هەیەتی بۆ شێخی مەشایخەکانی سەلەفیەت لە کوردستان. بەڵام پیاوی مەرد و بە ڕەوشت و بە دین، ناچێت ئەو پلە وپایە و پۆست و مامۆستایەتی خۆی وەبەر بهێنێت، بۆ فریودانی ژنێکی بە مێرد کە لە تەمەنی کچەکەی خۆی بجوکتر بێت، و ناچێت ژیان لە گەنجێکی جوان و ئاسایی و

دیندار و سادە و هونەرمەند تێک بدات، کە دەڵێن ئەویش بەرەو ڤایرۆسی سەلەفیەت و سەرسامبوون بە عەبدوللەتیف سەلەفی پەلکێش کرابوو! پیاوی خوا ناچێت لەبەر شەهوەتێکی نیکاحی ژیان لەو کچە منداڵەی ئەو ژن ومێردە تێک دات، کە هەردووکیان قوتابی ئەو بوون، و جیایان کاتەوە!

ئێوە ئەی ئەو هەست ئەستوورانەی لە عیشق سەراوژێر تێگەیشتوون، قەت بیرتان بۆ ئەو مانایانەی سەرەوە ناچێت؟! قەت نەتزانیوە عیشق مانای ئەنانیەت و کاوڵکاری لە خۆیدا هەڵناگرێت؟!

هەزاران تف لەو عیشقە دەکەم لەسەرحیسابی ئازاری کەسانیتر هەڵچنرا بێت. لەسەر فرمێسکی پیاوێکی گەنج بۆ تێکچوونی لانەی بنیات نرابێت!

لە سەردەمی زانکۆ برادەرێکی نزیکم چاوی لە کچێک بوو، منیش ئەو کچەم لەدڵدا شیرین بوو، بەرلەوەی ئەو برادەرە ئەو نهێنیەم لا بدرکێنێت و نزیک بێتەوە لێم، دیتم کچەکە مایل بە منە زیاتر، بەڵام تەنها لەبەرئەوەی ئەو برادەرەم زۆر دڵی پێوە بوو، نەمهێشت ئەو عیشقەم ڕەگ داکوتێ وپێم نا بە جەرگمەوە، کە تا ئەو ساتە ئەو کچە ئەو برادەرەشمی نەک خۆش نەدەویست، بەڵکو دەیکوڕهاند!

بە نسبەت مامی ئەو کچە کاک سەربەست عاریف خەسرۆ، ئەو پیاوە هەست ناکەم لەگەل پەیامی خۆی کە شەو و رۆژ بانگەشەی بۆ دەکات کە زەردەشتیەتە ڕاستگۆ بێت. ئەو منی بەو هەموو ڕەخنەیەم لە توراس و دەقی ئیسلامەوە پی قبوڵ نییە، سەدان جوێنی پێداوم لە فەیسبوک، و منی پێ توندڕەوی ئیسلامییە، کە شەو وڕۆژ دژی توندڕەوی ئیسلامی و باقی توندڕەویەکانیتر دەجەنگێم، کەچی لە سەیرو سەمەرەی دنیاوە دێت پشتگیری لە فەزیحەتێکی وا دەکات، و بە وتە خەیاڵی و خەوناویە ساویلکەکانی دەڵێت: "پیرۆزتان بێت ئەو عەشقە ساویلکە و جوانە، مادام خۆت و مامۆستاکەت، بە بێ پەنا بردنە بەر شەڕ و دووبەرەکی، مادام کارێکی جوانتان کرد و عاشقی یەک بوون و یەکتریتان دەوێت، دڵنیا بن، شایانی ئەوەن، هەموو جیهان چەپڵەتان بۆ لێبدات و ئەو دینەی ئێوە هاتوونەتە سەری، دینی عەشق و ئازادی و ئایینی کوردە، مژدە بێت."

سەربەست عارف جەختیش لەوەدەکاتەوە کە "دڵنیام ئەوان کارێکی جوان و شایستەیان کردووە، ئەم عەشقە پیرۆزە، کە عەشقی چاوان و دکتۆر :عبدالطیف- ە، بۆ من وەک مژدە وابوو، من بەر لەوەی چاوان خۆی هەستی پێبکات، بە خۆیم وت: وەڵا عەشقی مامۆستاکەت لە چاوانتا دەبینم، دەزانم بۆچی چوار هێندەی جاران جوانتر بوویت، دیارە عاشقی مامۆستایت !چاوان تریقایەوە، قی قی قی.. وتی: ئافەرین مامە گیان، چۆنت زانی؟."

ئەو هەڵوێستەی وەک کەسێکی زەردەشتی و دژە ئیسلام – بڕۆن پۆستەکانی بخوێننەوە بزانن چۆن باسی ئیسلام دەکات کە ئەوە هەقی خۆیەتی ئازادە- و سێکیولار، هەمووی خیانەتە لە پرنسیپەکانی خۆی:
پیاوی زەردەشتی و سێکیولار و بێ باوەڕ بە ئیسلام

- پشتگیری لە فرەژنی ناکات.
- پشتگیری لە فریودانی ژنی مێردار ناکات، و هانی نادات بۆ ئەوەی ببێتە حورمەی ژمارە سێ لە حەرەمخانەی عەبدوللەتیف سەلەفی.
- پشتگیری فریوخواردنی ئافرەتێک ناکات بە پلە وپایە وپۆست و پارە.
- پشتگیری لە تێکدانی خێزانێکی بەختەوەر ناکات.
- پشتگیری لە هێنانەدی حەزی کەسێک ناکات بە دوو ژنەوە چاو ببڕێتە ژنی خەڵک، و خاوەنی دوو ژنیش بێت!

ئەوەی من بزانم ئەو کاک سەربەستە بەو بەرگریەی لەو کارەی عەبدوللەتیف سەلەفی، بەرگری لە خۆشی دەکات، چونکە خۆشی لەو کاتەی کە لەگەڵ ژنەکەی دەژێت، خەریکی دڵداری و گەڕانە بە دوای ژنێکی تر، پێش ئەوەی دەست لە ژنی یەکەم بەربدات! نامەوێ زیاتر بچمە ناو وردەکاری باسەکەوە.

ئینجا شتێکیتریش ئەو پەیامەی لە دژی باوکی ژنەکە و براکانیتری نووسیوە، چونکە کێشەی بەردەوام هەیە لە نێوان سەربەست و هەموو براکانیتر، کە لە زۆر لە

نووسینەکانیشی باسی کردوە، بڕۆن نوسینێکی سەربەست بەناونیشانی: تەزبێحەکەی دایکمی بخوێننەوە...

بەڕاستی عەبدوللەتیف سەلەفی پێویستی بە پیرۆزباییە کە ئەو هەموو هونەرمەندە داوێن پیس و دوورە دین و بەناو سێکیولار و دژە دینانە بەرگری لێ بکەن، ئەوە وابەستەیی ئەوانە دەردەخات بە دەسەڵاتی گەندەڵ کە تا ئەو ساتەش لە پشتی شێخ عەبدوللەتیف سەلەفیە. کاتی خۆی پێغەمبەر سزای سێ سەحابەی دا کە خۆیان لە شەڕێکی دزیبوەوە، و بڕیاری دا کەس نابێت قسەیان لەگەڵ بکات، لەو ساتانە یەکێکیان ناوی کعب بن مالک بوو، نامەیەکی لە مەلیک غەسانەوە بۆ هات کە دوژمنی پێغەمبەر بوو، بۆی نووسیبوو: وەرە لامان تا پشتگیری و دڵنەواییت بکەین، پاش ئەوەی پێغەمبەرەکەت پشتی لێکردوویت.. دەڵێ گووتم: ئەوەش ئیبتیلایەک و بەلایەکی ترە! ونامەکەیەم سوتاند! نەک دڵی خۆشکات بە فەتوای هەڵکەوت زاهیر و پیرێکی زەردەشتیەت!

ڕوداوەکە لە بوخاریدایە شێخ دەزانیت ئەوەش دەقە عەرەبیەکەیە: "بينما أنا في هذا الحال إذا جاءت رسالة من ملك غسان يقول لي : الحق بنا نواسيك بعد أن هجرك صاحبك، قلت: هذا من البلاء أيضا، فحرقت الرسالة"

خەریکە میللەتی کوردم بە تەواوی لە بەر چاو دەکەوێت، بە تایبەتی بەناو ڕۆشنبیران و سێکیولار و هونەرمەندە دوواکەوتووەکانی، ئەوانەی چیرۆکی خیانەت بە شاکاری عیشق دەخوێننەوە. هەر چاک بوو مەم و زین لەو سەردەمەدا ڕووی نەدا، دەنا نوخبەی ڕۆشنبیریکورد پشتگیریان لە بەکرۆکە دەکرد، لەبەرئەوەی دەسەڵاتدار پستگیری لێدەکرد و خۆشی ناودار و دەوڵەمەند بوو وەک شێخ عەبدوللەتیف سەلەفی و چیرۆکەکەش دەگۆڕا لە مەم و زین بۆ بەکرۆکە و زین!

محەمەد هەریری
٢٠١٦/٥/٧

# وەڵامی پۆستێکی سۆران سێوکانی:

هەرچەند دەکەم ناتوانم لەسەر مەلا لەتیف بنووسم بەڵگەی دەنگیەکەشم گوێلیگرت ١٠٠% دڵنیام دەنگی خۆیەتی بەڵام دڵم نایهێنێ منیش خەنجەری زیاتر بوەشێنم بۆ ئەو پیاوە ئەو مرۆڤێکە ئاساییە کەسێکی خۆشبوویت یان نا؟

وەک دەردەکەوێ داوای زەواجیش دەکات لێی تا ئێرە هەمووی ئاسایین نائاسایی ئەوەیە بابای ئیسلامی هەمیشە خۆی پیرۆزو مەعسووم دەکات بەرامبەریش دەکاتە داوێنپیس وبێ ئەخلاق بۆیە لەبچووکترین لێقەوماندا لێی دەکەن بەهە را!

سوران سێوکانی

# سۆران سێوکانی حوشتر وا ئاو نادرێ!

ئەو بەرگریەت لەمەلا عبداللطیف لە چەند ئەگەر بەدەر نییە، یان وەک هەمیشە ئیخوان لە ئەولەویەتی ئەولەویەتەکانتە، کە چەند جار پێم گووتی هەڵەیت و سەلەفیەت زۆر ترسناکترە، بێ ئەوەی لە ترسناکی ئیخوانیش بێ ئاگا بم.

یان هەڵوێستی ئێن ئار تی یە کە لایەنگیری ئاشکرای پێوە دیارە بۆ مەلا لەتیف، یانیش ئەوە هەڵوێستی دەسەلاتە کە زۆرجار لە هەڵوێستەکانت دەردەکەوێت! یانیش هەر حەزی خۆ دەرخستنە بە جیاواز.
ئەوەی ئێمە کردمان خەنجەر وەشاندن نییە و سەیرم پی دێت ئەو ناوە عەشایەریەی لێ دەنیت. ئەگەر ئەو میللەتە هەموو ئارگیومینتی فیکری و لۆژیکی کاری لێ نەکات بۆ ئاگاداربوونەوە لە مەترسی عەبدوللەتیفی سەلەفی و ڕۆژانە بەبەرچاوتەوە سلێمانی و کوردستان تووشی شێرپەنجەی سەلەفیەت دەبێت زیاتر و زیاتر، بۆ دەبێت ئەو ئامرازە بەکار نەهێنین کە کاریگەری هەیە لەسەریان؟!
کە ئەو فەزیحەیە ڕەوشتییەیە کە خۆی کردووتی بێ ئەوەی کەس پاڵی پێوەنێ؟!

دەڵێیت: ئەو مرۆڤێکە ئاساییە کەسێکی خۆشبوویت یان نا؟
وەک دەردەکەوێ داوای زەواجیش دەکات لێی تا ئێرە هەمووی ئاسایین" ئەوە چۆن تێگەیشتنێکە پێت ئاسایی بێت پیاوێک خۆی بە احمد بن حنبلی کوردستان بزانێت، و دوو ژنی جحێڵی هەبێت، و بچێت پەیوەندی لەگەڵ ژنێکی مێرددار ببەستێت کە تا ئەو ساتەش تەلاق نەدراوە؟! کوا ئاسایی بوون لێرەدا؟! ئەگەر نەیارێکی ئەوان ئەو کارەی کردبا چیان پیی دەگووت و چیان پێ دەکرد؟!
مامۆستا محەمەد کیانی لە وەلامی ئەو پۆستەی تۆ زۆر جوانی فەرموو کە دەڵێت" :

ببورە ئەم پرسیارە بکەم، ئایا قبوڵە کەسێک دوو ژنی هەبێ، بەم شێوە قسە لەگەڵ ژنی کەسێکی تر بکات بۆ لە خشتەبردنی، خۆت لە خۆتەوە سەیری مەسەلەکە بکە؟ باشە ئەگەر ئەم ئەخلاقە ببێتە رێسا دەبێ هەموو کەس مالەکەی خۆی دابخات و کەس هاتوچۆی کەس نەکات.

ئەوە نەخۆشیە لە گۆمەلگە بلاو بوەتەوە. کەسێکی درۆزن ژنی خەلکی تر هەڵدەخەلەتێنێ بە ناوی دین و ریش و دەسەلاتی دینی و زانستی بەسەر ژنێکی بێچارە. ئەو کەسە لە رۆژاوای بێت یەکسەر لە کارەکەی دەردەکرێ و هەتا هەتایە ناتوانێ لە هیچ دەزگاییێکی پەروەردە، زانکۆ یان خویندنگا کار بکات، بێجگە لە دادگای کردن بە تۆمەتی بە نابەجێ بەکارهێنانی دەسەلات بۆ سوی تایبەت و لەخشتەبردنی سێکسی و چەند ساڵ زیندانی دەکەن. پەیوەندی سێکسی بە هەر بینوێک بێت، لە نیوان مامۆستا و خوێندکار، دکتۆر و نەخۆش و خزمی نەخۆشیش، قەدەغەیە. هیچ پەیوەندییێکی سێکسی نابێ دەسەلاتی تایبەت بەکار بهێنرێت بۆ هەڵخەڵەتاندن."

محەمەد هەریری

٢٠١٦/٤/١٩

# کتێبی تاریخی دوای هەزار سار...

باوەڕبکەن بەشەکی زۆری کتێبەکانی پێش هەزار و لە ماوەی ئەو هەزارەش هەر ئەوها نووسراینەوە..................................

ڕووداوەکانی دوای هەزارەی دووەم

لە نیوەی یەکەمی دوای هەزارەی دووەم.. موشتاق تووشی میحنەتی خەلقی بوهتان بوو.. ڕافیزە و عەقلانی و مولحید و حزبی و ئیخوانی و عەدنانی و قورئانی و کافر و جوو و صەهیۆنی و ماصۆنی...هتد کۆبوونەوە.. بوهتانەکیان لەبۆ خەلقکرد بە ناوی بوهتانی موشتاق.. بەو هۆیەوە دەیان کەس تووشی گومڕای و زەلاڵەت بوون.. پاشان لە میحنەتەکە دەربازی بوو و بووە شێخی ئیسلام ..زانایانیش لەسەر ئەوە دەفەرموون خوا زمانمانی لەو بوهتانە پاراست با کیبۆردمانی لێ بپارێزین ..

ئیمام شەهاب بن أبي شەهاب دەرێ: البهتان معلوم، والكيف مجهول، والايمان به واجب، والسؤال عنه بدعة..

زیرەک ڕەحمان

٢٠١٦/٥/٣٠

## چەن کەس درۆزن دەرچون

## بەتەحریکی تەڵێکی سەد هەزار نەفسی بەکوشتن دا ڕەئیسی حیلەکاران، شای قوماربازانە ئەم ڕیشە...

بە یەک مەتر ڕیشی دریژەوە هاتبوویت( براکەی عەول لەتیف) ئەتگوت ئەو دەنگانە ساختەن!

مەلا مەسعودی هەولیر لە سەر مینبەرەکەی پیغەمبەرەوە هاوارت ئەکردو ئەتقیڕاند ئەوە فۆتۆ شۆپە

نوینەری سەلەفیەکان  بە پێستی قایمی ڕوتەوە لە ڕوداو ئەتگووت دەنگەکان شێویندراوە

هەلکەوت زاهیری خەبیری دەنگ
ئەم دەنگەشت هەر وەک ئیبداعی دۆزینەوەی دەنگەکانی تری وەک وش وشو دەستت فێری سینەم مەکە بوو!

هەردی سەلاحی بەسمە گیانەکەم بەسمەی دوینیو دەرویشەکەی ئەمڕۆ

ئەوە عەلامەکەتان ئەلیت هەمو دەنگەکان هی خۆمن!

بەلام لە کاتی دەستگیران داریدا گوتومە

وای وای هەناسەکەم لەو هەمو رسواییە

جا هەندیک گەمژە هەندیک ئەحمەقی تر هاتونو ئەلین مامۆستا دوای مارە برین ئەو قسانەی کردوە ، لە کاتیکا دەنگەکان هەموی هی بەر لە رۆژی مەحکەمەکەن

بژی میلەتی زیندوو

بژی نەتەوەی ئازا

کاکە خوا ئیشی نابەجێ ناکا
تا کێو نەبینێ بەفری تی ناکا

ئیمەش هەمومان کە قسەمان بە عەول موشتاق ووت لە دین دەرچووین
وای وای چەن سەختە ئازاری لە دین دەرچون!!

hussein ali sharif

13/5/16

# بۆ خەدیجە ئەثەری
# بە ئیجازەی ماردین ئیبراهیم

بۆ خەدیجە ئەثەری
سوێند بە خالقی ئەرز و ئاسمان.. گەورەترین ئاواتی من لەو دونیایە تۆیت جا بزانە..
تۆ بە تەنهایت. دڵی من یەعنی تۆ چاک بزانە.
بە خوا لە دونیادا شتی وا نەبووە.
دنیا وایە خەدیجە دنیا وایە..

*****

بۆ خەدیجە قۆندەرە
من ئەوە دەکەم کە دەچمە ماڵی خەزوورەکانم لەبەرم هەڵدەستنەوە و ئیستقبالم
دەکەن بە خوا پێڵاوم بۆ دادەنێن
کەچی من دەڵێم پێڵاوی باوکت و دایکت دەخەمە سەر سەرم
کەواتە بزانە تۆ کێیت لەلام هەناسەکەم
گەر لەسەر جادە وەک ئەو زەلامەی ناو ئەو ڕسمە بکەم
کەچی ئەو قۆندەرانەش بە دیندار و بێدینەوە هەر بەرگریم لێ دەکەن..
قۆندەرە وایە خەدیجە قۆندەرە وایە

*****

بۆ خەدیجە کۆیلە
قەت بینیوتانە سیکۆلار و دژە توراس و مەورووس و دژەئیسلامگەرا و نائیسلامی و پیاوی دەسەڵات و مەلای قەشمەر لەگەڵ_ڕێز_و_حورمەتما وا ببنە مەحامیی هیچ کەس جگە لە ناکەس.
خۆ لە ترسی بڕانی ئالیکیانە، هاوئاخوڕ با کاوێژکردنی جودا بی، خۆ دەبی شەڕە قۆچ لەسەر تاکەسەرەکی مێگەلەکەی بکا..
کۆیلە وایە خەدیجە کۆیلە وایە

******

بۆ خەدیجە ئیخوانی
هەر کاتەک دیتت پێنج شەش بوونەوەری مایندەوی بوونە پینەچیی ئابڕووچوونەکی سەلەفی..
بزانە مەکتەبی ئیرشاد و جەنابی مورشید لەژێر نیکاحی زەواجەکی موتعەی سیاسیی هەیئەی ئەفیتادان.. یان بندڕای مانگی هەنگوینی تورکیا سعوودیا قەتەڕ.
یانیش نیفاقی بانگوخوازگەری دەیەوێ کەتمی شەهادە بکات بەرامبەر دەسکەوتی سیاسی.
نیفاق وایە خەدیجە نیفاق وایە..

*********

بۆ خەدیجە قیامەتی
ئاخیر زەمانە خەدیجە، کێ تێدەگا
لە کلیپچییەکی ڕووتی و سەمای جەستە و چێژ
کۆنە چاوەشەکی تازە فەیسبوکەوانی گێژ
ببنە بەرگریکار لە #ئەبو_درع
ڕووتبوونەوە ڕووتکردنەوە یان ڕوونکردنەوە و ڕوونبوونەوە..
ئەمەش نیشانەیەکە لە نیشانەکانی ئاخیری زەمان بەپێی شریتی زولەکە لە داهاتوودا بەشی ڤێیەم..
ئاخیر زەمان وایە خەدیجە ئاخیر زەمان وایە..

**********

بۆ خەدیجەی فەیسبوک
بە دەست ئەو خەتە خاو و خلیچکەوە خەریکە سەبر و تەحەمولم دەبیتە سفڕ
ئاخر هەتا ئەو پۆستەم کرد خەریک بوو بە دەست ئەو خەتەوە دیق بکەم.
هەناسەکەم نەکەی ئەتووش لایک لەبیربکەی گیانە.
لایک وایە خەدیجە لایک وایە.

zirak
20/4/16

## سەدوپەنجاو هەشت کەسایەتی سلێمانی لەسەر ئۆرڤان هاتنە دەنگ و داوا ئەکرێت عبدالطیف دادگایی بکرێت و ڕسوا بکرێت

داواله وەزارەتی ئەوقاف دەکەن کە مینبەری مزگەوت و کەناڵە ئاسمانییە ئاینییەکان ڕێکبخاتەوە و "چیتر ڕێگەنەدرێت کەسانی رادیکاڵ و دووڕوو بەکاریانبهێنن بۆ توندڕەویی و دژایەتیکردنی چینە جیاکانی کۆمەڵگا و مەرامی شەخسی خۆیان".

ئەمەش ناوی چالاکوانانەیە کە داوای دادگایکردنی ناوبراو دەکەن:

١.سۆز عەبدولقادر، سەرۆکی گرووپی مۆر
٢. کۆراڵ نووری، رۆژنامەنووس
٣. پەروا عەلی، ئەندام پەرلەمان
٤. ستارە عارف، هەڵسوڕاوی بواری ژنان
٥. پەروین حەسەن، هەڵسوڕاوی بواری ژنان
٦. شیرین سائیب، بەڕێوەبەری سەنتەری جێندەر
٧. چیمەن محەمەد رەشید، چالاکی بزوتنەوەی ژنان
٨. چلوورە هەردی، چالاکی بزوتنەوەی یەکسانخوازی ژنان
٩. چۆمان هەردی، نووسەر و مامۆستای زانکۆ
١٠. بەهار مونزیر، چالاکی ژنان
١١. گۆنا سەعید، چالاکوان
١٢. ئاسۆ کەمال، نووسەر
١٣. روژە حەسەن، چالاکی کۆمەڵگە ی مەدەنی
١٤. چنوور عەلی، چالاکی کۆمەڵگای مەدەنی
١٥. کوێستان محەمەد عەبدولا، پەرلەمانتاری خولی دوو و سێ
١٦. کنێر عەبدولا، نووسەر
١٧. ڕێزان هەردی، پزیشکی پسپۆڕی نەخۆشییە کتوپڕەکان وهەناوی گشی

١٨. چۆمان عوسمان، رۆژنامەنووس
١٩. شۆخان حەمەرەشید، پارێزەر
٢٠. سیروان غەریب، ڕۆژنامەنوس
٢١. ئەمەل جەلال، هەڵسوراوی بواری ژنان و مندالان
٢٢. ئاراس گەلاوێژ، ڕاگەیاندن کار
٢٣. تاڤگە رەئووف، چالاکی مافی ژنان
٢٤. کوێستان محمد، چالاکەوانی ژنان
٢٥. ئاری حەمە، ناوە نی سیکولار
٢٦. شاهۆ عەلی، چالاکوانی مەدنی سیکۆلار
٢٧. روخوش احمد، مافپەروەر
٢٨. هیوا ئەحمەد، هەڵسوڕاوی سیاسی، بەریتانیا
٢٩. ئاشتی عەبدوڵلا، رۆژنامەنووس
٣٠. سمکۆ ئەحمەد، شێوەکار
٣١. سۆزە جەمال، مافناس
٣٢. ئارام قەفتان، نووسەر و قوتابی زانکۆ
٣٣. نیگار تۆفیق مەجید
٣٤. ئاڵا لەتیف، رۆژنامەنووس
٣٥. بەهەشتی فەتاح، خوێندکاری زانکۆ
٣٦. هەدیە ئەحمەد، ئەندامی سەنتەری ژنانی کۆلن، ئەلمانیا
٣٧. نازناز محەمەد عەبدولقادر
٣٨. نیگار تۆفیق، بایۆکیمیست
٣٩. میر سۆران، خوێندکار و ئەندامی گۆشەی ئەمەریکی لە سلێمانی.
٤٠. کوێستان فتوحی، چالاکی سیاسی
٤١. خەبات کەریم
٤٢. فاتمە ئەحمەد، وەرگێڕی نێوکولتووریی، سویسرا
٤٣. هیوا قادر، مامۆستا و میدیا کار
٤٤. بانوو ئومێد جەلال، ئەندازیاری ئێریکسن
٤٥. دلسوز شفیق خلف، چالاکوانی ژنان و رێکخراوی کوردستان بو

هەمووان
٤٦. هێمن مامەند، رۆژنامەنوس
٤٧. ئاران غەفوور خوێندکار، نووسەر
٤٨. سازان جەمال، فەرمانبەر
٤٩. کاژاو زرار، فەرمانبەر
٥٠. ئازاد شەفیق خەلەف، هوڵەندا چالاکی سیاسی
٥١. دیلمان عبدالله چالاکی کۆمەلی مەدەنی
٥٢. لەنجە عەبدوڵڵا
٥٣. چاوان ئازاد ئەحمد، خوێندکاری بەشی یاسا
٥٤. بەرهەم بهاوالدین، مامۆستا
٥٥. لەیلا ئەلەند
٥٦. شلێر عەبدولمەجید، مامۆستا
٥٧. لەیلا ئەحمەد
٥٨. سەمیرە ئەمین
٥٩. پشتیوان گەلاڵی، ڕۆژنامەنووس و چالاکی کۆمەڵی مەدەنی
٦٠. پشتیوان زاهیر، رۆژنامەنووس
٦١. سەمیرە ئەمین، مامۆستا
٦٢. ئارام تۆفیق حەمە سەعید، مامۆستای زانکۆ٦٣. ئاکۆ فەرەیدوون قەفتان، خوێندکار
٦٤. ئیبراهیم محەمەد عەلی، مامۆستا
٦٥. خۆزگە ئیبراهیم محەمەد عەلی، خویندکاری زانکۆ
٦٦. خەندە ئیبراهیم محەمەد عەلی ،خویندکاری زانکۆ
٦٧. سۆزان شەهاب نوری
٦٨. نەرمین عوسمان حسن
٦٩. فرمێسک مستەفا، شانۆکار
٧٠. رێکار حمە تۆفیق، خوێندکاری زانکۆی ئەمریکی
٧١. نەهرۆ شەوقی، شێوەکار
٧٢. خەبات مەعرووف

٧٣. بانو بەکر عەزیز، خوێندکار
٧٤. ئاڤان محمد عارف، مامۆستا
٧٥. رۆژان ئازاد ئەحمد، فەرمانبەر
٧٦. عەبدوڵا ساڵح، چاودێری سیاسی، لەندەن- بریتانیا
٧٧. سنوور حەسەن، ماموستا و چالاکی مەدەنی
٧٨. سنوور حەنیفیپوور
٧٩. نەجیبە مەحموود، رۆژنامەنووس
٨٠ ژیر گیو عبدالله، خویندکاری زانکو
٨١. ئاشنا رەئووف، هونەرمەند
٨٢. سێوە فاتیح، ڕاهێنەر لە گەشە پێدانی مرۆیی
٨٣. کاروان حەمە تاتە، بەرپرسی هیزی پێشمەرگەی خۆبەخشی کورستان
[-PAXP-deijE.gif]٨٤. رۆشنا ئەحمەد، چالاکی ژنان
٨٥. ئاوێزە غەریب کەریم، فە رمانبە رئاڤار
٨٦. جەمال اسماعیک / خوێندکار
٨٧. روبار خالید، شانۆکار و چالاکوان
٨٨. محمد جاسم بکر، خوێندکار
٨٩. کەژاڵ عەبدولقادر
٩٠. هەرێم جەبار، کاسب
٩١. بەهزاد شەفیق خەلەف، خویندکاری ماجستیر
٩٢. ئالا کەمال، رێکخراوی کار
٩٣. دیلمان عبدالله ،چالاکوانی کۆمەلی مەدەنی
٩٤. کاروان حەمە تاتە، بەرپرسی هێزی پێشمەرگەی خۆبەخشی کورستان
٩٥. کوێستان ئەکرەم فەرەج، سەرۆکی شارەوانی هەڵەبجە بە وەکالەت، چالاکوانی ژنان
٩٦. هێشوو محەمەد، مامۆستا
٩٧. راز سەباح، مامۆستا
٩٨. ئارام حەمەئەمین، کاسب
٩٩. شالاو رەئووف، کاسب

١٠٠. لیزان تاهیر، خوێندکار
١٠١. مەهاباد حمه صالح ریکخراوی، رێکخراوی هولن هێلپ، هۆڵەندا
١٠٢. چرۆ سابیر عەزیز، مامۆستا
١٠٣. رابیحه حەمەد، پەرله مانتاری پێشوی عیراق
١٠٤. خەمان زرار، پەرلەمانتاری پێشوی کوردستان
١٠٥. تانیا گلی، پەرله مانتاری پیشوی عیراق
١٠٦. شەونم محەمەد غەریب، پەرله مانتاری پیشوی کوردستان
١٠٧. شێنێ فریا، پزیشک
١٠٨. دیار ئەحمەد، ڕۆژنامەنووس
١٠٩. کاردۆ مەعروف
١١٠. بەناز تۆفیق
١١١. دیار ئەحمەد، ڕۆژنامەنووس
١١٢. شیرین تاهیر چالاکوانی ئازاد، نووسەر له گۆڤاری تەوار
١١٣. بەهره حەمەره ش، رۆژنامه نوس
١١٤. تارا حسین، چالاکوان
١١٥. گوڵستان سعید محمد، چالاک له بواری مافی ژنان و منالان
١١٦. ڤیان سابیر ئەمین، چالاکوانی بواری مافی زنان
١١٧. رازاو مەحمود فەرەج، ئەندامی ئەنجومەنی ناوەندی ی. ن. ک
١١٨. کەژاڵ عەلی محەمەد مامۆستا، ئەندامی ژووری هەڵبژاردنی بزووتنەوەی گوڕان
١١٩. ئاوێزە غەریب کەریم، فەرمانبەر هەڵسوراوی بزوتنەوەی گوڕان
١٢٠. بانوو بەرزان محەمەد-فادڵ
١٢١. ئاشتی عەلی حەسەن، مامۆستا له دانمارک
١٢٢. کەژاڵ عەلی محەمەد، مامۆستا، ئه ندامی ژووری هەڵبژاردنی بزووتنەوه ی گۆران
١٢٣. پەیام ئەحمەد محەمەد ئەمین، پەرلەمەنتاری خولی سێ
١٢٤. ئێڤار ئیبراهیم، ئەندام پەرلەمان
١٢٥. نەهیه خۆشکەلام، ئەندامی سەنتەری ژنانی کورد کۆلن

١٢٦. پەری ئەحمەد، ئەندامی سەنتەری ژنانی کوێلن
١٢٧. رۆشنا ئەحمەد، ئەندامی سەنتەری ژنانی کوێلن
١٢٨. دلنیا سەلیم، ئەندامی سەنتەری ژنانی کوێلن
١٢٩. ناجیە محمد، ئەندامی سەنتەری ژنانی کوێلن
١٣٠. بەهۆز زاهیر، ئەندامی سەنتەری ژنانی کوێلن
١٣١. هاژە سالار، ئەندامی سەنتەری ژنانی کوێلن
١٣٢. هەورین جەلال، ئەندامی سەنتەری ژنانی کوێلن
١٣٣. شەهین کەریم، ئەندامی سەنتەری ژنانی کوێلن
١٣٤. شیرین کافیە، ئەندامی سەنتەری ژنانی کوێلن
١٣٥. شلیر عەزیز، ئەندامی سەنتەری ژنانی کوێلن
١٣٦. مهاباد عەزیز، ئەندامی سەنتەری ژنانی کوێلن
١٣٧. رووناک فەدەوی، ئەندامی سەنتەری ژنانی کوێلن
١٣٨. تارا یونس، ئەندامی سەنتەری ژنانی کوێلن
١٣٩. هانی خەزان، ئەندامی سەنتەری ژنانی کوێلن
١٤٠. دلسۆز مستەفا، ئەندامی سەنتەری ژنانی کوێلن
١٤١. سازان سلیمان، سەنتەری ژنانی کوێلن
١٤٢. کوردۆ ئەمین ئاغا، ژمێریار
١٤٣. مریەم فەتاح، چالاکەوان هەڵسوراوی گوران
١٤٥. ئاوارە حەمەسەعید، پارێزەر
١٤٦. نەورۆز مەعرووف، مامۆستای زانکۆ
١٤٧. لاوژە جەواد، هەڵسوڕاوی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی/ دانیمارک
١٤٨. شادی ڤەفاییان، مامۆستای زانکۆ
١٤٩. فەلاح زاخۆیی
١٥٠. هێمن نوور
١٥١. رۆشنا کەریم
١٥٢. عوسمان حەمە
١٥٣. بەڕەزا عەلادین
١٥٤. هیوا رەئووف

١٥٥. مەهاباد قەفتان

١٥٦. هێمن ئەحمەد هۆرێنی

١٥٧. دلّسۆز زەنگەنە

١٥٨. ئەحمەد موفتی، چالاک لە بواری کۆمەلگای مەدەنی

# ئاخ کەمپینچییەکان و هەلپەرستەکان!

دەیان دەزگا و ڕوژنامە و مامۆستا و ڕۆژنامەنووس ئاگاداری کەیسی مەلا عەبدللەتیفی سەلەفی بوون...

خەڵکێکی زۆری شارەکە ئاگاداری بوون، هەمووی بێ دەنگ بوون، هەمووی چاوەڕوانی یەکێکیان دەکرد لەو ستەم و خیانەتە و کارەساتە بێتە دەنگ...

پاش ئەوەی کە ئێمە باسمان کرد و ئاشکرا کرا، دەیەها کەس هاتنە سەر خەت و وا ڕەفتار دەکەن کە ئەوان یەکەم کەس بوون ئەو ستەمەیان ئاشکرا کردووە!

ئەوەش کێشە نییە هەندێکیان هێندە خۆیان لێ گۆڕاوە پاش ئەوەی ئێمە دەیان وتار و پۆستمان لەسەر ئەو بابەتە نووسیوە، و یەکەم کەسیش بووین گەیاندمانە میدیای کوردی، ئێستا دێنە سەر باسەکە ئیهمالیشت دەکەن!

ئەو ڕاپۆرتەی تافیهەی ژیار محمد ی ڕادیۆی ئەمریکا ببینە، دەزانیت ئەو کچە تەنها بۆ نمایشی جل وبەرگ وچاویلکەی گرانبەها باشە، نەک بۆ ڕۆژنامەگەری. هاتووە باسی دۆسیێیەکەی عەبدللەتیف دەکات، باسی برای عەبدللەتیف و مامی چاوان دەکات، بەشێکیش لەبەرنامەکەی ڕووداو نیشان دەدات کە ئێمە بەژداریمان تێداکرد، لەوێش یەک ڕستەی ئێمەی دەرنەکرد، سەرەڕای ناو نەهێنانیش!

لەوەش ناخۆشتر، جەماعەتی کەمپینەکانن، دیسان کەمپینێکیان کردوە، ناوی من و دەیان کەسیتری دڵسۆزی ئەو کەیسەی تێدا نییە، و پرسیاریشیان پێ نەکردووی ڕازیت ناوت تیایدا بێت، خۆیان لێکردینە قارەمانی مەیدان، بێ ئەوەی هیچیان کردبێت، تەنها لیستێک ناوی کەمپەینچی بەناو سێکیولار و چالاکوانی مەدەنی و فێمنستی بێ کردار و سەربەهەوێ!

کەمپینچیەکان، بڕۆنە سەر شەقام ئەگەر ڕاست دەکەن، بڕۆنە لای بەرپرسە گەورەکان بزانن ئەو شارە کێ حوکمی دەکات، و کێ هەڕیشە لە ئۆرڤان دەکات!

بڕۆنە لای ئۆرڤان بزانن وەزعی چۆنە، بۆ وا تۆقێندراوە؟! من لەو دوورەوە سەد ڕێگام گرتۆتە بەر بۆ ئەوەی دەنگم بە ئۆرڤان بگات! دەپێم بڵێن ئێوە لە سلێمانی لە شارەکەی ئۆرڤان هەوڵتانداوە بیبینن، دڵنەوایی بکەن، و پشتگیری بکەن، و دەنگی بگەینن بە دەسەڵاتدارانێک کە تنۆکێک شەرم و حەیایان تیادا مابێت؟!

بڕۆن بپرسن بۆ ناهێڵن خەڵک هەتا خۆپیشاندانێک یان گردبوونەوەیەکی ئاشتیانە بکات لەبەردەم مزگەوتەکە؟! من چی لە کەمپینی تۆ بکەم؟ !

محەمەد هەریری 16/5/16

# دیبەیت یان دەمەزەردکردنەوەی لەتیفی سەلەفی!؟

من لەبەر ئەو هەموو ئیسلامییە زمانپیسانەی جوێنی پێ دەدەن حەزناکەم بچوکترین ڕەخنە لە بۆچوون وبابەتەکانی کە یونس ڕاوی قسەی لەسەر دەکات بگرم. بۆ نموونە دەبێ مرۆڤ چی سودێکی پێ بگا بڵێ ئیسرا و میعراج نییە یان هەیە؟! یان نکوڵی لە ئاگری دۆزەخ بکا یان وجودی مزگەوتی ئەقسا لە فەڵەستینە یان مەدینە، یان فەرز بوونی رۆژووی مانگی ڕەمەزان، هەر شتێکی تر لەو بابەتە عەقیدیانەی کە سەدەها ئایەتی سەڕیح و حەدیسی سەحیحیان لەسەر هاتوە؟! بەڕای من بە سەدانی وەک شەحروریش نکوڵییان لێ ناکرێ چ جای یونس، کە لەناو چەند نەوەیەکی نەخوێندەوار و عەرەبی نەزان بویتە ئەفسانە، لە کاتێکدا ئەو بابەتانەی دەیوروژێنێ هیچی نوێ نین و لە میدیای فەرمی و نافەرمی عەرەبی لەوانەش زیاتر وروژاوە!

بەڕاستی سەیرە بۆ یەکێک بڵێت موسڵمانم ئەو شتانەش نکوڵی لێ بکا کە بەشێوەیەک هاتووە وەک موسڵمانێک ناتوانی نکوڵی لێ بکەیت! یونس دەبوایە هێز و توانای خۆی لەبابەتی گرنگتر و هەستیارتر سەرف بکات، نەک بەو بابەتە بۆش وتافیهانە. یونس کاتێک دەتوانێ نکوڵی لەو شتانەی باسم کردن بکات، ئەگەر وەک ناموسڵمانێک قسەی لەسەر بکات، چونکە سەلماندنی عەقیدەی غەیبی کارێکی ئەستەمە، بۆیە موسڵمانی ئاسایی تەنها لە ڕێگای خەبەری غەیبی قورئانەوە باوەڕ دەهێنێت نەک لۆژیک و عەقڵ!

لەوەش ناخۆشتر دەیەوێت عبداللەتیف زیندوو کاتەوە، کە ئێستا لە حوکمی مردوو و لەبیرکراوە بە دیبەیت کردن لەگەڵیدا لەسەر چیش، نەک بۆ نمونە لەسەر بە کەڵک هاتنی سەلەفیەت بۆ ژیانی هاوچەرخ، کۆیلەداری لە ئیسلامدا یان پشتگیری ستەمکاران بەناوی دیندا و هتد. بەڵکو لەسەر ئەو بابەتە بێ سوود و سواوانە، کە چەند پەیجێکی فەیسبوک ڕێکلامی بۆ دەکات و یەکێک ناوی لێنابوو کلاسیکۆی یونس و لەتیف! :

## چاوەڕوانی دیبەیتی نێوان دکتۆر عبداللطیف أحمد و یونس ڕاوی بن، بەم زووانە إن شاء الله.

تەوەرەکان :

١- ئاگری دۆزەخ.
٢- فەرز بوونی رۆژووی مانگی ڕەمەزان.
٣- ڕاستی إسراء و معراج.

توخواکەی ئەوانە بابەتی دیبەیت و گفتوگۆن؟!

بەخوا خەریکە بڵێم یونس خەت مایلە و لەتیف دەمەزەرد دەکاتەوە، چونکە ئەو بابەتە بێ کەڵکانە پسپۆری سەلەفیەکانە و سەدان دەقت بۆ دەهێننەوە بە ئاسانی تۆش هەر دەبێ وەک شەحرور تەفسیری زمانەوانی موتەعسیف و ڕیزپەڕی بۆ ببینیەوە! کە نە ئیسلامییەکان قەناعەت پێ دەهێنی و نە موسڵمانە ئاساییەکانیش، بە ئاسانیش چەکی تەکفیرکردنی خۆشت دەدەیتە دەستی!

ئێستاش زووە بۆ کاک یونس با ئەو کەربازاڕییە نەکات بەناوی دیبەیتەوە، و ئەو مردوەش زیندوو نەکاتەوە.

محەمەد هەریری

٢٠١٨/٦/٢٩

# وەڵامێک بۆ ئارام ئەحمەد

## بەرگریت لەو سکانداڵە تۆی خستە بەرەی بەرگریکارانی دەسەڵات

## ١

لەو وتارەیدا، کاک ئارام لە سەرەتادا دەڵێت کە زۆر دژی دەسەڵاتە ودژی بیری مەلا لەتیفی سەلەفیە، بەڵام! دەڵێت: " ئەگەر نەیارەکانی عبدولەتیف ئەوە دەکەنە بیانو،بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو دەنگ و نوسینانە،کە ئەم کابرایە هەمووی دنیای کافرو بێ ڕەوشت کردوە،شەوڕۆژ دەرسی ئەخلاقی دادەدا،.....

ئەم هاتوەو هەموو ئەو غەریزە سروشتیانە ڕەد دەکاتەوە، کەچی لە تاریکیشدا هەلدەستێ هەمان ئەوکارانەی کە لە ڕوناکیدا دژیەتی،لە تاریکیدا باوەڕی پێیەتی و بە کردار مومارەسەی دەکات،ئەمەیش ناوبنێین جۆرێک لە دوڕووی و دەبڵ موراڵی و درۆکردن لەگەڵ خودو کۆمەڵگاو کارکردن لەسەر چەمکی هەڵخەڵەتاندن،تا ئێرەیش بە دەنگێکی بەرز دەڵێن ئۆکەیییییی.!"

ئەوە خۆی لە خۆیدا نەنگیە، هەرچەندە نەنگیەکە هەر ئەوەندە نییە، دەبوایە لەو پەیوەندیە ئۆرگانیکە ترسناکەی نێوان خۆیی و دەسەڵات تێ بگەیشتبایت، بەڵام لەبەر هەژاریت لە فەرهەنگی دینیدا وادەزانیت ئێمە لەبەر مەرامێکی شەخسی ئابڕووچوونی عەبدوللەتیف مان لە دەنگدا!

سەیرم دێت کە دەپرسیت: " با بە پرسیارێک دەست پێبکەین،ئایە لە کۆمەڵگای ئێمەدا تەنها عبدولەتیفە،دوو ڕووە؟ تەنها ئەوە دەبڵ موراڵە؟تەنها ئەوە بە زمان شتێ دەڵێ وبە کردار شتێکیتر؟تەنها ئەو درۆ دەکات؟تەنها ئەو حەز لە ژنی خاوەن مێرد دەکات؟،تەنها ئەو ژنە خاوەن مێردە حەزی لەم پیاوە کردوە؟......

ئایە ئەو پیاوە عەلمانی،کۆمۆنیست؟ لیبراڵ؟ هتددد خۆیان حەزیان لە ژنی مێردار نەکردوە؟ لەگەڵ سۆزانیەکاندا نەخەوتوون؟ئایە ئەوانیش لەم پەیوەندیانەوە،دوو ڕوو نین؟درۆزن نین؟ لە تاریکیدا نایکەن ولە ڕوناکیدا حاشای لێناکەن؟من بچوکترین گومانم نییە کە دەیکەن وکردویانەو حاشایشی لێدەکەن."

منیش دەڵێم هەر مەلا لەتیفی سەلەفی نیە ئەو کارە دزێوەی کردبێت، ئەوانەی باسیانت کرد هەموویان کردوویانە، بەڵام لە خۆت ناپرسیت پایەی دینی مەلا لەتیف وەک ڕابەری سەلەفیەکانی کوردستان، و پاسەوانی ڕەوشت، و خاوەن کەناڵی ئامۆژگاری کە شەو و ڕۆژ بۆ پاراستنی ڕەوشت و عەقیدە بانگەشە دەکات بۆ ئەو حەپۆلانەی بەدیاریەوە دادەنیشن و ژەهراوی دەبن پێی، بەرپرسیارەتەکەی گەورەتر دەکات لە بەراورددا لەگەڵ پیاوێکی عەلمانی وکۆمۆنیست و لیبراڵ و هەتا موسڵمانێکی ئاسایی؟!

ئینجا ئایا قبوڵە کەسێک دوو ژنی گەنجی هەبێ، بەم شێوە قسە لەگەڵ ژنی کەسێکی تر بکات بۆ لە خشتەبردنی، و پایەی وەزیفی و مەعنەوی خۆی وەبەربێنێت بۆ هەڵگەڕاندنەوە ئافرەتێک لە مێردەکەی کە منداڵیشیان هەیە؟!

بێ حیکمەتیت لەوەدایە کە پێت وابێت ئەو فەزیحەیە دەسەڵات بۆ شێخ عەبدوللەتیفی سەلەفی دروستی کرد بێت چونکە هیشتا لەو پەیوەندیە توندوتۆڵە گرنگەی نێوان دەسەڵات و ڕابەری سەلەفیەتی مەدخەلی تێناگەیت، ئەوە نووسەران و هونەرمەندان و گۆرانیبێژان و هەتا هەڵکەوت زاهیر بەو کاریزمایەی هەیەتی بەرگری لە شێخی سەلەفی دەکات!

سەرەڕای ڕووداو و ئاوێنە و ئێن ئاڕ تی و دەیان دەزگای تری دەسەلات و بەناو ئازاد! ئینجا بێدەنگی دەزگاکانی پەروەردە وخوێندن و هەموو لایەنە بەرپرسەکانیش دەیسەلمێنێت، کە جەنابیشت کەوتوویتە بەرەی ئەو دەسەلاتەی کە شەو ڕۆژ جوێنی پێ دەدەیت و ڕەخنەی لێ دەگریت، تۆ لەو بەرگریەتدا هاوسەنگەری دوژمنە هەرە سەختەکەتی کە مالباتی بارزانیە!

کاتی خۆی کە کلینتۆن فەزیحەی ڕەوشتی لەگەل مۆنیکا لوینسکی لێ ئاشکرا بوو، لە کۆمەلگایەک کە سێکس وەک ئاو وهەوا بەردەستە و دەکرێت، بۆ کەس وەک تۆ و ڕۆشنبیران و گۆرانی بێژانی دەسەلات نەهاتن بەرگری لە کلینتۆن بکەن، کە نە کاهین بوو نە پیاوێکی دینی؟! چونکە فەزیحەکە لە شوێنی کار کرابوو و دەسەلاتی بۆ بەکار هێنرابوو وەک شێخ عەبدوللەتیفی سەلەفی، هەروەها لە پاش ئاشکرابوونیشی کلینتۆن وەک شێخ عەبدوللەتیفی سەلەفی بە درۆ گووتی ئەو کارە ڕووینەداوە!

ئێمە بۆ بەرەنگاری فیکری سەلەفی وەهابی داعشی ڕەنگە بزانیت سەدان وتار و چەندین کتێبمان نووسیوە، پێویستمان بە سکاندالی ڕەوشتی نییە بۆ لێدانی شێخ عەبدوللەتیفی سەلەفی، بەلام ئەوەش بێ ڕەوشتییە بێ دەنگ بیت لە سکاندالێکی بێ ڕەوشتی وا، کە لە ڕووی کۆمەلایەتی و دینی و یاساییەوەش پاساویان بۆ نییە.

ئەو سکاندالە کە خێزانێکی هەلوەشاندۆتەوە، پیاوێکی بەدبەخت کردوە کە مندالێکی هەیە لە ژنەکەی، هەروەها پایە و شوێنی وەزیفی ئیستیغلال کراوە بۆ گەیشتن پێی، کە ئەوە لە ولاتێکی تربا ئێستا هەموو حوکمەت دەهاتنە سەر خەت، بەلام چونکە شێخ عەبدوللەتیفی سەلەفی و بانگەوازەکەی کۆلەگەیەکی دەسەلاتە، دەسەلات بە هەموو کەس و ئیمکانیاتی و میدیای بەرگری لێ دەکەن، ئەتۆشی هاتە سەر، بەخێر بێیت بۆ یانەی دەسەلات!

# ٢

من بەچاوی خۆشەویستیەوە دەڕوانمە زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی ڕەخنەگری دڵسۆز لە دەسەڵاتی گەندەڵی کوردی، هەشیانە هەست بە خۆشەویستی ناکەم بۆیان، بەڵام ڕیزی تایبەتیان لێدەگرم. ئەوانەی کە تەنها ڕیزیان لێدەگرم، ئەوانەن حەز بە شێوازی وتاریان ناکەم، دەزانم بەڕاستی دژە دەسەڵاتن، بەڵام شێوازی ڕەخنەیانم بە دڵ نییە، کە پڕە لە جوێن وتەشهیر و سووکایەتی و قیڕە قیڕ، هەروەها هەست دەکەم تا ڕادەیەکی زۆریش حیکمەتیان تێدا نییە، کەی قسە دەکەن، چۆن قسە دەکەن، کەی ڕەخنە دەگرن، کەی دەمیان دادەخەن!

بە ڕاشکاوی بڵێم من کاک ئارام ئەحمەد لە بەشی دووەمی ڕەخنەگرەکانی دەسەڵات دەبینم لەگەڵ ڕێز و حورمەتما، کەمجار بەرگەی تەواوکردنی خوێندنەوە وتارێکی یان ڕوانینی ڤیدیۆیەکیم گرتووە، بێگومان جاروبار بەشێکی قسەکانیشی بە دڵم بوون.

لەو کێشەیەی مەلا لەتیی سەلەفی، زۆر لایەن و ڕۆشنبیر و ڕۆژنامە ومیدیا هەڵوێستی پشتگیریان لەو فۆرمە ترسناکەی وەهابیەت دەرکەوت. پیاوان ومیدیاکانی دەسەڵات یان بەشێکی دەسەڵات بە ئاشکرا بەرگری لە ئابڕووچوونەکەی دەکەن، لەبەرئەوەی سەلەفیەتی مەدخەلیەت، کە ڕەگوڕیشەیەکی کۆن و درێژی هەیە لە مێژووی دەسەڵات پارێزی، خۆی وەک پارێزەرێکی ئەو دەسەڵاتە گەندەڵە دەخاتە ڕوو.

پێی حەڕامە بە وەلی ئەمر و سەرۆک بڵێیت نابێت وابێ و وابکەی! لای ئەو هەر ڕەخنەیەک لە سەرۆک و دەسەڵات لادانە لە ڕێوشوێنی سەلەی سالح، کە پێیان وایە دەسەڵات لێشت بدا و پارەشت ببا و ناموسیشت ببا هەر نابێت توورە بیت و لێیان بە وەڵام بێیت.

ئەو هاوپەیمانییەی دەسەڵات و سەلەفیەتی وەهابیەتی مەدخەلیەت ترسناکترین هاوپەیمانیەتە ئەگەر لە کوردستان سەر بکەوێت، کە ترسی هەرە گەورەی من ئەوەیە، لە سایەی پشتگیری دەسەڵات و ملشۆڕی ئیسلامی سیاسی و ترسنۆکی ڕۆشنبیران و نەزانی و ساویلکەیی خەڵک سەر بکەوێت، کوردستان بە حەیاتی جارێکیتر هیوای پێشکەوتنی پێوە نامینێت. ئینجا هاوپەیمانی دینی مەدخەلی لەگەڵ دەسەڵات درێژترین تەمەنی دەسەڵاتداری بۆ دەسەڵاتەکە دابین دەکات، تەمەنی دەوڵەتی سعودیە لە دامەزراندیەوە لە ساڵی ١٧٤٤ تا ئەمڕۆ ٢٠١٦ دەکاتە ٢٧٢ ساڵی ڕەبەق یانی نزیکی سێ سەدە!

چونکە میللەت لەو فۆرمەی دەسەڵاتە بەنج دەکرێت بە فۆرمێکی دینی تایبەت کە بۆ بالای دەسەڵاتی گەندەڵان درواوە!

ترسناکی ئەو فۆرمە ئەوەیە میللەتان بە ناوی دژایەتی کوفر وبیدعە و شیرک دەکەنە دژی هەموو گۆڕانکاریەک و پەنجەرەی مێشکیان دادەخەن بەسەر هەموو بیروڕایەکیتر، زۆری نابات هەر میللەتەکە خۆی دەکەن بە پاسەوان بۆ موقەدەسی دەسەڵات لە ژێر فشاری قال الله و قال الرسول بە لێکدانەوەی تایبەتی خۆیان! کۆمەڵگایەک کەمترین نرخ بۆ ئافرەت ومنداڵ و فەرهەنگ وبەهای مرۆڤایەتی دانانێت.

محەمەد هەریری

٢٠١٦/٤/٢٠

## سەگ و سوارەکانی شێخ عەبدوللەتیفی مێباز لە هەڕەشە بەردەوامن!

تۆ بڕوانە ئەو بێ ڕوویی و بێ ڕەوشتییەی، ئەو فەزیحەتە گەورەیەت لێ ڕوو بدات، دەیان تۆماری دەنگت لێ ئاشکرا بێت، هێندە مێبازانە و عاشقانە و ملحیزانە بناوریێیەوە بۆ ئافرەتێکی بە مێرد، کە پیاو پێی شەرمە وا بۆ حەلاڵی خۆشی وا ملحیزانە بپاڕێتەوە، ئەگەر لە لوتکەی خۆشەویستیش بێت!

ماڵی گەنجێکی جوان تێک بدەیت کە بەس تەماشاکردنی سەد شێخی سەلەفی دەهێنێت، شەو و ڕۆژ باسی تەوبە کردن بکەیت بۆ خەڵک، کەچی هێشتا لە جیاتی تۆبە بکات و پەشیمان بوونەوە نیشان بدات، لەو خیانەتە گەورەیەی کە کردی، کە پێغەمبەر دەربارەی دەڵێت: لە ئێمە نییە [واتە موسڵمان نییە] ئەوەی ژنێک لە مێردی هەڵگێڕێتەوە!

چ جای بیشیهێنێ. لە جیاتی بەردێک لەسەر بابەتەکە دابنێت تا خەڵکی بێ زاکیرەی کورد لە بیریان بچێت، وەک چۆن خیانەت و دزی و فایلداری هەزارەهای لەبیر کردوە. دێت بەردەوام هەڕەشە دەنێرێت، نەک هەر بۆ منیش، بەڵکو بۆ کاک هێمن مەلا زادەی پێشکەشکاری دیاری تەلەفزیۆنی ڕووداو، چونکە لە بەرنامەیەکی کاک هێمن منیش بەژدار بووم شان بەشانی مامی جاوان و شەهابی خزم و پیاوی دەستە ڕاستی مەلا لەتیف!

تۆ ببینە ئەو سەلەفیە مەدخەلییە پێڵاوی دەسەلاتی گەندەڵە و ئەوان دەیپارێزن و سوڵحی بۆ دەکەن، هەرەشەی بۆ دەکەن لە ئۆرڤان و هەموو مامۆستایانی پەیمانگەکە بە عەمیدەوەش، کەچی هێشتا هێندە بە هەڕەشە بن! بینە بەر چاوت خۆیان وەک داعش دەسەڵاتدار بان، چیان دەکرد؟!

ئێستا ئێوە بزانن دەبێت ئەو گەنجە ئۆرڤان لە ژێر چ هەڕەشەیەک بووە، تا وای لێ بێت پاش تێکدانی ماڵ و حاڵیشی، هێشتا نەوێرێت ئازادانە هەقیقەت بڵێت، و دەروون نزمی و بێ ڕەوشتی شێخی خیانەت ئاشکراتر بکات.

دەبێت بەڕێوەبەر و مامۆستایانی پەیمانگاکە چیان پێ کرابێت، دەڵێت هێمن قوتابی تۆیە و تۆ هانت داوە دژی ئیسلام و جەنابی دکتۆر قسە بکات! هێمن بەرنامەکەی بەوپەڕی پڕۆفێشناڵی پێشکەش کردوە، بەس ئەوانە ناخیان دکتاتۆرانەیە نایانەوێت کەس بەرامبەریان بوەستێت، هەمووی بەناوی سەلەفی ساڵح مل کەچ بکەن!

هێمن هەر دوو جارم دیوە، لە لەندەن، جارێک راپۆرتێکی دەکرد و رای منیشی وەرگرت، و جارێکی ترلە بۆنەیەکی گشتی. من نە مامۆستای ئەوم و نە ئەویش قوتابی منە، کوڕێکی بەتوانایە لە کاری خۆی، شانازی دەکەم کە دوور بە دووری دەیناسم. من هەتا ئاگادار نیم کتێبیشی هەبێت، دوایی زانیم کە کتێبەکەی کۆمەڵێ چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەییە پێش ئەوەی من بیناسم یان هەتا لە ڕووداویش کار بکات! مەسەلەکە هەمووی ئەو بەژدارییەیە منە لە بەرنامەکەی ئەو... ماقولە تەنها لەبەر ئەو بەژداریە هەڕەشەی کوشتن لە کاک هێمن بکەن وەک لەو نامەیە ترسنۆکە بێ ڕەوشتە دەردەکەوێت، کە لە ئەکاونتێکەوە هاتووە بە ناوی [بەرەو بەهەشت] وەک مزگەوتەکەی بەهەشت! ئەوە ڕەوشتیانە باوەڕیان نییە هەتا لە کێشەشیان کەسێک بەرامبەریان بەرگری لە رای خۆی بکات، هەروەاش کاک ئۆرڤانیان بێ دەنگ کرد ئەو مافیا مەدخەلیە، وادەزانن دەتوانن دەنگی هەموو کەس کپ بکەن بە هەڕەشە و گوڕەشە.

من ئاگادارم برایەکی عەبدوللەتیف لە ڕووداو کاردەکات، دەزانیشم زۆر تووڕە بووە لەبەر داوەتکردنی من بۆ بەرنامەکە، بە دووریشی نازانم ئەو هەڕەشانەی بۆ من و کاک هێمن دێت لە خۆی و دەوروبەری دەربچێت.

ئەوە دەقی نامەکەیە، ئەگەر ئەو نامەیە لە ئەوروپاوە هاتبێت دەزانرێت، و هیوادارم کاک هێمنیش بێ دەنگ نەبیت، لە هەڕەشەی ئەو تیرۆرستە بێ چەکانەی ئەمڕۆ، کە گومانم نییە لە داعش داعشترن:

[ السلام على من التبع الهدى

سویند بە الله رەوشەکە هێمن ببێتەوە چارەسەرت دەکەین هەی نامەردی هیچ و پوچ...

تۆ لە بریتانیای بەلام خۆ قوتابیە هیچ و پوچەکانت لێرەن خۆ هێمن مەلازادەی جلکاوخۆر و ئەوانی وەک ئیوە بیر دەکەنۆ لێرەیە. وەک تۆ دەرشێتەوە بە ئیسلام و موسلمانان و جەنابی دکتۆر ..... شەرت بی لەسەر کتیبەکەی بیسوتینین کە سوکایەتی بە ئیسلام و موسلمانان کردوە دلنیاشین بە فیتی تۆیە و تۆ دعمی دەکەیت.

خوامان کردە شاهید کە ئاگادارمان کردنەوە.

الله اکبر الله اکبر]

هەڕەشە و تۆقاندن هەر لە کۆنەوە بۆتە بەشێکی زیندووی خودی ئیسلام، بۆیەش تا هەزار موسڵمان هەڕەشە دەکات، مەسیحیەک یا بودایەک یا جووێک نابینیت هەڕەشە بکات! کە واش دەلێیت دەڵێن ئیسلام دینی ئاشتییە! کوا ئەو ئاشتییەی؟ ژیانی ئیسلامیستان هەمووی توندوتیژی لەفزی و جەستەییە لەلایەن ئیسلامییەکان، هەرە ملحیزەکەیان کە مەدخەلیەکانە بزانە چۆن هەڕەشەی بەردەوام دەنێرن!

ئەوە دەقی نامەیەکی هەڕەشە بوو، دەیان نامە و هەڕەشەی دەنگیش بۆ کاک هێمن چووە، وەک ئاگادارم.

محەمەد هەریری

٢٠١٦/٧/١

# تەزویرکردنی مێژووی زیندوو!

ئەخر بۆیە هێندە باوەڕم بە مێژووی کۆن و مردووان نییە، ئەمڕۆ بەو هەموو تەکنۆلۆژیا دیجیتەڵە پێشکەوتوەوە هەندێ جار دەبینم چۆن مێژوو بە ڕۆژی ڕوناک تەزویر و هەتک دەکرێت. دز و جەردە و تالانچی دەکرێنە پاڵەوانی نیشتیمانی، و خەڵکی نیشتیمانیش دەکرێتە خاین و خۆفرۆش! ئەی دەبێت لە سەردەمی زوودا کە نە تەکنۆلۆژیا و نە وێنە ونە ڤیدیۆ و نە تۆڕی سیاسی وکۆمەڵایەتی هەبوو، چۆن درۆ کرابێت، چۆن هەقیقەتەکان سەراوژوو کرابێت!

من لە بابەتی عەبدوللەتیف سەلەفی زانیم چۆن مێژوو تەزویر دەکرێت! ئەو بابەتە لای من هێندە گرنگی نییە، من سەدان بابەتی گرنگتر و پڕ بایەخترم وروژاندوە، زۆریشم پێ خۆش بوو ئەوانەی بەر لە منیش پێیان دەزانی قسەیان لێکردبا بە ئاشکرا، بەڵام کە دیتم جورئەت ناکەن، ویستم دەرسێک بەوان و بە خاوەن فەزیحەکەش بدەم، کە ناکرێت نووسەری ئازادی خواز بترسێت، ناکرێت تاوانباریش بە هەڕەشە وتۆقاندن هەتا سەر بۆی پەردەپۆش بکرێت...سروشتی خەڵکەکە وایە حەزیان لە بابەتی فەزائیحییە، بۆیەش وا بڵاوبوەوە، تا گەیشتە دەمی منداڵانی ناو کۆڵانان و مەجلیسی پاش عەسرانی ژنانی بەردەرگا، هەرچەندە یا شێخ ئێستاش وا ڕەفتار دەکات [وەکەئەنەهو] نەبای دیتیە نە بۆران! ئێستاش سەدان گەمژە خۆی بە قوربان دەکەن!

ئەو بابەتە کە ئێستاش بە کلیکێک لەسەر ئینتەرنێت دەتوانی هەموو مێژووەکەی دەربهێنیت، بەر لەماوەیەک کابرایەکی [ڕۆژمانەنووس] بە قەولی فەرهاد پیربالی، دەبینم بە ئەڵقە باسی ڕۆژمێری ئەو فەزیحەتەی مەلا لەتیف دەکات، ئەو سەری وئەو سەری بابەتەکە هەمووی تەزویرە، ناوی من بە سودفە جارێک هاتووە، ئەویتر هەمووی ناوی کەسانێکە نە پەیوەندیان بەو بابەتە هەبووە، نە بەشێک بوونە لەو کیشمەکێشەی نێوان من و عەبدوللەتیف سەلەفی و لایەنگرانی!

نامەیەکم بۆ ئەو ڕۆژمانەنووسە نووسی، گووتم کاکە هێشتا زیندووم تۆ ئەو تەزویرە دەکەیت، هەموو بابەتەکەم بۆی باس کردەوە تا بیری بێتەوە، نازانم لە پێناو کێ ئەو تەزویرەی دەکرد، وەڵامێکی پڕ جوێنی دامەوە، گووتی تۆ هێشتا ئیسلامیەکی تیرۆرستی توندڕەوی !

ئەوەش قەیناکا رۆژمانەنووسێکی هێندە ناسراو نییە تا مرۆڤ زۆر خەمی لێ بخوات، بەڵام تەزویرەکە گەیشتە دەنگی ئەمریکای بینراو، کچێکیان هەیە پەیامنێریانە، بە قەد عاریزەی ئەزیایەک ومۆدلێکی نمایشی جل وبەرگ خۆی عەرز دەکات، لە جیاتی بە جوانی کارەکانی خۆی بکات، چوبوو راپۆرتێکی کردبوو، باسی مام و باوک وکوری پوری بابەتەکەی لەتیف سەلەفی کردبوو، بەڵام باسی منی نەکرد لە دوور و نزیک! هەتا دیمەنێکی مامی چاوانی لەو بەرنامەیە وەرگرتبوو کە منیش بەژدار بووم لێی هەموو کوردستان دەزانن چۆن شتەکانم ئاشکرا کرد زیاتر، کەچی ئەو عاریزە ئەزیایە چونکە فرێندی فەیسبوکیشم بوو، بە وێنە ڕۆمانسیەکانیم نە دەگووت: ماشەڵڵا زۆر جوانی! دەشیزانی ڕۆڵی من چی بووە لەو بابەتە، کەچی وا ڕاپۆرتی بۆ دەنگی ئەمریکا کرد! هێندە پەست بووم هەتا ئیمێڵێکیشم بۆ ئەو برادەرانەی دەنگی ئەمریکا نەنارد، هەرچەندە دەیانناسم و دوو سێیەکیان فرێندمن و بەژداریشم کردووە لە بەرنامەیەکیان. چونکە ئاگادار بوون بە بابەتەکە بەس دیارە نەیانوێراوە دڵی ئەو ڕۆژمانەنووسە عاریزەیە بشکێنن!
بەڕاستی هەندێ لەو بەناو عەلمانیانە هێندە درۆزن و بێ بەها وبێ ڕەوشتن، پیاو زۆرجار پێی شەرمە لە یەک ڕیز لەگەڵ ئەواندا عەلمانیش بێت!

محەمەد هەریری
٢٠١٧/١/١

# بەشی حەوتەم

# کاردانەوە ڕەسمییەکان

## وەزیری ئەوقاف پەیامێک ئاراستەی عەبدول لەتیفی سەلەفی دەکات

وەزیری ئەوقاف حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەرێی نوسراوێکەوە سوپاسنامەیەک ئاراستەی مەلا عەبدول لەتیفی سەلەفی دەکات، کە لەوتارەکانیدا پەیامی ئاشتی و پێکەوژیانی باسکردوە.

ئاوێنە: بەپێ ئەو نوسراوەی دەست ئاوێنە گەیشتوە، پشتیوان سادق وەزیری ئەوقافی حکومەتی هەرێم سوپاسنامەیەکی ئاراستەی مەلا عەبدول لەتیفی سەلەفی وتاربێژی مزگەوتی بەهەشت کردوە، لەپەیامەکەی وەزیری ئەوقافدا هاتوە "وتارەکانتان پر بوە لەپەیامی گیانفیدایی و لەخۆبوردیی و بەگژداچونەوەی داعش و گیانفدایی پێشمەرگەی کوردستان".

مەلا عەبدول لەتیفی سەلەفی یەکێکە لەبانگخوازە دیارەکانی کوردستان و گوێگر و هەوادارێکی زۆری وتارەکانی هەیە.

٢٠١٦/٤/٦

## لێدوانی وەزارەتی ئەوقاف لەسەر دۆسییەکەی عەبدوللەتیف سەلەفی

وەزارەتی ئەوقاف ڕایگەیاند کە هیچ لێپرسینەوەیەک لەگەڵ عەبدوللەتیف سەلەفی ناکرێت و کەسیش داوای لابردنی نەکردووە.

مەریوان نەقشبەندی لە لێدوانێکیدا بۆ ئێن ئاڕ تی ڕایگەیاند "هیچ لێپرسنەوەیەک لەگەڵ ئەو مامۆستا ئاینیە ناکرێت بەوهۆیەی نە کەس داوای لابردنی کردووە لە ووتاربێژی نە پرۆسەی هاوسەرگیریەکەی پەیوەندی بە مزگەوت و وەزارەتەوە هەیە."

بە گوێرەی زانیارییەکانی ئێن ئاڕ تیش ئەم هەفتەیە لەگەڵ دەنگۆی دروستبوونی خۆپیشاندانەدا لەبەردەم مزگەوتی بەهەشت لە شاری سلێمانی، بەڵام عەبدوللەتیف سەلەفی خۆی وتاری هەینی پێشکەش دەکات.

هاوکات بەرهەم حەسەن ناسراو بە عەزیزی مۆم وێنەیەکی نوێی چاوان سۆران هاوسەری سێیەمی عەبدوللەتیف ئەحمەد ناسراو بە عەبدوللەتیف سەلەفی بڵاوکردووەتەوە.

ماوەی زیاتر لە دوو هەفتەیە بە شێوەیەکی بەربڵاو هەواڵی پەیوەندی عەبدوللەتیف سەلەفی و کچە خوێندکارێکی لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بڵاوبووەتەوە و لەئێستاشدا ناوبراو هاوسەرگیری سێیەمی ئەنجامداوە لەگەڵ ئەو کچە خوێندکارەیدا.

11/05/2016

ئێن ئار تی

# لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو بابەتە دروستکراوە ڕێگە نادرێت ژنە خوێندکارەکە بۆ توێژینەوە بچێتە لای عەبدول لەتیف سەلەفی

راگری پەیمانگای زانستە ئیسلامییەکان رایدەگەیەنێت، رێگا نادەن چیدیکە توێژینەوەی ژنە خوێندکارەکە لەلای د.عەبدوللەتیف ئەحمەد مامۆستای پەیمانگەکەیان بێت.

ئەنوەر ئەبوبەکر، راگری پەیمانگای زانستە ئیسلامییەکانی سلێمانی بەرواداوی وتوە "لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەنگۆی هەبوونی پەیوەندی سۆزداری لەنێوان ژنە خوێندکارێکی پەیمانگاکە و د.عەبدوللەتیف ئەحمەد دروستکردوە".

ئەنوەر ئەبوبەکر رەتیکردەوە بەبێ بوونی بەڵگە هیچ تۆمەتێک ئاراستەی ئەو مامۆستایە بکەن و وتیشی "جیاوازی هەیە لەنێوان ئیدیعا و ئیتیهام، تاوەکو بەڵگەی رون و ئاشکرامان نەبێت تۆمەت ئاراستەی هیچ کەسێک ناکەین."

ئەنوەر ئەبوبەکر روونیکردەوە وەکو راگری پەیمانگە رێگا نادات چی دیکە توێژینەوەی ئەو ژنە خوێندکارە لە لایەن د. عەبدوللەتیف سەلەفییەوە سەرپەرشتی بکرێت و جەختیکردەوە "قبوڵ ناکەم ئەو خوێندکارە بۆ توێژنەوەکەی بچێتە لای مامۆستا ئەوەش حاڵەتێکی ئاساییە لەکاتی بوونی کێشە بڕیاری وا بدرێت."

٢٠١٦/٤/٢١

ئاوێنە

## عەبدولەتیفی سەلەفی

## دور لەچاوی میدیا لەگەڵ بارزانی کۆبووەتەوە

عەبدولەتیف ئەحمەد کەسایەتی دیاری سەلەفیەکان دەستخۆشی لەسعودیە دەکات کە سیستمی دەستبڕین پەیڕەودەکات و هاوکات سەردانەکەشی بۆلای بارزانی پشتڕاستدەکاتەوە.

ئاوێنە: لەمیانەی بەرنامەیەکی کەناڵی ئێن ئارتی جەخت لەسەر ئەوەدەکاتەوە کە ئەوان نە بیری داعشی بەرهەم دەهێنن و نە سەربە سعودیەن بەڵام نایشارێتەوە کە پشگیری ئەو سیستمە دەکات کە سعودیە بەڕێوەی دەبات و دەڵێت "دەستی سعودیە خۆشبێت دەستی دزەکان دەبڕێت و ئەی بیانخەنە سجنەوە، ئەگەر یەکجار دەستی دزێک ببڕیت دەبێتە عیبرەت".

دەڵێت "ئەگەر لە سلێمانی 5 شەش کەس دەستی بڕێت دزی نامێنێت، بەڵام ئەگەر بخرێتە زیندانەوە سبەی بەواستە بەردەبێت". هاوکات لەبەرامبەر سەرپەڕاندنیشەوە ئەوە دەڵێت " هەرکەسێک خراپ و خوێنڕێژبو یاخوا هەر ملی بپەڕێنرێت چونکە ئەو کەسەی سەری نەپەڕێنێت سبەی خەڵک دەکوژێت".

سەبارەت بەپەیوەندی نێوان سەلەفیەکان و داعش و سعودیە، ڕەتیکردەوە سەلفیەکان سەربە سعودیە وتی "وەڵا من سەربە سعودیە نیم"، هاوکات وتیشی "یەک کەس لەناو ئێمەوە نەچووەتە ناو داعش".

سەبارەت بەسەردانی مەسعود بارزانی لەچەند ڕۆژی ڕابردودا ئەوەی پشتڕاستکردەوە کە سەردانیکردووە و وتی "باسی داخستنی ڕادیۆی ئامۆژگاریم بۆ کرد"، هاوکات توانجی لەئێن ئارتیدا ڕونیکردەوە و باسی ئەوەیکرد "دیمانەیەکی سیخوڕیە"، ئەوە لەکاتێکدایە ئەو سەردانە بەفەرمی ئاشکرانەکرا.

٢٠١٦/٣/٢٣

# وەزارەتی خوێندنی باڵا عەبدوللەتیف سەلەفی دورخستەوە

وەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێم بڕیاریدا بە دوورخستنەوەی عەبدولەتیف ئەحمەد لە وانەوتنەوە و جێگری ڕاگری پەیمانگای زانستە ئیسلامییەکانی سلێمانی.

عەباس ئەکرەم وتەبێژی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێم ڕاگەیاند، دوو لیژنە لەسەر ئاستی پەیمانگا و لیژنەیەک لەسەر ئاستی وەزارەت بۆ لێکۆڵینەوە لەبابەتەکەی عەبدولەتیف ئەحمەد پێکهێنراوە.

ئاماژەی بەوەشکرد لیژنەی سێیەم بڕیاریدا عەبدولەتیف ئەحمەد لە وتنەوەی وانە و پۆستی جێگری ڕاگری پەیمانگای زانستە ئیسلامییەکانی سلێمانی دوربخاتەوە تاکو ئەنجامی کارەکانی ئەو لیژنە وزارییە دەردەچێت.

عەبدوللەتیف ئەحمەد وتاربێژی مزگەوتی بەهەشت کە لە هەمانکاتدا مامۆستای پەیمانگای زانستە ئیسلامییەکانی سلێمانییە، لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا ئاشکرابوونی هاوسەرگیرییە نوێیەکەی لەگەڵ خوێندکارێکی هەمان پەیمانگادا، کاردانەوەی جیاوازی لێکەوتووەتەوە.

12/05/2016

ئێن ئار تی

# بەهۆی عەبدوللەتیف و چاوانەوە بڕیارێک درا

ئەو لیژنەیەی بۆ کەیسی هاوسەرگیری عەبدوللەتیف سەلەفی و هاوسەرە نوێکەی پێکهێنرابوو بڕیاریدا کە پەیمانگای زانستە ئیسلامییەکان دابخات. جەمال کەمال حوسێن، سەرۆکی لیژنەی بەدواداچوون لە کەیسەکە بە دواڕۆژی ڕاگەیاندووە"لیژنەی بەدواداچوون لە کەیسی هاوسەرگیری چەند بڕیارێکی دژ بە مەلا عەبدوللەتیف سەلەفی و راگری پەیمانگاکەو پەیمانگای زانستە ئیسلامییەکە دەرکردووە، بڕیارەکانیش لەلایەن وەزیری خوێندنی باڵاوە پەسەند کراون."

هەروەها جەمال کەمال حوسێن ڕاشیگەیاندووە "بڕیاردراوە راگری پەیمانگای زانستە ئیسلامییەکان دووربخرێتەوە، هەروەها مەلا عەبدوللەتیف سەلەفی بگوزارێتەوە لە پەیمانگای زانستە ئیسلامییەکانی سلێمانی بۆ وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی، سێیەم بڕیاریش تایبەتە بە پەیمانگاکەو بڕیاردرا پەیمانگای زانستە ئیسلامییەکانی سلێمانی دابخرێت."

ناوبراو دەڵێت "خوێندکارانی پەیمانگاکە بۆ کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکانی سلێمانی دەگوزارێنەوە و بێسەروبەری هەبوو لە پەیمانگاکەو نەتواندراوە ئیدارەیەکی باش بکرێت."

سەرۆکی ئەو لیژنەی بەدواداچوونە دەشڵێت "هەڵەو کەموکوڕی لە کەیسی هاوسەرگیری عەبدوللەتیف سەلەفی و چاوانی هاوسەری هەبووەو لە بەشێک لەو کەیسەدا ئیستغلالکردن هەبووە، کۆی ئەو بڕیارانەی دراون لە ئەنجامی کەیسی هاوسەرگیری عەبدوللەتیف سەلەفی هاتوونەتە ئاراوە."

PM:05:54:29/10/2016

# عەبدوللەتیف وەک کەسێکی ئاسایی بەشداری نوێژەکانی مزگەوتی بەهەشت دەکات

ژاڵە محەمەد – سلێمانی

عەبدوللەتیف ئەحمەد (سەلەفی) وتاربێژی پێشووی مزگەوتی بەهەشت وەک کەسێکی ئاسایی بەشداری نوێژەکانی مزگەوتی بەهەشت دەکات و ئەمڕۆش بڕیارەکەی وەزارەتی ئەوقاف بۆ ئەوەی مامۆستایەکی ئاینی دیکە وتار پێشکەش بکات جێبەجێکرا، بە گوێرەی زانیارییەکانیش ناوبراو بڕیاریداوە هەفتەی ئایندە وەک هاوڵاتییەکی ئاسایی بەشداری مەراسیمی نوێژی هەینی بکات.

ئەمەش لە کاتێکدا دێت ڕۆژی ٢٥ی ئایار وەزارەتی ئەوقاف بڕیاریدا کە عەبدوللەتیف سەلەفی لە وتاربێژی مزگەوتی بەهەشت دووربخاتەوە.

هاوکات هەر هەمان ڕۆژ عەبدوللەتیف سەلەفی ڕایگەیاند کە ئەو پابەندی بڕیارەکەی وەزارەتی ئەوقاف دەبێت و ماڵئاوایی لە نوێژخوێنانی ئەو مزگەوتە کرد.

ئەمەش پاش ئەوە هات کە ناوبراو کە مامۆستای پەیمانگای زانستە ئیسلامییەکان بوو لەگەڵ کچە خوێندکارێکی خۆیدا هاوسەرگیری کرد و ئەمەش لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک کاردانەوەی لێکەوتەوە و وەزارەتی خوێندنی باڵا لە پۆستەکەی دورخستەوە.

27/05/2016

ئێن ئار تی

# ئەوقافی سلێمانی: عەبدوللەتیف سەلەفی لە وتارخوێندن دورخرایەوە

بەڕێوەبەرایەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی سلێمانی ڕایگەیاند، بڕیاری دورخستنەوەی عەبدوللەتیف سەلەفی لە وتارخوێنی مزگەوتی بەهەشت دراوە و لەجێگای ئەو مامۆستایەکی ئاینی دیکە دانراوە.

بەڕێوەبەرایەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی سلێمانی بە دیجیتاڵ میدیای NRT ڕاگەیاند "لە هەینی داهاتووەوە مەلا عەبدوللەتیف ناتوانێت لە مزگەوتی بەهەشت وتاربخوێنێتەوە و لەجێگای ئەو مامۆستایەکی سەلەفی دیکە دانراوە."

ئەوقافی سلێمانی ڕاشیگەیاند " هەرچەندە پێشتر ناوبراو بە شێوەی خۆبەخش لەو مزگەوتە وتارخوێن بووە بەڵام بڕیاری دورخستنەوەکەی کاتی نییە ڕاستەوخۆ لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییەکەمانەوە دراوە و لەجێگای ئەو مامۆستایەکی دیکە کە هەر سەلەفییە دانراوە."

سەبارەت بە بەردەوامی مامۆستای ئاینیی عەبدوللەتیف سەلەفی لە وتنەوەی وانە لە پەیمانگای زانستە ئیسلامییەکان ئەوقافی سلێمانی دەڵێت، ئەو بڕیارە پەیوەستە بە وەزارەتی خوێندنی باڵاوە و ئەوان بڕیار لەسەر ئەوە دەدەن ناوبراو بەردەوام بێت یان نا.

لەماوەی ڕابردوودا بە شێوەیەکی بەربڵاو هەواڵی پەیوەندی عەبدوللەتیف سەلەفی و کچە خوێندکارێکی لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بڵاوبوویەوە و لەئێستاشدا ناوبراو هاوسەرگیری سێیەمی ئەنجامداوە لەگەڵ ئەو کچە خوێندکارەیدا ئەو ڕووداوانە کاردانەوەی جیاوازی لێکەوتەوە و ئەو پرسە بووە پرسێکی گەرم لەناو تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا.

ب.ح ئێن ئار تی 25/05/2016

# ئەوقاف لێپێچینەوە دەکات
# عەبدوللەتیف سەلەفی دەگەڕێتەوە بۆ وتاردان

لەگەڵ ئەوەی پێی ڕاگەیەنراوە، کە ناتوانێت وتاری هەینی پێشکەش بکات، بەڵام عەبدوللەتیف ئەحمەد (سەلەفی) بەدەر لە ڕێنماییەکانی وەزارەتی ئەوقاف وتاری هەینیی پێشکەش کردووە و بەرپرسانی وەزارەتی ئەوقاف و بەڕێوەبەرایەتیی ئەوقافی سلێمانی ڕایدەگەیەنن بە ئاگاداریی ئەوان نەبووە و لێپێچینەوەیان لەگەڵدا کردووە.

لەو بارەیەوە مەریوان نەقشبەندی بەڕێوەبەری پەیوەندییەکان و پێکەوەژیانی ئایینی لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی بە ”ئاژانس“ی ڕاگەیاند ”عەبدوللەتیف ئەحمەد لە وتار ڕاگیراوە، بەڵام هەفتەی پێشوو ئەو مەلایەی لە شوێنی ئەو دانراوە لەوێ نەبووە، ئەو کەسەی مزگەوتەکە بەڕێوە دەبات بە دەرچوون لە یاساکانی وەزارەتی ئەوقاف پێی وتووە وتاری هەینی پێشکەش بکات.“

وەک نەقشبەندی ئاماژەی پێ کرد، دواتر ئەوان لێپێچینەوەیان لەگەڵدا کردووە و بۆ ”ئاژانس“ وتی: ”ئێمە لای خۆمانەوە بەڕێوەبەری مزگەوتەکەمان بانگ کردووە و لێپێچینەوەمان لەگەڵدا کردووە، چونکە تا ئەنجامی لیژنەکە دەرنەچێت و وەزارەتی خوێندنی باڵا ئاگادارمان نەکاتەوە بە هیچ شێوەیەک نابێت وتار پێشکەش بکات.“

هەروەها نەقشبەندی باسی لەوەش کرد، کە ”ئەو وتاری هەینییە بێ ئاگاداری ئەوقافی سلێمانی بووە، ئەو کەسەی مزگەوتەکە بەڕێوە دەبات بێ ئاگاداری ئەوقاف داوای لە عەبدوللەتیف ئەحمەد کردووە لە نەبوونی وتاربێژدا وتارەکە پێشکەش بکات و پێی وتووە دواتر لەگەڵ ئەوقاف قسە دەکات.“

هاوکات فەرەیدوون غەریب بەڕێوەبەری گشتیی ئەوقاف و کاروباری ئایینیی سلێمانی بۆ ”ئاژانس“ وتی: ”بە بێ ئاگاداریی ئێمە و بێ گەڕانەوە بۆ ئەوقاف ئەو وتارەی پێشکەش کردووە، بانگمان کرد و لێپێچینەوەمان لەگەڵدا کرد.“

بە وتەی فەرەیدوون غەریب "عەبدوللەتیف ئەحمەد پێی وا بووە ئەو هەینییە هەینیی پارانەوە و باسکردنی شەڕی داعش و سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە بووە، ئەویش دەوروبەرەکەی فشاریان لێ کردووە و وتار پێشکەش بکات، بەڵام من بە حاجی ڕەزا بەڕێوەبەری مزگەوتەکەم وت ئەم پیاوە خوێندەوارە، بەڵام لەبەر ئەو حاڵەتەی هەبووە، ئەم پیاوە سارووخیش درووست بکات سوودی نییە."

فەرەیدوون غەریب لە بارەی تەنسیبی عەبدوللەتیف ئەحمەد و براکەی بۆ سەر ئەوقافی سلێمانی وتی: "بێ ئاگاداری ئێمە لە وەزارەتەوە بۆ ماوەی ساڵێک خراونەتە سەر ئەوقافی سلێمانی. لەم بڕیارەشدا وەزارەتی خوێندنی باڵا و وەزارەتی ئەوقاف خۆیان ئەمەیان کردووە بێ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ ئەوقافی سلێمانی، منیش وەک ڕێزێک بۆ وەزیر ڕەتم نەکردەوە و پابەند بووم پێیەوە."

بەڕێوەبەری گشتیی ئەوقاف و کاروباری ئایینیی سلێمانی لە درێژەی وتەکانیدا وتی: "ئێمە پێمان وتن بە هیچ شێوەیەک نابێت وتار بدات و ئەگەر پابەند نەبێت بە بڕیاری ئەوقافەوە ئەوا تەنسیبەکەی لە خوێندنی باڵاوە بۆ ئەوقاف هەڵدەوەشێنمەوە."

ئەو لیژنەیەی بۆ بەدواداچوونی کەیسی عەبدوللەتیف سەلەفی پێک هاتبوو لە ئەنجامدا سێ بڕیاری دا، بە پێی ئەو بڕیارانە عەبدوللەتیف گواستراوەتەوە بۆ سەر وەزارەتی ئەوقاف، هەروەها ڕاگری پەیمانگەکە دوور خراوەتەوە و بڕیاریش دراوە پەیمانگەی زانستە ئیسلامییەکان لە سلێمانی دابخرێت.

دکتۆر جەمال کەمال حسێن سەرۆکی لیژنەی بەدواداچوونی کەیسی هاوسەرگیریی عەبدوللەتیف سەلەفی، لە بارەی بڕیاری دوورخستنەوەی ڕاگری پەیمانگەکەوە بە "ئاژانس"ی ڕاگەیاند: "بە هۆی کەموکورتی لە کاروباری کارگێڕی لە لایەن ڕاگرەکەوە، کە نەیتوانیبوو مامۆستاکان و هەڵسوکەوتی ناو پەیمانگە کۆنترۆڵ بکات، لە کارەکەی دوور خرایەوە."

تشرینی دووەم 06, 2016

# بەپێی بەڵگەنامەیەک لەڕووی یاساییەوە چاوان تا ئێستا هاوسەری ئۆرڤانە

بەپێی بەڵگەنامەیەک کە دەست ئێن ئاڕ تی کەوتووە، چاوانی هاوسەری عەبدوللەتیف سەلەفی تا ئێستا لەڕووی یاساییەوە هاوسەری ئۆرڤانە و تا ئێستا دادگا داواکاری جیابونەوەکەیانی پەسەند نەکردووە.

بەپێی مەلەفەی جیابوونەوەکەی ئۆرڤان و چاوان کە لەنێو دادگای باری کەسێتی سلێمانییەوە وێنەی گیراوە و دەست ئێن ئاڕ تی کەوتووە، دادوەر ڕۆژی ٢٠١٦\٥\٣١ی دیاریکردووە بۆ بڕیاردان لەسەر داواکارییەکەی چاوان سۆران خەسرەو بۆ جیابونەوە لە ئۆرڤان ئاراس فەخرەدین و وازهێنان لە سەرجەم مافەکانی.

پارێزەرێک لەو بارەیەوە وتی "لەڕووی یاساییەوە تا ئێستا چاوان هاوسەری ئۆرڤانەو دەبێت لە ڕۆژی دادگاییەکەدا کە دادوەر ٢٠١٦\٥\٣١ داناوە هەردوولا ئامادەبن و دادوەر وتەی هەردووکیان وەرگرێت، ئەوکات دادوەر بڕیار لەسەر داواکاری جیابونەوەکە دەدات."

ئەو پارێزەرە ئاماژەی بەوەشدا "لە ئێستادا چاوان و عەبدوللەتیف ناتوانن لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان پرۆسەی هاوسەرگیرییەکەیان تۆماربکەن چونکە تا ئێستا چاوان لەڕووی یاساییەوە هاوسەری هەیە و جیانەبووەتەوە".

ئەو پارێزەرە باسی لەوەشکرد "ئەگەر دادوەر داواکەی چاوانی پەسەندکرد بۆ جیابونەوە، ئەوا بە ڕۆژمێری داواکاری جیابونەوەکە پەسەندی دەکات، هەرچەندە لە داواکارییەکەدا ڕۆژی داواکەی تیادا نییە".

لەماوەی ڕابردوودا هەواڵی جیابونەوەی چاوان لە ئۆرڤان و هاوسەرگیری چاوان لەگەڵ عەبدوللەتیف سەلەفی بووە جێگەی باسی میدیا و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان.

هاوکات عەبدوللەتیف ئەحمەد لە دواین پەیامیدا دەربارەی ئەو کێشەیە ڕایگەیاند هاوسەرەکەی لە ١ی کانوونی دووەمی[جانیوەری] ٢٠١٦ەوە لە هاوسەری یەکەمی جیابووەتەوە.

وەزارەتی خوێندنی باڵا ڕایگەیاند کە تا کۆتایی لێکۆڵینەوەکان، عەبدوللەتیف ئەحمەد لە ڕاگری کۆلیژی زانستە ئیسلامییەکان و وەک مامۆستاش دوورخراوەتەوە.

# هیوادارم قەت چاوپۆشی لە غەڵەت و سنووربەزاندنی ڕەوشتی نەکەن

عەبدول لەتیف ئەحمەد سەلەفی لەوتاربێژی دورخرایەوە
ئەوە چاکترین چارەسەرە بەرلەوەی هیچ بەڵگەیەکی ڤیدیۆیی نا گونجاو بڵاوبێتەوە !
من بە دووری نازانم ئەوە چۆک دادانی خودی عەبدللەتیف بێت، چونکە دەزانێت چۆن دەنگەکان ڕاست بوون و بڵاویش کرانەوە، ئەوە ئەو بەڵگە ڤیدیۆیانەی کە پەیجی خوێندکارانی پەیمانگا باسیان کرد، ئەویش ڕاستن، هەرچەندە لە ڕووکەش ڕەتیان دەکاتەوە...
سەیر لەوەدایە لای عەبدللەتیف یش وەک سیاسیە دۆستەکانی شوێنەکەی لا ویراسییە ویستویەتی خالیدی برای لە جێگای خۆی دابنێت: "بەڕێوەبەری گشتی ئەوقافی پارێزگای سلێمانی ئاشکراشیکرد کە لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە د. عەبدول لەتیف سەلەفی لەو بڕیارە ئاگادارکراوەتەوەو وتی"د.عەبدول لەتیف زۆر هەوڵی ئەوەیدا د. خالید ئەحمەدی برای لەشوێنی خۆی دابنێت، بەڵام ئێمە بەو پێشنیارە رازی نەبووین."
هیوادارم ئەو کەیسە ببێتە سەرمەشق بۆ هەموو خەڵکی کوردستان، کە قەت چاوپۆشی لە غەڵەت و سنووربەزاندنی ڕەوشتی نەکەن. دەزانم کچانێکی زۆر لە خوێندنگاکان و قوتابخانەکان و زانکۆکان و دەزگاکانی حکومەت تووشی دەستدرێژی و سازش کردن دێن لەسەر شەرەف وکەرامەتیان، و گێچەڵی سێکسیشیان پێ دەکرێت، تکایە خوشکان و برایان بێ دەنگ مەبن لەو حاڵەتانە، هەوڵدەن دۆکیومێنتاری کەن، بەڵگەی دەنگی و ڕەنگی و نوسینی لەسەر پەیدا بکەن، و با فەزحیان بکەین هەموومان. با نەهێڵین کۆمەڵگایەکی ترسنۆک و بێ کەرامەت و بێ دەسەڵات بۆ منداڵ و نەوەکانمان دروست کەین.

محەمەد هەریری
25/5/2016

# تۆبەی گورگ لە مەدخەلیەت!

ئەو پیاوە مەلا لەتیف هەرکەسەی بە میلیمەترێ لە مەدخەلیەت لایدابا بۆ حەوت پشت گومڕا و ئیدانەی دەکات هەتا سەلام کردنیشی لێ حەرام دەکات!

وادیارە تازە سەرانی مەدخەلیەت گەیشتونەتە قەناعەت کە عبداللەتیف بە کردەوە قێزەون و ئابڕووبەرەکانی بارێکی قورسە بەسەر دەعوەکەیان، و لە سەرەتا ویستیان فەزیحەکەی بۆ تێپەڕێنن بەڵکو خەڵکی ساویلکەی کورد لە بیر دەکات!

بەڵام کورد ئەوجارە خۆشبەختانە لەبیریان نەکرد و ئەو پیاوەیان کردە هێمای ژندزی! زۆر هەوڵیدا خۆی لە گێلی بدا و لەبیر خەڵکی بەرێتەوە سەرکەوتوو نەبوو، دیارە مافیای مەدخەلیش گەیشتنە قەناعەت کە شێری سونەکەیان بۆتە ڕێوی ڕەوشت، دیارە پولێکیان پێوە ناوە! دەنا من ئەو ملشۆڕە دەناسم چەندە ملکەچ و دەستەوئەژنۆیە لەبەرانبەر شێخانی مەدخەلیەت لە سعودییەکان و ئەو پیاوە نییە لێیان جیابێتەوە!

کەوابوو لە مەودوا ئەو بەڵگانەی بۆ ڕاستی بیروڕای مەدخەلیەتی دەهێنایەوە، دەبێت دژە ترياقەکەی بۆ بهێنێتەوە!!!

لە کۆتایی لێدوانەکەشی دەڵێت هەر مولتەزیمە بە نەهجی بن باز و ابن عسمێن و باقی شێرانی سونە!
تۆبەی گورگ مەرگە!

محەمەد هەریری
٢٠١٨/١/١٣

# ئیبن تەیمیە چی گوتووە دەربارەی ئافرەت!

ڤیدیۆیەک بڵاوبوەوە مەلا لەتیف لە کۆڕێکدا خۆی وەک بەرگریکاری یەکەمی ئیسلام نیشان دەدات، وەک بڵێی هیچ نەبووبێت، لە هەمان قسەکانی بەردەوامە، لەوەش خراپتر ئەو کارەساتەی کە بەسەری هات بەبۆنەی ئافرەتێک نەیگەیاندۆتە ئەو قەناعەتەی کە ئافرەت چ کائینێکی گەورە و بەهێزە، ئەکبەر ڕیش ودەلینگ کورت دەخلیسکێنێ!

لەو کۆڕەدا لەوە دەچێت یەکێک گوتیتی ئیبن تەیمیە دەڵێت: [ئافرەت وەک پارچە گۆشتێکی بۆگەنە!] کە ئەوە هەڵەیە، من ئەو قسەم لە هیچ کتێبێکی ئیبن تەیمیە و ئەوەی لەسەریشی نووسراوە گوێ لێ نەبووە. خۆی قسەکەی دەسکاری کراوە لەوانەیە لە عەرەبیەکەی تێنەگەیشتبێت ئەوەی وای گوتووە، بەڵام سەیر لەوەدایە مەلا لەتیف یش قسەکە دەگێڕێتەوە و ناڵێت هەڵەیە ئیبن تەیمیە وای نەگووتوە، ئەوە ڕاستەکەیەتی، جا یان نازانێت یانیش هەر بڕی ڕێزی بۆ ئافرەت هەر هێندەیە، وبە شایانی ئەوەی نازانێت قسەکە ڕەتکاتەوە، لەجیاتی بەرگری لە شێخی ئیسلام ئیبن تەیمیە دەکات ودەڵێت: کەی ئەوە ڕەوایە هەموو ژنانی جیهان بکەیتە دژی زانایەکی واگەورە ووا و وای وەک ئیبن تەیمیە!

خۆی لە ڕاستیدا چیرۆکی ئیبن تەیمیە لەگەڵ ئافرەت هێندە دەهێنێت لەسەر بوەستین و بە چەند ئەڵقەیەک، باسی زۆربەی قسە و هەڵوێستەکانی دەکەین، بەرلە هەر شتێک دەبێت ڕاستی وەسفکردنی ئافرەت بە پارچە گۆشتێکی بۆگەن بەدیار بخەین، نەک لەبەرئەوەی ئیبن تەیمیە هەڵوێستی باش بووە بەرامبەر ئافرەت، بەڵکو لەبەر هەق و هەقیقەت. دەنا هەڵوێستەکانی ئیبن تەیمیە بەرامبەر ئافرەت، بکوژی ئەو کەمە هەڵوێستە ئیجابی وجوانانەشە کە لە خودی ئیسلامدا هەیە بەرامبەر ئافرەت.

ڕاستی ئەو گوزارشەی دەڵێت: " المرأة كاللَّحم على وضم" ئیبن تەیمیە لە کاتی باسکردنی ئافرەتدا بەوپەڕی بێ هێزی و لاوازی و بێ عەقڵی، ئەو قسەیەش دەهێنێتەوە لە مجموع الفتاوي! مانای :ئافرەت وەک پارچە گۆشتێکی سەر تەختەقیمەی، یان تەختەگۆشتی قەسابە! یانی ]وضم[ ئەو پارچە دارەیە کە قەساب گۆشتی لەسەر پارچە پارچە دەکات.! ئەو بەناو حەدیسە هەتا بوەتە پەندێکیش لەناو عەرەب ئەگەر بیانەوێت باسی کەسێکی زۆر لاواز و بێ دەسەڵات بکەن دەڵێن: اضعف من لحم على وضم! واتە لە گۆشتی سەر تەختەگۆشت لاوازترە!

سەیر ئەوەیە ئەو پارچەگۆشتە لاوازە بوو مەلا لەتیفی لەو بەرزاییەوە هێنایە خوارەوە، سەرەڕای خۆ لە گێلی دانیشی، هەر کەوتووە و قەت ڕاست نابێتەوە، باشە ئەوە ئێمەی قورئانی وخەلەفی باوەڕمان بەو حەدیسانە نییە کە سوکایەتی تێدایە بۆ ئافرەت وهەر کەسێکی تر، بەڵام شێخی سەلەفیەت خۆ باوەڕی بەو حەدیسانە هەیە کە لە بوخاری ومسلم هاتوون بە تایبەتی؟! دەبا هەر ئاگای لەو حەدیسە با کە دەڵێت: "ما تركت بعدي فتنة أضر على الرجال من النساء" رواه البخاري في صحيحه ( رقم 4808 ، ج5 ، ص1959 ) بە کوردیەکەی: لە دوای خۆم هیچ فیتنەیەکی زیانبەخشترم لە ژنان بۆ پیاوان بەجێ نەهێشتوە!
سەرنج دە دەڵێت ژنان، نەک کچان!

محەمەد هەریری
٢٠١٦/١١/١٧

# ئەو بەدبەختە چۆن بەراورد دەکرێت
# بە عبداللطیف ی سەلەفی؟!

چەند ڕۆژێکە باسی مامۆستایەکی دواناوەندی دەکەن گوایە کاری بەدڕەوشتی کردوە لەگەڵ چەند کچێک لە قوتابیەکانی!
بەڕاستی من زگم بەو کابرایە دەسوتێت کە دەیانەوێت بەراوردی کەن بە مەلا لەتیفی سەلەفی!
دەیانەوێت بەڵگەکان وەک شێوازی بەڵگەکانی مەلا لەتیف بۆیبنووسن، دەنووسن بەڵگەی یەکەم! بەڵگەی دووەم وهتد...

ئەو بەدبەختە یەک ڤیدیۆیشی نییە خەڵکی تێدا فێری دینداری بکات، کەس نازانێ دەنگی چۆنە مەگەر برادەرە نزیکەکانی نەبن .
ئەو پیاوە نە وەک لەتیف سەرۆکی ڕەوتێکی گەورەی سەلەفیەتە، نە خاوەن تەلەفزیۆن و کتێبە و نە شەو و ڕۆژ وتاری ڕەوشت و ئاکار بە خەڵک دەڵێتەوە!
نە وەک لە تیف خاوەنی سەدان قوتابی و مەلایە، لە ناو مزگەوت و لەناو ئینتەرنێت بەرگری لێبکەن، نە میوانی هەمیشەیی تەلەفزیۆنە بازرگانە بەناو عەلمانیەکانە .

ئەخر ئەو کابرایە چۆن بەراورد دەکرێت بە لەتیف، ئەگەر دەنگەکانیش هی ئەو بن، کە لە یەکەم تەقەدا خۆی داوەتە دەست ، دان بە تاوانەکانی دەهێنێت و دەڵێت جارێکیتر ئەو بێ ئەخلاقیەتە ناکەم، بە قوتابیەکانی دەڵێت ئەنگۆ مامۆستا و من قوتابی، و تۆبە لەسەر دەستی ئێوە هیچ کارێکیتری بەدڕەوشتی ناکەم. لە کاتێکدا لەتیف هەڕەشە نەما نەیکات، لە یەکەم لێدوانیدا منی بە گومڕا و بوختانکەر و موستەهەقی جەڵدە لێدان وەسف کرد!

جوێن و دەمشڕی نەما پیاوەکانی نەیدەن بە من و کەسانێکی تر، دەسەڵاتی سەرکوتکەر و گەندەڵ و میدیا نەما نەچنە بەرەی بەرگری لێی، نەچنە ماڵی ئۆرڤان بۆ هەڕەشە کردن. خۆشی لە جیاتی دان پێداهێنان هەر خەریکی بەنگکێشکردن و

تلیاککردنی لایەنگرانی بوو، خۆی بە قوربانی نیشان دەدا و چیرۆکی پێغەمبەران و پیاوچاکانی دەگێڕایەوە بۆ بەراوردکردنی بە خۆی، کە وەک ئەوان بوختانی پێکراوە لەلایەن دوژمنانی سەلەفی سالّح و ئیسلام، خۆی بە عائشە دەچوواند لە ڕووداوی الافک! دەیان ئایەت و حەدیسی تەوزیف دەکرد بۆ پاکانەکردن لە خۆی!

ئێستا و ئێستاش دانی بە هەڵە ئابڕووبەرەکانی و بە درۆکانی نەهێنا، هەر زوو زوو گەڕایەوە سەر تەلەفزیۆن و خوتبەی هەینی و کۆڕ و کۆبوونەوەی گشتی و سەردانی حزبان. و بەرنامەی تەلەفزیۆنی!

ئەو بەستەزمانە گوایە یەکگرتووە تۆڵەی لێدەکەنەوە! ئەگەر لە قیاداتی یەکگرتووش با وەک سەید ئەحمەد و ئەوانیتر ماقوڵ بوو، نەک کابرایەکی کەس نەناسی هەژار!

محەمەد هەریری

13/2/2017

# هێشتا چاوان و ئۆرڤان ژن و مێردن

## دیوێکی تری فەزیحەکەی عەبدولەتیف سەلەفی

بەپێی ئەم بەڵگەنامەیە چاوانی هاوسەری عەبدوللەتیف سەلەفی تا ئێستا لەڕووی یاساییەوە هاوسەری ئۆرڤانە و تا ئێستا دادگا داواکاری جیابونەوەکەیانی پەسەند نەکردووەم ئەگەرچی لە رۆژی ۲۰۱٦/٥/۳ کۆنووسی جیابونەوەکە ئامادەکراوە.

بەپێی مەلەفەی جیابوونەوەکەی ئۆرڤان و چاوان کە لەنێو دادگای باری کەسێتی سلێمانییەوە وێنەی گیراوە، دادوەر ڕۆژی ۲۰۱٦\٥\۳۱ی دیاریکردووە بۆ بڕیاردان لەسەر داواکارییەکەی چاوان سۆران خەسرەو بۆ جیابونەوە لە ئۆرڤان ئاراس فەخرەدین و وازهێنان لە سەرجەم مافەکانی.

پارێزەرێک لەو بارەیەوە وتی "لەڕووی یاساییەوە تا ئێستا چاوان هاوسەری ئۆرڤانەو دەبێت لە ڕۆژی دادگاییەکەدا کە دادوەر ۲۰۱٦\٥\۳۱ داناوە هەردوولا ئامادەبن و دادوەر وتەی هەردووکیان وەرگرێت، ئەوکات دادوەر بڕیار لەسەر داواکاری جیابونەوەکە دەدات".

ئەو پارێزەرە ئاماژەی بەوەشدا "لە ئێستادا چاوان و عەبدوللەتیف ناتوانن لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان پرۆسەی هاوسەرگیرییەکەیان تۆماربکەن چونکە تا ئێستا چاوان لەڕووی یاساییەوە هاوسەری هەیە و جیانەبووەتەوە."

کەوایە لەتیفە ئێستا چاوانی داگیرکردوە، ئەگەر کەسێکی تر وای بکردایە لەتیف ئێستا حوکمی رەجمکردنی بەسەردا دەسەپاند.

# ئایە هیجرەتی گەنجان حەڕامە
# وەک مەلا لەتیفی سەلەفی دەڵێت؟!

کێشـەی ئەو سـەلەفیانە ئەوەیە لە کاتێکدا هەمـوو دنیـات لـێ وێـران دەکەن و لە هەر جێگایەک بن خەڵک ناچار دەکەن تەنها لەگەڵ بیری مەرگ و مردن و عەزابی قەبر بـژین، و جـاڕی شـەڕکردن دەدەن دژی هەمـوو نەیـارە موسـڵمانەکان و غەیـری موسڵمانەکانیان، کاتێک خەڵک بەگشتی لە دەستیان ڕادەکەن و سەریان هەڵدەگرن وەک ئەوەی ئێستا دەگوزەرێت لە سوریا، یان لە دژی دەسەڵاتی گەندەڵ گەنجانێکی بەدبەخت و بێ ئایینده ڕێگای ترسناکی دوور و درێژ دەگرنە بەر، تا دەگەنە جێی مەبەست چەندین جار دەگەنە لێواری مەرگ هێشتا لێیان ناگەڕێن لە جیاتی ئاواتی خێریان بۆ بخوازن، دێن دەیان خوتبە و وتاریان بۆ دەدەن بۆ ساردکردنەوەیان و ترساندنیان بە کافر بوون!

نازانم مەلا عەبدولەتیف و سەلەفیەکانیتر ئەو هەموو گەنجەیان بۆچیە لە کوردستان، بەس نییە گۆڕەپانیان بۆ چۆڵ کردوون و ڕۆیشتن سەریان هەڵگرت؟! باشە ئەگەر قسەی سەلەفیەکان هێندە جیدییە، بۆ گەنجێکی زۆری سەلەفی کورد وعەرەب و نەتەوەکانیتریش ئەوڕوپایان تەنیوەتەوە؟ بۆ دەیەها بانگخواز ومەلای سەلەفی لە نیوان موشریکاندا ئیقامەیان وەرگرتووە؟!
هەمووشی خەریکی ڕاوە پارە ودۆلارن و هەر خەریکی هیدایەتدانی ئافرەتی جوانی ئەوروپین بۆ ئەوەی بیانهێنن!

من زۆرم پێ ناخۆشە ئەو هەموو گەنجانەمان کوردستان بەجێدەهێڵن لەو هەل ومەرجە ناسکە بەڵام هیچ ڕووم نییە داوایان لێبکەم دەرنەچن. چونکە بەدیلم بۆیان نییە، دەسەڵاتێک تا سەرئێسقان کەوتۆتە ناو گەندەڵی و دژی و فەرامۆشکردنی گەنجان، گەنج چی بکات لەوێ؟ یان دەبێت ببێتە چەتەی حزبێکی دەسەڵات، یان چەک هەڵگرێت لە دژی ئەو دەسەڵاتە یانیش بڕوات سەری هەڵگرێت.

مەلا لە تیف لە خوتبەیەکدا ئەو حەدیسە دەهێنێتەوە لە دژی گەنجانی کۆچ کردوو: فقد روى أبو داود والترمذي والنسائي عن جرير رضي الله عنه أن النبي صلى الله عليه وسلم بعث سارية إلى خثعم، فاعتصم ناس بالسجود فأسرع فيهم القتل، فبلغ ذلك النبي صلى الله عليه وسلم فأمرهم بنصف العقل، وقال " أنا بريء من كل مسلم يقيم بين أظهر المشركين، قالوا: يا رسول الله ولم؟ قال: لا ترايا ناراهما "

دەڵێت: پێغەمبەر سریەکی نارده سەر هۆزی خەسعەم [بە سەرکردایەتی خالیدی کوری وەلید، وەک لە ریوایاتی تر هاتووە] خەڵکانێک کە لەشکرەکەیان دیت سوژدەیان برد بۆ خۆپاراستن، بەڵام خالید تێیان کەوت بە کوشتن، ئەوەش گەیشتەوە پێغەمبەر د.خ، فەرمانی کرد بە نیوەی خوێنبایی بۆ خاوەن کوژراوەکان وگووتی: من بەریمە لە هەر موسڵمانێک لە نێو موشریکاندا نیشتەجێیە، گووتیان بۆ؟ گووتی: با ئاگرەکانیان لێک دیار نەبن.
جارێ ئەو حەدیسە بە جیاوازی ڕیوایەتەکانی بەپێی سنعەتی ئەهلی حەدیس منقطع وپچراو و مرسل و دەیان کێشە لە مەتن وسەنەدی هەیە.

دووەم هەتا گووتمان ڕاستیش بێت، ئەو حەدیسە لە حالەتی شەڕ وجەنگدا گوتراوە لە نیوان موسلمانان و خەڵکانیتری ناموسڵمان، کاتێ هێرشیان بۆ دەکەن لیکیان جیاناکەنەوە! گووتنی ئەو حەدیسە لەو زروفەدا هیچ پەیوەندی بە واقیعەوە نییە. چونکە نە دەوڵەتی ئیسلامی هەیە لە شەڕدا بێت لەگەڵ ئەوروپا و خۆرئاوا، نە هیچ وڵاتێکی ئیسلامی بە سعودیەوەش لە شەڕدایە دژی خۆرئاوا، تەنها ئەگەر مەلا لەتیف داعشی پێ خەلافەتی شەرعی بێت، چونکە تەنها خزمەت بە پلانی تەقاندنەوەکانی داعش دەکات ئەو قسانە!

جا خۆ داعش تا یەکێک لە ئەوروپا دەکوژێت، بە هەزاران کەس لە وڵاتانی ئیسلامی دەکوژێت! یانی خەڵک هەر بۆ حیفز و پاراستنی نەفسی خۆی زۆرچاکترە لە ئەوروپا بێت تا لە سوریا و عێراق و تورکیا و تونس و لیبیا و ئەفغانستان وسۆماڵ ومیسر وهتد.

ئینجا ئەگەر ڕاست دەکەن ئەو هەموو سەلەفیەی سعودیە وخەلیج و میللەتانی تر بگەڕێننەوە بۆ زەوی موبارەکتان، ئینجا داوا لە گەنجانی بەدبەخت بکەن بگەڕێنەوە و هەڕەشەی کافر بوون و بەری بوونی پیغەمبەریان لێ بکەن.

داخی گرانم ئەو ولاتانەی ئێمە بەدەستی ئەو سەلەفیانە و گەندەڵە بەناو عەلمانیەکان کاول دەکرێت، و گەنجان وخەڵک ناچار دەکەن باربکەن، گەنجی سەلەفیش کەم وادەبێت دەرچێت، یانی شەقام دەکەوێتە دەستی ئەوان، چونکە سەلەفیەکانی ئەوروپا زۆربەیان بە دەستی بانگخوازە سەلەفیەکان و ئینتەرنێت بونەتە سەلەفی، لێرە دەریان دەکەن بە توندوتیژی کرداری وگوتاری، لەوێش لێیان ناگەڕێن هەر خەریکی چرپاندنی وتاری کەڕاهیەتت بە گوێیاندا، ژیانیان لە هەزاران گەنج تێکداوە لەو هەندەرانەش. ئەوانە چ بەلایەکن بۆ گیانی بەشەریەت؟!

محەمەد هەریری

٢٠١٥/٩/٨

# سیاسەتی تەتبیعی لەتیف

کێشەی ئەو پیاوە ئەوەیە زۆری خواردوە لەو بازرگانیەتەی دین و دەستی لێ بەرنابێت بە ئاسانی .
ڕاستە خەڵکی کورد یادەوەری لاواز و کورتە بەس تا ئەو ڕادەیەش نا، وا بە ئاسانی کردەوە چەپەڵەکانت لە بیر بکات .

ڕۆژێک وتار لەسەر پێشمەرگە دەدەیت تا وەزعەکە سروشتی کەیتەوە!
ڕۆژێکی تر دەچیتەوە سەر مینبەر بە نایاسایی!
ڕۆژێکی تر سەردانی حزبۆکە ئیسلامیەکان دەکەیت، سەرەڕای سەدان وتارت هەیە لەسەر بیدعەبوونی حزبی ئیسلامی و حەڕامی سەلام لێکردنیشیان!
بەس وەک تەڵەکەبازێکی کارامەی عەقڵی شوێن کەوتوەکانت بیانووت بۆ ئەوەش هێناوەتەوە، کە سەردانەکەت لە بۆ باسکردنی کاروباری دەعوە و بڵاوکردنەوەی ئیسلامێکی پاکی وەک خۆت پاک!
ئەی بۆ پێش سکاندالەکەت ئەو جۆرە سەردانانەت نەدەکرد؟!

هەموو کارێکت لە پێناو تطبیع و سروشتی کردنەوەی وەزعی خۆتە!
خەتای تۆش نیە خەتای هیچ لەباری بەرامبەرەکانتە، کە ناوێرن بەرگری لە کەرامەتی خۆشیان بکەن!
خەتای ئەو مامۆستا ئیسلامیەکانی پەیمانگاکەتە کە تا ئەو ساتەش بۆیان داپۆشیت!

خەتای ئەو علی باپیرەیە کە تازە فەزیحەکەت ڕویدابوو لە جیاتی ڕەخنەت لێ بگرێت لەماڵەوە سەردانی کردیت بۆ پشتگیری لەسەر باتڵ!

خەتای ئەو سەرکردە ئیسلامیانەیە کە بۆتیان داپۆشیت و ئێستاش سەردانیان دەکەیتەوە و پێشوازیت لێ دەکەن بۆ سپی کردنەوەی ڕووی لاپەڕەی ڕەشت. ئەخر خۆشیان دەیان فەزیحەتی وایان هەیە لێیان ناگیرێت .

هەتا حزبە بەناو عەلمانیەکانیش بۆتیان پەردەپۆش کرد، بۆ گلەیی لە حزبۆکەیەکی ئیسلامی بکەین کە یەک مەنجەڵ دۆڵمەی تورکمانەکان بەشیان دەکات؟! هەر نەبا دوو سێ ساڵ بێ دەنگ بایت، تا لەبیر میللەتی زاکیرە کورتی کورد دەچوەوە، بەو پەلە پەلەیەت قەت بیرمان ناچێتەوە!

محەمەد هەریری
25/11/2016

# بەڵگەی ساختەی دووەمی مافیاکەی عەبدوللەتیف ی ڕۆمانسی

باشە ئێوە بەو کلیپە دەنگیە ڕاشکاوە بروا نەکەن، کە دیارە لەناو ژوورەکەی خۆی لە پەیمانگاکە یان مزگەوتەکە بۆی تۆمارکراوە، و بەکاری دەزگا موخابەراتیەکان دەچێت، ئەی بەچی باوەڕ دەکەن؟

باشە ئەگەر هی شێخ لەتیف بەس دەنگ بوو، چونکە بە دژی تۆمار کرابوو وەک کارێکی موخابەراتی، باشە بۆ دۆزینەوەی ئێوە بۆ ئەوانەی دەنگی شێخیان تەزویر کردبوو بۆ بەس بە دەنگ بوو؟! بۆ بەدزی دۆزیوتانەوە؟! بۆ بە ڤیدیۆ نەبوو تا بزانین کین ئەو تاوانبارانە سومعە و شوهرەتی شێخ بەزۆری دەزڕێنن؟!

ئێوە لەبەرگری شێخ دا کاری وا منداڵانی و بێ ڕەوشتانە دەکەن، بە ملیۆنەها جوێن و بوختان بۆ من و خەڵکیتر دەکەن، هەتا خودی پێغەمبەر کە عائیشەی خێزانی ئافرەتیشە تۆمەتبار کرابوو و دەسەڵاتی یەکەمیشی لە دەستبوو لە مەدینە، کارێکی وای نەیکرد؟!

بەڵکو تەنها چاوەڕێی روون بوونەوەی بەڵگەکانی دەکرد بە واقیع و بە وەحی! بڵێی عەبدوللەتیف شەرەف و کەرامەتی لە حەزرەتی عائیشە گەورەتر و گرنگتر بێت؟!
یاخوا کورد قەت نەبێتە دەروێشی هیچ فیکرەیەک، چونکە بەمانای وشە دەبیتە ڕۆبۆتێکی چوارپێ!

محەمەد هەریری
24/4/2016

# شێخ ڕەبیعی مەدخەلی و شێخ عبید الجابری: عبدوللەتیف درۆزن و تەڵەکەباز و زیانبەخشە!

هەروەک ڕاماندیت، پاش ئەوەی عبداللەتیف سەلەفی ئەو فەزیحە گەورانەی کرد، سەرەڕای هەوڵێکی زۆریش بۆ سپی کردنەوەی ڕوخساری لە سەرەتادا، بەڵام دوایی زانیان کە ئەو پینەکردنە هیندە ئاسان نییە، بۆیە هێدی هێدی پشتیان بەردا. لە وتارێکی سەلەفیەکی مەدخەلی بە ناونیشانی: كشف اللثام عن وجه متعصبة أبي عبد الحق الكردي اللئام، لە نووسینی: أبو معاذ رائد آل طاهر، لە هەینی 2017/4/28 بڵاوبۆتەوە،

چیرۆکی ئەو نێوان تێکچوونەی نێوان عبداللەتیف و شێخانی مەخەلیەت بە درێژدادڕییەکی بێزارکەر باسکراوە، کە هەوڵ دەدەم کورتی کەمەوە لە خاڵە سەرەکیەکان:

یەکەم: لەلایەن خودی شێخی گەورەی مەدخەلیەت الشیخ ربیع ترۆ دەکرێت و دەڵێت: ((أبو عبدالحق أضر الدعوة السلفية وفرقها)). باوکی عبدالحق زیانی بە داوەتی سەلەفی گەیاندووە و پەرتەوازەی کردووە! هەروەها شێخ ڕەبیع خەڵکی لێ ئاگادار کردەوە لە خۆیی و دواکەوتوە دەمارگرژەکان و ئەوانەی بێ هەڵوێستن بەرامبەری، پاش ئاشکرابوونی کار و کردەوەکانی!
یانی کەسێکی زیانبەخشە و هیچیتر قبوڵیان نییە لە ڕیزەکانیان بمێنێتەوە و خۆی بەرزکاتەوە بە ستایش و تەزکیە کۆنەکانی شێخ ڕەبیعی مەدخەلی !

دووەم :هەروەها الشیخ عبید الجابري دەربارەی دەڵێت: خوادەزانێ ئێستا عەبدوللەتیف بێتە لام، کە پێشتر تەزکیەم کردبوو، ئێستاش ئەو تەزکییە دەستاو خەڵکێکی زۆر دەیگوێزنەوە! دەرگای لێدەکەمەوە و داوای تۆبەی لێدەکەم وپێی دەڵێم: تۆبە بکە بۆ خوای گەورە..

(ويعلم الله أنه لو جاءني أبو عبد الحق عبد اللطيف بن أحمد الكردي - وقد زكيته في سالف عهده تزكية لا يزال يتناقلها كثير من الناس! - لو جاءني الآن لفتحت له بابي ولطلبت منه التوبة، وقلت له: تب إلى الله عز وجل، التوبة تجب ما قبلها، هذا مسلكنا بارك الله فيكم..... ئەوە لە فلان و فلان ڕوودەدات، ئامۆژگاری دەکەین، بەڵام ڕقمان لە سووربوونە لەسەر هەڵە، ئەگەر پیاوێ سوور بوو لەسەر هەڵە و تیایدا نقوم بوو، ئەوە لە من نییە و منیش لەو نیم، ئەوە تەڵەکەبازە و ئێمەش تەڵەکەباز قبوڵ ناکەین، ئەوە مەنهەجی ئێمەیە...

هذا يحصل من فلان وفلان، نناصحه، لكن نمقت الإصرار على الخطأ، إذا أصر الرجل على الخطأ وأصبح منغمسا فيه، نعم هو ليس مني ولست منه، هذا لعاب ونحن لا نقبل اللعاب؛ عرفتم هذا هو منهجنا)

ئینجا گووتی عبداللەتیف تا ئێستا درۆزنە لای ئێمە!
کە لێیان پرسی چۆن ڕەفتار بکەین لەگەڵی: گووتی: وازی لێ بێنن، ئەو درۆزنە، سەرلێشێواوە، یارییازە، هەموو ڕۆژێ تاریکاییمان بۆ دەهێنێ نەک ڕووناکی!!
ثم قال حفظه الله: (عبد اللطيف كذاب إلى الآن عندنا).

ولما سئل حفظه الله بعد كلامه السابق: شيخنا ماذا نفعل معه الآن؟ قال :(اتركوه، فهو كذاب، ضائع، يتلاعب، كل يوم يأتينا بالظلمات لا بالنور.)

سێیەم :عبداللەتیف سەلەفی بەو قسانە قەڵس بوو تۆمەتباری شێخ عبیدی کرد کە قسە لە خەڵکانێک وەردەگرێت هەقیقەتیان نازانێت وەک سیروانی وەچەبڕاو و درۆزن، و هوشیاری گەمژەی درۆزن، وحاجی تاڵیبی فتنەچی و ئیفتراکەر!

(والشيخ عبيد بنى حكمه على أخبار أناس لا يعرف حقيقتهم؛ مثل: سيروان الأبتر الكذاب، وهوشيار الأحمق الكذاب، وحجي طالب الفتان المفتري.)

تۆ بڕوانە هەمان جوێنی کافرەکانی قوڕەیشی دژی پێغەمبەر محمدی بۆ سیروان بەکارهێناوە کە پێیان دەگووت: الابتر یانی ئەوەی کوڕی نابێت و وەجاغ کوێرە!

چووارەم :عەبدوللەتیف کە زانی تازە فیلمی سوتاوە لای شێخانی مەدخەلیەت، دەستی بە هەڵمەتێکی توند کرد بۆ دژایەتی خودی شێخ ڕەبیعی مەدخەلی، وسووک کردنی لەلای ئەو قوتابیانەی خۆی کە ساڵانێکە لایان پفی دەدا! وەک لەو وتارە هاتوە، پاش بڵاوکردنەوەی وتەیەکی ساختەی
الشیخ عبد المحسن العباد کە تانە لە شێخ ڕەبیع دەدات، عەبدوللەتیف کۆمێنتی ئەوەبوو: باشترە ئەو فەتوایانە بڵاوبکرێتەوە تا لاوان مەنهەجی زانایان بناسن، کە ئەوان لەسەر مەنهەجی شێخ ڕەبیع نین !!!

قال أبو عبد الحق معلقا: ( الأفضل أن تنشروا هذه الفتاوى حتى يعرف الشباب منهج العلماء وأنهم ليسوا على منهج الشيخ ربيع.)

پێنجەم :دەستیکردە جیاوازی کردن لە نێوان مەنهەجی مەدخەلی هەڵەی شێخانی مەدخەلی وەک [الشيخ ربيع والشيخ عبيد والشيخ محمد بن هادي والشيخ عبد الله البخاري] و مەنهەجی زانایانی ئەهلی عیلم! وەک [الشيخ الألباني والشيخ ابن عثيمين والشيخ الفوزان والشيخ اللحيدان]

شەشەم :هەروەها لە ژێر چەندین ناوی خوازراودا دەستیکردە وەڵام دانەوەی شێخانی مەدخەلی، لە دوو وتاردا بە ناوێکی خوازراو [طالب علم عراقي] ، یەکەمیان بەناوی [رسالة مفتوحة إلى الشيخ ربيع/ وقفات مع تحذير الشيخ ربيع من العالم الفاضل أبي عبد الحق الكردي] دووەم بە ناونیشانی [لا يضرنا تخاذلكم ولا خلافكم ولا تكالبكم على شيخ د. عبد اللطيف الكردي حفظه الله؛ لأن الحق منصور والباطل مقهور]. تیایاندا ئەوپەڕی بێ ڕێزی دەکات بە شێخ ڕەبیع و شێخانیتر، بە شێخەکەی دەڵێت: شێخ ڕبیع و ناوی خۆشی دەنێت: العالم الفاضل ابي عبدالحق!!!

عبدوللەتیف کاری وا زۆر دەکات، لەبیرمە کاتی خۆشی لە سەروبەندی ئابڕوچوونەکەی ژن هەڵگەڕاندنەوەکەی، بە دەیان ناوی خوازراو جوێنی زۆر خراپی بۆ منیش دەنارد!

ئەوە چیرۆکی هەقیقی هەڵگەڕانەوەکەیەتی یان باشتر وڕاسترە بڵێین چیرۆکی دەرکردن و ترۆکردنیەتی لەناو قەوارەی مەدخەلیەت، کە ئەمڕۆ دەیەوێ وای نیشاندا کە لە هەڵەکانی ئەوان هەڵگەڕاوەتەوە!!!!

محەمەد هەریری

٢٠١٨/١/١٣

# بەپێی بەڵگەنامەیەک چاوانی هاوسەری عەبدوللەتیف تا ئێستا لەڕووی یاساییەوە هاوسەری ئۆرڤانە

بەپێی مەلەفەی جیابوونەوەکەی ئۆرڤان و چاوان کە لەنێو دادگای باری کەسێتی سلێمانییەوە وێنەی گیراوە و دەست ئێن ئارِ تی کەوتووە، دادوەر ڕۆژی ٢٠١٦\٥\٣١ی دیاریکردووە بۆ بڕیاردان لەسەر داواکارییەکەی چاوان سۆران خەسرەو بۆ جیابونەوە لە ئۆرڤان ئاراس فەخرەدین و وازهێنان لە سەرجەم مافەکانی.

پارێزەرێک لەو بارەیەوە وتی "لەڕووی یاساییەوە تا ئێستا چاوان هاوسەری ئۆرڤانەو دەبێت لە ڕۆژی دادگاییەکەدا کە دادوەر ٢٠١٦\٥\٣١ داناوە هەردوولا ئامادەبن و دادوەر وتەی هەردووکیان وەرگرێت، ئەوکات دادوەر بڕیار لەسەر داواکاری جیابونەوەکە دەدات."

ئەو پارێزەرە ئاماژەی بەوەشدا "لە ئێستادا چاوان و عەبدوللەتیف ناتوانن لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان پرۆسەی هاوسەرگیرییەکەیان تۆماربکەن چونکە تا ئێستا چاوان لەڕووی یاساییەوە هاوسەری هەیە و جیانەبووەتەوە".

ئەو پارێزەرە باسی لەوەشکرد "ئەگەر دادوەر داواکەی چاوانی پەسەندکرد بۆ جیابونەوە، ئەوا بە ڕۆژمێری داواکاری جیابونەوەکە پەسەندی دەکات، هەرچەندە لە داواکارییەکەدا ڕۆژی داواکەی تیادا نییە".

لەماوەی ڕابردوودا هەواڵی جیابونەوەی چاوان لە ئۆرڤان و هاوسەرگیری چاوان لەگەڵ عەبدوللەتیف سەلەفی بووە جێگەی باسی میدیا و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان.

هاوکات عەبدوللەتیف ئەحمەد لە دواین پەیامیدا دەربارەی ئەو کێشەیە ڕایگەیاند هاوسەرەکەی لە ١ی کانوونی دووەمی ٢٠١٦ەوە لە هاوسەری یەکەمی جیابووەتەوە.

وەزارەتی خوێندنی باڵا ڕایگەیاند کە تا کۆتایی لێکۆڵینەوەکان، عەبدوللەتیف ئەحمەد لە ڕاگری کۆلیژی زانستە ئیسلامییەکان و وەک مامۆستاش دوورخراوەتەوە.

# پرۆفێشنالی ساختەیNRT

دەمێکە دەڵێم حزب بەناو عەلمانیەکان و دەزگا میدیاییەکانیان، ڕۆڵێکی زۆر گێلانە یان نەگریسانە دەبینن لە برەودان بە توندڕەوی و بیری تیرۆرستی لە کوردستان. کەس نییە گوێی لە هەموو یان زۆربەی هەرە زۆری ئیسلامیەک نەبووبێت  کە دەڵێن داعش دروستکراوی ئەمریکایە، وەک پاکانەیەک بۆ مێژوو و هەقیقەتی دین و توراسی دینی، بەڵام زۆر زەحمەتە سەلماندنی ئەو ئیدیعایە کاتێک مێژووی پێش دروستبوونی ئەمریکاش دەخوێنیەوە، کە چۆن لە وێنەی داعش و خراپتریش هەبوون لێ چونکە میدیا وکامێرا نەبوو تاوانەکان بەس بە نووسین گەیشتنەوە ئێمە، نووسینیش وەک دیتن کاریگەری نابێت.

تەلەفزیۆنی  NRTیەکێکە لەو دەزگایانەی ڕۆڵێکی زۆر گێلانە یان نەگریسانە دەبینێت لە برەودان بە توندڕەوی. زۆربەی چاوپێکەوتنەکانی لەگەڵ کرێکار و مەلا لەتیفی سەلەفی لەو تەلەفزیۆنە کراوە زۆر ناشارەزایانە وەک بڵێی بۆ پۆلیشکردنی وێنەی ئەوان بوو بێت!

لە بیرمە لە کاتی فەزیحەکەی مەلا لەتیف سەلەفی بە نووسین و بە بینین پشتگیری لە شێخی سەلەفی دەکرد، هەتا بە قەد ڕووداویش بوێری نەبوو بەرنامەیەک لەسەر ئەو فەزیحەیە بکات بە ئامادەیی هەموو لاکانی. لەکاتێکدا گوند بە گوند بە دوای هەواڵی بێ کەڵک دەگەڕێت، کەچی نووسینێکی منی لەسەر ئەو کەیسە بڵاونەکردەوە، یان نەوێرا وەک ڕووداو بەژداریم پێبکات لە بەرنامەیەکی زیندی قسەی خۆمی تێدا بکەم !

ئێستاش هاتووە هەمان قسەی ئیسلامیە توندڕەوەکان و بەشێکی زۆری میانڕەوەکانیش دووبارە دەکاتەوە کە حەوت کۆپتەری ئەمریکی چۆتە ناوچەی داعش و نیشتۆتەوە بەبێ هیچ بەڵگەیەک جگە لە دیتنی چەند کۆپتەرێک و ئاسمانێک نەبێت!

ئەگەر کۆمێنتەکان بخوێنیتەوە دەزانیت قەبارەی ئەو چەواشەکارییە نا پرۆفێشنالّەی NRTچەندە گەورەیە دەگاتە ڕادەی هاندانی تاکی کورد بۆ بەریەککەوتن لەگەڵ ئەمریکا و هێزەکانی، کە بمانەوێت ونەمانەوێت تاکە هێزێکە تا ئێستا کەمێک خاوەنداری لە کورد دەکات لەو بێ خاوەنییەی کورد لەناو وڵاتە دژەکانی وەک تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا! ئەگەر ئەوە ڕاستەوخۆ یارمەتیدانی داعش و داعشیەت نەبێت دەبێت چ ناوێکی تری لە بنرێ؟!

محەمەد هەریری
30/6/17

# مەلا عبد اللطیف ی مەدخەل چوار دیناریشی نیە!!

مەلا عبد اللطیف ی مەدخەل لەڤیدیۆیەکدا بە گەنجێکی بوێر دەڵێت کە سەرودلّی دەگرێت بە هەندێک پرسیار ، وگەنجەکە دەڵێت من تەنها چل وپێنج هەزار دینار لە حزب وەردەگرم ، کە جاروبار هەیە و هەندێ جاریش نیە، مەلا عبد اللطیف ی مەدخەل دەڵێت: وەڵاهی من چوار دیناریشم نیە ولە کەسی وەرناگرم!!!

ئێمە لە سەردەمێکدا دەنووسین و دەخوێنینەوە هێشتا کاکە عەبەی مەدخەل هیچی نەدەزانی لەسەر ئیسلامی بوون وسەلەفی بوون و مەدخەلی بوون، کەچی هێشتا لەبەر بێلایەنی وئەستۆ پاکی خۆمان ناتوانین کتێبێک بە چاپ بگەیەنین کە بای بیست کتێب نووسینم هەیە لەسەر بابەتە هەستیارەکانی کوردی وئیسلامی، کەچی کاک عەبە دوێنی دکتۆرایە تەپوتۆزەکەی یەمەنی سڕبووی قات کاوێژکردنی وەرگرت، ئەمڕۆ کەناڵی ئاسمانی هەیە کە بە تەنها بە حزبە بەکرێگیراوەکان وگرووپە مافیاکان مەگەر کرێی زۆری بدرێت، دەشڵێت: چوار دینارم نیە؟!!!!!!!!!!!!!!!

بەڕاستی موسڵمان ئەگەر موسڵمان بێت درۆی وا دیجیتەڵ ناکات.

محەمەد هەریری
٢٠١٤/٦/١

# کۆدەکانی خۆشەویستی ئۆرڤانیش دەدزیێ!

تۆ نەک خەونی ئەو ژن و مێردە گەنجەت کردە مۆتەکە
بەڵکو زاراوەی خۆشەویستیشیانت لێ دزین، و بە ناوی خۆت تۆمارت کرد.

هەناسەکەم کۆدی خۆشەویستی ئۆرڤان و چاوان بوو، ئاوازی ئەڤینی ئەو ژن و مێردە دڵدار وخۆشەویستە بوو. ئەو وشەیەشت، ئەو هەناسەیەشت بە چڵێسیت و دەروون نزمیت و ئێرەیی بردنت بەو دوو گەنجە جوانە ژەهراوی کرد.

پاش دوو ژن و یازدە منداڵ نەتهێشت ئەو هێلانەیە تازەیەی ئۆرڤان و هاوسەرەکەی دابمەزرێت.
ئەگەر درۆ لەگەڵ هەموو جیهانیش بکەیت، لەگەڵ خوا پێت ناکرێ.

محەمەد هەریری
13/5/16

# درۆو چەواشەکاری یەکسانە بەتێکشکان و ڕیسوایی

تەڵاقی هەموو کورد کەوتبێت ئەگەرئەوبەرنامەو ڕونکردنەوەیە ڕاستەوخۆ بوبێت، مامەلەتیف بەڕون و ڕاشکاوی وتی هەرشتێک هەبوبێت لەنێوان من و ئەو ئافرەتەدا بۆ هاوسەرگیری بوە ، ئەی ڕەحمەت لەدایک و باوکت ئێمەش هەر ئەمەمان ئەویست دان بنێیت بەو ڕاستیە حاشاهەڵنەگرەدا کە مانگێکە خۆتان بەبوهتان و درۆ ناوتان ئەبرد، کەواتە لێرەوە بۆمان دەرئەکەوێت تەواوی نامەدەنگیەکانی و وێنەسێلفیەکانی و ئەوشتانەی تریش کەلەئایندەدا بڵاو ئەبنەوە هەمویان ڕاستن و مەبەستەکەش تەنیا هاوسەرگیری بوە.....

هەڵکەوت زاهیر و مەلامەسعود و تەواوی چڵکاوخۆرو گوێرەکە پەرستەکانی بەنی ئیسرائیل ئەوەیان بۆ ماوەتەوە یەک بتڵ شیر میزی مەلاعەلی بخۆن، زۆر لەوحاڵەیان باشترە کەویستیان پینەی ئەوکارەی بۆ بکەن . مامە لەتیف بەهەمویانی ووت خوێڕی ناپیاوینە کاتێک من کارێک ئەکەم ، درۆ مەکەن بەدەممەوەو مەڵێن ئەو نیە.....

تکا ئەکەم لەو گەنجە ڕەوشت بەرزو ئەخلاق جوانانەی کەباوەڕیان بە سەلەفیەت هەیە ئەم چەند پرسیارە لەمامە لەتیف بکەن ....

یەکەم ، بۆچی کچەقەیرەیەک یان ژنەپێشمەرگەیەکی شەهید یان بێوەژنێکی هاوتەمەنی خۆی نەهێنا ؟؟؟
دووەم ، بۆچی کاتێک چاوان خاتون داوای هاوسەرگیری لێکرد ڕەفزی نەکرد ؟ زمانی سەگ خواردبوی بڵێ من کچەکەم سێ ساڵ لەتۆ گەورەترە ، یان وەرەباڵەگەڵ ئۆرڤان ئاشتتان بکەمەوە ، یان وەرەباڵەگەنجێکی سەلەفی هاوتەمەنی خۆتت مارە بکەم ؟؟؟

سێیەم ، پێی بلّێن واز لەو کیبرو غرورەی بێنێت و نمونەی پێغەمبەران بەخۆی نەهێنێتەوە و خۆشی بەتەنیا سەرچاوەی عیلم و مەعریفە نەزانێت لەکوردستان ، (لەسەرو هەموو دەستێکەوە دەستێک هەیە )...

چوارەم . ئەگەر ئەوکارەی کردویەتی شەرعیە بۆ چی هەتا خەلّک زۆریان بۆ نەهێنا ئاشکرای نەکرد ؟؟؟

پێنجەم ، پێی بلّێن زۆرینەی خەلّک بۆ هاوسەرگیری عیشق و دلّداری ئەکەن ، کەسێک بیەوێت زینا بکات پارەئەدات و کارەکەی ئەکات ، مرۆڤی زیناکار هیچ کات عاشق نیە ، ئیتر بۆ عیشق لەخەلّکی حەرام ئەکات

...

شەشەم ، پێی بلّێن چۆن ژنی پیاوێکی تر مارەئەکات کەهێشتا دادگا بڕیاری تەلاقەکەیانی واژۆ نەکردوە ؟؟؟

حەوتەم ، پێی بلّێن ئەوەندە سوێندی درۆ نەخوات و لێدوانی دژ بەیەک نەدات ، وەک ڕیش و سفوری ئافرەت ، ئیمامی شافیعی لەهەمووژیانیا سوێندی نەخوارد...

هەشتەم ، کاتێک دانی نا بەڕاستی و دروستی هەموو نامەدەنگیەکان و وێنەسێلّفیەکاندا واتا تەواوی سوێندەکانی درۆ دەرچوو کەوتی چاوان خۆی ڕازی بوەو دایک و باوک و مامی ڕازی بوون ،چونکە نامەدەنگیەکان ئاماژەن بۆ لەخشتەبردن و عیشق و دلّداری...

نۆیەم و کۆتایی پێی بلّێن بەخالقی ئەرز و ئاسمان بەجۆرێک تێکشکاوە منالّی کۆلان گالّتەی پێ ئەکەن ولەکاتی گەمەو یاریدا ڕستە ڕۆمانسیەکانی ئەلّێنەوە( ئەو تۆپە هەلّدە موشتاقی گۆلّیکم )

....

بەرزان ئەیوب ، سلێمانی

13/5/16

## ئەو کۆمێنتە وتارەم زۆر پێ جوانە لە ڕەهەندی دەروونیەوە باسی ڕوونکردنەوەکەی عبداللطیف دەکات

ڕونکردنەوەی عەبدولەتیف وەک ئەوەیە کە دەڵێن عوزر لە قەپاحەت خراپترە..

هەر کاتێک ئافرەت لە هاوسەرەکەی جیابێتەوە توشی بارودۆخێکی دەرونی وا قورس دەبێت کە بۆ زەواجی دووەم زۆر درەنگ دەتوانێ بڕیار بدات، بە تایبە گەر هاوسەری پیشوی پیاوێکی خراب بوبێت، ماوەی چەند ساڵێکی دەوێت تا متمانەی پیاوی لە لا دروست دەبێتەوە، ئەمە پەیوەندی بە بونیەتی ئافرەتەوە هەیە، کە زۆر قەلەق و درەنگ دەتوانێ بڕیار بدات.

بەڵام گەر پێشوەخت دڵی چوە سەر پیاوێکی تر و گڵۆپی سەوزی بۆ هەڵکرا و متمانەی بۆ دروست بوو کە بە جیابونەوەی لە یەکەم، پیاوی دووەم بە دەست دەهێنێت، زۆر ئاسان بڕیار لە سەر جیابونەوە دەدات و زۆر بە ئاسانی زەواجی دووەمیش دەکات هیچ شتێکیش جگە لە مەرگ نایوەستێنێت".

ئەمە لە یاسای خۆشەویستیدا بە "خیانەت" ناسراوە، لە یاسا کارپێکراوەکانی ئەم وڵاتەدا بە "خیانە زەوجیە دانراوە"
کێشە نە لەوەدایە پیاوێکی ئاینی ژنی دووەمی هێناوە یان سێهەم، نە لەوەدایە ژنێکی هێناوە دوو ئەوەندە تەمەنی لە خۆی بچوکترە کە بە کچی دەشێت، کێشە نە لە کاتی مارە کردندایە، نە لە کاتی تەڵاقدانەیە.

کێشە تەنیا لە ویژدانێکی بیمار و چاوێکی برسی بە ناموسی خەڵکدایە، تۆ پێشوەخت چاوت لە ئافرەتێکی مێرد دار بڕیوە، تۆ بیرت چوو ئەو خوایەی کە دایم ناوی لە سەر دەمتە "تەڵاق"ی بە بێزراوترینی حەڵاڵەکان داناوە ؟ دەزانیت گەر کەسێک ببێتە هۆکاری جیابونەوەی ژن و مێردێک تاوانەکەی لای خوا چەندە قورسە؟ تۆ شەرعی خوات باش خوێندنەوە باش دەزانی سزاکانی خوا چۆنن!

نەخێر تاقیکردنەوە نیە بەڵکو بەشێکی بچوکی ئەو سزایەیە خوا پێت نیشاندەدات، ئێمە ڕۆژنامەنوسین ناتوانین درۆ بکەین، نەک لە بەر ئەوەی موسڵمان بین، بەڵکو لە بەرئەوەی پیشەییانە دەبێت کار بکەین.

هاوڕێ ڕۆژنامەنوسەکانم لیدوانی مێردی پێشوی ئەو ژنە گەنجەیان لایە دەڵێت "هەڕەشەم لیدەکەن بەوەی دەتکوژین گەر باسی هەرشتێک بکەیت."
تەنانەت وێنە و ڤیدیۆ و هەرچی شتی تری هەیە لە ناو بردوە نەک ڕۆژێ لە ڕۆژان وێنە سفورەکانی خاتون بڵاوبێتەوە و لە سەر دڵە بیمارەکە بکەوێت.
ئەم هاوسەرگیریە بۆیە دەنگدانەوەی گەورەی هەبوو چونکە زۆر نائاسایی ىوو، دوو جۆر خیانەتی تێدابوو، کەسێک خیانەتی لەو پەیامە کرد کە هەڵی گرتبوو، کەسێکی تر خیانەتی لەو خۆشەویستیە کرد کە پێی درابوو.
بە ڕوونی دانی بەوەدا نا کە تۆمارە دەنگیەکان ڕاستن و دروستن، ئەو جۆرە پەیوەندییانە کە تۆ ناوی لێ دەنێی بۆ زەواج لە ناو زانکۆ " بە کەپلایەتی" ناسراوە، جا تۆ هەر ناوێکی لە سەر دا ئەنێی.

ڕێبوار ئەحمەد

# ئۆرڤانیش قسەی كرد بەڵام....

كە پێرێ لە بەرنامەكەی ڕووداو گووتم ئۆرڤان هەڕەشەی جدی لەسەر ژیانیەتی، خەڵكانێك وایان دەزانی لە خۆڕا وادەڵێم. ببینن چۆن. ژیانی ئەو گەنجە كوردەیان تێكداوە لەبەر خاتری ڕاسپۆتینێكی بازرگانی دین. هەزار نەفرەت لەو بەرپرسە خۆفرئشانەی یەكێتی لەناو سلێمانی هەڕەشە لە كوڕێكی سلێمانی دەكەن كە نابێت ئەو هەموو ستەم و خیانەتەشی لێ بكرێت بڵێت ئۆف!!

من چاك دەزانم ئەو مەسولە بێ شەڕەفانە بۆ حزبەكەی ئەو بەر كار دەكەن، نەك بۆ بەرژەوەندی یەكێتی. ئەو خۆفرۆشە نامەردانە ئەگەر دەست لە هەڕەشەی ئۆرڤان هەڵنەگرن وەك شێخی ڕۆمانسیەت ڕیسوایان دەكەین و ناویان بڵاودەكەینەوە.

بڕوانە بێ ڕەوشتیان تا ئەو ڕادەیە پێی دەڵێن: قسە بكەیت و نەكەیت هەر دەتكوژین!!!!

جا لەجیاتی ئەو دوو ئیدارە بێ بەها و بێ ئەرزشە شێخ عبداللطیف بدەنە دادگا بە تۆمەتی خیانەت كردن. لە پەیام و ئەرك و وەزیفەی، كەچی هەڕەشە لەو ئۆرڤانە زامدارە و ستەملێكراوە دەكەن! ئەخر وا بێ ڕەوشت و بێ بەهان. بۆیە گەنجی كورد مردنی ئیجەی پێ باشترە لە ژیانی ناو مافیاستانەكەی ئێوە.
باشە ئێوە بۆ مەلایەكی مەدخەلی سعودی وا بكەن، ئەی ئەگەر یەكێك لەگەڵ وەزیرێك و كوڕی سەرۆك و سەرۆك حزبەكان و پیاوە دەسەڵاتدارەكانی حزبە حاكمەكان لێی بقەومێت چی لێدەكەن؟!
ئۆرڤان هەرچەندە قسەكانیش بە ئاشكرا ناكات بەڵام ڕاستیەكان بەخۆیان دەدوێن.

محەمەد هەریری
٢٠١٦/٥/١٠

# دووفاقی لە رومالّی میدیاییدا
# (سەلەفی و پەیوەندیەکەی عەبدول لەتیف لە رووداودا)

لە پرەنسیپدا میدیا کاری ئاشکراکردنی زانیاری و رووماڵی رووداوەکانە وەک خۆی، بەڵام لە باشوری کوردستان بەهۆی زاڵبوونی حزبایەتی مامەڵەی میدیاکان لەگەڵ رووداوەکاندا لەسەر ئەو پرەنسیپە پیشەیە ناروات، بەڵکو زیاتر پەرچەکردارە و زۆرجاریش کاکردنە لەسەر شاردنەوەی زانیارییەکان و بەلارێدابردنی وەرگر ئەگەر بابەتەکە لە بەرژەوەندی سیاسەتی میدیاکە نەبوو.

مامەڵەی تۆڕی میدیای رووداو لە رووداوی سکاندالەکەی رێبەری سەلەفییەکانی کوردستان (دکتۆر عەبدول لەتیف ئەحمەد) یەکێکە لەو نمونانەی کە دەریدەخات ئەو میدیایە بەشێوەی پەرچەکردار و زۆرجار کار بۆ شاردنەوەو بەلا رێدابردنی رووداوەکان دەکات نەک کارکردن بە ئاراستەی دەرخستنی راستیەکان. کاتێک لە 19ی نیسانی 2016، یەکەمین بەڵگەی دەنگی پەیوەندی کچە خوێندکارێک و دکتۆر عەبدول لەتیف ئەحمەد رابەری سەلەفییەکان بڵاوکرایەوەو بڵاوبوونەوەشی کاردانەوەی زۆری لەنێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و لەنێو خەڵکدا لێکەوتەوە، میدیای رووداو بەو ئاراستەیە کاری دەکرد کە بیسەلمنێت کە ئەو بەڵگەیە راست نییەو تۆمەت و بوختان بۆ ناوبراو دروست دەکرێت.

لەو چوارچێوەیەشدا لە 19ی نیسان ئەو میدیایە بە باوەڕی تەواوەو و بێ بەدواداچوونی ورد راپۆرتێکی بڵاوکردەوە کە گوایە ئەو ژنە خوێندکارە کە دەگوترێت لەلایەن د.عەبدوللەتیف ئەحمەد داوای پەیوەندی خۆشەویستی لێکراوە، بۆ میدیاکە دواوەو وتیوویەتی "ئەو قسانە ئەسڵ و ئەساسیان نییە و هەموویان پڕوپاگەندەن." رووداو بە دەق لە راپۆرتەکەیدا وتەی ئەو خوێندکارەی داناوەو دەڵێت: "هیچ پەیوەندییەکی خۆشەویستی لەنێوانماندا نەبووە و داوای هاوسەرگیریشی لێنەکردووم، تەنیا ئەوە بووە من خوێندکار بووم و ئەویش سەرپەرشتیاری توێژینەوەکەم بووە .بڵاوکردنەوەی ئەو راپۆرتە بووە مایەی دڵخۆشی لایەنگرانی ئەو مەلا سەلەفییەو بە فراوانی بڵاویان کردەوە، فانێکی میدیاکە بەم شێوەیە

سوپاسیان دەکات: سوپاس بۆ ڕووداو بۆ وەرگرتنی قسەی خوێندکارەکە و ئاشکراکردنی بوهتانەکە.

جگەلە بڵاوکردنەوەی ئەو راپۆرتە کە دوای دەرکەوت زانیارییەکانی ناوی ناراست و نادروستن، میدیای رووداو هەستا بە بڵاوکردنەوەی بۆچوونی هەڵکەوت زاهیری ئاوەز دانەر لەسەر تۆمارە دەنگییەکەو هەڵکەوت زاهیر لەوێدا دەڵێت :ئەو تۆمارە دەنگییە هیچ پەیوەندی نیە بە دەنگی بەرێز د. عەبدوللەتیف سەلەفی، بە و پێوەرە و بوونی شارەزاییم لە بواری دەنگدا بەڵکو ئیقائی دەربڕینی وشەکان زۆر جیاوازن لەگەڵ ئەداو ئیقائی د. عەبدوللەتیف ئەحمەد (سەلەفی).ئەمەش کارێکی زۆر ئاسانە لە رووی نوێ کاری و تەکنیک و پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیای سەردەم.

هەر هەمان رۆژ میدیاکە هەستا بە بڵاوکردنەوەی روونکردنەوەیەکی دکتۆر عەبدول لەتیفی سەلەفی لەسەر تۆمارە دەنگییەکان و تیدا دەڵێت: عەبدوللەتیف سەلەفی جەختدەکاتەوە هیچ جۆرە پەیوەندییەکی (ناشەرعی) لەگەڵ ئەو خوێندکارە ژنەیدا نییە.

رۆژی 21ی مانگی نیسان هەمان تۆڕی میدیا لەرێگەی بەرنامەیەکەوە بەناوی هۆتلاین ئەم بابەتە زیاتر جەماوەری دەکات و چاوپێکەوتن لەگەڵ دوو لە مامۆستایانی ئەو پەیمانگایە دەکات کە دکتۆر عەبدول لەتیف وانەی تێدا دەڵێتەوە و یەکێک لەو مامۆستایانەش خالید ئەحمەدی برای عەبدول لەتیفەو بەتوندی بوونی پەیوەندی براکەی و خوێندکارەکە رەت دەکاتەوە.

رەوتی ئەو بەرنامە بەگشتی بەو ئاقارەدا دەروات کە ئەو تۆمارە دەنگیانە دەستکردن و ئامانجی سیاسیان لە پشتەوەیەو ئەو خوێندکارەو مەلایە هیچ پەیوەندییەک لەنێوانیاندا نییە.

رووماڵی رووداو بۆ سەرەتای ئاشکرابوونی پەیوەندییەکەی ئەو مەلا سەلەفییە بێ هیچ بەدواداچۆنێک و خستەرووی هیچ لایەنکی تری بابەتەکە تا ئامانج لێی دوورخستنەوەی گومانەکان لەو مەلایەو کەمکردنەوەی نارەزای خەڵک بوو.

بەڵام دواتر کە بابەتەکە و رووداوەکان ئاراستەی تریان وەرگرت و راستیەکان زیاتر دەرکەوتن و تۆماری تری دەنگی بڵاوکرایەوەو کەسوکاری ژنەکەش قسەیان لەسەر

دۆسیێیەکە کرد، سیاسەتی میدیاکە بەتەواوی گۆڕانکاری بەخۆیەوە دیوو و ئەمجارە بۆ پەیداکردنی زیاتری بینەر بەتەواو کەوتە رومالّی بابەتەکە.

لەو رووەشەوە چەندین بەرنامەو بابەت لەسەر ئەو پرسە ئامادە دەکەن لەوانە : خوێندکارانی عەبدول لەتیف سەلەفی مۆلّەتی 48 کاتژمێری پێدەدەن. عەبدول لەتیف سەلەفی و ژنەکەی پێکەوە دەژین و ژنەکەی عەبدول لەتیف سەلەفی بۆ رووداو قسە دەکات، تا دەگات بە بلّاوکردنەوەی وێنەی مەلا سەلەفیەکەو ژنە نوێکەی لەنێو بازار.

دوای ئەوەی سەربەست خەسرەو عارف مامی ئەو ژنەی پەیوەندی لەگەلّ دکتۆر عەبدول لەتیف سەلەفیدا هەبووە، لە وتارێکدا پشتراستی پەیوەندییەکەی کردووە، میدیای رووداو جارێکی تر بەرنامەیەکی تەلەفیزیۆنی بۆ بابەتەکە سازداو لە رێگەی گفتوگۆکردن لەگەلّ ئەو مامەی ژنەکە ئاشکرای کرد کە نەک پەیوەندییان هەبووە، بەلّکو مەلا سەلەفییەکە خوێندکارەکەی خواستووەو ئێستا پێکەوە دەژین.

دوای ئەو بەرنامەیەش رۆژنامەی رووداو مانشێت و هەوالّی سەرەکی دواین ژمارەی خۆی (407)ی بۆ ئەو بابەتە تەرخانکردوو چاوپێکەوتن و نامەیەکی ژنەکەشی بلّاوکردەوە کە بەئاشکرا باس لەوە دەکات پەیوەندیی لەگەلّ عەبدول لەتیف سەلەفی هەبووەو زۆری خۆش دەوێت. ئەم بابەتەی رۆژنامەکە 180 پلە پێچەوانەی ئەو راپۆرتە بوو کە 19ی مانگ بلّاویکردەوە کە گوایە ژنە خوێندکارەکە رایگەیاندووە هیچ پەیوەندییەک لە نێوانیاندا نییە. ئێستا ئەو پرسیارە بۆ خوێنەر دەمێنێتەوە، چۆن زانیارییەکان لەماوەی 20 رۆژدا بەو جۆرە دەکرێت پێچەوانە ببنەوە؟ بۆچی میدیا هەر لەسەرەتاوە بە وردی بەدواداچوونیان بۆ ناکات و بەپێی مەرامی خۆی زانیارییەکان دەشوێنێت و بلّاویان دەکاتەوە؟ تاوانی وەرگر چییە هەر رۆژەو جۆرە زانیارییەکی پێ بدرێت بێ ئەوەی پشتراست بکرێتەوە؟

میللەت پرێس

09/05/2016

## عەبدوللەتیف سەلەفی بۆ رووداو :

## بڕیاری دەستگیرکردنم ناعەدالەتییە

د.عەبدوللەتیف سەلەفی رابەری سەلەفییەکانی کوردستان سەبارەت بە بڕیاری دادوەری دادگای خانەقین بۆ دەستگیرکردنی رایگەیاند "بڕیارەکە ناعەدالەتییە، بەڵام بەخوا دەزانم کێشەی من هاوسەرگیری نییە، بەڵکو ئەوەیە کە من (دکتۆر عەبدوللەتیف)م."

د.عەبدوللەتیف سەلەفی رۆژی سێشەممە 14-6-2016 و دوای دەستگیرکردنی لەلایەن دادگای خانەقین و لە لێدوانێکی نووسراودا کە تایبەت بۆ (تۆڕی میدیایی رووداو)ی ناردووە دەڵێت "ئەمڕۆ لە دادگای خانەقین دادوەرێک بڕیاری دەستگیرکردنی منی دا تەنیا لەسەر ئەوەی کە پێش گرێبەستی دادگا، گرێبەستی هاوسەرگیری شەرعیم کردووە، بەشاهیدی پارێزەرەکان و پۆلیسی خانەقینیش ئەم بڕیارە زۆر ناعەدالەت بوو، چونکە تاوەکوئێستا هیچ کەسێک لەسەر ئەم کەیسە دەستبەسەر نەکراوە، تەنانەت قبوڵی نەکرد بە کەفالەتیش ئازاد بکرێم، وا دیاربوو فشارێکی دەرەکی لەسەر بێت، بەداخەوە لەسەر ئەم ناعەدالەتییە، بەڵام بەخوا دەزانم کێشەی من هاوسەرگیری نییە، بەڵکو ئەوەیە کە من (دکتۆر عەبدوللەتیف)م."

هەروەها ئازاد عیسا، بەڕێوەبەری پۆلیسی خانەقین بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی راگەیاند: "لەسەر ئەوەی رەزامەندی مارەبڕینی هاوژینی سێیەمی لە هاوژینەکانی یەکەم و دووەمی پێشکەشی دادگا نەکردووە، لەلایەن پۆلیسی شارۆچکەی خانەقینی سەر بە دیالە دەستگیرکراوە."

هەروەها گوتیشی "بەپێی ماددەی 10 لە یاسای باری کەسی بە بڕیاری دادوەر بۆ ماوەی 10 رۆژ دەستبەسەر دەکرێت". بەڕێوەبەری پۆلیسی خانەقین باسی لەوەش کرد، بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر عەبدوللەتیف سەلەفی دەبرێتە پۆلیسی کەرکووک.

بەهۆی ئەوەی لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان رێگە بە فرەژنی نادرێت، د. عەبدوللەتیف سەلەفی بۆ مارەبڕینی چاوان سۆران پەنای بۆ دادگای خانەقین بردووە، چونکە خانەقین سەر بە پارێزگای دیالەیە و یاساکانی حکومەتی عێراقی تێدا جێبەجێ دەکرێن[10].

[10] 2016-6-14 http://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/1406201621

# بەشی هەشتەم

# کاردانەوەی ئیسلامیەکان

## دەروازەیەک

ئیسلامیەکان بە گشتی پشتگیری مەلا لەتیفیان دەکرد بە ئاشکرا، هەرچەندە زۆریان لە ژێرەوە پێیان خۆش بوو و پێی خۆش ببوون، چونکە عەبدوللەتیف بەردەوام لە بەرژەوەندی دەسەڵات هێرشی دەکردە سەر حزبە ئیسلامییەکان.

یەکگرتوو و کۆمەڵ بە ئاشکرا تا پێیان کرا لە ئاستی باڵا وڕەسمیدا بەرگریان لێکرد، زۆر بەڵگەی ترسناک لای هەندێ کەسانی یەکگرتوو هەبوو ونیان کرد! عەلی باپیر بۆ پشتگیری عەبدوللەتیف، وناردنی پەیامێک بۆ جەماوەری کۆمەڵیش، لەو میحنەتەی سەردانی ماڵی عەبدوللەتیفی کرد! ئینجا میدیاکانی هەر هەموو حزبە ئیسلامییەکان بە تەواوی بێ دەنگبوون لە باسکردنی ئەو فەزیحەتە!

هەندێ لە ئیسلامییە سەربەخۆکانیش بە ناڕاستەوخۆ بەرگریان لە عەبدوللەتیف دەکرد. هەندێ هەرزە ڕۆشنبیری ئیسلامی و نائیسلامیش بە ناوی عەشقەوە بەرگریان لەو خیانەتە و فرەژنییە دەکرد!

# هێرشی جوێن و دەمشڕی سەلەفیەکان!

لەوەتی هەستم بە ترسناکی فیکری سەلەفیەت کردوە، پاش ئەوەی زانیاریەکی زۆری نظری وعەمەلیم لێ وەرگرت ولە نزیکەوە سەرچاوە فیکریەکانم خوێندەوە، گەیشتمە ئەو قەناعەتەی کە بەرەنگار بوونەوەی ئەو فیکرە توندوتیژە وتەکفیریە پێویستی بە هەوڵ وکۆششێکی نەبڕاوە هەیە تا کۆمەڵگەکەمان بەرەو سعودی چوون نەچێت. من بە پێچەوانەی حزبە ئیسلامی ورەوتە فیکریە جیاوازەکان لە سەلەفیەت، پێم باش نەبوو بە شێوازی ترسنۆکی وقسەی بن لێوان ڕەخنە بکرێن، چونە بەس من دەزانم ئەو ئیسلامی سیاسیە چەندە تۆقیون لە رەنجاندنی دڵی سەلەفیە توندەکان، نەوەک تەکفیریان بکەن وتەشهیریان پێ بکەن.

من بڕیارم دا ڕووبەڕوویان بمەوە بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە ڕەخنەیان لێ بگرم نەک بە تلمیح وهێما بۆکردن وەک چۆن ئیخوان و ئەوانی تر ، بۆیە شەرەفی ئەوەم هەبوو کە دەستم کرد بە رەخنە لیگرتنیان بە ئاشکرا وبێ پێچ وپەنا، لە سەرەتای ٢٠٠٦ وە ئەو زنجیرە وتارەی کە لە ستاندار بڵاوم ردەوە لەسە سەلەفیەت، خەڵکێکی زۆری ئاگادار کردوە لە ترسناکی بیری شۆڤێنیزمی ئاینی وەهابیەت وسەلەفیەتی مودەعی. وەک بڵێی خەڵکەکە هەمووی هەستێکی وایان هەبوبێت وکپیان کردبێت وزیندانیان کردبێت، لە پشت دیواری ترس ونەزانین ونەناسینی ئەو ڕێچکە ترسناکە، هێندەی دەستخۆشی وتشجیع ودوعای خێرم بۆ هات بە قەد گۆرانی بێژێکی لاوی ناودار. بێگومان کەمینەیەکیش بەوپەڕی بێ ویژدانی وبێ ڕەوشتی دەستیان دایە جوێن دان وتەشهیرکردن وناوزڕاندن.

من لەو جوێن وتەشهیرکردنانە، گەیشتمە ئەو قەناعەتەی، کە نوسینەکانی من دەربارەی ئەو فیکرە نامرۆیی وشۆڤێنیستیە، کاریگەری خۆی کردوە. ئەمڕۆ دەیان وسەدان رۆشنبیری دیندار لێیان هاتونەتە دەنگ، وناهێڵن قەڵای توندرەوی وشۆڤێنیستی ئاینی لە کوردستان بنچینەی خۆی دامەزرێنێت، ئەگەر پارە وسامانی

هەموو خەلیجی لەدوا بێت، نەک تەنها سعودیە. من دەزانم ئەوانە سەربازی کام گروپی توندرەوی سەلەفین، وسەربازەکان بۆ پەستن لە تێزەکانی من، بەڵام تاماوم کارم هوشیارکردنەوەی خەڵک دەبێت، بە ترسناکیەکانی ئەو بیرە دینیە شۆڤێنیستە کە ناوی سەلەفەتیان لێناوە.

بەڕای من هۆکاریکیتر بۆ ئەو برادەرانە کە پێیان ئاساییە دەمپیسی بکەن ئەوەیە کە دەیان دەق و حەدیسیان لەبەردەستدایە کە تیایدا پێغەمبەر و سەحابەکان جنێوی پیسیان داوە! جا مرۆڤی سەلەفی چونکە کەسێکی ڕیوائیە، و بە ڕیوایەت ئیش دەکات، کە چاوی بەو هەموو جوێنەی ناو حەدیسەکان و ئەدەبیاتی سەلەفی دەکەوێت، بەوپەڕی ئاسوودەیی ویژدانەوە جوێنی خۆی دەدا، بۆ نەیدا خۆ ئەو لە پێغەمبەر و ئەبوبەکر باشتر نییە کە جوێنیان داوە بەپێی سونەی نەبەوی!؟[11]

هێرشی جوێن وتەشهیر هێندە چڕبووەوە لەسەر کەسایەتی من لە پۆستێکدا نووسیم:

ببینن ئەوانە خۆیان بە شوێنکەوتوانی سەلەفی سالحو پێغەمبەر دەزانن چ بەدڕەوشتیەک فێربوون؟! سەرەڕای هەڕەشە و جوێن بە ئاشکرا قسە بە خێزانم دەڵێن کە وێنەکەی هەتا بە سەرپۆشەوەشە!!!
ئەوەندە بەدڕەوشتن جیاوازی دەکەن لە نێوان سەرپۆشی ئیسلامی و سەرپۆشی عەلمانی وەک هەموو ئیسلامیەکانی تر.

بە من دەڵێن باسی عبداللطیفت نەکردبا هەموومان نامووسمان هەیە وماڵمان لە شوشەیە!!! واتە بۆیە جوێن وبوختانت بۆ هەڵدەبەستین، چونکە گوایە من بوختانم هەڵبەستووە بۆ عەبدوللەتیف!
پێیانم گووت: وەڵڵا من ماڵم لە شووشە نیە چونکە تا ئێستا نێوانی دەیان ژن و مێردم چاک کردۆتەوە، کەی وەک شێخی ڕۆمانسیەت پاش دوو ژنیش چووم ماڵم لەو پیاو و ژنە تێکدەم کە بە منالی ئەو دەشێن!

[11] 23/4/2016

من خێزانم بە هەموو کچی جیهان ناگۆڕمەوە پەرێزیشمان پاکە چ بوختانێک هەڵدەبەستن هەڵیبەستن نەفرەت لە ڕەوشتی خۆتان و سەلەفی ساڵحتان.

ئاستی جوێندان و دەمشڕییان هێندە پیس بوو، لە پۆستێکدا گووتم، کافرەکانی قوڕەیش ڕۆژێک جوێنیان بەو هەموو ژنەی پێغەمبەر نەدا، و تۆمەتباریان نەکردوە بە تۆمەتی ڕەوشتی، کەوابوو ئەوان لەو سەلەفیانە ڕەوشت بەرزتر بوون:

"ئەو بەناو کافرانە زۆر لە ئیسلامیە سەلەفیە تیرۆرستەکان دەست و دەم پاکتر و بە شەرەفتر بوون.

دەیانگووت محمد درۆزنە، ئەفسانە و خورافاتی کۆن باس دەکات، شێت بووە زیاتر نا!

لەگەڵ ئەو بێ ڕەوشتە تیرۆرستانە چاوەڕێی هەموو جوێنێک و هەموو بوهتانێک و درۆیەک بکە. پێڵاوی بێ باوەڕانی قوڕەیش لە هەموو سەلەفیە تیرۆرستەکانی ئەو سەردەمە شەریفتر بوو.

هێندەی نەبرد هەڵمەتێکیتری چڕی جوێن و تەشهیر لەلایەن تیرۆرستێکی دانیشتووی ئەوروپا لە دژی من دەستی پێکرد، لەلایەن کەسێکی داعشڕەوی ئاشکرا، جوێنی وایان دەدا، کە من لە کۆڵانە شەعبیەکانی منداڵیشم دەمپیسی وام نەدیبوو و نەبیستبوو!

دوایی لە پۆستێکدا نووسیم، وزانیم کە ئەو شەڕە: "شەڕی ترۆکردنی عبداللطیفە بەمنی دەفرۆشن!

ئێستا بە تەواوی بۆم دەرکەوت ئەوە شەڕی ترۆکردنی عبداللطیف یە بە منی دەفرۆشن.

باوەڕتان بێت ئەو سەلەفی و ئیسلامی سیاسیە هێندە بێ ڕەوشتن زۆر ئاساییە بۆیان. هەر قسەیەک بکەن و بیڵێن.

چیرۆکی وات بۆ دروست دەکەن لە خەویش گوێت لێ نەبوە. دەتکەنە خودی شەیتان بە درۆ و هەڵبەستن.
ببینە کەسێکی سەر بە عبداللطیف داوای گفتوگۆم لێدەکات لەگەڵ ماکوانەوە .من پۆستی ئەو ماکوانە دەمشرەم دیوە چۆن ستایشی عبداللطیف دەکات.
ئەوەش بەڵگە، بەڵام تازە عبداللطیف ترۆ بوو مەگەر خوا بتوانێت وەزعی چاک کاتەوە.
کاتێ هاوڕێیانی فەیسبوکم داوایان لێکردم وەڵامی ئەو دەمشڕ وئاست نزمانە نەدەمەوە، گووتم: "سوپاستان دەکەم بۆ پشتگیریتان، منیش حەزم بەو وەزعە نییە، لەگەڵ ئەو بێ ڕەوشت و نامەردانە، بەڵام زۆر ڕەشەبای واشم بەرێکردوە، لەو ئیسلامی و سەلەفی تاڵحانە، نەفرەت لە گۆڕی ساڵحەکانیان، کە ئەو هەموو ڕقن و بوغزاوی و تیرۆرستانە دروست دەکات."[12]
سەیر لەوەدا بوو هەتا ئافرەتە موحەجەبە ونیقابەکانیش وروژابوون ڕاست وچۆپ جوێنیان دەدا وسوکایەتیان دەکرد! لەبەرئەوەی لە پەروەرەدەدا حیسابی سفرێشیان بۆ ناکەن وهەر بچووکیان دەکەنەوە ئەو سەلەفیانە، بۆیە ئەو کارەیان کردبووە بۆنەیەک، بۆ خۆ شیرینکردن لای پیاوە سەلەفیەکان!

سەیر لەوەدایە وێنەی من وخێزانم منیان بە تەشهیر پێ کردنەوە بڵاو دەکردوە، بە سەرپۆشی هاوسەرمەوە، هێشتا یەکێکیان ناڕەزاییان دەرنەبڕی لەو ئافرەتە موحەجەبە و نیقابانە! منیش یەک وشەی زبرم نووسیبا دەیان بەناو ڕۆشنبیری هەست ناسک لێم ڕاست دەبوونەوە. سەیر لەوەدا بوو ئافرەتێکی دکتۆرە ومێردی کە خۆیان پێ نموونەی خەڵکی تێگەیشتوو وسێکیولارە، دووسێ خوشکی ژنەکە وادیارە مونەقەبە وسەر بە لەتیف بوون، تێمبەربوون بە کۆمێنتی نەشیاو وبێ شعورانە، هەتا یەکێکیان هێندە بێ ڕەوشت بوو، جوێنی بەخۆم وخێزانیشم دا، کە من وەڵامم

[12] 14/8/2016

دایەوە، ژن ومێردەی دکتۆر لێم تووڕە بوون، هێندە لێم بە غەرەزبوون، هەتا مێردە شانۆکارەکە کە هەمیشە ڕۆڵی خۆشەویستی دەگێڕێ بۆ ژنەکەی لە سەدان پۆست! بە دنەدانی ژنەکەی منی تاوانبار کرد بە بردنی بابەتێکی ئەو!
لە ژێر فشاری وەڵامی هاوڕێ وخۆشەویستانم پاشەکشەی کرد ودانی بە هەڵەی خۆی هێنا!

بە بۆنەی بێ شعوری و هەڵوێستی نامرۆڤانەی ئەو موحەجەبە ونیقابانە پەیامێکم ئاراستە کردن لە بەو شێوەیە:

"من ڕەخنەم هەیە لە بێ هەڵوێستی ئافرەتە موحەجەبەکان!

کاتی خۆی لە کێشەی هێرش کردنە سەر ئافرەتی سفوور لەلایەن مەلاکان، و هێرش کردنە سەر موحەجەبەکان لەلایەن کەسانێکی سێکیولار، من لەو بەینە بەرگریم لە هەردوو لا دەکرد، و داواشم لە هەردوو لای ئافرەتەکان دەکرد کە بەرگری لە هەڵبژاردەی ئەویتریان بکات، گووتم زۆر ئافرەتی سفوور و خۆرئاوایی بەرگریان لە موحەجەبە کردوە، پێویستە موحەجەبەکانیش کاتێ مەلایەک سووکایەتی بە ئافرەتە سفوورەکان دەکەن لێیان بێ دەنگ نەبن، و لە بەشێکی نووسینەکەدا گووتم :

"موحەجەبە و ناموحەجەبە هەموویان خوشک و خێزان و دایک و کەسوکاری ئێمەن. پێویستە ئافرەتان کە نەرم ونیانترن نەکەونە ژێر کاریگەری وتاری کەڕاهیەت و ڕقی پیاوانی دیندار و سێکیولاری توندڕەو، هەوڵدەن ریز لە یەکتر بگرن. ئافرەتێکی ئەورووپی مەسیحی چل ڕۆژ حیجابی لەبەر کرد بۆ هاوسۆزی لەگەڵ ئەو ژنە موحەجەبانەی کە دووچاری گێچەڵی ڕەگەزپەرستان دەبنەوە، پێویستە موحەجەبەی کوردیش قەت قبوڵ نەکات مەلایەک یان بانگخوازێکی توندڕەو قسە و سوکایەتی و تەکفیر بە خوشکانی سفوری بکات. نەک وەک ئەوان بدوێ وباسی چوکلێتی بێ بەرگ وبە بەرگ بکات! ئافرەتی سفوریش دەبێت بە هەمان روحیەت دژی هەر گاڵتە پێکردنێک وسوکایەتیەک بێت کە بە ئافرەتی موحەجەبە دەکرێت جا لەلای فاروق ڕەفیق بێت یان هەر فەیلەسوف ونووسەرێک و پیاوێکی ئاسایی بێت".

من داوام لە موحەجەبەکان دەکرد بەرگری لە سفوورەکان بکەن ئەگەر دووچاری سووکایەتی مەلا دەمشڕەکان و ئیسلامیە سینگ تەسکەکان بوونەوە، کەچی نەک بەرگری لە سفوورەکان ناکەن، موحەجەبەکان هێندە بە کۆیلە کراون بچووکترین ڕوحیەتی موبادەرە ودەستپێشخەریان تێدا نییە، بەرگری لە ئافرەتی سەرپۆش بەسەر وموحەجەبەش ناکەن، ئەگەر لە دەرەوەی ڕەوتەکەی ئەوان بێت!

کاتێک وێنەی من و هاوسەرمیان بڵاودەکردەوە، نە لەسەر کەناری دەریا بووین بە ڕووتی، نە لە شوێنێکی خراپ بووین، و سەرەرای ئەوەش هاوسەرم بە سەرپۆشەوە بوو، کە ئەوە هەڵبژاردەی خۆیەتی من لە ئێستادا یەک زەرە بڕوام نە بە حیجابە و نە بە سەرپۆش! کەچی دەیان ئافرەتی موحەجەبە دەستخۆشیان لە تەشهیرکردن بە من و خێزانم دەکرد!

حەپۆلێکیان کۆمێنتی خۆی وا دەست پێکردبوو :من هەقم نیە لەو وێنەیە، .... دابەزیبوە سەر من! منیش گووتم: ئەخر کە بوونە سەلەفی هیچ هەستێکی مرۆیی و ڕەوشتیتان تیادا ناهێڵن، پڕ دەکرێن لە دڵ ڕەقی و ڕق و قین، دەنا هەر نەبا دەتگووت: ئێوە بۆ وێنەی ئافرەتێکتان بڵند کردوە، کە هیچ پەیوەندی بە کێشەکەوە نییە، لەبەر هیچ نا هەر لەبەر سەرپۆشەکەی! بە من دەڵێت: تۆ تەشهیر بە ناموسی خەڵک دەکەی ئەوانیش تەشهیر بە ناموست دەکەنەوە!!!

ئەگەر پیاوەکانیانی سەلەفیەت ببنە کۆیلەی دەق و شێخ وسەرانیان، دەبێت ئافرەتەکانیان چەندە لە کۆیلایەتی ڕۆچووبن؟!"
لە پاشکۆی ئەم کتێبە کۆمەڵێ بابەت وکۆمێنتی فەیسبوکی لایەنگرانی عەبدوللەتیف و نەیارانیم داناوە، بە بینینیان بیرۆکەیەکی چاکت دەداتێ، کە ئەو بابەتە چۆن باسدەکرا لە سۆشیال میدیا!

## بۆچی یەککگرتوو و ئیسلامیەکان بۆ عەبدللەتیفی دەپۆشن؟!
## سیاسەتی مێژوویی ئیخوان بۆ سەترکردنی ڕاسپۆتینەکان!

من تێناگەم کە تۆ بڕیار دەدەیت بێیتە ناو سیاسەت بۆ هەوڵنادەیت لە سیاسەت تێبگەیت؟! چۆن دەکرێت بە عەقڵیەتی الاحکام السلطانیة بێیتە ناو سیاسەت؟ وەک هەمیشە یەککگرتوو و کۆمەڵ و باقی ئیسلامییەکان هێشتا لە جیاوازی نێوان ئەخلاقیاتە فەردییەکان و ڕێکارە ڕەوشتییە گشتیەکان تێناگەن ، لە هەمووش سەیرتر خۆیان خستۆتە ناو گۆڕەپانی سیاسەتەوە، بە چەمکگەلێکی کۆن و تەقلیدی دەیانەوێت سیاسەت بکەن!
زۆر چەمک و ڕەوشتی دینی هەیە بۆ سنوورێکی تاکی تەسک گونجاوە و لەوانەیە سودمەند بێت، بەڵام بۆ فەزای گشتی نەک سوودی نییە، بەڵکو کارەساتیشە بۆ خۆیان بەتایبەتی و جەماوەر بەگشتی.

سەیر لەوەدایە ئەو برادەرانەی ئیخوان لەسەر ئاستی سەرکردەکانیشیان تۆزقاڵێک سوود لە هەڵە مێژووییەکانیشیان وەرناگرن، بە تایبەتی ئەگەر ئەو هەڵەیە حەسەن بەنای پێشەوایان کردبێتی!
ئەوەی کە ڕوویدا لە پێشلکاری یاسا و پرنسیپی ڕەوشتی وئەکادیمی، ئینجا ئیسلامی لەلایەن شێخ عەبدللەتیفی سەلەفی، لەو هەموو مامۆستایە ئیخوانە یەککگرتووەی لەو پەیمانگایە کاردەکەن، و ئاگاداری ورد و درشتی ڕوداوەکەن، هەتا ئاگادارم کە چواریان، ناوەکانیشیان دەزانم بەڵگەی دەنگی و ڤیدیۆیشیان لایە، ئەگەر تەنها یەکێکیان خاوەنی دیدێکی سەردەمیانە بان بۆ سیاسەت و جەماوەر و ڕێزی یاسا، هەرگیز وا بێ هەڵوێست و ترسنۆکانە ڕەفتاریان نەدەکرد. یەکێکیان لەوانە سوڵحیشیان بۆ عەبدللەتیف کردوە!

کـــاتی خـــۆی کە ڕەخـــنەیەکم گـــرت لە ڕابەرێکـــی نـــاوداری حزبێکـــی ئیســـلامی، داکۆکیکەرێک بۆی نووسیبووم: " مامۆستا شتی بۆ تۆ نەنوسیوە، تۆش ئەندامی حزبەکەی ئێمە نیت ورۆژێک لە رۆژان لەگەل ئێمە کارت نەکردووە! ئێمەش ئەندامانی ....ڕەخنەی تۆمان قبوڵ نییە...وبە نوێنەرایەتی ووەکیلایەتی ئێمە قسە مەکە..." چەند کەسێکی تریش پێیان گوتم دەبوایە ئەو ڕەخنانە بە نهێنی بە ئەمیرت وتبا لە ڕێگای ئیمێل یان نامەیەک، چونکە شەرع بەو شێوەیە ڕێگامان پێ نادات ئامۆژگاریی هیچ کەسێک بکەین"

منیش گووتم: ئەگەر سەرکردەکەتان نوسینەکانی بەس بۆ حزبەکەی بنووسێ، ئەی بۆ ئەو کتێبانەی تەنها لە نێو بارەگاکانی خۆتان بڵاوناکەنەوە، ولەسەریان نانوسن (للتداول الحزبی فقط)؟ تا ئێمەی غەیرە وەڵامی نەدەینەوە.
جارێ ئەو شێوازەی نهێنی ڕەخنە کە باسی دەکەیت هیچ پەیوەندی بە شەرعەوە نیە، نازانم لە ئەخبارە توراسیەکان وئەدەبیاتی ئیستبدادی زیاتر کەی شەرع باسی وایکردوە؟!، ئەی خۆتان ناڵێن ئافرەتێک لەسەر مینبەر ڕەخنەی لە عومەری کوڕی خەتاب گرتووە؟!
من بڕوام بەو شێوازە تەقلیدی ونهێنییەی ڕەخنە نییە، چونکە دەمێکە بێ هودەیی خۆی ئیسپات کردووە، ئەوەی ئاگاداریشم ئەوەیە دەیان جار سەرکردە و ئەمیرەکان و کادیرەکان بە نهێنی ئامۆژگاری کراون بەڵام سوودێکی وای نەبووە، پێویستە هەموو کۆمەڵگاکەمان فێری ڕەخنە گرتن بکەین. ئەو کۆمەڵگا بەهێزانەی ڕۆژئاوا بە ڕەخنەی ئاشکراو بێ سڵەمینەوە وایان کردووە وەزیرەکان وسەرۆک وەزیران و سەرۆکیش لە ترسی وڵاتیانی زیندوو و هوشیار بکەونە لەرزە!!

یەکگرتووش وەک هەر کۆمەڵێکیتری ئیسلامی ناحاڵی لە سیاسەت، لەسەر ئاستی سەرکردایەتیەوە تاوتوێی ئەو بابەتەی شێخ عەبدللەتیفی سەلەفیان کردوە، و بڕیاری داپۆشین و چەواشەکردنی خەڵکیان داوە، لە پەنای چەمکێکی دینی تەسک کە پێی دەڵێن سەتر! چەند کەسێک لە یەکگرتوو و ئیسلامیەکانیش هەڵوێستیان هەبوو، بەڵام لە ژێر فشاری حزبەکەیان بێ دەنگیان کردون و وازیان پێ لێ هێناون.

مـن دەمـێکە ئەو ڕاڕاییە و بـێ هەڵوێسـتیە و تێنەگەیشـتن لە ئەبجەدیـاتی سیاسـەت کـردنەی ئیخـوان تێدەگەم، بـۆیەش هـیچ لام سـەیر نەبـوو کە زۆربەی مامۆسـتاکانی پەیمانگـاکەی عەبدلـلەتیف ئیخـوانی ویەکگرتـوون، هەمـوو زانیاریەکیشـیان پێـیە بە بەڵـــگەی زۆرەوەش، کەچـــی وا پەردەپۆشـــی ئەو لادانە ڕەوشـــتیە و دینیـــیە و ئەکادیمییەی بۆ دەکەن!

هەروەها تووشـی شـۆک نەهـاتم کە دکتـۆر محەمـەد ئەحمـەد یاریدەدەری ئەمینداری گشـتی یـەکگرتووی ئیسـلامی کوردسـتان لـە روونکردنەوەیەکـدا بڵێـت "نەمویسـت لەوبارەیەوە هیچ بڵێم بەڵام زۆر زیاد لەقەبارەی خۆی تیشک خستنەسەر ئەو پرسە لەلایەن دەزگاکانی راگەیاندن و سۆشیال میدیاوە ناچاری کردم."
یانی تەنها لەبەر فشاری سۆشیال میدیا هـاتۆتە سـەرخەت، دەنا هەر باسـیش نەبـووە لای ئەنـدامانی یەکگرتـوو و سەرکردایەتیەکەشـیان! باشــە ئەگەر پرسـێکی دینـی و ڕەوشـتی پەیوەندی بە ئێوە نەبێت، لە سیاسـەتیش هێشـتا گاگۆڵە بکەن، ئەی کـاری ئێوە چییە؟
یاریــدەدەری ئەمینــداری گشــتی یــەکگرتوو بــۆ ئەنــدامانی حزبەکــەی ئــەوەی خستووەتەڕوو کە "واباشە ئەندامان و دۆستانی ئێمـە نەبنە بڵندگۆی بڵاوەپێکردنی و گشتاندن، چونکە ئەسڵ (ستر)ە لەم جۆرە ئاریشانەدا ."

جەختیشـی لـەوە کردووەتـەوە کـە "نابێـت ڕێگـا بـدرێت بـە خـراپ بـەکارهێنانی بـۆ دژایەتیکردنی ئیسـلام و تـەواوی ئیسـلامییەکان و ناشـیرینکردنی هـەموو بـاوەڕدارانی پابەند[13]."
یـانی ئەگەر کەسـێکی ڕیـزی یەکەم و کەسـی پلە یەکـی ڕەوتێک کە کـۆڵەکەی دینـی دەسەڵاتی سیاسیە، و خاوەن پرۆژەیەکی سەلەفی مەدخەلی ترسناک، کە هەمـوو مەلا وبـانگخوازانی یەکگرتـوو وکۆمەڵەشـی پـێ موبتەدیع و گـومڕا بێت، خیانەت بکات لە پەیـامە دینـی و کـۆمەڵایەتی و ئەکـادیمیەکەی، هێشـتا " ئەسـڵ (سـتر)ە لـەم جـۆرە ئاریشـانەدا"؟! ئەی ئەوە خیـانەت نییە یـارمەتی کەسـێک بـدەیت شـوێن وپایەکـەی

13 - http://www.snurmedia.com/all-details.aspx?jimare=12934

بەکاردەهێنێت بۆ ماڵوێرانکردنی گەنجێک کە لە مناڵەکانی خۆی کەم تەمەنترە؟! ئەی ئەوە ترسناک نییە ژنێک لە مێردەکەی هەڵگێڕێتەوە بە بیانووی ئەوەی مێردەکەی مادام نوێژ ناکات، کەوابوو جائیز نییە لەگەڵی بمێنێتەوە؟!

سەرەڕای نەشارەزایی ئیخوان لە سیاسەتکردن بچوک کردنەوەی چەمکی ڕەخنە بۆ غەیبەت، و پێویستی کەشف بۆ سەتر، مێژووی ئیخوانیش هەروای فێرکردوون.

# زاوا ڕاسپۆتینەکەی بەنای ئیخوان عبدالحکیم عابدین

عبدالحکیم عابدین گەنجێک بوو چالاک لەناو ئیخواندا، زۆر نزیکبوەوە لە حەسەن بەننا تا بوە زاوای (مێردی خوشکی). ئەو پیاوە خاوەنی بیرۆکەی سیستمی سەردانی خێزانی بوو لەناو ئیخواندا، بۆ پتەوکردنی پەیوەندی ئەندامانی ئیخوان. پاش ماوەیەک چەندین شکایەت وسکاڵا گەیشتە ئۆفیسی مورشیدی ئیخوان حەسەن بەننا، سەبارەت بە داوێن پیسی وبێ ڕەوشتی عبدالحکیم عابدین، کە بەردەوام سەردانی ئەو ژنانەی ئیخوانی دەکرد کە مێردەکانیان لە زیندان بوون!

بۆ ئەو مەبەستە لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە دروست بوو بە سەرۆکایەتی احمد السکري ( بە دامەزرێنەری هەقیقی ئیخوان دادەندرێت لە ساڵی ١٩٢٠، خۆی بەننای پێگەیاند، و کردیە پێشەوای خۆشی!) ئەو لیژنەیە گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە عبدالحکیم عابدین چەندین داوێم پیسی وای کردوە لەگەڵ خێزانی ئیخوانەکان، و دانیشی پێدا ناوە، وەک منداڵ دەگرییێت و خۆی لەسەر زەوی دەگەوزێنێ، داوای لێبوردن دەکات!

لە نووسراوی لیژنەکە هاتبوو: [ لیژنەکە قەناعەتی تەواوی هەیە کە عبدالحکیم عابدین –تاوانبارە-. بەتایبەتی ئەگەر دانپێداهێنانی خۆی بۆ هەندێ ئەندامانی لیژنەشی بخەینە سەر بەڵگەکانیتر. ئەو تاوانەش وەک سەرکردەیەکی دەعوەکە، زۆر گەورەیە دەرهەق بە دەعوە و هەقی ئەو کەسانە برینداری کردوون لە عیرز وناموسیان، بۆیە وا پێویست دەکات قورترین سزا بدرێت، بۆیە لیژنەکە بە کۆی دەنگ دوای فەسڵکردنی بەڕێز عبدالحکیم عابدین دەکات لە ئەندامێتی جەماعەت. و بڵاوکردنەوەی ئەو بڕیارەش، و کارکردن بۆ سارێژکردنی زامەکان، لە ٥ صف ١٣٦٥ – ١٩٤٦/١/٩
ئیمزای ئەندامانی لیژنە:

(1) –أحمد السكري ، (2) – صالح عشماوي ، (3) – حسين بدر ، (4) – الدكتور إبراهيم حسن ، (5) – حسين عبدالرازق. (6)أمين إسماعيل.]
حەسەن بەننا سەرەڕای بڕیاری لیژنە و ئەو ئەندامە بالایانەی ئیخوان، کە یەکێکیان وەک ئەحمەد السكري لە ١٤ سالیدا حەسەن بەننای پێگەیاند ویارمەتیدا و هێنایە ناو ڕێکخراوەکەی خۆی، بە گوێی ڕاسپاردەی لیژنەکەی نەکرد، و مامۆستای خۆی احمد السكري و هەموو ئەندامەکانیتری لیژنەشی فەسل کرد، لە پێناو پەردەپۆشکردنی زاواکەی عبدالحكيم عابدين!
هەتا شێخ محمد الغزالي و خالد محمد خاليديشی فەسل کرد لەبەر ئەوەی ڕەخنەیان لە زاواکەی بەننا گرتبوو!

کەوابوو یەکگرتوو لە ڕێگای ڤایرۆسی مێژوویی ئیخوانەوە ڕەفتاری پەردەپۆشکردنی فەزیحەت و داوێن پیسی و خیانەتیان لە حەسەن بەناوە بۆ ماوەتەوە. هەر ئەو بێ باکی وتەسەیوبەیە، کە ئەندامانی بالای یەکگرتوو و مەلای ناوداریان دەیان فەزائیحی ڕەوشتییان لێ ڕوو دەدات، و بۆیانیشیان پەردەپۆش دەکەن، بەناوی سیاسەتی سەتر کردن!

لێیان ناگیرێت کە ئەمڕۆش وا بە دلسۆزی خیانەت و داوێنپیسی شێخی مەدخەلیەت دادەپۆشن، چونکە خۆیان پاشەلیان پیسە، من چەندین ناوی زل و ناوداریانم پێیە لە ئەندامانی یەکگرتوو کە دووچاری ئەو جۆرە سکاندالە هەرزەکارانە هاتوون، خۆزگە بەلگەکانم بەدەست دەگەیشتن، تا فێری سیاسەتی ئەنتی سەتریان کەین، و فێری ئەوەیان بکەین سیاسەتکردن بەو چەمکە تەقلیدیانەی غەیبەت و سەتر و قسە قۆرانە ناکرێت! خەلک چۆن دەتوانێت متمانە بداتە هێزێکی سەتربازی وەک ئەو ئیسلامیانە، بەیانی تاوان و گەندەلی و دزیش بکەن بۆیان سەتر دەکەن!

محەمەد هەریری

٢٠١٦/٥/١٧

# گۆشتخۆر زۆرن هەر ناوی کابرای بەدە!

برادەرێکم دەیگووت تۆ وەک ئەو سورەتەی قورئانی کە نازناوی الفاضحة یە، کە فەزحی دوو ڕووان دەکرد، کە مەبەست سورەتی التوبة یە، لەو فەزیحەیەدا لە یەک کاتدا دوو ڕوویی زۆر لە حزبە ئیسلامیەکان و ئاڕاستە بەناو عەقڵانیەکانی ئیسلام و میدیای کوردی و دەسەڵاتی داکۆکیکەر لە دواکەوتوترین فۆرمی سەلەفیزم و ڕۆشنبیری بە ناو سیکیولار و دژە ئیسلامی سیاسی، و هونەرمەندی شەوە پەمەییەکان و جەماوەری گەمژەی دینیت ئاشکرا کرد.

تۆ بڕوانە لە وڵاتێکی تردا یەکێک سکانداڵێکی وا دەوروژێنێت، میدیا کون بە کون بە دوای دەگەڕێن ڕای لێ وەرگرن لەسەر هەقیقەتی بابەتەکە، و دەگەڕێن بە دوای لایەنەکانی کەیسەکە، کەچی میدیا زەبەلاحەکانی کوردستان بە ڕووداو و ئێن ئارتی و کوردستان ٢٤ و کوردسات و ئاوینە و هەتا ڤینیشەوە ئێستاش لەگەڵ بیت نەیانویستووە پرسیارێک لە من بکەن.! گووتمان ڕووداو و کوردستان ٢٤ وکوردسات حزبین، ئەوی ئێن ئار تی و ئەوانیتر؟!

بەڕاستی من دەزانم ئەو پرۆژەیە سەلەفیزمە مەدخەلیزمە ئەگەر وا پیشی نەگیرێت چ شێرپەنجەیەکی فیکری و دینی دروست دەکات لە کۆمەڵگاکەمان، پێشان وامدەزانی سروشتی کورد ئەو بیرۆکە بیابانییە و نا عەقڵانییە و توندوتیژە و ڕەش ڕوانگەییە قبوڵ ناکات، بەڵام ئێستا دەزانم ئەگەر ڕێگای پێ بدرێت خەڵکێکی زۆری جەماوەری سادە وساویلکە فریودەدەن، بە ناوی سونەت و قسە و ڕێگای پیغەمبەر! خەڵکیش زۆر لەوە سادەترن بتوانن وەڵامی ئەو قسانەیان بدەنەوە، میدیاش هیچ لەبارە لەو ڕوەوە و ڕۆڵی زیاتر پیرۆزکردن و گەورەکردنی سەلەفیەکان دەبینێت، لە جیاتی داماڵینی هەقیقەتی وتارەکەیان.

هەڤاڵێکیتر گووتی بێ دەنگی یەکگرتوو و کۆمەڵ و مەلاکان لەبەرئەوە نییە کە وەک واجیبێکی دینی دەبێت فەزیحەی برای موسڵمانیان پەردەپۆش کەن، بەڵکو لەبەرئەوەیە زۆر لە کەسە ناودارەکانیان خاوەنی فەزیحەی وەک فەزیحەکەی شێخ عبداللطیف ن !

منیش ئاگادارم بە دەنگۆی هەندێکیان، جارێ دوو سێ مەلای زۆر توندڕەو لە هەولێر هەن دووچاری پەیوەندی ناشەرعی بوونە، هەروەها مەلایەکی ناوداری یەکگرتوو دووپاتی دەکەنەوە کە ئەو دەنگۆیانەی لەسەری هەبوو زوو بۆیان پەردەپۆش کرد، هەمووی ڕاست بوو بەس انصر اخاک ظالما او مظلوما کاری پێکراوە بە چەمکە عەرەبیەکەی پێش ئیسلام! جگە لە چەندین بەرپرسی ناو هەردوو حزبە ئیسلامیەکە!من دڵنیا نیم وەک کەیسەکەی عبداللطیف و بەڵگەم لا نییە لەسەریان دەنا سووک وسەلیمم دەکردن! بەس با ئەوانەی لەو دەوروبەرانە نزیکن مەرد بن هیچیتر بۆیان پەردەپۆش نەکەن، چونکە بەڕاستی بێ ڕەوشتییە بێ دەنگی و داپۆشینی بێ ڕەوشتی ڕەوشت فرۆشان!

ئەگەر ڕەخنەی فیکری و لۆژیکی کار لەو جەماوەرە ساویلکەیە ناکات، با هەڤدژی و بێ کەلکیان لەو گۆشەیەوە نیشآنی خەڵک بدەین..

نەشڵێن بۆ باسی حزبە عەلمانیەکان ناکەن، چونکە ئەوان هێندە باسی دزی و تالآنی و داوێنپیسیان کراوە، کاریان لێ ناکات، عەیب و شورەیی بۆ ئەوانەیە کە خۆیان بە ئیسلامی دەزانن و ئەوان بە جاهیلی دەزانن کەچی لە هەموو شتێکی خراپ لاساییان دەکەنەوە!

محەمەد هەریری
28/4/15

# لە کەیسی عبداللطیف سەلەفی توانیمان ئاستی ڕەوشتی و دەمپاکی و شەخسپەرستی سەلەفیەکان دەربخەین

وادیارە ئاستی ئیخوانەکانیش بەڕێوەیە، چونکە بەو دوو نووسینەی کە بەوپەڕی بابەتیانە نووسراوە لەسەر حەسەن بەنا و بە پشتبەستن بە سەرچاوە ئیخوانەکانیش، و مژدەشیان بێت بەردەوامیش دەبێت! لە جیاتی گفتوگۆ و سوپاسکردنم کە ئەو لایەنە شاراوانەی ژیانی حەسەن بەنا مان خستۆتە بەر باس، بە پێچەوانەوە قسەی زبر و جوێن و نامەی جوێنی تایبەتمان. بۆ دەنێرن!

من ئەگەر جوێن کاری لێ کردبام لە کەیسی عبداللطیفی کاری لێدەکردم کە بەقەد تەسبیحاتیان جوێنیان بۆ ناردووم. لە پێناو گەیاندنی ڕاستیەکان با جوێنی هەموو دنیا تەرح بێت بۆ ئێوە.

محەمەد هەریری

24/5/16

## ئەو ڕۆژانەی ئەمڕۆیان دروست کرد!

## ٨٠ جەڵدەتان لە بیرە؟!

بازیانی و بزوتنەوە سێ دەنگەکەیتان لە بیرە کە ئامادە بوو خۆبەخشانە بەرگری لە شێخی موشتاقان بکات؟!

ماوەی دوو ڕۆژە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک و هەندێک ماڵپەڕی هەواڵی پەیوەندی نێوان د.عەبدوللەتیف ئەحمەد (سەلەفی) کە خاوەنی کەناڵی ئامۆژگاری و یەکێکە لە ڕابەرانی سەلەفییەکان و کچە خوێندکارێکی بڵاوکراوەتەوە، لە نوێترین ڤیدیۆی بڵاوکراوەشدا د.عەبدولـەتیف دەڵێت ئەوە بوختانە بەمن کراوە.

لەو هەواڵانەدا کە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بڵاوکراوەتەوە، باس لەوە دەکرێت د. عەبدوللەتیف سەلەفی پەیوەندی سێکسی لەگەڵ کچە خوێندکارێکی خۆیدا کە هاوسەرگیری کردووە و لە ئێستدا دەیەوێت جیاببێتەوە بەستووە.

بەڵام دوای یەک ڕۆژ لە بڵاوبوونەوەی ئەو دەنگۆیانە د.عەبدوللەتیف لە نوسراوێکدا وەڵامی ئەو کەسانەی دایەوە کە ئەو دەنگۆیانەیان بڵاوکردووەتەوە و لە نوسینەکەیدا هاتووە "شایەتی دانی تۆ قەبوڵ نییە چونکە سەرەڕای بێ دینیت کە چوار شاهێد نەهێنیت لەسەر ئەو بوهتانەی کە بۆمن و ئافرەتێکی داوێن پاک کردووتە -کە سوێند بە الله درۆیەو بوهتانە- ئەوە بەبەڵگەی قورئان تۆ درۆزن و فاسقیشیت وشایستەی ئەوەشیت هەشتا جەلدەت لێ بدرێت، وە گشت ئەوانەش کە رەواج بەم بوهتانەی تۆ ئەدەن و بونەتە جسرێک بۆ گەیاندن و پەڕاندنەوەی درۆو تۆمەت و بوهتان بۆ کەسانی تر".

هەر لەو ڕونکردنەوەیدا هاتووە "بوختان کردن بۆ کەسانی داوێن پاک: ئینجا بۆزیاتر پاراستنی নামووس و شەرەفی موسڵمانان بەگشتیی؛ خوای گەورە ئەفەرموێ: {والذين

یرمون المحصنات} ئەو کەسانەش کە ژنانی داوێن پاک (یا پیاوانی داوێن پاک) تۆمەت بار ئەکەن بە زیناوە {ثم لم یأتوا بأربعة شهداء} پاشانیش چوار شایەت ناهێنن بۆ چەسپاندنی داواکەیان {فاجلدوهم ثمانین جلدة} دەبێ ئەوانە هەشتا شەلاقیان لێ بدەن تا جارێکیتر بە ناهەق و ناڕەوا نامووسی خەڵک لەکەدارو بریندار نەکەن ".

هەروەها لە لێدوانێکیدا کە لە کەناڵی ئامۆژگاری تایبەت بەخۆیەوە بڵاویکردووەتەوە، د.عەبدوللەتیف دەڵێت "ئەو کەسەی کە شوێن عەورەتی موسوڵمانان بگەڕێت و بوختان بکات، خوای گەورە لەم دنیا بەر لە ئەودنیا سوک و ڕسوا و زەلیلی دەکات".

هاوکات بزاڤی چاکسازی و گەشە کە لەلایەن محەمەد بازیانی، ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسی بزوتنەوەوە سەرۆکایەتی دەکرێت ڕایگەیاند کە ئەوەی ڕوویداوە بوختانە و لە ڕاگەیەندراوەکەیاندا هاتووە "پارێزەرانی بزاڤی چاکسازی و گەشە ئامادەیی خۆیان دەربڕی خۆبەخشانە بچنە ناو شکایەت نامە ئەگەر مامۆستا دکتۆر عبداللطیف شکایەت بکات لەو کەس و لایەنانە کە ئەم تومەتانە بڵاودەکەنەوە "

لە بەرامبەردا محەمەد هەریری کە خۆی وەک توێژەری بواری ئیسلام دەناسێنێت و پێداگری لەوە دەکات کە ئەوەی بڵاوبووەتەوە ڕاستە لە وەڵامی د.عەبدوللەتیفدا دەڵێت "وەرە تۆ بەڕاستی دان بەو هەڵانەت بنێ و زاتی دان پێداهێنانت هەبێت".[14]

محەمەد هەریری

٢٠١٧/٢/١٩

[14] http://www.nrttv.com/Details.aspx?Jimare=37167

## مەلا کرێکار بۆ عەبدوڵڵەتیف سەلەفی:

## دنیات بردۆتەوە لە ژن و لە موتعە و حەرام

مەلا کرێکار سەرۆکی ڕەوتی شاخ و ئەمیری پێشووی ئەنسارولئیسلام، لە بەشی دووەمی وەڵامەکەیدا بۆ دکتۆر عەبدوڵڵەتیف ئەحمەد (سەلەفی) یەکێک لە ڕابەرانی سەلەفییەکان و بەڕێوبەری کەناڵی ئامۆژگاری، دەڵێت "دنیات بردۆتەوە لە ژن و لە موتعە و حەرام".

مەلا کرێکار لەو پەیامە ڤیدیۆییەدا "هێرشی توند" دەکاتە سەر عەبدوڵڵەتیف سەلەفی و دەڵێت "ئێمە وەکو جەنابت نین خزمەتکارو کاسەلێسی ئەوان بین و درعمان بدەنێ بۆ ئەوەی خۆمان بپارێزین و شمشێرتان بەرامبەر صۆفییەکان هەڵگرتووە بەلام لەبەرامبەر تاغوتان و مورتەددان و مولحیدان و بێدینان و گەندەڵەکان خۆتان مت کردووە."

هەروەها دەڵێت "دارالندوەکەی قورەیش لە پەرلەمانەکەی لای تۆ چاکتر و شەریفتر بوو"، دەشڵێت " باسی "بیرەنەوتەکان" هەمان باسی "مکیال و میزانەکەی پێغەمبەرانە علیهم الصلاة والسلام".

هەروەها ئاماژە بۆ ئەوە دەکات دکتۆر عەبدوڵڵەتیف پشتگیری تاڵیبانی کردووە و دەڵێت " جەنابت لە 2005 بەجۆرێک باسی طالیبان و جیهاد دەکەیت و ئێستاش بەجۆرێکی تر لەبەر خاتری سعودییە"

ئەو لە بەشی یەکەمی وەڵامەکەیدا وتبوویئەو زانیارییانەی لای منن لەبارەی ئەخلاقیاتی مامۆستا عبداللطیف لای خەلک نین. ئەگەر ئەو سنوور ببەزێنێ منیش باسی ئەکەمەوە بۆخەڵک. هەروەها وتبووی"ئەو زانیارییانەی لای منن لەبارەی ئەخلاقیاتی مامۆستا عبداللطیف لای خەلک نین. ئەگەر ئەو سنوور ببەزێنێ منیش

باسی ئەکەمەوە بۆخەڵک،تۆ زەربەت لە عەقیدە داوە و زەربەت لە خێزانی خۆت و هاوسەری پێشوو و ئەو ئافرەتەش داوە کە بەو دواییە هێنات". کرێکاروتوویەتی "ئەو دارەی مەلا عەبدوللەتیف کردوویەتی بە شارە زەردەوالّەدا، دەبێت ئەنجامەکەی بچێژێت."

ئەمیری ڕەوتی شاخ ڕاشیگەیاندبوو "ئەگەر جورئەتت هەیە و خۆت بە زانا دەزانێت، ئەوا ئامادەم لە هەر کەناڵێک بێت ڕووبەڕووت ببمەوە و گفتوگۆ لەسەر چەند پرسێک بکەین کە بۆچوونی جیاوازمان هەیە لەسەری[15]"

15 PM:07:45:04/02/2017
http://www.speemedia.com/dreja.aspx?jmare=41446

# شەڕی ئەهریمەن بە مۆسیقای تڕادیشناڵی ئێرانی دەکەن!

زۆرن لەو ڕۆژگارە ئەوانەی لە ئاست تەشەنەکردنی توندڕەوی، و مەترسی بە مێگەلکردنی کۆمەڵگا بە دەستی سەلەفیزم، بێ دەنگ و بێ دەخل و بێ نقەن! خۆزگە هەر بەو بێ هەڵوێستیەش بەسیان کردبا، و خەریکی خوێندنەوەی کتێبە سارد وسڕە یوتیوبیەکانیان بان لە سوچی ماڵە هێمنەکانیان لەسەر مۆسیقای سونەتی ئێرانی. نا بەوە ڕازی نین کەس یەخەیان ناگرێت و پێیان بڵێت: با بزانین ئێوە لە بەرامبەر ئەو شەپۆلە ترسناکەی بە سەلەفی کردنی هەموو کۆمەڵگا موسڵمانەکان، وەرن بابزانین چ دەکەن؟ کاریگەریتان چیە بۆ پاراستنی تاکی کورد لەو مەترسییە؟! لەناو کۆمەڵگا ڕۆژانە چەند سەکۆ و مینبەر ومیدیا بەکار دەهێنن بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو هەڵمەتە ترسناکەی سەلەفیەت بۆ سەر کۆمەڵگا؟!

ئەوانە نەک بێ دەنگ نین، بەڵکو وەک هەڵکەوت زاهیر و هەردی سەلاح و قەڵەمفرۆشە سێکیولارەکانی دەسەلات، سەرسەخترین بەرگری لە پڕۆژەیەکی مەترسیداری سەلەفیزم دەکەن، کە مەرگی خۆیانی تێدایە، ئەگەر هاتنە سەر دەسەلات یان توانیان زەواجێکی ناشەرعی نیوان سەلەفیەت و دەسەلات بهێننە دی!

کاک هیمداد شاهین و لقمان بەکر وتارێکی دوو قۆڵیان نووسیوە تیایدا لە ژێر بەنجی ئایدیا خەیاڵی و میسالیەکانی سید حسین نصری خاوەنی فەلسەفەی ترادیشناڵی ئێرانی بەو شێوازە میسالیە بەرگری دەکەن لە دەست والاکردنی سەلەفیەت بۆ قووت دانی کۆمەڵگای کوردی، و لە بەرامبەریشدا هێرش دەکەنە سەر من و هەموو ئەوانەی بەرەنگاری هێرەشی سەلەفیزم بونەتەوە!

کاک لقمان ناناسم نەوەک نووسەر و نە وەک هاورێیەتی، کاک هیمداد من دەمێکە دەیناسم نازانم چۆن خۆی وا لێ گۆڕا بووە بەو ئیسلام ناسە گەورەیە لە کاتێکدا هەتا عەرەبیش نازانێت! لە بیرمە شیعرێکی ابن عربی بە هەڵە وەرگێڕا بوو، کە ئاگادارم کردەوە لە دەقە عەرەبیەکە گووتی: من عەرەبی نزانم لە فارسیەوە

وەرمگێڕاوە! وابزانم بەس فارسیەکەی باشە، خەریکی بە خۆماڵی کردنی ئایدیاکانی قوتابخانەی ترادیشنالە و وەرگێڕانەکانی بە بەرهەمی خۆماڵی بە خوێنەواری بێ ئاگای کورد دەفرۆشنەوە. من وەک ئیسلامیەکان ناڵێم دەبێت هەموو علومی عەرەبی نحو صرف قواعد و هتد بزانیت تا بتوانی توێژینەوە بکەیت لە ئیسلامدا، بەڵام لایەنی کەم تێبگەیت کاتێ شیعرێکی عەرەبی یان دەقێکی عەرەبی دەخوێنیتەوە.

بەداخەوە من کاک هیمدادم دیت لە بەرنامەیەکی ڕووداودا لەگەڵ یەک دوو مەلا، کە پرسیاری داعشیان لێکرد، هیمداد نەوێرا لە ڕووداو بە ڕوونی بڵێت داعش ڕەگێکی لاوازیشی هەیە لەناو توراسی ئیسلام دا. کە بەڕای من ڕەگێکی بەهێزیشی هەیە نەک لاواز!

دەشڵێن: "دواجار ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە شەڕی حەقیقەتە نەک کەسایەتییەک، بێ گومان ئەمە موجامەلەکردنی سەلەفییەت نیە، چونکە دژایەتی سەلەفییەکان بۆ ئێمە تا ئاستی بەکافردانان ڕۆیشتووە" سەلەفیەت بێ گومان ئێوەی پێ کافر و ڕافیزی و سەر بە ئێرانە، وەک چۆن هەموو کەسانیتری پی گومڕا وکافرە! ئەوە هیچ ئازایەتیەکی تێدا نییە ئێوەیان پێ کافرە، هەڵکەوت زاهیر یشیان پێ دەیوس و بێ ڕەوشت و کافرە، کەچی فەتوای ساختەی دەنگیشی بۆدان!

ئەخر ئێوە هێندە بێ مزەرەت بن بۆ داعشیش چۆن زیانتان دەبێت بۆ سەلەفیەت، چۆن دەبنە لەپەڕ لەبەردەم هەڵمەتی شێرپەنجەییدا؟!

ئەخر خوێنەری سەلەفی چ لەو زمانە تێدەگات کە ئێوە پیی دەنووسن: " ئێمە هەمیشە پێداگیریی لەسەر ئەوە دەکەین کە سەلەفیەت لەئاستی فیکریی و تیۆریدا پرۆبلەمەتایز بکەین و لەدیدێکی ئیزۆتێریکیەوە ڕەخنەی زانستیانەی خۆمانی ئاراستە بکەین.." کوا ڕەخەکانتان بۆ سەلەفیەت؟! یان هەر لە ئەفلاکی ئایدیا خەیاڵیەکانی سید حسێن نەسرِ دەخولێنەوە؟!

باشە ئەگەر خۆتان هیچتان پێ ناکرێت لە لاساییکردنەوە ئەو فەلسەفە سارد وسڕە نامۆیەی بە کۆمەڵگای کوردی بەناوی ترادتشناڵ کە زیاتر گوزارس لە تەنگژەکانی کۆمەڵگایە شارستانیەکانی خۆرئاوا دەکات لە ڕوئیایەکی دینی تەقلیدیەوە، بۆ کاری خەڵکیش بێ بەها دەکەن؟!. ئەگەر لە ڕوئیا و ئامانجی کێشەیەک تێناگەن بە

تەرازووی قالبە سواوانەی بیرتان بۆ دەیکێشن؟! بەتەمای ئەو قسە زل و قەبانە بین دەبێت چەند سالێتر کۆمەڵگای کوردی ببێتە سعودی.
ئایە ئەوانەی شەڕی ئەهریمەنی سەلەفیەت دەکەن و ناو و ژیان و سومعەیان بە خۆڕایی دەخەنە مەترسیەوە، جەنابشت لە پەناو و پەسێوان بەس کتێبەکانی سید حسین نصر دەخوێننەوە، دێن بە کەسانی وەک من کە سەدان وتاری رەخنەییم لەسەر سەلەفیەت نووسیوە، دەڵێن ئیفلاسی مەعریفی؟! وچەندین گوزارشی تری ڕوشێنەرتر کە لەو وتارە دوو قۆڵیە نووسیوتانە؟!

بەخوا بەو خاو و خلیچکیەی ئێوە بێت بەو وشە باق وبریقانەی فەلسەفەی ترادیشناڵ بێت کە بەس خۆتان تێیدەگەن. بەو ترسنۆکی شەرمنیەتان بێت، تاڕادەی ک ئەوەی نەوێرن دڵی داعشیش بشکێنن، سەلەفیەت هەر لە بەهێزبوون بەردەوام دەبێت تا جێگەی دانشتنی ئێوەشی تێدا نابێتەوە. بەڕێز حاجی سێوکانی سەرنجێکی جوانی بۆ نووسیبوون: " ئەم پیاوانە خەڵکێکی بەڕێزن بەڵام بەداخەوە خەڵکی دنیا نین...!!!دکتۆر گیان لەگەڵ ئەو پەڕی ڕێزمدا بەڵام ئەوی ئێوە دەیفەرموون تەنیا خەیاڵێکی جوانەو لەئەرزی واقیعدا سەنگی پوشێکی نیە ...."
ئەو دوو برادەرە تڕادیشناڵە وادەزانن شەڕی ئەهریمەن بە فەلسەفەیەکی سارد وسڕی ترادیشناڵ و مۆسیقای سونەتی ئێرانی دەکرێت. کە من هیچ ڕەخنەیەک ناخەمە ڕوو لەسەر فەلسەفەی ترادیشناڵ سید حسین نەسر مانای ئەوە نییە ئاگادار نەبم لێی و ڕەخنەم نەبێت لەسەری، بەڵکو لەبەر ئەوەی بە دژی بەشەری نازانم وەک سەلەفیەت، بە پێویستی نازانم یەک دێریشی لەسەر بنووسم، بەڵام زۆر سەرنج و ڕەخنەم لەسەری هەیە. ئەولەویەتی من شەڕی ئەوانەیە بەناوی سەلەفیەت دەیانەوێت کۆمەڵگایەکی مێگەلی بەدەوی نا شارستانی دژ بە ژیان و ژن و مرۆڤ دروست کەن!

ئێوە دەبێ بزانن ئێمە شەڕە جوێن ناکەین، ئێمە تەنها هەقیقەتێکی ژیانی دووفاقی ئەوانەمان ئاشکرا کردوە، تا خەڵک لەوە بگەن خۆشیان لە تاریکی باوەڕیان بەوە نییە کە لە ڕووناکی شەو وڕۆژ بە هەزاران کەسی دەڵێن! ئەوە ئەوانن دان بە هەڵەکانیان نانێن لە جیاتی جوێن وپەلاماری من و دەیانی وەک من دەدەن، و هەڕەشەیان بۆ من و هەموو مامۆستاکانی پەیمانگاکە و خەڵکی دەرەوش ناردوە هەی بێ ئاگاینە! ئێوە

تێناگەن و نازانن کە ئێمە بتێکی گەورە وردوخاش دەکەین لە پێناو بەتاڵکردنەوەی قودسیەتی خوداوەندی ئەو بتە!

وەک خوێنەرێک جوان بۆی نووسیبوون لە بارەی کارەکەی مندا کە دەڵێت: " سوپاست دەکەم دکتۆر لوقمان. ڕایەکت جوانە و مەعقوولە. بەڵام نازانم لۆ چەند فکر دەکەمەوە، قەناعەتم بەوە نیە ئەو ڕێگا نەرمە بە کەلکی لەتیف و تاقمەکەی بی. لایەنگرانی ئیستحمار کراون، بەو ڕێگا توندە بی یان بە ئوسلوبێکی نەرم؛ ئەوان بڕیاریان داوە کە هەر ئەو بتە بپەرستن. مادام هەر ئەوهایە، با پشتگیری محەمەد هەریری بکەین. کو قەومەکەی ئیبڕاهیم وەکو ئەو سەلەفیانەی ئێستا لە لایەن مەلا لەتیفەوە کەر کرابوون، بە دەستی نەمرووود کەر کرابوون؛ ئیبڕاهیم دیتی چارەی نیە، خەڵکەکە بەردەوامە لە ئیستحمار و بتپەرستی خۆی؛ چوو بە قازمەی بتەکانی شکاند. محەمەد هەریریش شتێکی لەو بابەتە کرد. ".

محەمەد هەریری
٢٠١٦/٤/٢٢

# عەبدوللەتیف سەلەفی

## سەردانی رابەری گشتیی بزووتنەوە دەکات[16]

د.عەبدوللەتیف ئەحمەد ناسراو بە عەبدوللەتیف سەلەفی، کەسایەتی ناسراو و رێبەری سەلەفییەکانی کوردستان، رۆژی هەینی 4-11-2016 لە شاری سلێمانی، سەردانی شێخ عیرفان عەلی عبدولعەزیز، رابەری گشتیی بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستانی کرد. بزووتنەوەی ئیسلامی راگەیێندراوێکی لەبارەی سەردانەکە بڵاوکردووەتەوە و رایگەیاندووە "لە سەردانەکەدا جەخت لەسەر بەرەوپێشبردنی یەکڕیزی و هاوهەڵوێستی ئیسلامییەکان کرایەوە، بە سەرجەم لایەن و رەوتە سیاسی و ئاینییەکانەوە."

وەک لە راگەیێندراوەکەدا ئاماژەی پێدراوە، "لە کۆبوونەوەکەدا هەوڵەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی لە رێکخستنەوەی نێومالی ئیسلامییەکان بەرزنرخێندراون و، هەردوولا پشتگیرییان لە هەر پرۆژەیەک کردووە کە خزمەت بە رابوونی ئیسلامی بکات."

16 لەلایەن دەرباز سالح 4/11/2016 **رووداو – هەولێر**

# عەبدوللەتیف سەلەفی بۆ سەلەفییەکان:
# تفەنگ بە تاریکییەوە مەنێن

رۆژی هەینی عەبدوللەتیف ئەحمەد (سەلەفی) بە پێچەوانەی بیروباوەڕی سەلەفییەتەوە سەردانی بزوتنەوەی ئیسلامی کرد، ئەمەش لە کاتێکدایە، کە سەلەفییەکان حزبە ئیسلامییەکان بە موبتەدیع دادەنێن و سەرۆکەکانیشیان بە (کۆمەڵێک سەرە نەزان) ناو دەبەن.

رۆژی هەینی عەبدوللەتیف سەلەفی کەسایەتی دیاری سەلەفییەکانی کوردستان بە هاوڕێیەتی چەند کەسایەتییەکی تری سەلەفی سەردانی عیرفان عەبدولعەزیز رابەری گشتیی بزوتنەوەی ئیسلامیی کوردستانی کرد و لەبارەی پرۆژەی لێکنزیکبونەوەی ئیسلامییەکانی کوردستان وتووێژیان کردووە.

بزووتنەوەی ئیسلامی لە راگەیەندراوێکدا رایگەیاندووە، لە سەردانەکەدا جەخت لەسەر بەرەوپێشبردنی یەکڕیزی و هاوهەڵوێستی ئیسلامییەکان کراوەتەوە، بە سەرجەم لایەن و رەوتە سیاسی و ئایینییەکانەوە.

هەر لە کۆبوونەوەکەدا هەوڵەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی لە رێکخستنەوەی نێوماڵی ئیسلامییەکان بەرزنرخێندراون و هەردوولا پشتگیریبیان لە هەر پرۆژەیەک کردووە کە خزمەت بە رابوونی ئیسلامی بکات.

لەلایەن خۆیەوە عەبدوللەتیف سەلەفی لە پەیجی خۆیدا لە فەیسبوکدا رایگەیاندووە، لە سەردانەکەدا باس لەوەکراوە، تەرکیز بخرێتەسەر بڵاوبونەوەی ئیسلامێکی پاک دوور لە خورافیات و کاڵبونەوە و دەمارگیری حزبی.

عەبدوللەتیف سەلەفی لە نوسینەکەیدا ئاماژەی بە ئەوە کردووە، کە داواکارە خوای پەروەردگار دووریان بخاتەوە لە شیرک و بیدعەت.

هاوکات کامیل مەحمود وتەبێژی بزوتنەوەی ئیسلامی ئەم سەردانە وەرچەرخانێکی گەورە لەناوەندی ئایینی و ئیسلامی کوردستان ناو دەبات و ئەمەش دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی "یەکەم سەردانی برایانی سەلەفی کوردستانە لەسەر ئاستێکی بالآ بۆ بارەگایەکی ئیسلامی حزبی و شێوازێک لەدبلۆماسیەت و تەشریفاتی حزبی لەپێشوازی و بەڕێکردن و کۆبوونەوەدا بە دیمەنەکەوە دیاربوو، جگە لەوێنەگرتن و مامەڵە میدیاییەکەش".

# *رای سەلەفییەکان لەسەر حزبە ئیسلامییەکان

ئەم سەردانەی عەبدوللەتیف سەلەفی لە کاتێکدایە، کە پێشتر سەلەفییەکان حزبە ئیسلامییەکانیان بە بیدعەچی و سەرۆکەکانیان بە سەرە نەزان ناو دەبرد، وەک لە نامیلکەی (لە بنەماکانی بیروباوەری ئەهلی سوننەت و جەماعە خۆشویستنی زانایان و بە چاک باسکردنیانە) لە لاپەڕە 21-22دا هاتووە، بەمجۆرە باسی حزب دەکات، "حیزبیەکان دێن کۆمەڵێک سەرەنەزان بۆ خۆیان و خەڵکی دادەنێن(وەکو...!!!) ئەنجا دەکەونە پیاهەڵدان و گەورە دەربرین و وەسف کردنیان بە چەندین وشەی زل و ڕەونەقدار وەکو(بانگخواز و بیرمەند و شەهید و پسپۆر لە بواری"!...

هەر لە بەشێکیتری ئەو نامیلکەیەدا باس لەوە کراوە، کە "حیزبایەتی ئەوە پێویست دەکات کەوا بیدعەچییەکان بکرێن بە پێشەوا و خەڵکی شوێنی قسەکانیان بکەوێت و چاو لە کردەوەکانیان بکەن، وە ئەوانە بکرێن سەرمەشق و چاولێکراو، دەبێت قسە و پابەندکردن و ئاراستەکردنیان ملکەچی بۆ بکرێت ئەگەر چی پێچەوانەی حەقیش بێت، وە ئەوەش پشت شکێنەرە"....

هەروەها لە کتێبی (حیزبایەتی لە رووانگەی قورئان و فەرموودە) لاپەڕە 7 هاتووە "دروست نییە لە ئیسلامدا چەند حیزبێک هەبێت".

# *رەخنەی سەلەفییەکان لە سەردانەکەی عەبدوللەتیف سەلەفی

هاوکات لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و لەسەر ئەو پەیامەی عەبدوللەتیف سەلەفی بڵاویکردووەتەوە رەخنەی توندی لێدەگیرێت و یەکێک لە ئەوانەی کۆمێنتی لەسەر پەیامەکەی عەبدوللەتیف سەلەفی کردووە بناوی شاهۆ کەمال نوسویەتی، "هەڵەیەکی زۆر گەورەت کرد بەم کارە من خۆم لە چەندەها وتاری خۆت گوێم لێ بووە کە ئەو کارە جائیز نییە ئەی خۆت بۆ کردت".

هەروەها یەکێکیتر بە ناوی محەمەد داود لە عەبدوللەتیف سەلەفی پرسیوە "هەست ناکەیت ئەم کارەت پێچەوانەی وتەکانی پێشوتە؟؟ کە ئەمەش بۆ کەسایەتیەکی دیاری وەک ئێوە جێگەی تێڕامانە"!

یەکێکیتر بە ناوی باوکی عائیشە کۆمێنتێکی بە زمانی عەرەبی بۆ نوسیوە، کە فەتوایەکی شێخ عەبدولعەزیز بن باز یەکێک لە رێبەرە سەلەفییەکانی عەرەبستانە و تێیدا هاتووە، "سەردانکردنی بیدعەکاران وەک هۆگری و خۆشەویستی دروست نییە، بەڵام ئەگەر بۆ ئامۆژگاری کردن و بەئاگاهێنانەوەیان لە بیدعە بێت دروستە".

لە وەڵامی ئەو کۆمێنتانەدا عەبدوللەتیف سەلەف سەرسوڕمانی خۆی دەربڕیوە و نوسیویەتی "سەیرە! کەسانێک بێ عیلم بە بەڵگەو بێ عیلم بە واقع قسە دەکەن و حوکم دەدەن ".

هەروەها نوسیویەتی "بێ بەڵگە دەڵێن دکتۆر هەڵەی کرد لەسەردانەکەی لەکاتێکدا ئاگایان لەم ئایەتەی قورئان نیە کە خوای گەورە دوو پێغەمبەری ناردووە بۆلای فیرعەون، جا کە چون بۆلای کافر دروست بێت ئایا بۆلای موسڵمانێک دروست نیە ؟! ئاگاشیان لە واقعی سەردانەکانی من نیە نازانن من بۆچی ئەچم و چی ئەڵێم یەکسەر تفەنگ ئەنێن بە تاریکیەوە".

میللەت پرێس

# ئەوەیە دجال الدجاجلة
# تۆ لەسەر مێبازی دەرکراویت هەی دەجال

بڕوانە ئەو هەموو گەمژەیەی گوێی بۆ ڕادەگرن بەبێ دەنگی!!
کەسێک پیاوێک لێی ڕاست نابێتەوە پێی بڵێت هەی دەجال خۆ تۆ لەسەر بەرگری کردن لە دین دەرنەکراویت تا وا ئەو ئایەتانە بکەیتە بەڵگەی خۆت؟!

کاتی خۆی مرۆڤێکی ئاسایی چاوی بڕیبایە ناموسی ژنی مێردار، خەڵک نەفرەتی لێ دەکرد، لە بیرمە منداڵ بووم لە گەڕەکی ئێمە شتێکی وا ڕوویدا، ئەو مێبازە کوڕیش بوو نەک سێ ژنی هەبێت، ئینجا وا تڕۆ کرا بوو کەس سەلامیشی لێ نەدەکرد!!

هەتا بەرگەی نەگرت و گەڕەکەکەی جێ هێشت. ئەوانەی لەو مزگەوتە دانیشتوون گوێ بۆ داوێنپیس و مێبازێکی وەک ئەو دەجالە دەگرن، ڤایرۆسی سەلەفیەت شەرەفیشی لێ زەوتکردوون و غیرەتیشیانی کردۆتە پارویێک دەرخواردی سەگی داوە .

وەرە لە سلێمانی ئەو هەموو خەڵکە وا بێ هۆش و گەمژە کرا بێت، کە لە چاو شارەکانی تر دەڵێن وریا و زرنگترن، ئەی دەبێت ئەو ڕەوتە ڤایرۆسە چی پێ بکرێت لە هەولێر و دهۆک و کەرکوک؟!

محەمەد هەریری
29/5/2016

# لە نێوان رووداوی الافک و فەزیحەتەکەی عبداللطیف دا

بێگومان ئەو چیرۆک و رووداوانەی کە لە قورئاندا هاتوون هەموویان بۆ وەرگرتنی عیبرەت و پیادە کردنیانە لە ژیانی رۆژانەماندا ، خۆ ئەگەر ئێمە و موسڵمانێکی ئاسایی نەتوانین دەرک بە هەموویان بکەین و بۆمان پیادە نەکرێت لە ژیانی رۆژانەماندا ، ئەوا ئەبێت ئەوانەی کە خۆیان بە پێشەوا و زانا و شێخی ئەم دینە ئەزانن ئەوا زۆر لە ئێمە وردتر و زۆر تر و چاکتر سوودی لێ ببینن و پەیرەوی بکەن و ئێمەش لانی کەم چاو لەوان بکەین:

١- ئەو رووداوەی غبداللطیف هێشتا نەگەیشتۆتە بوهتانی زینا کردن ، بەڵام رووداوی الافک بوهتانی زینا کردن بوو

٢- شێوێنکەوتەکانی عبداللطیف هەموو بە یەک دەنگ و بەبێ بەڵگە و بە دواداچوون ئەو بوهتانەیان رەد کردەوە و مەعصومی یەتیان دا بە پێشەوا و شێخەکەیان ،بەڵام چ پێغەمبەر وە چ باوکی عائیشە مەعصومی یەتیان نەدا بە عائیشە و داوای راست و دروستی رووداوەکەیان ئەکرد

٣- هیچ کام لە مەلا و شێخ و مورید و قوتابی و شوێنکەوتەکانی سەلەفی یەت داوای تەوبە کردن و راستی رووداوەکەیان لە غبداللطیف نەکرد ، بەڵام پێغەمبەریش و باوکی عائیشەش داوای تەوبەیان لە عائیشە ئەکرد

٤- خوای گەورە لەسەر روداوی الافک هاتە وەڵام و ئایەتی دابەزاند و بووە شاهید ، بەڵام رووداوەکەی عبداللطیف هەردی صەلاح و هەڵکەوت زاهیر هاتنە وەڵام و رەدکردنەوەی بەڵگەکان

٥- لە دوای دابەزاندنی ئایەتی ناسراو بە الافک و چەسپاندنی بێ تاوانیدایکە عائیشە ، عائیشە تەنانەت لەسەر داوای باوکی رازی نەبوو سوپاسی پێغەمبەر بکات کە هاوسەریشی بوو وە فەرمووی من تەنها سوپاسی خوا ئەکەم ، بەڵام غبداللطیف لە یەکەم چاوپێکەوتندا سوپاسی هەڵکەوت زاهیری کرد کە رەددی بەڵگە دەنگی یەکەی داوەتەوە ،،،،،،

ئەمە لە کاتێکا ڕووداوەکە هەیە و وەک ئەڵێن غبداللطیف بە صولحێکی کۆمەڵایەتی یانە ژنەکەی مارە کردووە دوای بڵاو بوونەوەی فەزیحەتەکە ،،،،
کەواتە نە من و نە تۆ و نە دایکە عائیشە و نە هیچ سەلەفی و مرۆڤێک مەعصوم نین لە گوناح کردن و خۆشەویستیمان بۆ شێخ و پێشەواکانمان با نەماگەیەنێتە ئاستی شیخ و مورشید و پێشەوا پەرستی ، چونکە نە پێغەمبەر وە نە حەزرەتی ابوبەکر ئەوەیان نەکرد بۆ هاوسەر و کچەکەیان ،، برای سەلەفم ئێوەش وەک ئەوان وابن بەلای خۆتانەوە ئێوە سەلفین دوای ئەو پێشەوایانە کەوتوون...

برای سەلەفم مەڵێن بە چاوی خۆشمان ببیینین باوەر ناکەین ،
منیش باوەرناکەم بەڵام هەموو شتێک قابیل بە بوون و ڕوودانە ،
ئیسلام بەم ڕووداوانە لەکەدار نابێت ئەوە خۆمانین لەکەدار ئەبین
بمبورن سەرتانم ئێشاند

نزار سالّح
24/4/2016

# کابرایەکی ئیسلامی سەرسام بە سیناریۆی فیلمی هیندی و تیۆری پلانگێڕی شەرقی!!

باسی مؤامەرەی من وکاک سەربەستی مامی چاوان دەکات، بۆ خستنە تەڵەی عبداللطیف!
هههههه ئەو قس پێکەنین هێنەرە وسیناریۆ هیندیە نە کاری منە و نەبە کاری کاک سەربەست یش دەچێت.

من کاک سەربەست بەس لە فەیسبوک دەناسم وگفتوگۆی فیکریمان لەسەر چەند بابەتێکی دینی وفیکری کردوە، دوایی بەینمان نەما لەبەر هەڵچوونی ئەو و منیش تا ڕادەیەک. بەس بۆ خوا دەڵێم کەسێکی ڕاستگۆ و بێ فرت و فێڵە و بۆیە ئەوەی گووتی لەمەڕ کەیسەکەی عبداللطیف و برازاکەی، باوەڕی میسالیانەی خۆی بوو، نەک مؤامەرەی کوفری عالەمی. بۆیەش من توند وەڵامم نەداوە.

لەبەر نابوێری و هەلومەرجی تۆقێنەرانەی کوردستان من باسی ئەو بابەتەم کرد، نەک لەبەر ئەو قسە بێ بنەمایەیانەی ئەو برادەرە دەیکات.
ئەو نووسینە لاوازە لەلایەن پێنج شەش برادەر بۆم هات بۆیە وەڵامم دایەوە، دەنا زۆر لەو بێ ناوەڕۆک ترە وەڵامی دەمەوە.

محەمەد هەریری

10/5/16

# بەشی نۆیەم
# کاردانەوەی سەلەفیەکان و مەدخەلییەکان

## لەتیف لە تەتبیعەوە بۆ تەبدیع

سیروان ئەشقەر دێتە سەر خەت!

هەر بەو بۆنەوە سیروان ئەشقەر، کە لەتیف بە سیروان الابتر ناوی دەنێت، کەسایەتیەکی سەلەفی مەدخەلی مونافیسی عەبدللەتیفی مەدخەلییە، لە پێگەی خۆی لە ئینتەرنێتدا لەسەر ئەو سەردانەی کوڕەکانی عەبدوللەتیف سەلەفی بەیانێکی بڵاوکردوە بە ناونیشانی: (بۆ کوڕانی دکتۆر ئەبو حەق و یاوەرانیان... لە خوا بترسن)

پوختەکەی دەڵێت پاش سەردانی کوڕەکانی عەبدوللەتیف سەلەفی بۆلای ڕەبیع مەدخەلی لە مەدینە، بلاویان کردوە کە شێخ ڕەبیع تەزکیەکی نوێی باوکیانی کردوە وبەرگری لێکردوە وەک منیش لە وتاری ڕابردوو ئاماژەم پێدا. سیروان دەڵێت: لەبەر بەرگری مەدخەلی لە عەبدوللەتیف سەلەفی، دوو ڕۆژە باوکمان شێخ ڕەبیعی مەدخەلی دووچاری هێرشێکی زۆر بۆتەوە لە تانە وتەشەر وجوێن، وێنەشیان پەیدا کردوە نازانم لە کوێ؟! [ههە وادەزانێ گوگڵ خوا خەلقی نەکردوە!]

ئینجا دەڵێت ودەپرسێت: ئایە کاتێ چوونە لای شێخ ڕەبیعی مەدخەلی، ئەو هەقیقەتانەتان پێ گووت:

گوتتان  باوکتان بوومەلەرزەیەکی دروست کرد بووۆ هۆی هەژانی کۆمەڵگای کوردی موحافیزکار ودیندار؟!

ئایە کاتێ چوونە لای شێخ ڕەبیعی مەدخەلی پێتان گووت باوکتان بووە هۆی شێواندنی ناوی دەوەی سەلەفی وسەلەفییەکان بە تەوای؟
پێتان گووت باوکتان ژنێکی لە مێردی هەڵگێڕاوەتەوە بە دانپێدانانی خۆی لە تۆمارگەیەکی دزەپێکراودا؟

پێتان گووت باوکتان دانی بە هەقیقەتی پەیوەندیە ڕۆمانسیە دزەپێکراوەکانی هێناوە، ئەو دەنگانە دروستکراو نەبوون پێش مارەکردنیش بوون؟
پێتان گووت باوکتان ئێستا شەرعیەت دەدات بە گفتوگۆی غەرامی نێوان نێر ومێ ئەگەر بە ئامانجی هاوسەرگیری بێت، وەک خۆی دانی پێدا هێنا لە دانپێداهێنانی؟
پێتان گووت باوکتان چ جۆرە قسەیەک دەکات لەگەڵ ئەو ئافرەتە داماوە لە تۆمارە دەنگیەکانی، کە شەرم دەکەین بیڵێین؟

پێتان گووت کە مامی ئافرەتەکە (وابزانم باوکیەتی) چۆن هەڵشاخا بە باوکتان و پایە وڕیشی سپی بە بیرهێنایەوە، کە کچە مناڵکارەکەیان متمانەی پێکردوە وایزانیوە ئەهلی دین و متمانەیە! هاتۆتە لای بۆ ئەوەی کێشەیەکی هەبوو [لەگەڵ مێردی] بۆی چارەسەر بکات؟!
پێتان گووت باوکتان بووە هۆی خۆپیشاندانی خەڵک بۆ قەدەغەکردنی باوکتان لە وتاردان، کە ناچار بوو پاشەکشە بکات لەدوا ساتدا و لە ژێر فشاری خەڵک یەکێکیتری دانا؟!
پێیتان گووت باوکتان بوە هۆی ئەوەی مزگەوتەکە گەمارۆ بدرێت بە هێزی ئاسایش ودژەتیرۆر، وەک بڵێی مزگەوتێکی تەکفیرییەکان و حزبییەکانە کە هەمیشە کێشە و نائارامی وپشێوی سیاسی دروست دەکەن؟!

پێتان گووت کە باوکتان دەعوەتی سەلەفی ولاوانی سەلەفی خستۆتە هەڵوێستێکەوە کە ئێرەییان پێ نابردرێ، بە جۆرێک بوینەتە گاڵتەجاری خەڵک لە فەرمانگەکان و زانکۆکان و کۆمپانییەکان و بازاڕەکان...خەڵک گاڵتە بە سەلەفییەکان دەکات...بوینەتە بابەتێکی چەور بۆ میدیا وئینتەرنێت، بوینەتە جێگای پێکەنین و گاڵتەجاری خەڵک....بەخوا دیسان بەخوا هەندێ لە برایان لەماڵەوە دەرناچن تەنها بۆ پێویستی وزەرورەت نەبێ...ئای لە پێخۆشبوونی

سۆفیەکان و ئیخوانییەکان و تەکفیرییەکان و حەدادییەکان بە حاڵمان [ئەوەی پێیدەگوترێ وەک ئەوە نییە کە بە چاوی خۆی دەیبینێ!]

پێتان گووت کە هونەرمەندان و دەرهێنەران دەیانەوێ فیلمێک ساز بکەن لەسەر موغامەراتی ڕۆمانسی باوکتان؟!"

ئەوە بەشێکی گەورەی ئەو وتارەیە کە سیروان ئەشقەر نوسیتی لە ٢٠١٦/٦/١٦ بڵاویکردوە. لە وتارەکە بە ئاشکرا قەبارەی ئەو ڕووداوە دیارە کە بە فەزیحەتی عەبدوللەتیف سەلەفی دەستی پێکرد و بە تێکشکانی کۆی دەعوەی سەلەفی لە کوردستان کۆتایی هات...

وەرگێڕانی

محەمەد هەریری

# یەکێک لە ڕابەڕی سەلەفیەکان ڕوونکردنەوەیەک لەسەر قەزیەکەی عەبدوللەتیفی سەلەفی دەدات

سنور میدیا

باوکی حارث یەکێکە لەڕابەری سەلەفییەکان،و لەسەر قەزیەکەی عەبدولتیف قسە دەکات و دەڵێت ئەویش مرۆڤەو هەڵە دەکات.

باوکی حارث لەپێگەی تایبەتی خۆی نووسیویەتی : بۆ بەرچاوڕوونی بینیم لەهەندێ سایت ناوی مامۆستا عبد اللطيف بە ڕێبەر یان ڕابەری سەلەفیەکانی کوردستان هاتوە بێگومان ئەوە نە لەنزیک لە لەدوور بڕوای سەلەفی نیە کە کەسێک ڕابەرو ڕێبەری بێت.

دەشڵێت : زۆر بەسادەیی لەبەر ئەوەی سەلەفی بوون حیزبایەتی نیەو حیزبیش نین ئەوەشی حیزبایەتی بکات سەلەفی نیەو ڕاستگۆ نیە لەبانگەشەی سەلەفی بوونی.

ڕوونیشی دەکاتەوە : سەلەف : پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم و صەحابەکان رضي الله عنهم (سەلەف) ی ئێمەن.

سەلەفی : شوێنکەوتەی ڕاست و دروستی پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم و صەحابەن رضي الله عنهم و بەرینە لەهەموو گروپ وحیزب و تاقمێک لە ڕێگای ئەوان لایاندابێ.

ئاماژە بەوەش دەکات : وە کەسێک بەڕاستی شوێنی پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم بکەوێ و لە ڕێبازی صەحابە رضي الله عنهم لانەدات ئەوە سەلەفیە ئەگەریش بەخۆی نەڵێ سەلەفی، وە کەسێکیش ڕاستگۆ نەبێ لە شوێنکەوتنی بۆ پێغەمبەرو صلى الله عليه وعلى اله وسلم وصەحابەکان رضي الله عنهم و دوای

گروپ وحیزبی سیاسی و تەریقەتی داهێنراو بکەوێ ئەوە سەلەفی نیە ئەگەریش بەخۆی بلێ سەلەفی!

دووپاتیشی دەکاتەوە : سەلەفیەکان بانگەشە بۆ دواکەوتنی شەخس ناکەن هەموو کەسیش بەقابیلی هەڵە ئەزانن لە غەیری پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم بۆیە هەڵەی هیچ کەس نابێتە بار بەسەر مەنهەجی سەلەفی بەڵکو هەر کەسێک هەڵە بکات هەڵەکەی ڕەت ئەکەینەوە وە بەرگری کردنیش لە ئەهلی حەق و پاراستنی ناموسی موسڵمانانیش بە واجبێکی شەرعی ئەزانین.

دەشڵێت : مامۆستا عبد اللطيف مامۆستایەکی بەڕێزە وەکو هەر مامۆستایەکی دیکەیە مرۆڤە هەڵە ئەکات وڕاست نە سەرۆکی حیزبە نە کەسی سەلەفی بە سەرۆک و ڕابەرو ڕێبەری دەزانی هەر چەندەی بەڕێزیش بێ ڕێزەکەی بە علم و دەست گرتنی بەسوننەتەوەیە نەک بە پلەی حیزبی و سەرۆک بوونی!

لەکۆتایشدا ڕایدەگەیەنێت، ئەو کەسانەش کە دەیانەوێ لە ڕێی لەکەدار کردنی مامۆستایەک دژایەتی ئیسلام بکەن ئاسنی سارد ئەکوتن چونکە دینی ئیسلام پێشی ئەوان وبە دڵنیایی دوای ئەوانیش هەر ئەمێنێ بە سەرکەوتویی و دوژمنەکانیشی هەر ڕیسواو زەلیلیان بۆ ئەمێنێتەوە.!

# سیاسەتی تەتبیعی عەبدوللەتیف سەلەفی

ئینجا هەر دوای ئەو ڕیسوا بوون و ڕووداوانە، عەبدوللەتیف سەلەفی نەیدەزانی چۆن خۆی تەسویق کاتەوە، بۆیە هەموو کارێکی دەکرد بۆ ئەوەی کەمێک خەڵک لەبیری بچێتەوە، هەتا ئەو کارانەشی دەکرد کە پێشتر خۆی دژیان بوو! بۆ نمونە دەیگووت نابێ هەتا سەلام لە حزبی وموبتەدیع کەیت کەچی خۆی سەردانی بزوتنەوە و پێشوازی علی باپیر و چەندین کاریتری دەکرد.

کێشەی ئەو پیاوە ئەوەیە زۆری خواردوە لەو بازرگانیەتەی دین و دەستی لێ بەرنابێت بە ئاسانی. ڕاستە خەڵکی کورد یادەوەری لاواز و کورتە بەس تا ئەو ڕادەیەش نا، وا بە ئاسانی کردەوە چەپەڵەکانی لە بیر بکات. ڕۆژێک وتار لەسەر پێشمەرگە دەدەیت تا وەزعەکە سروشتی کەیتەوە! ڕۆژێکی تر دەچیتەوە سەر مینبەر بە نایاسایی! ڕۆژێکی تر سەردانی حزبۆکە ئیسلامیەکان دەکەیت، سەرەڕای سەدان وتارت هەیە لەسەر بیدعەبوونی حزبی ئیسلامی و حەڕامی سەلام لێکردنیشیان!

بەس وەک تەڵەکەبازێکی کارامەی عەقڵی شوێن کەوتوەکانی بیانوویان بۆ ئەوەش بۆی هێناوەتەوە، کە سەردانەکەی لە بۆ باسکردنی کاروباری دەعوە و بڵاوکردنەوەی ئیسلامێکی پاکی وەک خۆیەتی! ئەی بۆ پێش سکاندالّەکە ئەو جۆرە سەردانانەی نەدەکرد؟!

هەموو کارێکت لە پێناو تطبیع و سروشتی کردنەوەی وەزعی خۆیەتی!
خەتای خۆشی نیە خەتای هیچ لەباری بەرامبەرەکانیەتی، کە ناوێرن بەرگری لە کەرامەتی خۆشیان بکەن! خەتای ئەو مامۆستا ئیسلامیەکانی پەیمانگا ئیسلامیەکەیەتی کە تا ئەو ساتەش بۆیان داپۆشیوە!

خەتای ئەو علی باپیرەیە کە تازە فەزیحەکە ڕویدابوو لە جیاتی ڕەخنەی لێ بگرێت لە ماڵەوە سەردانی کرد بۆ پشتگیری لەسەر باتڵ! خەتای ئەو سەرکردە ئیسلامیانەیە کە بۆیان داپۆشیت، و ئێستاش سەردانیان دەکاتەوە و پێشوازی لێ دەکەن بۆ سپی کردنەوەی ڕووی ڕەشی. ئەخر خۆشیان دەیان فەزیحەتی وایان هەیە لێیان ناگیرێت .

هەتا حزبە بەناو عەلمانیەکانیش بۆیان پەردەپۆش کرد، بۆ گلەیی لە حزبۆکەیەکی ئیسلامی بکەین کە یەک مەنجەڵ دۆڵمەی تورکمانەکان بەشیان دەکات؟!
هەر نەبا دوو سێ ساڵ بێ دەنگ بایت، تا لەبیر میللەتی زاکیرە کورتی کورد دەچوەوە، بەو پەلە پەلەیەت قەت بیرمان ناچێتەوە!

محەمەد هەریری/ 25/11/2016

# ئەنجامی پێچەوانەی سیاسەتی ئاسایی کردنەوە!

بەڵام ئەو سیاسەتەی تەتبیع وئاسایی کردنەوەی مەلا لەتیف نەک هەر نە بووە چارەسەر، بەڵکو زیاتر خەڵکی سەلەفی مەدخەلیەتی لیَ هاندا، وسەدان ڕەخنەی لێگیرا لەلایەن دۆست وئەندامی خۆی و هەتا شیخ ومەشایخی مەدخەلیش لە سعودی وعەرەبەکان وهەتا کوردەکانیش.

ئەوەبوو عەبدوللەتیف سەلەفی بە پێچەوانەی هەڵوێستەکانی پێشووی لە دژایەتی حزبی وسیاسییە ئیسلامییەکان، و بە هاوڕێیەتی چەند کەسایەتییەکی تری سەلەفی سەردانی عیرفان عەبدولعەزیز رابەری گشتیی بزوتنەوەی ئیسلامیی کوردستانی کرد و گوایە لەبارەی پرۆژەی لێکنزیکبونەوەی ئیسلامییەکانی کوردستان وتووێژیان کردووە.!

بزووتنەوەی ئیسلامی لە راگەیەندراوێکدا رایگەیاند، لە سەردانەکەدا جەخت لەسەر بەرەوپێشبردنی یەکڕیزی و هاوهەڵوێستی ئیسلامییەکان کراوەتەوە، بە سەرجەم لایەن و رەوتە سیاسی و ئایینییەکانەوە.

هەواڵەکان دەیانگووت هەر لە کۆبوونەوەکەدا عەبدللەتیفی مەدخەلی هەوڵەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی لە رێکخستنەوەی نێوماڵی ئیسلامییەکان بەرزنرخاندووە و هەردوولا پشتگیرییان لە هەر پڕۆژەیەک کردووە کە خزمەت بە رابوونی ئیسلامی بکات.!

لەلایەن خۆیەوە عەبدوللەتیف سەلەفی وەک پاکانەیەک لە پەیجی خۆیدا لە فەیسبوکدا رایگەیاند، لە سەردانەکەدا باس لەوەکراوە، تەرکیز بخرێتەسەر بڵاوبونەوەی ئیسلامێکی پاک دوور لە خورافیات و کاڵبونەوە و دەمارگیری حزبی.

هاوکات کامیل مەحمود وتەبێژی بزوتنەوەی ئیسلامی ئەم سەردانە وەرچەرخانێکی گەورە لەناوەندی ئایینی و ئیسلامی کوردستان ناو دەبات و ئەمەش دەگێڕێتەوە بۆ

ئەوەی "یەکەم سەردانی برایانی سەلەفی کوردستانە لەسەر ئاستێکی باڵا بۆ بارەگایەکی ئیسلامی حزبی و شێوازێک لەدبلۆماسیەت و تەشریفاتی حزبی لەپێشوازی و بەڕێکردن و کۆبوونەوەدا بە دیمەنەکەوە دیاربوو، جگە لەوێنەگرتن و مامەڵە میدیاییەکەش". هەر بۆیەش ئەو کامیل مەحمودە لە بەرنامەیەکی کوردساتدا بە ڕاست ودرۆ بەرگری لە فەزیحەکەی عەبدوللەتیف سەلەفی دەکرد وسەد تیۆری پلانگێڕی دەهێنایەوە بۆ بەدرۆخستنەوەی سکاندالەکە!

ئەم سەردانەی عەبدوللەتیف سەلەفی لە کاتێکدایە، کە پێشتر خۆی و شاگردە سەلەفییەکانی حزبە ئیسلامییەکانیان بە بیدعەچی و سەرۆکەکانیان بە سەرە نەزانەکان ناو دەبرد لە کتێب و نامیلکەکانیاندا.

بۆیە عەبدوللەتیف سەلەفی دووچاری ڕەخنەی سەلەفییەکان بۆوە لەسەر سەردانەکەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و لەسەر ئەو پەیامەی عەبدوللەتیف سەلەفی بڵاویکردووەتەوە رەخنەی توندی لێگیرا.هەمووی ئاماژە بەوە دەکەن کە هەڵەیەکی زۆر گەورەی کرد بەو کارەی، چونکە عەبدوللەتیف سەلەفی لە چەندەها وتاری خۆی دەڵێت پەیوەندی کردن لەگەڵ ئیسلامییە حزبییەکان جائیز نییە ئەی بۆ خۆی ئەو کارەی کرد؟!

لە وەڵامی ئەو ڕەخنە و کۆمێنتانەدا عەبدوللەتیف سەلەفی بێزاری و سەرسوڕمانی خۆی دەربڕیوە و نوسیویەتی "سەیرە! کەسانێک بێ عیلم بە بەڵگەو بێ عیلم بە واقع قسە دەکەن و حوکم دەدەن ".

هەروەها نوسیویەتی "بێ بەڵگە دەڵێن دکتۆر هەڵەی کرد لەسەردانەکەی لەکاتێکدا ئاگایان لەم ئایەتەی قورئان نیە کە خوای گەورە دوو پێغەمبەری ناردووە بۆلای فیرعەون، جا کە چون بۆلای کافر دروست بێت ئایا بۆلای موسڵمانێک دروست نیە ؟! ئاگاشیان لە واقعی سەردانەکانی من نیە نازانن من بۆچی ئەچم و چی ئەڵێم یەکسەر تفەنگ ئەنێن بە تاریکیەوە".

باشه بەڵام ئەگەر وایه ئەی بۆ پێشتر ئەو سەردانانەی نەدەکرد بۆ لای ئیسلامییه حزبییەکان؟! بۆ له کاسیێتێکی دەنگی به یەکێک له سەلەفیەکان دەڵێت بۆت نییه هەتا سەلامیش له فلان کەس بکەیت چونکه حزبییه؟!

ئیتر که ڕەخنه له کردەوه هەڤدژ و نەسازەکانی زۆر بوو، وادیاره سکاڵاکان و هەقیقەتی هەڵەکان عەبدوللەتیف سەلەفی گەیشته لای شێخ ڕەبیعی مەدخەلی و باقی شێخەکانی مەدخەلیەت. ئەوانیش هێدی هێدی قسه و ڕەخنەی خۆیان ئاڕاسته دەکرد، لەسەر دەست تێکەڵکردنی لەگەڵ حزبییەکان و جەمعیەی احیاء التراث و کوێتی که لای مەدخەلییەکان گومڕان!

# شێخ ڕەبیعی مەدخەلی و شێخ عبید الجابری: عبدوللەتیف درۆزن و تەڵەکەباز و زیانبەخشە!

هەروەک ڕاماندیت، پاش ئەوەی عەبدوللەتیف سەلەفی ئەو فەزیحە گەورانەی کرد، سەرەڕای هەوڵێکی زۆریش بۆ سپی کردنەوەی ڕوخساری لە سەرەتادا، بەڵام دوایی زانیان کە ئەو پینەکردنە هیندە ئاسان نییە، بۆیە هێدی هێدی پشتیان بەردا. لە وتارێکی سەلەفیەکی مەدخەلی بە ناونیشانی: كشف اللثام عن وجه متعصبة أبي عبد الحق الكردي اللئام، لە نووسینی: أبو معاذ رائد آل طاهر، لە هەینی 2017/4/28 بڵاوبۆتەوە،

چیرۆکی ئەو نێوان تێکچوونەی نێوان عبداللەتیف و شێخانی مەخەلیەت بە درێژدادڕییەکی بێزارکەر باسکراوە، کە هەوڵ دەدەم کورتی کەمەوە لە خاڵە سەرەکیەکان:

یەکەم: لەلایەن خودی شێخی گەورەی مەدخەلیەت الشيخ ربيع ترۆ دەکرێت و دەڵێت: ((أبو عبدالحق أضر الدعوة السلفية وفرقها)). باوکی عبدالحق زیانی بە داوەتی سەلەفی گەیاندووە و پەرتەوازەی کردووە! هەروەها شێخ ڕەبیع خەڵکی لێ ئاگادار کردەوە لە خۆیی و دواکەوتوە دەمارگرژەکان و ئەوانەی بێ هەڵوێستن بەرامبەری، پاش ئاشکرابوونی کار و کردەوەکانی!

یانی کەسێکی زیانبەخشە و هیچیتر قبوڵیان نییە لە ڕیزەکانیان بمێنێتەوە و خۆی بەرزکاتەوە بە ستایش و تەزکیە کۆنەکانی شێخ ڕەبیعی مەدخەلی !

دووەم: هەروەها الشيخ عبيد الجابري دەربارەی دەڵێت: خوادەزانێ ئێستا عەبدوللەتیف بێتە لام، کە پێشتر تەزکیەم کردبوو، ئێستاش ئەو تەزکییە دەستاو خەڵکێکی زۆر دەیگوێزنەوە! دەرگای لێدەکەمەوە و داوای تۆبەی لێدەکەم وپێی دەڵێم: تۆبە بکە بۆ خوای گەورە..

(ويعلم الله أنه لو جاءني أبو عبد الحق عبد اللطيف بن أحمد الكردي – وقد زكيته في سالف عهده تزكية لا يزال يتناقلها كثير من الناس! – لو جاءني الآن لفتحت له بابي ولطلبت منه التوبة، وقلت له: تب إلى الله عز وجل، التوبة تجب ما قبلها، هذا مسلكنا بارك الله فيكم..... ئەوە لە فلان و فلان ڕوودەدات، ئامۆژگاری دەکەین، بەڵام ڕقمان لە سووربوونە لەسەر هەڵە، ئەگەر پیاوێ سوور بوو لەسەر هەڵە و تیایدا نقوم بوو، ئەوە لە من نییە و منیش لەو نیم، ئەوە تەڵەکەبازە و ئێمەش تەڵەکەباز قبوڵ ناکەین، ئەوە مەنهەجی ئێمەیە...

هذا يحصل من فلان وفلان، نناصحه، لكن نمقت الإصرار على الخطأ، إذا أصر الرجل على الخطأ وأصبح منغمسا فيه، نعم هو ليس مني ولست منه، هذا لعاب ونحن لا نقبل اللعاب؛ عرفتم هذا هو منهجنا)

ئینجا گووتی عبداللەتیف تا ئێستا درۆزنە لای ئێمە!
کە لێیان پرسی چۆن ڕەفتار بکەین لەگەڵی: گووتی: وازی لێ بێنن، ئەو درۆزنە، سەرلێشێواوە، یاریبازە، هەموو ڕۆژێ تاریکاییمان بۆ دەهێنێ نەک ڕووناکی!!
ثم قال حفظه الله: (عبد اللطيف كذاب إلى الآن عندنا).

ولما سئل حفظه الله بعد كلامه السابق: شيخنا ماذا نفعل معه الآن؟ قال :(اتركوه، فهو كذاب، ضائع، يتلاعب، كل يوم يأتينا بالظلمات لا بالنور.)

سێیەم: عەبداللەتیف سەلەفی بەو قسانە قەڵس بوو تۆمەتباری شێخ عبیدی کرد کە قسە لە خەڵکانێک وەردەگرێت هەقیقەتیان نازانێت وەک سیروانی وەچەبڕاو و درۆزن، و هوشیاری گەمژەی درۆزن، وحاجی تاڵیبی فتنەچی و ئیفتراکەر!

(والشيخ عبيد بنى حكمه على أخبار أناس لا يعرف حقيقتهم؛ مثل: سيروان الأبتر الكذاب، وهوشيار الأحمق الكذاب، وحجي طالب الفتان المفتري.)

تۆ بڕوانە هەمان جوێنی کافرەکانی قوڕەییشی دژی پێغەمبەر محمدی بۆ سیروان بەکارهێناوە کە پێیان دەگووت: الابتر یانی ئەوەی کوڕی نابێت و وەجاغ کوێرە!

چووارەم: عەبدوللەتیف کە زانی تازە فیلمی سوتاوە لای شێخانی مەدخەلیەت، دەستی بە هەڵمەتێکی توند کرد بۆ دژایەتی خودی شێخ ڕەبیعی مەدخەلی، وسووک کردنی لەلای ئەو قوتابیانەی خۆی کە ساڵانێکە لایان پفی دەدا! وەک لەو وتارە هاتوە، پاش بڵاوکردنەوەی وتەیەکی ساختەی الشیخ عبد المحسن العباد کە تانە لە شێخ ڕەبیع دەدات، عەبدوللەتیف کۆمێنتی ئەوەبوو: باشترە ئەو فەتوایانە بڵاوبکرێتەوە تا لاوان مەنهەجی زانایان بناسن، کە ئەوان لەسەر مەنهەجی شێخ ڕەبیع نین !!!

قال أبو عبد الحق معلقا: ( الأفضل أن تنشروا هذه الفتاوى حتى يعرف الشباب منهج العلماء وأنهم ليسوا على منهج الشيخ ربيع.)

پێنجەم: دەستیکردە جیاوازی کردن لە نێوان مەنهەجی مەدخەلی هەڵەی شێخانی مەدخەلی وەک [الشيخ ربيع والشيخ عبيد والشيخ محمد بن هادي والشيخ عبد الله البخاري] و مەنهەجی زانایانی ئەهلی عیلم! وەک [الشيخ الألباني والشيخ ابن عثيمين والشيخ الفوزان والشيخ اللحيدان] وپەسندانی بەسەر شێخانی مەدخەلییەت!

شەشەم: هەروەها لە ژێر چەندین ناوی خوازراودا دەستیکردە وەڵام دانەوەی شێخانی مەدخەلی، لە دوو وتاردا بە ناوێکی خوازراو [طالب علم عراقي] ، یەکەمیان بەناوی [رسالة مفتوحة إلى الشيخ ربيع/ وقفات مع تحذير الشيخ ربيع من العالم الفاضل أبي عبد الحق الكردي] دووەم بە ناونیشانی [لا يضرنا تخاذلكم ولا خلافكم ولا تكالبكم على شيخ د. عبد اللطيف الكردي حفظه الله؛ لأن الحق منصور والباطل مقهور]. تیایاندا ئەوپەڕی بێ ڕێزی دەکات بە شێخ ڕەبیع و شێخانیتر، بە شێخەکەی دەڵێت: شێخ ڕبیع و ناوی خۆشی دەنێت: العالم الفاضل ابي عبدالحق!!!

عبدوللەتیف کاری وا زۆر دەکات، لەبیرمە کاتی خۆشی لە سەروبەندی ئابڕوچوونەکەی ژن هەڵگەڕاندنەوەکەی، بە دەیان ناوی خوازراو جوێنی زۆر خراپی بۆ منیش دەنارد!

ئەوە چیرۆکی هەقیقی هەڵگەڕانەوەکەیەتی یان باشتر وڕاسترە بڵێین چیرۆکی دەرکردن و تڕۆکردنیەتی لەناو قەوارەی مەدخەلیەت، کە ئەمڕۆ دەیەوێ وای نیشاندا کە لە هەڵەکانی ئەوان هەڵگەڕاوەتەوە!!!!

محەمەد هەریری

٢٠١٨/١/١٣

# عەبدوللەتیف سەلەفی نانی شوانی خوارد!

دژایەتی عەبدوللەتیف سەلەفی دژی شێخی گەورەی خۆی، شێخ ڕەبیعی مەدخەلی گەیشتە ئەو ڕادەیەی بڵێت: "من لە ساڵی ١٩٨٦ شەرحی سێ بنچینەکەی [الاصول الثلاثة] ی محەممەدی کوڕی عەبدولوەهابم کردووە، کەچی شێخ ڕەبیع لە ساڵی ١٩٩٢ وازی لە ئیخوان موسلیمین هێناوە"[17]

ئەو ڕەخنەیەی عەبدوللەتیف سەلەفیش بەو توونديیە دوای ئەوە هات کەزانی شێخ ڕەبیعی هادی مەدخەلی و عوبێد ئەلجابری، لە چەند دانیشتنێکدا لەگەڵ چەند قوتابییەکی کوردی دینی سەلەفی بە ئاشکرا ڕەخنەیان لە عەبدوللەتیف سەلەفی گرتووە، و سەرزەنشتی ئەو کارانەی دواییان کردووە، بە تایبەتی بابەتەکانی وێنەگرتن و سەردانکردنی حزبی ئیسلامی، سەرەڕای فەزیحەتەکەشی کە دەنگدانەوەیەکی زۆری دایەوە لەلای شێخان و جەماوەری مەدخەلی.

بەلام شێخ رەبیعی مەدخەلیش وەلامی دایەوە و لە وەلامدا گووتی: "ئەو دەیەوێت فەزڵی خۆی بەسەرماندا بدات، من هیچ کاتێک ئیخوان نەبووم، ئەو ماوەیەیش کە لەگەڵیان بووم مەبەستم ئەوە بووە کە شارەزای ڕێبازی پێشینی چاکانیان بکەم، تێکەڵیان بووم بە مەبەستی چاککردنیان، پێش ڕووداوەکانی کەنداو ١٩٩٠ وازم لێ هێناون."

---

[17] = تانەلێدانی عەبدوللەتیف سەلەفی لە شێخ ڕەبیعی مەدخەلی:
https://www.youtube.com/watch?v=8GRaBlv80SE

وادیارە عەبدوللەتیف سەلەفی بە تەواوی لە شێخ ڕەبیع و باقی شێخانی مەدخەلیەت بێ هیوا ببوو، بۆیە ئەوەی بەسەر دەوی دادەهات نەیدەگێڕایەوە، پاش ئەوەی خۆی پەسنددا بەسەر شێخ ڕەبیع و گووتی من لە سەلەفیەت لە شێخ ڕەبیعیش کۆنترم، کاتێ من سەلەفی بووم شێخ ڕەبیع ئیخوانی بوو! ئەو جارە هێرشی تری بە هێزتری دەست پێکرد و لە نوسنێکدا وەسفی شێخ ڕەبیعی کرد وەک: إمام تجريح السلفيين الشيخ التقي الورع ربيع بن هادي المدخلي!!

ئیمامی تانەلێدەر لە سەلەفییان شێخی بە تەقوا و لە خواترس شێخ رەبیعی کوڕی هادی مەدخەلی! هەروەها لەو بڵاوکراوەیە شێخ ڕەبیع بە درۆزن دەردەهێنێ کە دەڵێ قەت ئیخوانی نەبووم، ئەو ماوەیەیش کە لەگەڵیان بووم مەبەستم ئەوە بووە کە شارەزای ڕێبازی پێشینی چاکانیان بکەم، تێکەڵیان بووم بە مەبەستی چاککردنیان، پێش ڕووداوەکانی کەنداو وازم لێ هێناون دەڵێت:

"فەزیلەتی شێخ خۆت لە چەندی جێگا لە کتێبەکانت نووسیوتە کە ئیخوانی بوویت بۆ ماوەی ١٠ ساڵ یان زیاتر چۆن دەتوانی نکوڵی لێ بکەیت؟! ئینجا چەندین دەقی ناو کتێبەکانی شێخ رەبیعی کوڕی هادی مەدخەلی دەهێنێتەوە کە لە یەکێکیان دەڵێت: " بەخوا دە ساڵم لە بەهاری تەمەن لەگەڵیان [واتە ئیخوان] بەفیڕۆ دا" " بەخوا کە چوومە ناو ئیخوان زۆربەی دەقەکانی سەحیحی موسلیمم لەبەر بوو، ئەگەر لەو ڕێگایە بەردەوام بام دەبوومە زانایەکی موحەدیس"

# تیغی سەلەفییەکان عەبدوللەتیف ئەحمەد دەبڕێت

لەبەیاننامەیەکدا ڕائید ئالتاهیر کە سەلەفییەکی عیراقییە، دەڵێت "باوکی حەق- عەبدوللەتیف ئەحمەد- دەستبەرداری مەنهەجی سەلەفی بوەو پەیڕەویی لە بنەماکانی ئەهلی مومەیع دەکات و تانەی لە هەردو شێخ ڕەبیع و شێخ عوبێد- خوا بیانپارێزێت- داوە.

بە تەنها قسەکردن لەسەر شێخ ڕەبیع مەدخەلی بەس بو بۆ ئەوەی سەلەفییەکان جامی توڕەییان بەسەر عەبدوللەتیف ئەحمەد سەلەفی کەسایەتیی ناسراوی سەلەفییەکانی کوردستان بڕێژن.
ئەوان تۆمەتباری دەکەن بەوەی تانەی لە شێخ ڕەبیع و عوبێد جابری داوە کە دو مەزنەڕێبەری سەلەفی مەدخەلین.

بەیاننامەکەی ڕائید ئالتاهیر دەڵێت: "ئەو ئامۆژگاریی زانایان و قوتابییانی زانستە شەرعییەکانی وەرنەگرت کە چەند جار ئاگاداریان کردەوە، بۆیە ئامۆژگاریی زانایان و گەنجانی سەلەفی دەکەین بە دەستبەرداربونی".

لە ئێستادا سەلەفییەکان بەسەر هەردو بەرەی مەدخەلی و حەلەبی دابەش بون، یەکەمیان لە لایەن ڕەبیع کوڕی هادی مەدخەلی و دوەمیشیان لە لایەن عەلی حەلەبی ڕێبەریتی دەکرێن، هەردوکیان لە جیهانی ئیسلامیی هەواداریان هەیە و ململانێیەکی سەختیش لە نێوان ئەو دو ڕەوتە هەیە، کوردستانیش بەدەر نییە لەو ململانێ نێوخۆییەی سەلەفییەکان، حەلەبییەکان لە لایەن نەیارانیانەوە بە مومیع واتە شلّڕەو ناو دەبرێن، ئەوانیش مەدخەلییەکان بە حەدادی ناوزەد دەکەن.

هەرچەند عەبدوللەتیف ئەحمەد تەزکیەی شێخ ڕەبیع و چەندین زانای ناو ئەو ڕەوتەی هەیە، بەڵام لە ئێستادا بە هۆی ڕەخنەگرتنی لە شێخ ڕەبیع مەدخەلی و عوبێد جابری کەوتوەتە بەردەم تیغی قەڵەمی ڕەوتی مەدخەلی، بە شێوەیەک کە چەندین بەیاننامەیان لەسەر دەرکردوە و وتاریان لەسەر نوسیوە، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی تویتەر و فەیسبوک بەردەوام ڕەخنەی لێ دەگرن، خودی ڕەبیع مەدخەلییش چەندجار قسەی لەسەر عەبدوللەتیف ئەحمەد کردوە، کە هەوادارانی لە سایت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەقی قسەکانیان بڵاو کردوەتەوە، لە وەڵامی پرسیارێکدا دەربارەی عەبدوللەتیف دەڵێت:

"دەستبەرداری مەنهەجی سەلەفی بوە کە پێشتر لەسەری بو، درۆزنە، لێی دور کەونەوە، وەڵامی هەر کەسێکی ئەهلی باتڵ بدەنەوە لە ڕافزی، سروری و ئیخوانەکانی وەکو ئەبو عەبدولحەق"، بە وتەی لایەنگرانی کە وتەکانیان بڵاو کردوەتەوە، شێخ ڕەبیع ئەم قسانەی لەماڵی خۆی لە میوانداریی ژمارەیەک سەلەفی عێراقی کردوە لە (2017/4/30).

هەر لەو چوارچێوەدا ڕۆژی (19نیسانی2017) ژمارەیەک قوتابی سەلەفی شاری کەرکوک کە زیاتر لە (15) کەس بون لە کاتی گەشتی عومرە سەردانی شێخ ڕەبیع دەکەن لە ماڵی خۆی، بەشداربوانی ئەو میوانداریيە بڵاویانکردوەتەوە کە شێخ ڕەبیع ئاگاداری کردونەتەوە لە عەبدوللەتیف و شوێنکەوتوەکانی، داواشی لێ کردون ئاگاداری ئەوانە بکەنەوە کە تا ئێستا هیچ هەڵوێستێکیان نییە بەرامبەری و ئەگەر بەردەوام بون لە مانەوەیان بەو شێوەیە ئەوا پەیوەندی بپچڕینن لەگەڵیان، هەروەها وتوشیەتی "گومانم هەیە سەرچاوەی دارایی عەبدوللەتیف ئەحمەد (جمعیە التراث) بێت".

ئەبو عومەر مەشهەدانی، کە کەسایەتییەکی سەلەفی عێراقییە، لە ئەژماری خۆی لە تۆڕی کۆمەلایەتیی تویتەر باس لە ناوەڕۆکی دیدارێکی خۆی و شێخ ڕەبیع مەدخەلی دەکات و نوسیویەتی "شێخ ڕەبیع ئامۆژگاری کردم کە سڵاوی بگەیەنم بە سەلەفییەکانی عێراق بە گشتی و برایانی هەرێمی کوردستان بە تایبەتی، ئامۆژگاریشی بۆ هەموان ئەمەبو:

١- ترسی خوای گەورەیان هەبێت.

٢- واز لە ناکۆکیی نێوانیان بێنن و سەرقاڵبن بە بانگەوازکردن بۆ مەنهەجی سەلەفی.

٣- شانبەشانی یەک وەڵامی لادانەکانی عەبدوللەتیف کوردی بدەنەوە و بۆ هەمو خەڵکی ڕون بکەنەوە.

٤- نەرمی بنوێنن بەرامبەر ئەوانەی واز لە عەبدوللەتیف سەلەفی دەهێنن و هەڵە عەقیدەیی و مەنهەجییەکانی ئەوی بۆ ڕون بکەنەوە".

عوبێد جابری کە کەسایەتییەکی دیاری تری سەلەفی مەدخەلییە لە سعودییە، هەڵوێستی خۆی دەربارەی عەبدوللەتیف ئەحمەد لە چەند شوێنی جیاواز دەربڕیوە، ئەو دەڵێت "عەبدوللەتیف پیاوێکی درۆزنە، فێڵبازە و بە هیلاک چوە، هەمو ڕۆژێک تاریکی دێنێت نەک ڕوناکی، هۆکاری پەرتەوازەیی شوێنکەوتوانی سەلەفە لە عێراق و کوردستان". سەبارەت بە شوێنکەوتوەکانیشی، عوبێد جابر دەڵێت "من دەموت ئەوەی لەگەڵ عەبدوللەتیف بو و بەرگری لێ دەکرد و شتی بۆ نوسی نەرم بن لەگەڵیان و لە کاتی گەڕانەوەیان لە خۆیان بگرن، بەڵام ئێستا دەڵیم پێویستە لەسەریان ڕاوبۆچونیان ڕونبکەنەوە بەرامبەر عەبدوللەتیف". لە دوایەمین هەڵوێستیشدا جابری دەربارەی لایەنگرانی عەبدوللەتیف دەڵێت "پێویستە ڕاوبۆچونیان دەربارەی عەبدوللەتیف ڕون بکەنەوە، بە ئاشکرا تەوبە بکەن لەسەر ئەوە و دان بە هەڵەکانیاندا بنێن".

هەڵبەتە جابری تاکە کەس نییە کە داوای تەوبەی ئاشکرا لە عەبدوللەتیف و شوێنکەوتوانی دەکات، بەڵکو چەندین کەسایەتی سەلەفی لە ناوخۆ و دەرەوەی کوردستان هاوهەڵوێستن لەمەڕ ئەو بابەتە، لەوانە: ڕائید ئالتاهیر، هۆشیار ئەحمەد چەمچەماڵی، سیروان ئەشقەر، جبرائیل بابان، دانا عەبدوڵلا، عەبدولکەریم قەیتولی، یوسف ڕەشید.

هەر دەربارەی تەوبەکردنی شوێنکەوتوانی عەبدوللەتیف ئەحمەد، سەلەفییەکان پرسیار لە عەبدوڵلا بن سلفیق ئەلزوفەیری دەکەن کە زانایەکی سەلەفی سعودییە، لە پرسیارەکەدا هاتوە: ئەو کەسانەی لەگەڵ عەبدوللەتیف ئەحمەدن، کاتێک حاڵی دەزانن و دەستبەرداری دەبن، ئایا لەسەریان پێویستە تەوبە بنوسن و ئاشکرای بکەن و پۆزش بێننەوە تا تەوبەکەیان قبوڵ بکرێت؟ ناوبراو لە وەڵامدا دەڵێت "هێندە بەسە کە برایانمان واز لە عەبدوللەتیف بێنن و بگەڕێنەوە بۆ قسەی زانایان دەربارەی ئەو، بەتەنها دەستبەرداربونی بەسە بۆ تەوبەکردن، ئەمە مەنهەجی پێشینە باشەکانمانە، هەروەک لە سەردەمی هاوەڵان چەندین کەس لە خەواریج وازیان هێنا و بە تەنها دەستبەرداربونیان بەس بو بۆ تەوبە".

لەناو سەلەفییە کوردەکانیش کەم نین ئەوانەی دژی عەبدوللەتیف وەستاونەتەوە، ئەوانەی پێشتر ناویان هێنرا زۆرترین کاردانەوەیان بەرامبەر عەبدوللەتیف ئەحمەد نواندوە، (یوسف ڕەشید) کە یەکێکە لەو کەسایەتییانە دەڵێت "عەبدوللەتیف و دەستوپێوەندەکانی وەکو حەلەبی و دەستوپێوەندەکانی قسەیان لەسەر شێخ ڕەبیع کردوە، هیچ نامۆ نییە کە باڵندە لە هاوشێوەکانی دەچێت" .ناوبراو لە شوێنێکی تردا دەڵێت "هەرکەس بەرگری لە حەلەبی بکات و تانە لە شێخ ڕەبیع و شێخ عوبێد بدات وەکو حەلەبی وایە!".

ڕائید ئالتاهیر، کە سەلەفییەکی عێراقییە بەردەوام لە دژی عەبدوللەتیف ئەحمەد لە چالاکیدایە، ئەو بە ئاشکرا سوپاسی چەند کەسایەتی سەلەفی کورد دەکات کە ڕۆڵی بەرچاویان هەبو لە ڕونکردنەوە و وەڵامدانەوەی هەڵەکانی عەبدوللەتیف ئەحمەد، ئەمەش عەبدوللەتیف ئەحمەدی نیگەران کردوە و لە تویتەر لە بارەی ڕائید ئالتاهیر دەنوسێت "ئەی ڕائید کەعبی، سوێند بە خوا پێت دەڵیم، تۆ و هاوشێوە تێکدەرەکانت لەناو گومڕاییەکی ئاشکرادا دەبینم، سوپاسی خوا دەکەم ڕزگاری کردوم لەوەی ئێوەی تێدان". ئەو هەڵوێستانەی خرانەڕو ئاماژەن کە ململانێی نێوخۆی سەلەفییەکانی کوردستان، بەراورد بە پێشتر لە هەڵکشانی بەردەوامدایە، دور نییە ئەم ناکۆکییەی نێوانیان لە داهاتودا پەرتبونی زۆرتری ڕیزەکانی سەلەفی لێ بکەوێتەوە.

ئیدریس سیوەیلی

سەرچاوە: ڕۆژنامەی ئاژانس

# دەقی وازهێنانەکەی عەبدوللەتیف سەلەفی ڕێبەری سەلەفیەکانی کوردستان، لە ڕێبازی "مەدخەلی:"

بەناوی خودای کار لەجێ

زانراوە خۆشەویستی و شانازی کردنی من بە هەندێ لە مشایخ بۆ ماوەی چەند ساڵێک و سور بوونی من لە سەردانی کردنیان و ڕاوێژ پێکردنیان و ئۆقرە بوون بە بۆچونیان ، بەڵام بۆم ڕوون بوویەوە بە فەزلی خوای گەورە کە اسلوب و شێواز مامەڵەکردنی جگە لەوان وەک ئیبن باز و ئەلبانی و ئیبن عثیمین و فەوزان و للحێدان و عەباد باشترە لە هی ئەوان، گومانیش لەوە نیە کە ئەم کەڵە پیاوانە زاناتر و بەبەزەیی ترن وە ریبازی ئەوان لە مامەڵەکردن بەسوودترە بۆ ئیسلام و سوننەتیش، وە ئەمەش وای لێکردم کە ڕێڕەوەی خۆم بگۆڕم لە هەندێ ئیجتیهاداتی ئەوانی تر و بێمە سەر ڕێڕەوەی ڕاست و دروستەکەی کە زۆرینەی زانایانی ئەهلی سوننەی لەسەرن وە کۆکیشن لەسەر گەورەیی و پێشەنگی ئەو کەڵە پیاوانەی باسمکردن وە هاوکاری و یارمەتی پەروەردگاریش لەگەڵ گشتی دایە و گەڕانەوەش بۆ حەق و ڕاستیەکان گەورەییە ، سوپاس بۆ خودای هەموو جیهان.

د. عبداللطیف أحمد

تێبینی: خوای گەورە شیخی ئیسلام ئیبن تەیمیەی کردە هۆکار بۆ ابن القیم و سوودی لێی بینی ، منیش پەروەردگار فەتوای ئەو گەورە زانایانەی کردە دەروویەک بۆ زیاتر ڕۆشنی ڕێگام ئەو فەتوایانەی کە لە پەرتووکەکەم (منهج العلماء أهل السنة ...) کۆم کردۆنەتەوە، بینیم لە قسەکانیان ڕووناکی و بەزەیی و چاکەکاری و سور بوون لەسەر کۆکردنەوەی ئەهلی سوننە و لێک نزیک کرنەوەی دڵکان و ئامۆژگاری بۆ تێکڕای موسڵمانان و ڕەدانەوەی سەرپێچی کار بەچاکترین شێوە.

# دەقەکەی بە زمانی عەرەبی:

بسم الله الرحمن الرحيم

أقول مستعينا بالله:

معلوم محبتي واعتزازي لبعض المشايخ من سنين وحرصي على زيارتهم واستشارتهم والاستئناس برأيهم، ولكن تبين لي والفضل لله أن اُسلوب غيرهم من العلماء كابن باز والألباني وابن عثيمين ومقبل والفوزان واللحيدان والعباد أفضل وهم لا شك أعلم وأرحم وطريقتهم أنفع للإسلام والسنة ، وهذا جعلني أعدل عن اجتهادات أولئك وأسير على المنهج السلفي المبني على الكتاب والسنة بفهم سلف الأمة و الذي عليه جمهور علماء السنة المتفق على جلالتهم وإمامتهم ، ويد الله مع الجماعة ، والرجوع الى الحق فضيلة والحمد لله رب العالمين .

د.عبداللطيف أحمد

(١) أتاح الله لابن القيم شيخ الاسلام ابن تيمية
وأتاح الله لي فتاوى العلماء السلفيين الذين ذكرتهم وجمعتها في كتابي (منهج علماء أهل السنة...) فرأيت في كلامهم النور والرحمة والإصلاح والحرص على جمع كلمة أهل السنة وتأليف القلوب والنصح لكل مسلم والرد على المخالف بالتي هي أحسن

وبالله التوفيق

دابڕان

# رابەری باڵی مەدخەلییەکانی ناو بانگەوازی سەلەفییان: هەڵوێستی خۆی لەبارەی عەبدل لەتیف سەلەفی ڕاگەیاند

پاش ئەوەی چەند سەلەفی لە هەرێمی کوردستان بۆ پاڵپشتیکردنی عەبدولەتیف سەلەفی سەردانی شێخ رەبیع بن هادی ئەلمەدخەلی رابەری باڵی مەدخەلییەکانی ناو بانگەوازی سەلەفییان لە شاری مەدینەی سعودییە ، و ناوبراو ، دەڵێت : هەر کە ئەو هەواڵەم بیستووە وتم پاکی و بێگەردی بۆ خوا، ئەمە بوختانێکی زۆر گەورەیە، پیلانێکی دوژمنانەیە."

بەپێی نوسراوێکی ئەو مامۆستایانە ، هاتووە ، ئێمە کە کۆمەڵی براین سەردانی شێخی پایە بەرز شێخ ربیعمان کرد خوای گەورە بیپارێزێت لە شەوی یەکشەممە ورێکەوتی 2016/5/14 دوای نوێژی عیشا لە ماڵی خۆی لە شاری مەدینە ، بۆیە شێخ ربیع پرسیاری مامۆستا عبدالتلەتیفی کرد وهەواڵی تەندروستی پرسی وپرسیاری کرد سەبارەت بەم فیتنەیەی ئیستای لەکوردستان هەیە."

بەپێی نوسراوی ئەو مامۆستایانە پێشتر کەسانێک سەردانی ئەو شێخەیان کردووە، بەڵام "شێخ گوێی نەگرتووە بۆ قسەکانیان" بەو پێیە بێت ئەو کەسانە دژی عەبدولەتیف سەلەفی قسەیان بۆ شێخەکە کردووە.

بەپێی نوسراوەکە شێخ رەبیع پێی ڕاگەیاندوون"هەر کە ئەو هەواڵەم بیستووە وتم پاکی و بێگەردی بۆ خوا، ئەمە بوختانێکی زۆر گەورەیە، پیلانێکی دوژمنانەیە."

بەپێی نوسراوەکە،مامۆستاکان ئاگاداری شێخ رەبیعیان کردۆتەوە کە هەندێک لە بانگخوازانی ڕازی سەلەفی خۆیان لە عەبدوللەتیف بێ بەری کردووەو ئەویش لەوەڵامدا وتوویەتی "ئامۆژگارییان دەکەم بەوەی تەقوای خوا بکەن و داوای لێ بوردن بکەن بۆ ئەو هەڵوێستەیان.

بەپێی نوسراوەکە شێخ رەبیع داوای کردووە کە ئەم ووتانەی بڵاوبکەنەوە.

رەبیع بن هادی ئەلمەدخەلی زانایەکی ئاینی سعودییە و مامۆستای زانکۆیە لە شاری مەدینەی عەرەبستانی سعودی. ناوبراو بە رابەری باڵی مەدخەلییەکانی ناو بانگەوازی سەلەفی دەناسرێت لە سعودیەو ولاتانیتری ئیسلامی و ئەم باڵە پەیوەندی زۆریان لەگەڵ دەسەلاتدارانی سعودیە هەیەو رکابەریی زۆریان لەگەڵ حیزبە ئیسلامییەکان هەیە بەتایبەت کۆمەڵی ئیخوان .لە چەند ساڵی رابردوشدا چ بە نوسراو و چ بە پەیامی دەنگی رەبیع مەدخەلی ستایشی کارەکانی عەبدوللەتیف سەلەفی کردوە، هەر ئەمەش وایکردوە پێگەی بەهێز بێت لەناو مامۆستا سەلەفییەکانیتری هەرێمی کوردستان

ناوی ئەو مامۆستایانەی سەردانەکەیان کردووە بریتین لە

-1عبدالحق عبدلتلەتیف ئەحمەد
-2محەمد سەباح مجید
-3صالح احمد صالح
-4جمیل محمد حسن
-5صلاح الدین عبداللگیف احمد -عبدالله -
کۆمەڵیکی تر لەقوتابیانی عیلم

سنور میدیا

15/5/2016 05:58 PM

# لێکترازانی مەدخەلییەکانی کوردستان

مەدخەلیزم، لقێکە لە داری سەلەفیزم و خۆیان بە پارێز و هەڵگری کتومتی ئەو ڕێبازە لە قەڵەم دەدەن. ڕەوتی مەدخەلیزم هەرچەندە لە دەستپێکیدا بە پاڵپشتیی دەسەڵاتدارانی ئەو کاتی سعوودییە و بە هێزی پترۆدۆلار و زەمینەلەباریی ئەو ناوچەیە گەشەی کرد و و بڵاو بووەوە، بەڵام لە ئێستا بەرەو لاوازی و پووکانەوە هەنگاو دەنێت، هەرچەند تا هەنووکە لەم هەرێمەدا حزووریان هەیە و بە چڕییش لە چەند ناوچەیەک خەریکن بانگەشە بۆ ئەو ڕەوتە دەکەن، ئاخر ئەم هەرێمە وەک چۆن لە شتەکانی تردا جیاوازە ئاواش لە پراکتیزەکردنی بابەتە شەرعییەکان و هەڵێنجانی حوکمەکانیدا فرە جیاوازە.

ڕەوتی مەدخەلی بەراورد بە جێگەکانی تر لە دوای ساڵی (2003)وە لەسەر دەستی بانگخواز و کەسایەتی دیاری سەلەفییەکان (د. عەبدوللەتیف) لە هەرێمی کوردستان بڵاوبوویەوە. ناوبراو هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرایە لە زمانی عەرەبی و فیقهی ئیسلامیدا، پاش بە دەستهێنانی بەکالۆریس لە زانکۆی موستەنسرییە لە بەغداد، دەگەڕێتەوە بۆ دەڤەری چوارقوڕنە، ماوەیەک مومارەسەی پیشەی مامۆستایی دەکات، بۆ سەروەختێکیش لەنێو ڕیزەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی ئەو وەختە حزوری دەبێت.

پاش کۆتاییهاتنی شەڕی ناوخۆ، ناوبراو و چەند هاودیدێکی بە گوتەی خۆیان سەردانی یەمەن و چەند وڵاتێکی تر دەکەن، بە مەبەستی وەرگرتنی زانستی شەرعی . لە دەنگییەکدا تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە بە گوتەی خۆی بۆ وەرگرتنی زانستی شەرعی لای کەسایەتی دیاری سەلەفییەکانی یەمەن (شێخ موقبیل ئەلوادعی) و قوتابخانەی (دەمماج) ماوەتەوە، بە وتەی (موحەممەد حەسەن کاکە) کە هاوسەفەری ناوبروا بووە، لە کتێبێکی قەبارە مامناوەنیدا، کە ڕەخنە لە ژیانی زانستی دکتۆر دەگرێت، بە ناونیشانی (ڕۆشنکەرەوەی بەرچاوانی دەروێشگەلێکی کوێر) ئەم قسانەی هاوڕێبازەکەی ڕەتدەکاتەوە و دەڵێت "ناوبروا جگە لە پشووی وەرزەکان کە لە سێ

مانگ تێپەڕی نەدەکرد، هیچ کات لە ماوەی ئەو دوو ساڵەی کە لە یەمەن ماوەتەوە ئامادەگی وانە شەرعییەکانی (شێخ موقبیل) نەبووە"، دواترش دکتۆر وەڵامی دایەوە، هەروەها دکتۆر لە دەنگییەکدا بە ناڕاستەوخۆ ئاماژەیەکی بچووک بەم قسەیەی هاوڕێبازەکەی دەکات و هەندێ بیانوو دەهێنێتەوە.

بەهەرحاڵ بە هۆی زیتەڵی و وریایی دکتۆر خۆی و پەیبردن بەو بۆشاییەی کە حزبە ئیسلامییەکان فەرامۆشیان کردبوو، خوێندنەوەی عەقڵییەتی شوێنکەوتووانی ڕێبازی سەلەفیزم و نەبوونی کارەکتەرێکی کاریگەر لە نێویاندا، هاوکات بەهێزی تەقلیدی سەلەفییەکان بۆ شێخەکانیان، ناوبروا توانی دەست بەسەر کۆی ئەو بانگەوازەدا بگرێت و بە شێوەیەک هەڵی سوڕێنێت کە لە بەرژەوەندی خۆیدا بشکێتەوە، لێرەویش توانی جەکەرە بە تۆوی مەدخەلیزم بکات و بانگەوازێک بە کوردستان ئاشنا بکات کە خاوەنی چەندین تایبەتمەندی ناجۆرە، لەوانە: کۆمەڵگە بەسەر دوو ڕەنگی ڕەش و سپیدا دابەشدەکات و بۆشاییەک ناهێڵنەوە بۆ لێکتێگەیشتن و پێکەوەژیان نەک لەگەڵ هزرە جیاوەزەکاندا بەڵکو ئامادەییان تێدا نییە لەگەڵ ئەو خەڵکانەشدا هەڵبکەن کە بانگەشە بۆ بێداربوونەوەی ئیسلام دەکەن، ڕێبازێک نەک هەر نەیتوانی تاکەکانی بە شێوازێک پەروەردە بکات کە هیچ نەبێ ڕاستگۆ بێت لەگەڵ ئەو دروشمانەیدا کە بانگەشەی بۆ دەکردن لە :یەکتاپەرستی و پاککردنەوەی پەرستش لە بیدعە و خورافیات، بەڵکو بوویە مایەی سەرئێشە بۆ کۆمەڵگە و تێکدانی ئاشتی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی تەبدیع و تەخوین و تەفسیق و تەکفیری تاکەکانی کۆمەڵگەوە.

سەرەتا ناوبراو بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو بانگەوازەدا و کەویکردنی مامۆستایانی، زۆرینەی ئەو بانگخوازانەی لە دەوری گۆڤارێک کۆکردنەوە، بە ناوی (ڕێگای ڕاست) وەک ئاماژەیەک بۆ تەواوێتی و بێ پێچ و پەنایی ئەم بانگەوازە تازەیە، ناوبروا خۆی بووە خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەری و هەموو بابەتەکانی دیکەش بە فلتەری ئەودا گوزەریان دەکرد لەم دەستپێکەوە ناوبراو توانی لێزانانە و بە هێواشی بەڵام کاریگەر برەو بەو بیرە تازەیە بدات و هەموو قسە ڕۆیشتوانی سەلەفییەکانیش لە دەوری مێزەکەی خۆی کۆبکاتەوە.

ئەو کەسانەش کە بە جۆرێک لە جۆرەکان ملیان بۆ جێبەجێکردنی داواکارییەکانی ناوبروا نەدەدا و بە ئاوازی ئەو نەدەجوولانەوە و سووکە ڕەخنەیەکیان لە ئیشوکارەکانی دەگرت، ناوبروا پاڵپشت بە سوپایەک لە عەقڵییەتی دۆگما و بە ناو مامۆستایانێکی نەشارەزا لە واقیع و کەم زانست لە شەرعدا و لە ژێر ناوی پاراستنی مەنهەجی پاکی سەلەفییەتدا ئەو خەڵکانەیان وەدەردەنا و دووریان دەخستنەوە.

# کۆمەڵگە و مەدخەلییەت

مەدخەلییەکان دیدێکی تایبەتیان هەیە بۆ کۆمەڵگە، بە تێڕوانینی مەدخەلییەکان کۆمەڵگە دابەشبووە بەسەر ئەم سێ چینەدا: هەڵگرانی مەنهەجی سەلەفییەت کە مەبەستیان (مەدخەلییەت)ە، موبتەدیع کە مەبەستیان حزب و ڕەوت و ڕێکخراو کۆمەڵە ئیسلامییەکانە. کافر کە مەبەستیان ڕێباز و فەلسەفەکانی ترە جگە لە دوو خاڵەکەی پێشوو.

دوای ئەوەی دکتۆر عەبدوللەتیف لەژێر بیانووی پاکڕاگرتنی ڕێبازی سەلەفییەتدا ئەم بانگخوازانە: محەممەد مەلا فایەق و ئەحمەدی مەلا فایەق لە سلێمانی و مەلا بەهمەن لە کەلار و مەلا شادمان لە دووزخورماتوو و مەلا عەبدولکەریمی چوارقوڕنە و شێخ ئەبوو

مەناری عەلەمی و مەلا کامەرانی هەولێر و شێخ حەمدی سەلەفی ... تاد دەرکرد، هەلبەت دەرکردنی ئەم خەڵکانەش تەنیا لەو پێناوەدا بوو، کە پێش ئەوەی ئەوان پلانەکە لە ناوبراو تێکبدەن و نەهێڵن کارەکانی سەربکەوێت دووریان بخاتەوە، چونکە دەیزانی ئەو کەسایەتییانە ئەگەر مەبەستیان بێت دەتوانن لە هەر کاتێکدا بێت ڕێگری لێ بکەن و پیلانەکەی هەڵبوەشێننەوە، بەڵام ناوبراو دەستپێشخەری کرد و هاوکیشەکەی لە بەرژەوەندی خۆیدا هەڵگێڕایەوە، بەم هۆیەشەوە مەیدانەکە بە تەنیا لە یەک کەسدا قەتیس بوو، هەروەها خەڵکانێکی لە دووروبەر مایەوە کە ملکەچ و گوێڕایەڵی تەواویان بۆی هەبوو، کە لە هەر ساتێکدا بیویستایا دەیتوانی بە ئاسانترین شێوە بە کاریان بهێنێت و بەکردەوەش بەکاریهێنان.

بانگەوازی مەدخەلیزم تا ساڵی 2013 جگە لە هەندێک وردە کێشە کە شایەنی باسکردن نین، توشی هیچ دابەشبوون و لێکترازاندنێکی بەرچاو نەبوویەوە کە کاریگەری لەسەر شوێنکەوتوونی مەدخەلیزم جێبهێڵێت، بەڵام لە دوای دروستبوونی کەناڵی ئامۆژگاری کە زمانحاڵی مەدخەلییەکان بوو لە ڕابردوودا بەڵام هەنووکە کەمێک (جیاوازترە) بە دیاریکراویش لە دوای دەرکەوتنی (مەلا هاوڕێی قیامەت)ەوە، مەدخەلییەکان تووشی پارچەپارچەبوون و لێکترازاندن و تا ئەندازەیەکیش لێکهەڵوەشاندنەوە بوونەوە، هەروەها جیاوازی تێڕوانینیان بۆ قسەی زانایان و کێشمەکێشم و ناکۆکییەک بوونەتەوە کە تا نووسینی ئەم ڕاپۆرتەیش بەردەوامی هەیە.

# دابەشبوونی مەدخەلییەکان بۆچی؟

مەدخەلییەکان کۆی مەنهەج و پەیڕەو و تێڕوانینیان لەسەر ئەم دوو پایە بنیادناوە، کە بە هیچ شێوەیەک لە شێوەکانی مەجالی سازش و ڕێکەوتنی تێدا نییە:

١- دژایەتیکردنی سەرجەم حزب و ڕەوت و گرووپ و جوڵانەوە و ڕێکخراو و کۆمەڵە ئیسلامییەکان لەم سەرزەمینە، بە بیانووی ئەوەی ئەمانە کۆمەڵگای موسڵماننشین پارچە پارچە دەکەن و بیدعە و خورافیات بڵاودەکەنەوە.

٢- گوێڕایەڵی و ملکەچبوونی تەواوێتی بۆ دەسەڵاتداران، بە بیانووی ئەوەی ئەمانە (وەلی ئەمر)ی خەڵکین، ئەگەر هاونیشتمانان موسڵمان بوون دەڵێن ئەو دەسەڵاتدارانە وەلی ئەمری شەرعیین، ئەگەر دانیشتووانەکەش زۆرینەیان موسڵمان نەبوون، ئەوە هەر دەسەڵاتدارەکان وەلی ئەمرن، بەڵام وەلی ئەمری دنیایی نەک شەرعی، بە مانا ئیدارین و کاری خەڵکی ڕایی دەکەن. هەروەها بە گوتەی خۆیان پێویستە موسڵمانانیش سەد لە سەد گوێڕایەڵ و ملکەچی بڕیارەکانی دەسەڵاتداران بن بە مەرجێ لە سنووری شەرعدابن، بەڵام لە ڕاستیدا لە غەیری ئەوەشدا هەر فەرمانبەرییان دەکەن و دەستباریانن، بە بیانووی بەرژەوەندیی بانگەواز و ڕێگریکردن لە نانەوەی ئاژاوە و فیتنە و خوێنڕشتن.

دەرکەوتنی مەلا هاوڕێ لەو کەناڵەوە، دەچووە چوارچێوەی خاڵی یەکەمەوە، کە بە بۆچوونی مەدخەلییەکان مەلای ناوبراو کەسێکی حزبییە، بە لۆجیکی مەدخەلییەکان کەسی حزبی با لە حزبێکی ئیسلامیش بێت و باسی گەڕانەوە بۆ شەرع و بانگەواز بۆ ئیسلامیش بکات، بەوپێیەی بەیعەتی حزبی لە گەردنیدا موبتەدیعە و موستەحەقی دۆزەخە، بۆیە ئەم ڕووداوە هاوێنای زەمینەلەرزەیەکی بەهێز ناخی هەڵگرانی ئەو ڕێبازەی هەژاند و بە وتەی خۆیان تووشی فیتنەی کردن.

بەوتەی ئەو خەڵکانەی کە دژی ئەو دەرکەوتنەی مەلا هاوڕێ بوون، ئەو کەناڵە وێنای ڕێبازی بێخەوشی سەلەفییەت دەکات و بە هیچ جۆرێک نابێت ببێت بە مینبەرێک بۆ دەرکەوتنی خەڵکانی حزبی با بە خۆشیان نەڵێن حزبین! بەوپێیەی لە پێشتردا لە ناو حزبێکی ئیسلامیدا کاریان کردووە و بە ئاشکرا تەبەڕڕای خۆیان ڕانەگەیاندووە، هەر بە حزبی و موبتەدیع هەژمار دەکرێن.

لێرەوە مەدخەلییەکان کە بانگەشەی سەلەفییەت و قورئان و فەرموودە دەکەن پارچەپارچە بوون و بەسەر چەندین گرووپ و ئاڕاستەی جیاوازدا دابەشبوون، وەلێ ئەوەی جێگەی سەرسووڕمان لەسەر وەستانە هەر یەکە لەم گرووپانە خۆیان بە مووریدی و شوێنکەوتووی ڕاسەقینەی ڕەبیع کوڕی هادی مەدخەلی (کە هاوکات کەسی یەکەمی ئەو ڕەوتەیە لە جیهانی ئیسلامیدا) دەزانن، سەیرە خەڵکانێک خۆیان بدەنە پاڵ کەسێک و بە بێ ڕێنمای ئەو دەست بۆ هیچ کارێک نەبەن و تێڕوانینەکانی شێخەکەیان بە وتە دەقەییەکان (اقوال النصیه) هەژمار بکەن، کەچی توشی لێکدابڕانێک بن کە بە هیچ شێوەیەک نەتوانن لەگەڵ یەکدا هەڵبکەن!

دوای ئەم دابڕان و دابەشبوونە، دکتۆر عەبدوللەتیف توانی ئەو خەڵکانەی کە بەشێکی مەدخەلییەکانیان پێکدەهێنا و دژایەتی دکتۆر و هاورێکانیان دەکرد، لە مەدخەلییەت دەربکات و نازناوی (حەددادیان) بخاتە پاڵ، لە ڕێگەی موریدەکانیشیەوە سێ کتێبی لەسەر دەرکردن، بە تایبەت لە سەر مەلا هوشیار چەمچەماڵی و سیروان ئەشقەر و... تا، کە بە ئاشکرا دژایەتی دکتۆریان دەکرد و کارەکانی ناوبراویان بەر نەشتەری ڕەخنە دەدا، بە تایبەت مەلا خۆی بە هاوشانی دکتۆر هەژمار دەکرد، کە لە ڕاستیشدا وا نەبوو، چونکە پێشتر مەلا یەکێک بوو لە قوتابییەکانی دکتۆر، لای سەرانی مەدخەلیش ناسراو نەبوو!

کە خاڵی دووەمیان مەرجێکی سەرەکییە بۆ کەسێک بیەوێت بە گوتەی خۆیان بە ناوی زانایانەوە بپەیڤێت، بەڵام دەبێت لای ئەو خەڵکانە ناسراو بێت و لە لایەن ئەوانیشەوە تەزکییە کرابێت و جێگەی متمانە بێت! دکتۆر هەموو ئەمانەی تێدا بوو بۆیە وا بە سانایی توانی ئەو خەڵکانەن و هاوئاوازەکانیان لە ڕەوتی مەدخەلی دەربکات. ئەگەر بێت و بابەتی (ژنهێنانەکەی) دکتۆر کە لە کاتی خۆیدا هەڵایەکی

گەورەیی نایەوە و بۆ ماوەیەک بوو بە ویردی سەرزاری بەشێکی زۆری ئەم هەرێمە، لەم سەری ڕاستەوە بۆ ئەو ئەو سەری چەپ، کاریگەری بەرچاوی کردە سەر ناو و ناوبانگی دکتۆر وەک سەری هەرەمەکە و بانگەوازی مەدخەلیش، چونکە دکتۆر وێنای ئەو ڕەوتەی دەکرد، ئەوا ڕووداوەکان بە ئاقارێکی تردا دەڕۆیشتن .کە بە تێڕوانینی بەندە لە خزمەتی دکتۆردا دەبوون[18]!

18 بێباك عەبدوڵلا، ئاژانس، 05/03/2018

# ڕەوتی مەدخەلی و حەلەبی و ڕەنگدانەوەی لەسەر سەلەفییەکانی کوردستان

ڕەوتی سەلەفی پاڵپشت لە دەسەڵات، لە جیهانی ئیسلامیدا بە سەر دوو ڕەوتی سەرەکیدا دابەش دەبن، ئەوانیش بریتین لە حەلەبی (مومەییع) و مەدخەلی.

مەدخەلی :ڕەوتێکە لە ڕەوتەکانی ئەهلی سوننەت و جەماعەت. بە بڕوای خۆیان بنچینەی مەنهەجەکەیان لە بەرپەرچدانەوەی ئاینزایی (مەزهەبی) و پارچەپارچەبوون و حزبایەتی بە ناوی دینەوە دامەزراوە، هەروەها ئەم ڕەوتە نوێیە لە چوراچێوەی ڕەوتە سەلەفییەکانی تر دێتە هەژماردن، ڕێبەرانی ئەم ڕەوتە بریتیین لە :ڕەبیعی کوڕی هادی مەدخەلی، عوبێد ئەلجابری و موحەممەد هادی مەدخەلی، هەمویان لە شاری مەدینە دەژین و لە مزگەوتێکدا وانە دەڵێنەوە بە ناوی (ڕەزوانییە).

حەلەبی :ئەمانیش لە ئێستادا بوون بە ڕەوتێکی ئیسلامی بەرچاو، کە چالاکییەکانیان لە بنکەی سەرەکییانەوە کە وڵاتی ئەردەنە دەست پێ دەکات و تا ئەورووپا و ئاسیای ناوەڕاست درێژ دەبنەوە، وەلێ لە پێشتردا ئەم ئاڕاستەیە پێیان دەگوترا قوتابییەکانی (ئیمام ئەلبانی) و ناوەندێکیان هەبوو بە ناوی (ناوەندی ئیمام ئەلبانی) و زیاتر خەریکی توێژینەوە و بوون لە بواری فەرموودەناسیدا، تواناکانی خۆیان بۆ جیاکردنەوە و هەڵاوێرکردنی فەرموودە سەحیح و لاوازەکان چڕ کردبووەوە، ڕێبەرانی ئەم ڕەوتەش بریتین لە: عەلی کوری عەلی کوری حەسەنی حەلەبی، مەشهوری کوری حەسەن، عەبدولعەزیم بەدەوی و سەلیمی کوری عیدی هیلالی، هەموویان دانیشتووی ئەردەنن.

# چل ساڵ کارکردن پێکەوە

ئەم دوو گرووپە لە سەرەتاوەوە وەک یەک تیمی تۆکمە و پەیوەست بەیەکەوە کارەکانیان ڕاییدەکرد، بە جۆرێک کە هەندێک جار عەلی حەلەبی کتێبێکی دەنووسی و ڕەبیعی کوری هادی مەدخەلی پێشەکی بۆ دەنووسی و بە پێچەوانەشەوە، زیاتر لە (40) ساڵ بۆ یەک مەبەست کاریان کردووە، کە بریتیبوو لە: دژایەتیکردنی حزبە ئیسلامییەکان، جیهادییەکان، ڕێکخراو، کەسایەتییە ئیسلامییەکان و دەزگا خێرخوازییەکان، بە پاساوی ئەوەی کە ئەم دەزگا و دامەزاوانە دەبنە مایەی پارچەپارچەکردنی ئومەتی ئیسلامی و کار بۆ بڵاوکردنەوەی توحید، نەهێشتنی شەریک بڕیاردان، بانگەشەکردنی سوننەت و لابردنی بیدعە ناکەن! هەروەها لە نووسراو و بڵاوکراوەکانیاندا دەیانوت "جیاوازی لە نێوان هاوکاریکردنی شەرعی و هاوکاریکردنی حزبیدا هەیە".

لە لایەکی تریشەوە کاریان دەکرد بۆ سەلماندنی ئەوەی کە دەسەڵاتدارانی وڵاتە موسڵماننشینەکان حاکمی شەرعی وڵاتن، وەلی ئەمری موسڵمانانن، بە هیچ جۆرێک نابێت بەرامبەریان هەڵگەڕێینەوە چ بە وتە بێت یاخود بە کردەوە وەک :خۆپیشاندان و شۆڕشکردن بەرامبەریان و ڕەخنەگرتن لێیان، جا لە سەر مینبەرەوە بێت، یاخود لە کۆڕ و دانیشتنەکاندا بێت، هەر کەسێکیش ئەم کارانەی بەرامبەریان ئەنجامدایە بە خەواریج و دەرچوو لە دین تۆمەتباریان دەکرد و خوێن وماڵیشیان حەڵاڵ دەکرد!

# جیاوازییە مەنهەجی، یان گەورەکردنی ناکۆکییەکان؟

لە ڕاستیدا زۆرینەی جیاوازییەکانی ئەم دوو ڕەوتە، لە سەر ئەو بابەتانەیە کە تایبەتن بە بوارەکانی زاراوەکان و گێڕەرەوەکانی زانستی فەرموودەناسی، ئەمەش وەک زانایەکی ڕەوتی سەلەفی بە ناوی (سالح فوزان) دەڵێت "ئێستا سەرقاڵانی ئەم زانستە لە گۆڕدان". وەک ئاماژەیەک بۆ کۆتاییپێهاتنی ئەو خەڵکانەی کە سەرقاڵی لێکۆڵینەوە بوون لەو کەسانەی کە فەرموودەیان دەگێڕایەوە، کە پێشی دەگوترێتیش زانستی (جەرح و تەعدیل)، ناوبراو ئەو کارە ناودەنێت ئامۆژگاری، کە ئەمەش زۆر جیاوازە لەگەڵ (جەرح و تەعدیل)، چونکە لە ئامۆژگاریدا

ئەگەر بەرامبەر با ئامۆژگارییەکەش وەرنەگرێت تەبدیع، تەفسیق، تەخوین و تەکفیر ناکرێن. بۆیە جیاوازییەکانی نێوان ئەم دوو ڕەوتە لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا کورت دەبێتەوە:

١- جیاوازییان دەربارەی زاراوەکانی (خەبەری سیقە و حوکمی سیقە): ڕەوتی حەلەبی بۆچوونیان وایە وتەی زانایانی (جەرح و تەعدیل) دەچنە ژێر بواری هەواڵەوە (الاخبار) نەک بواری حوکم(الاحکام)، دەڵێن "خەبەری سیقە وەردەگیرێت، بەڵام مەرج نییە حوکمی لەسەر بدرێت، بەڵام ئەگەر بەڵگەکانی بەهێزبوون ئەوە جارێکی تر بابەتەکە بابەتێکی ئیجتیهادییە و ناتوانرێت کەسی پێ پابەندبکرێت، مەگەر هاتوو جەرحەکە موفەسسەر بوو.

بەڵام ڕەوتی مەدخەلی دەڵێن "جیاوازیکردن لە نێوان زاراوەکانی خەبەری سیقە و حوکمی سیقە داهێنراوێکی عەلی حەلەبییە، سەلەف ئەم جیاوازییەیان نەکردووە". بۆیە ڕەبیعی کوری هادی مەدخەلی دەڵێت "مەنهەجی سەلەف و قورئان و فەرموودە قەبووڵی خەبەری سیقە دەکەن و پێویستیشە (واجب) حوکمیشی لە سەر بنیادبنرێت" . عوبێد ئەلجابریش دەڵێت "هەر کەسێک بڵێت خەبەری سیقە مولزەمە و حوکمی سیقە مولزەم نییە ئەوە مومەییعە- واتە (شلڕەو)ە وەک ئاماژەیەک بۆ ڕەوتی حەلەبی-".

٢- ڕەوتی حەلەبی بۆچوونیان وایە نابێت تاقیکردنەوەی خەڵکی بە هەڵگرانی دیین بکرێن، مەگەر لە چەند حاڵەتێکی کەمدا نەبێت، وەک تاقیکردنەوەی خەڵکی بە ئیمام ئەحمەد، بەڵام ڕەوتی مەدخەلی دەڵێن تاقیکردنەوەی خەڵکی بە زانایان شتێکی مەدحکراوە و بە درێژایی مێژووی ئیسلامیش ئەمە کراوە، هیچ نەنگییەکی تێدا نییە. بۆیە ڕەوتی مەدخەلی لەژێر ڕۆشنایی ئەم قاعیدەیەیاندا ئەو خەڵکانەی کە خۆیان بە شوێنکەوتی سەلەفیی سالّح دەزانن بە (ڕەبیعی کوری هادی مەدخەلی و عوبێد ئەلجابری) تاقیدەکەنەوە، تاکو بزانرێت تا چەند ئەم خەڵکانە بە بۆچوونی ئەوان ڕاستگۆن لەگەڵ مەنهەجی سەلەفدا!

٣- ڕەوتی حەلەبی پاڵپشتیکردنی هەندێ لە کۆمەڵە خێرخوازییەکان بە کارێکی ڕەوا و درووست دەزانن لەوانە: کۆمەڵەی زیندوکردنەوەی کەلەپوری کویتی کە لەلایەن (عەبدوڕەحمان عەبدولخالقەوە) سەرپەرشتی دەکرێت، بەڵام ڕەوتی مەدخەلی هەموو ڕێکخراو و دەزگایەک کە پاشگری ئیسلامی پێوەیە، یاخود کەسایەتییەکی ئیسلامی بەڕێوەی دەبات بە کاری حزبی هەژمار دەکەن.

٤- ڕەوتی حەلەبی بۆچوونیان وایە بابەتەکانی (جەرح و تەعدیل) بابەتگەلێکی ئیجتیهادیین، دەکرێت خیلاف و جیاوازیمان دەربارەیان هەبێت، ناکرێت هیچ کەسێکی پێوە پابەند بکرێت، یاخود زۆرلێکردنی تێدا بێت، بەڵام لە بەرامبەردا ڕەوتی مەدخەلی دەڵێن ئەگەر جەرحەکە موفەسسەر بێت ئەوە هاوئاستی دەقە (نص)ە کە پێویستە پێوەی پابەند بین.

## ڕەخنەکانی ڕەوتی مەدخەلی بەرامبەر ڕەوتی حەلەبی بە دیاریکراویش (عەلی حەلەبی) کە ڕێبەری ئەو ڕەوتەیە:

١- عەلی حەلەبی دەڵێت "با خیلافمان دەربارەی دەرەوەی خۆمان نەبێتە هۆکاریک بۆ خیلاف لە نێوان خۆماندا"، ئەمەش لەو سۆنگەیەوە کە عەلی حەلەبی وەسفی بانگخوازانێک دەکات کە بە پێودانگی ڕەوتی مەدخەلی ئەوانە موبتەدیعن و کەرامەتیان نییە، وەک: عدنان عەرعوور، موحەممەد حەسسان، موحەممەد حەسەن مەئریبی، فەوزی ئەسەری... هتد، دەڵێن بە هیچ جۆرێک ئەم کارەی عەلی حەلەبی جێگای قبووڵکردن نییە، چونکە بە بۆچوونی مەدخەلیەکان "هەر کەسێک موبتەدیعێک تەبدیع نەکات خۆی موبتەدیعە".

٢- دەیەوێت سەلەفییەت بە شوێنی ئەودا بڕوات، نەک ئەو بە شوێن ڕێگای سەلەفییەتدا بڕوات.

دەڵێن بەڵگەش لەسەر ئەم قسەیە- بە بۆچوونی ئەوان- هەڵوێستەکانی ئەوە بەرامبەر ئەو کەسانەی لە مەنهەجی سەلەف لایانداوە هاوشێوەی ئەبو حەسەنی مەئریبی دەیەوێت سەلەفییەت بەرفراوانتر بکاتەوە، بۆ ئەوەی کەسانی موبتەدیعیش لە خۆ بگرێت، وەک یاساکەی مەئریبی کە دەڵێت "ئێمە مەنهەجێکی فراوانمان دەوێت". ئەگەر چی زانا گەورەکان تەبدیعی هەندێ بیدعەچییان کردووە ئەو (عەلی حەلەبی) بە ڕوونی دەڵێت: من بە بیدعەچییان نازانم.

٣- بە بۆچوونی ئەوان عەلی حەلەبی یاری بە بنەماکانی جەرح و تەعدیل دەکات، لای ئەو تەعدیل پێش جەرحی موفەسسەری زانایانە.

٤- بازنەی خیلاف لە بواری داوای فریاکەوتن (الاستیغاثە) بە خیلافێکی ئیجتیهادی لە بازنەی ئیسلام هەژمار دەکات.

٥- بە بۆچوونی ئەوان عەلی حەلەبی و شوێنکەوتووان و دارودەستەکەی، خەریکی تانەدانن لە پارێزەرانی مەنهەجی سەلەف، لە کاتێکدا ئەوەی ڕەوتی مەدخەلی ناویان دەنێت پارێزەرانی مەنهەجی سەلەف، پارێزەرانی مەنهەجی ڕەوتی مەدخەلین لەوانە: موحەممەد هادی مەدخەلی، ڕەبیعی کوڕی هادی مەدخەلی، عوبێد ئەلجابری، عەبدولّا بوخاری ... هتد.

٦- دانانی سایتی (موقع کل السلفيين) بە ڕای ئەوان بووەتە خەنجەرێک لە گەردنی سەلەفییەکان و بە ناوی هەموو سەلەفییەکانەوە.

٧- بۆچوونیان وایە عەلی حەلەبی و ڕەوتەکە لەژێر ئالّای مەنهەجی سەلەفدا (بیری ئیرجاء) بلّاودەکەنەوە.

# کوردستان و بیری مەدخەلیزم

لە پاش ساڵی (2000) قۆناغێکی تازە بۆ سەلەفییەکانی کوردستان هاتە پێش، دەموچاوی تازەی کەسایەتی سەلەفیی و وردە وردە دەرکەوتن و سیماکانی مەدخەلی زاڵبوون ..سەلەفییەکان پێش گەڕانەوەی عەبدولەتیف ئەحمەد لە یەمەن، شێوازی کارکردنیان جیاوازتر بوو، بەراورد بە دوای گەرانەوەی ناوبراو، پێش ئەو وادەیە زیاتر کاریگەر بوون بە فەتواکانی ئیبن باز، موحەممەد ساڵح عوسەیمین و ئەلبانی .ئەم سێ کەسایەتییەش هەر یەکەیان لە بوارێکی شەریعەتدا شوێندەستیان دیارە و ئەسپی خۆیان تاودابوو، ئەوەی یەکەمیان زیاتر خەریکی بوارەکانی عەقیدە و دووەمیشیان فیقهـ و سێیەمیشیان بوارەکانی فەرموودەناسی بوو، هەروەها سەلەفییەکانیش بە گشتی لەبەر ئەوەی جۆرێک لە تەقلید بۆ زاناکانیان بە سەریاندا زاڵە، لەو کاتەدا شوێنکەوتووانی ئەو ڕێبازە خەریکی دراسەکردنی ئەو بابەتانە بوون کە ناومان بردن.

بەڵام بە گەڕانەوەی عەبدولەتیف ئەحمەد بۆ کوردستان، هەیمەنە و جێدەستی ئەو کەسانە بەسەر سەلەفییەکاندا زاڵ دەبێت کە پێیان دەگوترێت ڕێبەران و ئاراستەکەرانی ڕەوتی مەدخەلییزم، بە دیاریکراویش ڕەبیعی کوری مەدخەلی و عوبێد ئەلجابری.

# لێکترازانی مەدخەلی و حەلەبی

لە ئێستادا ڕەوتی سەلەفی پاڵپشت بە دەسەڵات لە جیهانی ئیسلامیدا، توشی لە یەکترازان و پارچە پارچە بوون بووە، کە دیارترینیان ڕەوتی (مەدخەلی) و (حەلەبی)ین، زۆرینەی ئەو بابەتانە کە بوونەتە کێشمەکیش لە نێوان ئەم گرووپانەدا بابەتگەلی لاوەکین هیچ پەیوەندییەکیان بە بنچینە و ئەساسی شەریعەتەوە نییە، ئەم گرووپانە بنەمای کارەکانیان لە سەر تەبدیع و تەفسیق و تەهجیری خۆیان و دەرەوەی خۆیان بنیادناوە، تەنیا شتێک کە هەموویان بە هەندێک جیاوازییەوە هاوڕا و کۆکن لە سەری بریتییە لە جوانکردن و پاڵپشتیکردنی حوکمڕانان و دژایەتیکردنی حزب و جووڵانەوە ئیسلامییەکان!

هەر زوو پاش تەقینەوەکانی کێشەکانی نێوان عەلی حەلەبی و ڕەبیعی کوری هادی مەدخەلی، سەلەفییەکانی عێراقیش بوون بە دوو بەرەوە، بە تایبەتی گرووپی ئەبو مەنار و عەبدولەتیف ئەحمەد کە یەکەمیان سەر بە ڕەوتی حەلەبی و دووەمیشیان سەر بە ڕەوتی مەدخەلی بوو. بەڵام لە کوردستاندا تا ماوەیەک پێش ئێستا هەموویان لە دەوری ڕەوتی مەدخەلی کۆ ببوونەوە، وەلێ پاش ناکۆکییەکانی نێوان عەبدولەتیف ئەحمەد و ڕێبەرانی ڕەوتی مەدخەلی، لە ئێستادا گرووپەکەی عەبدولەتیف ئەحمەد لە ڕەوتی حەلەبییەوە نزیکترن. لە بەرامبەردا گرووپەکەی مەلا عەبدولکەریم، خۆیان بە میراتگر و شوێنکەوتی ڕەوتی سەلەفی (مەدخەلی) دەزانن، کە بە بۆچوونی خۆیان لە ئێستادا ئەو گرووپە لە سەداسەد نوێنەرایەتی ڕێبازی بێخەوشی سەلەفییەت دەکات.

# عەبدولەتیف ئەحمەد لە نێوان ستایش و ڕەخنەی مەدخەلیدا

لە چەند دانیشتنێکدا ڕەبیعی کوڕی هادی مەدخەلی و عوبێد ئەلجابری کە لەگەڵ قوتابییە کوردەکانی زانکۆی مەدینەدا سازیان کردووە، بە ئاشکرا ڕەخنەیان لە عەبدولەتیف ئەحمەد گرتووە و سەرزەنشتی ئەو کارانەی دواییان کردووە، بە تایبەتی بابەتەکانی وێنەگرتن و سەردانکردنی حزبی ئیسلامی، وەلێ تاکو ئێستا تەبدیعیان نەکردووە، تەنیا تەحزیریان لێ کردووە و داوایان کردووە پێویستە فێرخوازانی ڕێبازی سەلەف بە پێی توانا هەڵەکانی بۆ خەڵکی و شوێنکەوتووانی ئەو مەنهەجە ڕوون بکەنەوە.

هەرچەندە پێشتر لە ناکۆکی نێوان مەدخەلی و حەلەبی، عەبدولەتیف ئەحمەد پشتگیری مەدخەلی دەکرد، مەدخەلیش تەزکیەی عەبدولەتیف ئەحمەدی کردووە، کاتێک عەبدولەتیف ئەحمەد پشتگیری ڕەبیع مەدخەلی دەکات و وەڵامێک لە چوارچێوەی کتێبێکدا بۆ عەلی حەلەبی دەنووسێت، ڕەبیع مەدخەلی وەسف و سەنایەکی زۆری عەبدولەتیف ئەحمەد دەکات و پەسنی زۆری کارەکانیشی دەکات!، لە یەکێک لەو تەزکیانەدا هاتووە "سوپاسی خوای گەورە بکەن لە سەر ئەوەی کەوا بۆی ئاسان کردوون کە قوتابخانەیەکی سەلەفییتان هەبێت- کە مەبەست پێ (مەرکەزی سوننە)یە، لە ڕووی عەقید و مەنهەجەوە، کە ئاڵای سوننەتی هەڵگرتووە بە مەنهەجە ڕاست و درووستەکەی، پاشان بە هۆی کەسانی دڵسۆزی خۆتان لە ئەهلی عیلم و زانایان، لە سەرووی هەموویانەوە شێخ و زانای بەرێز باوکی عەبدولحەق کوردی– عەبدولەتیف ئەحمەد- کە من لە زووەوە ناسیومە". لە شوێنێکی تردا دەڵێت "(بە ڕاستی پێم ڕاگەیەنراوە لەوێ- مەبەستی (مەرکەزی سوننەیە لە ناحیەی عەلەم)- خەڵکانێک هەن تانەو تەشەر لە قوتابخانە و شێخی بەرێز باوکی عەبدولحەق کوردی دەدەن و تۆمەتی حزبایەتی دەدەنە پاڵ، ئێمە بەو کەسانە دەڵێین تەوبە بکەن و ڕێگەی دوژمنانی مەنهەجی سەلەف مەگرن- کە مەبەستیان پێی عەلی حەلەبی و شوێنکەوتووەکانیەتی". پێشتریش عەبدولەتیف ئەحمەد وەک دەرخستنی نیازپاکی

بەرامبەر ڕەبیع مەدخەلی لە ڕێگەی نووسراوێکەوە بە نێوی (رمانی الحلبی و جنودە بادوائهم و نسلوا)، کە بە وتەی خۆی وەلامی یەکێک لە شوێنکەوتووانی حەلەبی دەداتەوە، سەرکۆنەیەکی زۆری حەلەبی دەکات. ڕەبیع مەدخەلیش بەو تەزکییەی کە ئاماژەی پێ درا تا ڕادەیەک کێشەکەی یەکلایی دەکاتەوە، بەیداخی ئەو ڕەوتەی دایە دەست عەبدولەتیف ئەحمەد.

پشتگیری مەدخەلی لە عەبدولەتیف ئەحمەد تاسەر نەبوو، لە ئێستادا ڕەبیع مەدخەلی سەرزەشی هەندێک لە کارەکانی دەکات، هەروەک دەڵێت "ئامۆژگاری باوکی عەبدولحەقم کردووە کە واز لە وێنەگرتن بهێنێت، ئەو تا ئێستا بەردەوامە لە سەری". هەروەها پێی دەڵێت "مەچۆرە ناو سیاسەتەوە، چونکە ئەو سیاسەتەی لەم سەردەمەدا پەیڕەو دەکرێ، خەڵکی تێیدا بە هیلاک دەچێت، چۆن دەبێت سەردانی حزبە ئیسلامیەکان بکەیت- بە بۆچوونی ناو براو ئەو حزبانە موبتەدییعن-"؟ . هەروەها دەڵێت "بە ڕاستی بۆ برا سەلەفییەکانمان دەرکەوت کە باوکی عەبدولحەق وازی لە مەنهەجی سەلەف– مەدخەلی- هێناوە، هەستاوە بە دانانی کۆمەڵێک بنچینەی موافقی بنچینەی ئەهلی تەمەیوع– حەلەبی- و شلڕەوەکان!".

لە جێگەیەکی تردا دەڵێت "باوکی عەبدولحەق درۆزنە". ئەمەش بە پێودانگی ڕەوتی مەدخەلی جەرحی موفەسسەرە، تەنیا ئەم وشەیە بەسە بۆ تەحزیرکردن لە ناوبراو، هەروەها دەڵێت "وا گومان دەبەم ( کۆمەڵەی بوژاندنەوەی کەلەپور) کە کۆمەڵەیەکی کوەیتییە، پاڵپشتیی دارایی کەناڵی ئامۆژگاری بکات"[19].

[19] – ئامادەکردنی: بێباك عەبدوڵلا/ 21/09/2017

# سەلەفییەکان بەهۆی کەناڵی ئامۆژگارییەوە ناکۆکن

کەناڵی ئامۆژگاری کە زمانحاڵی مەدخەلییەکانی کوردستانە لە ئێستادا بە دەست کۆمەڵێک کێشەی ناوخۆیی و دەرەکییەوە دەناڵێنێت، ناڕوونی پاڵپشتیی و سەرچاوەی دارایی کەناڵەکە و هەروەها پەشیمانبوونەوەی بەڕێوەبەری کەناڵەکە لە بیروتێڕوانینەکانی، کەناڵەکە و بەڕێوەبەرانی تووشی تەنگەشەیەکی قووڵ کردووە.

(ڕەبیعی کوڕی هادی مەدخەلی) بە ڕەچەڵەک سعودی باوکی ڕوحیی مەدخەلییەکانی جیهانی ئیسلامییە بە کوردستانیشەوە، بە هۆکاری ئەوەی سەلەفییە (مەدخەلییەکان) ڕێباز و مەنهەجەکەیان لەسەر دژایەتیکردنی حیزب و ڕێکخراوە ئیسلامییەکان بە پلەی یەکەم و، پاڵپشتی لە دەسەلات ڕۆنراوە، لە ڕابردوودا زۆر گرنگییان بە ڕاگەیاندنی سەربەخۆ نەداوە چونکە هەر پەیامێکیان بوو بێت، دەرگای ڕاگەیاندنەکان بە تایبەتی ڕاگەیاندنی حزبە دەسەڵاتدارەکانیان لە بەردەمدا کراوە بووە، ئەم حاڵەتە تایبەت نییە بە کوردستان بەڵکوو لە هەموو جیهانی ئیسلامیدا وایە.

# کاری ڕاگەیاندنی سەلەفییەکان، سەرەتای دەستپێکردن

مەدخەلییەکان بۆ برەودان بە مەنهەج و ڕێبازەکەیان، سەرەتا بە دەرکردنی گۆڤارێک بە ناوی (ڕێگای ڕاست) دەستیان پێ کرد، لە دەستپێکدا سەلەفییەکان زۆر بە (ترس)ەوە پەنایان بۆ ڕاگەیاندن برد، بە تایبەتی گۆڤار و تەلەفزیۆن و ڕادیۆ، ئاخر ئەم جۆرە لە کارکردن ئەوکات لەلای ئەوان بە کاری (ئیخوانولموسلمین) لە قەڵەم دەدرا. کە لە ڕوانگەی مەدخەلییزمەوە ڕێکخراوێکی موبتەدیع و گومڕان و نابێت خۆیان هەڵگرانی شوێنکەوتووی قورئان و فەرموودە شوێنی ئەو فکرانە بکەون، بە تایبەتی لە کاری بانگەوازیکردندا!

لە هاوینی ساڵی (2002)بە پێشنیاری (دکتۆر عەبدوللەتیف) سەلەفییەکان گۆڤارێک دەردەکەن بە ناوی (ڕێگای ڕاست) کە دەبێتە دەستپێکی کاری ڕاگەیاندنی نووسراوی سەلەفییەکان. گۆڤارەکە، گۆڤارێکی وەرزی دەبێت و سێ مانگ جارێک دەردەچێت و زۆرینەی مامۆستایانی سەلەفی، بە نووسینی وتار و لێکۆڵینەوە بەشداری تێدا دەکەن و بابەتی تێدا بڵاودەکەنەوە، دەرکردنی (گۆڤار) لە لایەن ئەم ڕەوتەوە یەکەم تاقیکردنەوەی سەلەفییەکانی زۆنی سەوز دەبێ.

پێش ڕێگای ڕاست، لە ساڵانی نەوەدەکاندا سەلەفییەکانی دهۆک گۆڤارێک دەردەکەن بە ناوی (ڤەژین)، کە ڕووبەڕووی خەڵکە خوێندەوارەکەی ئەم هەرێمە، بە هەموو بیرو هزر و ئایدیە جیاوازییەکانییەوە دەبێتەوە، پاش چەند ساڵێک و دوای دەرکردنی (17) ژمارە لەو گۆڤارە، گۆڤارەکە دادەخرێت و کۆتایی بەو کارە نۆبەرەییەی سەلەفییەکان دێت.

# هۆکاری داخستنی گۆڤاری ڤەژینی سەلەفیەکان لە دهۆک

چەند هۆکارێک لە پشت داخستنی یەکەم گۆڤاری سەلەفییەکانەوە بوو لەوانە:

*کێشەو ململانێی نێوان سەلەفییەکان خۆیان.

*دوورخستنەوە و دوورکەوتنەوەی بەشێک لە مامۆستایانی سەلەفیی لەو گۆڤارە، بە تایبەتی ئەوانەیان کە خاوەن قەڵەمێکی بە بڕشت بوون. لەوانە: موحەممەدی مەلا فایەق و کامەران کەریم... هتد.

*کەمتەرخەمی و گوێنەدانی بەشێکی ئەو مامۆستایانەی کە لە گۆڤارەدا کار دەکەن و نەناردنی وتارەکان لە کاتی خۆیدا، دەورێکی گەورە دەبینن لە داخستنی گۆڤارە کە. بۆ ئەو وەختە دەرکردنی شتێکی وا بە کارێکی ناوازە لەلایەن سەلەفییەکانەوە ئەژمار دەکرا.

سەلەفییەکان دوای داخستنی گۆڤاری (ڕێگای ڕاست) پەنا بۆ دەرکەوتن و گەیاندنی پەیامەکانیان لە کەناڵێکی ئاسمانییەوە دەبەن.

ئەمە لە کاتێکدا تاکوو ئەو ساتە بەشێکی زۆری سەلەفییەکان لەسەر فەتوایەکی شێخ عوسەیمیین کە یەکێکە لە زاناکانی ڕێبازی سەلەفییزم، ئامێری سەتەلایتیان بە حەرام و نادروست لە قەڵەم دەدا،تا هەنووکەیش لایەنگرانی (شێخ موقبیل ئەلوادعی و شێخ ڕەبیعی کوڕی هادی مەدخەلی وشێخ عوبێد ئەلجابری)، بەشداریکردن لە کەناڵ و دەرچوون لە کەناڵ بە حەڕام دەزانن! بە پاساوی (وێنەگرتن)

بە پێی ئەم بۆچوونە "وێنەگرتن حەڕامەو هەڕەشەی بەتینی لێکراوەو نابێت لەژێر هیچ بیانوویەکدا هانە بۆ ئەم کارە ببرێت، بێگومان دەرچوونیش لە کەناڵەوە بەبێ (وێنە گرتن) مەحاڵە، بۆیە بە گوتەی ئەوان ئەم کارە نادرووست و حەرامە.

(عوبێد ئەلجابری) کە بانگخوازێکی سەلەفییەکانە، لە یوتوب فەتوایەک بۆچارەسەری دەرکەوتن لە کەناڵەوە فەتوایەک دەدات و دەڵێت "ئەگەر دەرچوون لە کەناڵەوە بە ڕاستەوخۆ بوو ئەوە ئاساییە، چونکە لەم کاتەدا حیسابی ئاوێنەی بۆ دەکرێت، واتە: وەک کەسێک بەرامبەر ئاوێنەیەک وەستا بێت، کە هیچی بۆ نییە، وەلێ ئەگەر دەرچوونەکە ناڕاستەوخۆ بوو، ئەوەیان نادروستە، چونکە لەم کاتەدا حیسابی وێنەی بۆ دەکرێت".

بەڵام بە بۆچوونی زۆرینەی زانایانی ڕێبازی سەلەفییزم –لە ئێستادا –دەرکەوتن لە کەناڵی ئاسمانییەوە هیچ ڕێگرییەکی تێدا نییە، ئەگەر بۆ مەبەستی گەیاندن و فێرکردنی خەڵکی بێت بە ئیسلام.

# مەدخەلییەکان و کەناڵی ئاسمانی (ئەسەری) ئەردەنی:

کەناڵی (ئەسەر) کەناڵێکی ئاسمانی سەلەفی بوو. لە لایەن سەلەفییەکانی ئەردەنەوە بە تایبەتی قوتابییەکانی زانای فەرمووودەناس (موحەممەدی کوڕی ساڵەحی ئەلبانی) پاڵپشتیی دەکرا، لە لایەن (سادق بەیزانیی)ەوە، کە کەسێکی بە هزر سەلەفی و خاوەنکارێکی ئەردەنی بوو، بە ڕێوە دەبراو سەرپەرشتی دەکرا.

سەلەفییەکانی کوردستانیش بە تایبەتی ئەوانەی زۆنی سەوز، لەو کەناڵەوە ڕێگەیان پێدرا بوو وتار و وانەکانیان لەماوەی کاتژمێرێکدا پەخش بکەن .پەخشەکە لەو کاتژمێرەدا بە زمانی کوردی بوو، پاش ماوەیەک کەناڵەکە کاتەکەیان بۆ زیاد دەکات. ئەو ماوەیەی کە وتاری کوردی لە کەناڵەکەوە پەخش دەکرێت، ناوی کەناڵەکە بە شێوەیەکی کاتی دەگۆڕدرێت (مینبەری ئەسەر).

# دامەزراندنی کەناڵی ئاسمانیی ئامۆژگاری:

دوای ئەو ئەزموونەی کە مامۆستایانی سەلەفیی لە کەناڵی (ئەسەر)ەوە، ئەزموونی دەکەن، بیریان لە دامەزراندنی کەناڵێکی سەربەخۆ و تایبەت بە خۆیان دەکەنەوە، بە گوتەی خۆیان ئەو ماوە کەمەی کە لە کەناڵی ئەسەرەوە دەرچوونە، کوردزمانان سودێکی ئێجگار زۆریان لێبینیون، جا بۆ بەردەوامبوونی ئەو سوودە و گەیاندنی ئەو پەیامە بە زۆرترین ژمارەی خەڵک، ئەخوازێت و پێویستە کەناڵێکی تایبەت بە خۆیان هەبێت و، تا ئاسانتر ئەو بانگەوازە بگەیەنن.

هەر لە سەرەتای دامەزراندنی کەناڵی ئامۆژگارییەوە، کێشە لە نێو (مەلا عەبدول کەریم موحەممەد و دکتۆر عەبدوللەتیف) درووست دەبێت، دکتۆر عەبدول لەتیف مەرجی هەیە بۆ مامۆستایانی سەلەفیی بۆ دەرکەوتن لەو کەناڵەوە. خۆیشی وەک (بەڕێوەبەری کەناڵەکە دەناسێنێت).

مەرجی عەبدولله تیف سەلەفی بۆدەرکەوتن لەو کەناڵە ئەوە بووە کە "هەر مامۆستایەک لەو کەناڵەوە دەردەکەوێت، پەیامێک بڵاو بکاتەوە و بڵێت: ئەم کەناڵە کەناڵێکی سەلەفییەو سەربەخۆیە و لە لایەن خەڵکانی خێرخوازە وە پاڵپشتیی دەکرێت و سەر بە هیچ لایەن و دەوڵەتێک نییە."

ئەم کارەش لە نێو دەستەبژێری سەلەفییەکان بە پەیامە (سێ دەقەیەکە) ناسێنراوە، مەرجێکی دیکەش ئەوە بووە، کە دەبێت مامۆستایان ڕیشیان درێژ بێت، بە پاساوی ئەوەی ئەم کەناڵە وێنای سەلەفییەکان لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان دەکات.

بەشێک لە بانگخوازانی سەلەفیی بەوانەیش کە ئێستا (دژایەتی) ئەو کەناڵە دەکەن، دەچنە ژێرباری ئەو داوایەوە و ئەو پەیامە بڵاو دەکەنەوە، بەشێکیش ئەو مەرجە بە ڕەوا نازانن بە تایبەتی (مەلا عەبدولکەریم) کە هەر لە سەرەتاوە بە هۆی نارۆشنی سەرچاوەی پشتیوانی ئەو کەناڵە، بایکۆتی ئەو کەناڵە دەکات.

بەشێکیش لە مامۆستایانی گەرمیانیش ئەو پەیامە بڵاوناکەنەوە، بەڵام هاوکاری کەناڵەکە دەکەن و سیاسەتی کەناڵەکە جێبەجێ دەکەن، لە ئێستادا کەناڵی ئامۆژگاری کێشەیەکی قووڵی لە نێوان سەلەفییەکاندا خوڵقاندووە، بە تایبەتی کە تا ئێستاش دیار نییە پاڵپشتیکەرانی پشت ئەو کەناڵە کێن.

بە گوتەی خاوەنی کەناڵەکە "ئەو کەناڵە لەلایەن خێرخوازانەوە هاوکاری دەکرێت و خێرخوازان کۆڵەکەی پشت ئەم کەناڵەکەن."

بە بۆچوونی ئەو مەدخەلییانەش کە نەیارن بە دکتۆر عەبدول لەتیف سەلەفی ئەو کەناڵە لە لایەن کۆمەڵەی ئەحیائولتوراسەوە هاوکاری و پاڵپشتی دەکرێت. کۆمەڵەی ئەحیائولتوراس ڕێکخراوێکی خێرخوازی کویتییەو لە لایەن (عەبدول ڕەحمان عەبدول خالقەوە) بە ڕێوە دەبرێت.

سەرچاوەی ئەم زانیاریە دەگەڕێتەوە بۆ وتەیەکی ڕابەری مەدخەلییەکان (ڕەبیعی کوڕی هادی مەدخەلی)، کە لە دانیشتنێکدا بۆ هەندێ لە قوتابیانی زانستی شەرعی لە مەدینە ئەو زانیارییە ئاشکرا دەکات[20].

[20] ئاژانس/ ئامادەکردنی: بێباك عەبدوڵڵا/ 05/05/2018

## عەبدولەتیف ئەحمەد موبتەدیع و گومڕایە"

مەدخەلییزم، وەکو لقێکی سەلەفی  هەر لە سەرەتاوە لە کوردستان بە مردوویی لە دایک بوو، چونکە کوردستان بۆ هێزە ئیسلامییەکان گۆڕەپانێکە کە لە بنچینەدا سۆفیزم ڕەگ و ڕیشەی تێدا داکوتیوە، دواتریش کاتێک هێزە ئیسلامییە جیهادیی و بانگخوازییەکان دروست دەبن بۆشاییەک نامێنێتەوە بۆ پڕکردنەوەی لە لایەن هێزێکی تەقلییدی هاوشێوەی مەدخەلییزمەوە.

بۆیە سەلەفییەکان تا پرۆسەی ئازادیی عێراق، لە ڕووبەرێکی زۆر تەسکدا چالاکییان هەبووە، تەنانەت تا گەڕانەوەی د. عەبدولەتیف ئەحمەد ناسراو بە عەبدوللەتیف سەلەفی کە دواتر دەبێت بە کەسی یەکەمی ئەم گرووپە، بانگەشەکارانی سەلەفییزم کەمترین کار بە یەکەوە دەکەن و تەنانەت سەردانکردنیش لە نێوانیاندا بە کەمی هەستی پێ دەکرێت، چجای ئەوەی بتوانن بە شێوەیەکی ڕێکخراو بانگەواز بۆ ئەو هزرە بکەن.

## سەلەفییەکان و شەڕی ناوخۆی کوردستان

لە ساڵی 1993 دوای سوتانی مزگەوتی ئیمان لە گردی مامەیارە لە شاری سلێمانی و کوژرانی دوو کەس لە هەڵگرانی ئەو ڕێبازە و پەرتەوازەبوونی سەلەفییەکانی ناو مزگەوتەکە و خۆ دەربازکردنی مەلا عومەری سەلەفی کە ئەو کاتە کەسی یەکەمی ئەو گرووپە بوو، وە لە هەمان ڕۆژ و مزگەوتدا بانگەوازی جیهادی هەڵکرد، سەلەفییەکان پەرتەوازە بوون و لەبەریەک هەڵوەشانەوە.

ئەو ڕووداوە لێدانێکی کوشندە بوو لە ڕێبازی سەلەفییەتی جیهادی کە تا ماوەیەک پرشنگ و خۆری سەلەفییەکانی لە سلێمانی کز و تاریک کرد.

# گەڕانەوەی عەبدولەتیف ئەحمەد دەستپێکی مەدخەلیزم

پاش ئەوەی د. عەبدولەتیف لە ناوەڕاستی نەوەدەکان کوردستان بەرەو دەرەوە بە جێ دەهێڵێت، سەرەتا دەڕواتە سوریا و پاشان سودان و دواتریش لە یەمەن دەگیرسێتەوە، پاشان لە قوتابخانەی دەمماج دەست دەکات بە خوێندنی زانستە شەرعییەکان لای شێخ موقبیل ئەلوادعی، کە یەکێک دەبێت لە زانا سەلەفییەکانی ئەو کاتەی یەمەن.

ناوبراو لە ساڵی 2000 بۆ جاری یەکەم دەگەرێتەوە بۆ کوردستان و دواتریش لە پاش پرۆسەی ئازادی عێراق بە یەکجاری واز لە ژیانی تاراوگە دەهێنێت و لە شارەدێی چوارقوڕنە دەگیرسێتەوە، وردە وردە دەست دەکات بە بڵاوکردنەوەی ئەو هزرەی کە لەسەر دەستی ژمارەیەک زانای سەلەفی مەدخەلی وەریگرتبوو.

ناوبراو بە حوکمی ئەوەی لە لای زانایانی سەلەفی وانە شەرعییەکانی خوێندبوو، هەروەها چەند تەزکیەی زانستیشی پێ دەبێت بە تایبەت هی شێخ هادی بن ڕەبیع مەدخەلی، خۆشی زمانزانێکی بە توانا و کەسێکی بزێو دەبێت، هەر زوو دەتوانێت دەست بەسەر جەماوەری سەلەفییەکاندا بگرێت و بە شێوەیەکی بەرچاو کاریگەرییان لەسەر دابنێت و بە شێوەیەک ئاڕاستەیان بکات کە لە بەرژەوەندی خۆی و بیرە نوێکەیدا بن، بۆ دەرخستن و دەرکەوتنیشی چەند مەلایەک هاوکاری دەبن.

ئەو زیاتر لە دەیەیەک بە شێوازی جۆراوجۆر کاری بۆ بڵاوکردنەوەی بیری مەدخەلیزم کردووە، تەنانەت توانی ئەو کەسانەش پەراوێز بخات کە سەلەفی بوون، بەڵام خوێندنەوەی جیاوازیان بۆ فەتوا و ئیجتیهادەکانی شێخ ڕەبیعی ڕێبەری سەلەفییەکان هەبوو.

دەتوانرێت دەرکەوتنی عەبدوللەتیف سەلەفی بەسەرەتای پەیرەویکردنی ڕێبازێکی نوێی سەلەفیزم لە کوردستان دابنرێت کە ئەویش ڕێبازی مەدخەلییەتە کە تەواو پێچەوانەیە لەگەڵ ڕێبازی سەلەفی جیهادی کە پێش ڕووداوەکانی شەڕی ناوخۆ و ڕووداوەکەی مزگەوتی ئیمان سەلەفییەکانی کوردستان پەیرەویان لە سەلەفی جیهادی دەکرد، بەڵام لە ئێستادا پەیڕەوی لە سەلەفییەتی مەدخەلی دەکەن.

## شێخ ڕەبیع، عەبدولەتیف سەلەفی تەبدیع دەکات!

پاش ماوەیەک لە کردنەوەی کەناڵی ئامۆژگاری، عەبدوللەتیف سەلەفی وردە وردە پاشەکشە لە هزری مەدخەلییزم دەکات،خاڵی وازهێنانیشی لەو بیرە لە دەرکەوتنی مەلا هاوڕێ لە کەناڵی ئامۆژگارییەوە دەست پێ دەکات.

دەرکەوتنی مەلا هاوڕێ لە کەناڵی ئامۆژگارییەوە، بە وێنەی تەقینەوەی بۆمبێک کێشەکانی نێو ئەم گرووپە دەتەقنەوە و لە زاخۆوە بۆ خانەقین و کەرکوک سەلەفییەکان دەبن بە دوو بەرەی سەرەکی، بەرەی پشتیوانی عەبدولەتیف ئەحمەد و بەرەی دژ.

بۆ یەکلایکردنەوەی ناکۆکی نێوانیان هەردولا پەنا دەبە بەر شێخ هادی بن ڕەبیع مەدخەلی، دوای چەندین سەردانی هەردولا و درێژەکێشانی ناکۆکییەکە بۆ ماوەی زیاتر لە سێ ساڵ، دواجار شێخ ڕەبیع، عەبدولەتیف ئەحمەد تەبدییع دەکات و بە یەکجاری لەو ڕێبازە دەریدەکات.

بەر لە ماوەیەک چەند قوتابییەکی سەلەفی عێراقی کە ژمارەیەک کوردیان لەناودایە، ئەوانیش: (خالید جەواد، عوسام نەجار و پۆلا سەلاحەددین، یوسف ڕەشید سندی، موحەممەد سەباح و ڕاغیب بونیانی) سەردانی شێخ ڕەبیع بن هادی مەدخەلی دەکەن و چەند پرسیارێکی ئاڕاستە دەکەن و وەکو خۆیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاویان کردوەتەوە ئەم وتوێژە لە نێوانیان ڕوودەدات.

## دەقی وتووێژەکە:

ئەی شێخ، د. عەبدولەتیف دەڵێت «من لە ساڵی 1986 شەرحی سێ بنچینەکەی محەممەدی کوڕی عەبدولوەهابم کردووە، کەچی شێخ ڕەبیع لە ساڵی 1992 وازی لە ئیخوان موسلیمین هێناوە، شێخیش لە وەڵامدا دەڵێت "ئەو دەیەوێت فەزڵی خۆی بەسەرماندا بدات، من هیچ کاتێک ئیخوان نەبووم، ئەو ماوەیەیش کە لەگەڵیان بووم مەبەستم ئەوە بووە کە شارەزای ڕێبازی پێشینی چاکانیان بکەم، تێکەڵیان بووم بە مەبەستی چاککردنیان، پێش ڕووداوەکانی کەنداو 1990 وازم لێ هێناون."

–ئایا د. عەبدول لەتیف موبتەدیعە؟

شێخ لە وەڵامدا دەڵێت: بەڵێ موبتەدیعە، گومڕایە و کەرامەتی نییە!

لە ئێستادا ئامۆژگاریمان دەکەیت لە عێراقدا بۆ وەرگرتنی فەتوای شەرعی بگەڕێینەوە بۆ لای کێ؟
شێخ لە وەڵامدا دەڵێت: نازانم و ناوی کەس ناڵێت و کەس بە شایەنی ئەو کارە نازانێت.
سەعافیقە، گرووپی نوێی سەلەفییەکان (سەعافیقە) لە زمانەوانیدا بە واتای نەزانین و بێئاگایی دێت، لە زاراوەی شەرعیدا بریتییە: لەو کەسانەی کە خۆیان لە بابەتە شەرعییە قورسەکان دەدەن، بە بێ ئەوەی هیچ شارەزاییەک و تێگەیشتنێکیان لە دەقە شەرعییەکاندا هەبێت .

هەروەها خۆیان لە بابەتگەلێکی شەرعییدا هەڵدەقورتێنن کە جگە لە ئیمامەکان و زانا دەگمەنەکان هیچ کەسێکی تر توانای بە سەریاندا ناشکێت. (بەغەوی لە شەرحی سوننەتدا، موجەلەدی 1، لاپەرە 318 وادەڵێت.)

شێخ محەممەدی کوڕی هادی مەدخەلی یەکێک بوو لە پایەکانی هزری مەدخەلییزم، لە ناوچەی جازان لە وڵاتی سعوودییە دادەنیشێت، بەراورد بە سەرانی تری مەدخەلییزم، یەکێکە لە بەتواناترین کەسی ئەو ڕێبازە، دەیان دانراوی لە بابەتە جۆربەجۆرەکانی زانستە شەرعییەکان هەیە، بۆ دانراوەکانی زانایانی پێشتریش دەیان لێکدانەوەی بە نووسین و دەنگ هەیە.

شێخ محەممەد هاوشێوەی سەرانی تری مەدخەلییزم کە زۆرینەی تواناکانیان بۆ وەڵامدانەوەی زانا ئایینییەکان و کەسایەتییە ئیسلامییەکانی سەر گۆڕەپانی ئیسلامی تەرخان کردووە، ئەمیش لەو کارە کەمتەرخەمی ناکات، وەلێ دوای ئەوەی لە لایەن ناوبراوەوە چەند کەسێک تەبدیع دەکرێن ، بەڵام لە لایەن شێخ عوبێد ئەلجابرییەوە ئەو جەرحانە وەرناگیرێن و پێچەوانەی شێخ محەممەد مەدخەلی، شێخ عوبێد ئەلجابری ئەو خەڵکانە بە سەلەفی لە قەڵەم دەدات، ئەم جیاوازییەی نێوان شێخ محەممەد و شێخ عوبێد دەبێتە گورزێکی کاریگەر بۆ لێکهەڵوەشاندنەوەی مەدخەلییزم، چونکە ئەم جارە ناکۆکییەکە لە هەرەمی گرووپەکەدا دروست دەبێت. شێخ محەممەد مەدخەلی لە ئێستادا دژەکانی بە سەعافیقە ناوزەد دەکات . لایەنگرەکانیشی لە جیهانی ئیسلامییدا بە زۆری دەکەونە جەزائیر، لیبیا، مەغریب و چەند ناوچەیەکی ترەوە، لە کوردستانیشدا د. عەبدولەتیف پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ ناوبراودا هەیە، بۆیە لە ئێستادا ئەو کەسانەی دژایەتی د. عەبدولەتیف دەکەن لە لایەن ناوبراوەوە بە سەعافیقە ناوزەند دەکرێن.

# پەرتەوازەیی و فرەگرووپی، خۆرەی سەلەفییەکانی کوردستان

لە کوردستاندا سەلەفییەکان بەسەر ئەم بەرانەدا دابەشبوون :(مومەییعەکان) کە زۆرینەیان دەکەونە ناوچەکانی هەولێر و دهۆکەوە، (حجوورییەکان) کە زۆرینەیان دەکەونە هەولێرەوە، (حەددادییەکان) و (سەعافیقەکان) کە زۆرینەیان دەکەونە چەمچەماڵ و کەرکوکەوە، بەرەی د .عەبدولەتیف کە نەیارانیان پێیان دەڵێن سەلەفییە حزبییەکان و ناوەندی سلێمانییان بە دەستەوەیە بە چەمچەماڵ و کەلارەوە.

بەرەی (حەکیمەکان) کە زۆرینەیان دەکەونە کەرکوک، چەمچەماڵ و سلێمانییەوە . ئەوەی جێگەی سەرنجە، تەواوی ئەو گروپانە خۆیان بە سەلەفی ڕاستەقینە دادەنێن و نەیارانیان بە لادەر و دەرچوو لە مەنهەجی سەلەفی تۆمەتبار دەکەن.

سەرچاوە / ماڵپەڕی ئاژانس

18/07/2018

# نووسین و بەیاننامە عەرەبیەكان

## طعن لطيف في الربيع

قد آن لك يا فضيلة الشيخ ربيع المدخلي أن تنام مرتاحا وترجع الى ربك مطمئنا، بعدما أسقطتَ علماء ودعاة اليمن والشام والكويت والجزائر والعراق، وأنجزتَ المهمة الصعبة التي عجز عنها الإخوان المسلمون ، وأهل البدع أجمعون ، وأرحتَ الملحدين والعلمانيين والمبتدعة والقبوريين:

بسم الله الرحمن الرحیم

الحمد لله رب العالمین والصلاة والسلام على خاتم الأنبیاء والمرسلین وآله وصحبه أجمعين

وبعد" فقد اطلعت على منشور جديد من منشورات الصعافقة اللئام والجهلة الطغام التي لا تبشر بخير كعادة منشوراتهم ولا تحمل خيرا لأهل السنة ولا تدرأ شرا عنهم، ولا تميت بدعة ولا تقمع مبتدعاً، وإنما هي بحق لا تعدو أن تكون تسقيطاً لعالم سلفي أو تشويهاً لسمعة داعية من دعاة التوحيد والسنة أو سبّاً وشتما له، أو تزكية لجاسوس مغتاب نمام سبّاب، وهكذا اذا رأيت منشورا لهم يحمل عنوان: جديد جديد، أو عاجل عاجل، فاعلم أنه كما وصفت لك!، وكن على يقين أن جديدهم ليس فيه جديد سوى طعن شديد، وجهل وظلم يفرح به كل ملحد عتيد ومبتدع عنيد و حقود حسود.

وهذا المنشور الجديد احتوى خمسة أخبار عن إمام تجريح السلفيين الشيخ التقي الورع ربيع بن هادي المدخلي!!. وهي كالآتي:

الخبر الأول: "شيخنا الكريم الدكتور عبداللطيف الكردي يتهمك بأنك تركت الاخوان المسلمين سنة١٩٩٢م وأنا– اي عبد اللطيف–ترجمت الاصول الثلاثة سنة١٩٨٦م والله!

فأجاب–حفظه الله–: يريد أن يفضل نفسه علي؟!

ماكنت اخوانيا أبدا، أنا ماشيتهم واشترطت عليهم أن يدعوا الى منهج السلف ويُعلموا الناس المنهج السلفي، ماشيتهم لأصلحهم ثم تركتهم قبل أحداث الخليج."

والتعليق عليه:

أقول: فيا فضيلة الشيخ ربيع المدخلي أخبرتَ عن نفسك في عدة مواطن من كتبك أنك كنت إخوانيًّا عشر سنوات أو أكثر فكيف جاز لك أن تنكر هذا وهو مسطور وفي كتبك مزبور ، وإليك بعضا مما دونته في كتبك.

أولاً : قولك في »مجموع الكتب والمؤلفات» 333/10) : "نعم كنت (مع الإخوان المسلمين) هذه المدة ثلاثة عشر عاماً أو دونها" أتدري لماذا؟! إنه لأجل إصلاحهم وتربيتهم على المنهج السلفي، لا لأجل غرض دنيوي...فإذن أكون قد دخلت فيهم لله وخرجت لله وأستغفر الله من ذنوبي وتقصيري في المدة التي قضيتها فيهم والتي حالت بيني وبين خدمة المنهج السلفي خدمة كاملة"

ثانياً : قال الشيخ ربيع)) :والله أنا قلت : أدخل معكم بشروط ، بشرط أن يربى الشباب –طبعا أنا (كان عندي قصور في العلم في ذلك الوقت)، وإلا والله ما كنت أدخل الحزبية –أعوذ بالله منها–

ثالثاً : قال الشيخ ربيع: (عشرة سنين زهرة حياتي والله ضاعت معهم)، والله إني دخلت معهم وأنا أحفظ أكثر نصوص مسلم (ولو استمريت على هذا الدرب لكنت عالماً ومحدثاً)، لكن عشرة سنوات صرفَتْني عن كتب السنة والمعاجم وو إلخ ، ... والله (عشر سنوات معهم قتلتْ زهرة حياتي)، وما عندي ندم على شيء كترك تلك الفترة الطيبة التي ضاعت من حياتي .."

رابعا : وقال الشيخ ربيع المدخلي: ((وربِّ السماء أني كنت أرى نفسي إذا جئتُ أمام عالم سلفي أقول (ما أستفيد منه !) وصلوني لهذه المرحلة (أنا أكرههم لكن يؤثرون فيك تأثير) .. أمرّ حلقة الشّيخ ابن إبراهيم ما أبغى أستفيد! تمر حلقة ابن إبراهيم ولّا حلقة ابن باز ولّا حلقة واحد من العلماء .. (ما تستفيد منه !) كان العلماء : المعلمي والهاشمي وفلان وفلان وعبد الرزاق حمزة على قيد الحياة جبال من العلم (ما كأن لهم شي! ! ما أخذنا منهم إجازات! ولا شي! ولا جلسنا ! ! مبهورين بكتابات الإخوان)!!

خامسا: وقال الشيخ ربيع المدخلي: ((لما جينا كان واحد من الإخوان المسلمين يقرأ علينا من كتاب مصطفى السباعي (الاشتراكية) كتاب ضخم ، قال الله ، قال رسول الله ، (والله بدأنا نصدق إن الإسلام اشتراكي!(، والله –سبحانه وتعالى– خلّصنا بعد ذلك !العلماء يعني قاوموا الاشتراكية في ذلك الوقت عرفنا ، وإلا كان وقعنا فيها)) أهـ

سادسا: وقال الشيخ ربيع المدخلي: في كتاب «النصر العزيز– «ضمن «مجموع الكتب والرسائل» (333\10): "نعم كنت (مع الإخوان المسلمين) هذه المدة –ثلاثة عشر عاماً– أو دونها!"

سابعا: وقال الشيخ ربيع المدخلي: كان الذين عرضوا عليّ الدخول وقبلوا شرطي ممن أعتقد فيهم أنهم سلفيون.!!

أقول : وقعتَ يا شيخ في مواقف محرجة في تاريخك مع الإخوان فكان يمكنك القول بأنه أمر تراجعت عنه والعبرة بالخواتيم، لكنك آثرتَ التبرير لماضيك وكأنك حاضره فتناقضتَ، فقلتَ مبرراً ماضيك : ((ربيع ما كان إخوانيا قط وإنما مشى معهم بشرط ... كان يمشي مع (من ينتسبون للمنهج السلفي) لا مع أهل البدع

منهم )) ! فأنت من جهة تبدع كل من انتسب للإخوان المسلمين ، اخترعتَ قسم (المنتسبين للمنهج السلفي منهم) فقط لتنقذ نفسك من النقد!!

وأخبر عنك غيرك من أهل العلم أنك كنت إخوانيًّا، ومنهم شيخنا مقبل الوادعي رحمه الله القائل: ((الشيخ ربيع له خبرة بمعرفة الواقع لأنه عاش مع الإخوان المفلسين زمناً طويلاً))!!
والسؤال الذي يتبادر إلى ذهن كل من يقرأ عن دخولك في جماعة الإخوان المسلمين إلى هذا العمر المديد هل بدّعك أحد من أهل العلم يوم أن كنت معهم، أم عذروك لكونك دخلت فيهم لتنصحهم وتصلحهم من الداخل، مع أنهم أثروا فيك ولم تؤثر فيهم ، وذكرت أنك كنت تدرس عندهم ، ولم تذكر أنك كنت تدرسهم، وأوصلوك الى حد انتقاص علماء أهل السنة الكبار؟!!!
ولكنكم أنتم والصعافقة الذين معك لا تعذرون اليوم عالما سلفيا –غير علماء المملكة– التقى بحزبي لمصلحة شرعية بل تبدعونه وتحذرون منه مع أنه لم يدخل في حزبهم ولم يدرس عندهم ولم يماشهم ثلاثة عشر سنة.!

ثم أكرر وأقول: نعم في الوقت الذي كنت مع الاخوان ترجمتُ الأصول الثلاثة الى اللغة الكردية وكنت أدرس الشباب عليها بفضل الله، ولا أقول هذا من باب تفضيل نفسي عليك والله فأنا عبد مذنب مقصر وعلمي متواضع، وأنت أعلم مني وأكبر وأجل، ولكن لا يحق لك أن تبدع سلفيا يدعو الى التوحيد والسنة منذ عام 1986م. أي اثنان وثلاثون عاما، وتكالب عليه الملحدون والمبتدعة والقبوريون وحاولوا قتله مرات وما نقموا منه الا أنه يدعو الى منهج السلف!
الخبر الثاني: هل د.عبد اللطيف مبتدع؟ فأجاب: مبتدع ضال ولا كرامة
التعليق على الخبر:
أقول أولا: إخراجي من السلفية ووصفي بالمبتدع حكم باطل جائر، يحتاج الى أدلة تعجز عنها ويعجز عنها الكذبة الأفاكون الذين ينقلون إليك الأخبار الكاذبة !، فإذا لم تأت بالأدلة وأسباب هذا الجرح أدرك الناس أنك يا شيخ ربيع قد ظلمتني وتعديت عليّ وطعنت في ديني بغير وجه حق، فصرت متَّهما عند الناس فتحتاج إلى استبراء دينك وعرضك. فإن لم تفعل طعن فيك الناس، فتقوم الفتنة ويحصل الخلاف بين السلفيين وتكثر الطعون المتبادلة، ولا يحسم ذلك إلا بذكر الأسباب الحقيقية المقنعة لهذا الجرح أو ذاك، وقد تطالب أنت نفسك بذكر الأسباب إن جرحك أحد أو أخرجك من السلفي...

خاصة وقد صار واضحاً للعيان وجلياً عند ذوي الفهم والعلم أنك الآن تسلك مسلك فالح الحربي ومحمود الحداد في الطعن بأهل السنة والدعاة من غير أدلة و لا برهان ومن غير فقه ولا نظر في مآلات الأمور ولا اعتبار للمصالح والمفاسد..

بل صارت أحكامك تصدر بعصبية وانفعال وغضب وسوء مزاج...

وثانيا: أتحداك أن تثبت فيّ سببا موجبا للتبديع خاليا من موانعه —في ميزان الكتاب والسنة الذي عليه السلف الصالح وعليه علماؤنا الكبار ابن باز والألباني وابن عثيمين— رحمهم الله—؟!

وثالثا: أتحداك أن تثبتّ فيّ سببا موجبا —في ميزانك أنت— للتبديع لا يوجد فيك أو في صعافقتك الذين تدافع عنهم ما هو مثله أو أكبر منه، ولو وزناكم بميزانكم وعاملناكم بأصولكم وقواعدكم وكِلنا لكم بصاعكم والله ما بقيتم سلفيين ولا عرجتم في أهل السنة المتمسكين بمنهج السلف الصالحين

الخبر الثالث: (( هو كثيرا مايستدل بالخلافات بينكم وبين العلماء))؟

فأجاب: هذا كلام فارغ، اضربوه بهذه الاية (ولا تنازعوا فتفشلوا وتذهب ريحكم.(

التعليق عليه:

أقول : سؤال الصعافقة الأخباث في واد، وجواب الشيخ في واد آخر، وهذا يذكرني بما كان يحدث في بعض دروس شيخنا مقبل رحمه الله، فقد كان يسأل بعض الأطفال الصغار الذين لم يحفظوا من القرآن سوى قصار السور فكان شيخنا رحمه الله يسألهم: من خلقك؟، فيجيب الطفل: الله، فيقول الشيخ ما دليلك؟ فيجيب الطفل: إنا أعطيناك الكوثر..

وأنت يا فضيلة الشيخ سُئلتَ عن استدلال عبداللطيف عليكم بالخلافات بينكم وبين العلماء، أي أن العلماء الكبار يخالفونك في تبديعك لأهل السنة وفي تحريضك الصعافقة على سوء الظن بالعلماء والدعاة السلفيين الذين لم يخضعوا لك، وعلى التجسس عليهم وتتبع زلاتهم وتضخيمها وجمعها ونشرها وتشويه سمعة أصحابها بذريعة علم الجرح والتعديل!!

ولكنك تجيبهم بقولك: اضربوه بهذه الاية (ولاتنازعوا فتفشلوا وتذهب ريحكم)!!

فما علاقة هذه الآية بسؤال القوم؟!

نعم هم كالببغاء يرددون قولك بدون فهم وبدون عقل، ولكن ألا تظنون أن هذا الجواب غير مناسب عند العقلاء؟

هذه الآية يا فضيلة الشيخ حجة عليك وعلى صعافقتك الذين صار شغلهم الشاغل التنازع والتخاصم والتفرقة والسعي في الشر والفتن.

فمن الذي تسبب في تفرقة السلفيين الى فرق شتى في العالم؟!

من الذي اخترع تسميات لمحاربة أصحابها فصنفهم الى حلبية وحجورية ووو..

فهل كانت موجودة في عهد الأئمة الأربع ابن باز والألباني وابن عثيمين ومقبل رحمهم الله؟

من الذي لا يفرق بين لازم المذهب وبين المذهب نفسه في التطبيق لا في التنظير ويلزم غيره بأدنى لازم، بل من الذي يلزم غيره حتى بما لا يلزم؟!

من الذي سهُل عنده الجرح" فهذا صار ديمقراطيا اشتراكيا ! ، وهذا يحادّ الله ورسوله، وهذا يحارب السلفية والسلفيين! بناءً على صدور كلمات محتملة منهم يحملها على أسوأ المحامل؟!

من الذي بنى (منهجه) في الجرح والتعديل على موافقة الناس له فعدّل وزكى أناسا عندما كانت علاقتهما طيبة ثم جرح وبدّع بعد اختلافه معهم؟!

من الذي جعل تتبع الزلات أمرا واجبا لا مستهجنا وجعله من منهج السلف، وقال: ((المؤاخذة بالزلات هو منهج الإسلام ))؟

من الذي علّم الشباب السلفيين على أن يحملوا مجمل كلمات الدعاة السلفيين المحتملة على أسوأ المحامل؟!

من الذي أحدث قواعد وأصولا لإدخال موافقيه في السلفية وإخراج مخالفيه منها؟!

من الذي يزكي الصعافقة والتافهين والمشاغبين ويؤيدهم ويدعمهم وهم يمكرون ليل نهار بالدعاة السلفيين ليسقطوهم ويخرجوهم من دائرة السلفية ويشوهوا سمعتهم؟!

من الذي بدع كثيرا من العلماء والدعاة السلفيين وحذر منهم؟! هل هو ابن باز أم ابن عثيمين أم الألباني؟ أم هو أنت يا شيخ ربيع؟!

من الذي حذرني من الشيخين الجليلين صالح السحيمي وسليمان الرحيلي في غرفته الصغيرة في مكة، وقال انهما ليسا معنا انهما مع خصومنا!!

من الذي كان يصف رجالا بأنهم من خيرة العلماء ثم وصفهم بأنهم ضلالا وكسالى لا علم لهم سوى الثرثرة؟! والعجيب أنه قد يُحسب فلان جاهلا ثم يظهر أنه عالم ، أو يكون بحق جاهلا ثم يتعلم ، أما أن يكون عالما فينقلب جاهلا لمحض خلاف فهذا يدل على التعصب والشطط والهوى!

